# ڕازەکانی گێڕانەوە...
## خەیاڵی مێینەیی و زمانی ژنانە لەناو ڕۆماندا

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **دەزگای فام** پارێزراوە.

## چاپی یەکەم - 2020

## ڕازەکانی گێڕانەوە...

خەیاڵی مێینەیی و زمانی ژنانە لەناو ڕۆماندا

نووسینی

## نووری بێخاڵی

بابەت: **ئەدەبی**

**پێوانە**

13.5*21سم (290) لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (785)ی ساڵی 2019ی پێ دراوە.

# ڕازەکانی گێڕانەوە...

## خەیاڵی مێینەیی و زمانی ژنانە لەناو ڕۆماندا

نووسینی
**نووری بێخاڵی**

# ناوەڕۆك

**ناوەڕۆك................................................................ - 5 -**
پێشەکی ................................................................ - 12 -
**1| هارێیت ستۆ :ئەو ژنەی ڕەوتی مێژووی گۆڕی .......... - 19 -**
نووسین لەپێناو گوزەران و ژیان ................................. - 20 -
ئەزموونی نووسین................................................... - 21 -
ڕیالیزم وەک چەکی بەرەنگاربوونەوە ............................ - 22 -
ئەو خانمە بچووکەی فتیلەی شۆڕشی کۆیلەکانی گڕدا .......... - 23 -
کۆخەکەی مام تۆم، نەعرەتەی شۆڕش............................. - 25 -
کوخێک دەبێتە قەڵای بەرخۆدان.................................... - 26 -
**2|شارلۆت برۆنتی :ژنێتی و ئازار! ............................. - 27 -**
سیل خێزانێک دەکوژێ! ............................................... - 28 -
برۆنتی و خەرمانەی نووسین......................................... - 29 -
برۆنتی، داهێنان لە قووڵایی ئازاردا................................. - 32 -
گۆشەگیری و تەنیایی، بوارێک بۆ خۆشووناسکردنەوە.......... - 33 -
لە بارەی( جین ئایەرەوە).............................................. - 35 -
**3| کولێت: ئەو ژنەی بووە مۆد و مارکەی سەردەمەکەی! .... - 38 -**
ژیانێکی جەنجاڵ....................................................... - 43 -
ڕۆژنامەنووسی وەک زەمینەی داهێنانی ئەدەبی................... - 45 -
نووسینەوەی ئەزموون ............................................... - 46 -
کولێتی براند!.......................................................... - 48 -
**4| ویلا سیبرێت کاسەر : ژنێک لە ڕەنگی لم و بە بەرگی پەنابەر .. - 53 -**
بەسەر پشتی کۆچ و سەفەرەوە ..................................... - 54 -
دەسپێک، وەک بناغە ................................................ - 55 -
لە نێوان ڕۆژنامەگەری و ئەدەبدا................................... - 56 -
ژینگە و ژیان وەک کەرەستەی داهێنان............................ - 59 -
**5|ڤیرجینیا وۆڵف: خۆکوشتن لەپێناو بەختەوەریی ئەوی دی!- 63 -**
ژنێک بێکەسیی دەیخنکێنێ! ......................................... - 64 -
ئەزموونی نووسین................................................... - 65 -
هونەری گێرانەوە و بێدارکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی....... - 66 -
خاتوو دالاوی، گەڕان بە ناو زەمەندا ............................ - 66 -

مرۆڤ و ژوور و نووسین!......................................... - 67 -
شەپۆلەکان، شیعرییەتی گێرانەوە ................................ - 68 -
خۆکوشتن لەپێناو بەختەوەریی ئەوانی دی!....................... - 69 -
**6|ئاگاسا کریستی :گەڕان بە شوێن نەمریی..................... - 71 -**
لە شەرمنیی منداڵییەوە بۆ سەرکێشی............................... - 73 -
کریستی و لەدەستدانی یادەوەری..................................... - 74 -
گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نهێنی ...................................... - 75 -
چیرۆکی یەکەم ڕۆمان ................................................... - 77 -
شاژنی عەرشی تاوان و ڕیکۆرد....................................... - 77 -
خەرمانەی نووسین ....................................................... - 78 -
کریستی و هونەری چێژبەخشین ...................................... - 79 -
**7|کاسرین پۆرتەر :تاقانە ڕۆمانی ناودار........................ - 81 -**
ئەفسانە وەک کەرەستەی داهێنان ..................................... - 83 -
بەسەر پەیژەی منداڵییەوە، مانەوە...................................... - 84 -
هونەر و کرۆکی ئیمان.................................................. - 86 -
8|بیرل باک :منداڵێک لە هەویری حیکمەت و ئەفسانە......... - 88 -
ئەمریکییێک بە باکگراوندی چینییەوە!.................................. - 89 -
فزوولی فێربوون!......................................................... - 89 -
چین، کانیی داهێنان!...................................................... - 90 -
نۆبڵ و نارەزایی! ......................................................... - 91 -
بەریەککەوتن و بەرگری!................................................. - 93 -
خاک، وەک ڕەگەزی مانەوە!............................................ - 93 -
دایک وەک سیمبولی بەخشندەیی و قوربانیدان ..................... - 94 -
**9|مارگرێت میشێل( :لەگەڵ با) دا هاتە ناو مێژوو!............. - 98 -**
قوربانیی ڕێگا!............................................................ - 99 -
لە ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ ڕۆماننووسی................................ - 99 -
تەنیایی وەک هەوێنی داهێنان ........................................ - 100 -
پەرجووی نەمریی، یان جادووی جاویدانی! ....................... - 101 -
کارەساتەکانی جەنگ و تراژیداکانی خۆشەویستی ............... - 102 -
**10|ناتالی ساروت :نووسین وەک پرۆژەی تەمەن ........... - 107 -**
ڕووسییێک بە ناسنامەی فەڕەنسی ................................... - 107 -
لە خەونەوە بۆ داهێنان................................................... - 108 -
ناتالی، پێشەنگی ڕۆمانی نوێ ....................................... - 109 -
ناتالی و کۆمیدیای ڕەش............................................... - 110 -

کەوتن بەسەر دڕکەزیی زماندا ................................ - 112 -
**11|مارگرێت دوراس :عاشقە سەرشێتەکە!................. - 115 -**
تراژیدیای ژیان! .................................................. - 116 -
دەسپێک، وەک بناغەی داهێنان................................. - 117 -
لە نێوان ئاگری دوو عیشقدا!.................................... - 119 -
یادەوەری، عیشق و ڕاستگۆیی! ................................ - 119 -
**12| فلانری: وزەی ژیان لە هەناوی مردندا! .............. - 123 -**
خۆشەویستی تاووس، دەردە گورگ کوشتی! ................. - 125 -
نووسین و شێتیی..................................................... - 126 -
نامە وەک تاکە ڕایەڵی بەردەوامیی............................ - 127 -
باوەڕ لە دژی ساختەیی ئایین! .................................. - 128 -
**13| هاربەرلی: گۆشەگیریی وەک دەرفەتی بیرکردنەوە ... - 132 -**
منداڵییەکی شەرمن، مردنێکی بێدەنگ ......................... - 133 -
نووسین و وەسوەسەی مەرگ....................................... - 134 -
نووسینەوەی برین بە مەرەکەبی تەنز ......................... - 136 -
**14|کریستا ڤۆڵف :پێناسەکردنەوەی شۆڕش.............. - 141 -**
سەرنج:............................................................... - 142 -
لەدایکبوون و ژیان ................................................ - 142 -
نووسەری دەسەڵات ................................................ - 143 -
خەڵاتی ڕاستگۆیی.................................................. - 144 -
ئەزموونی نووسین.................................................. - 146 -
ئەوەی دەمێنێتەوە – (١٩٩٠)..................................... - 146 -
ڕۆمانی (ئاسمانی پارچەبوو – ١٩٦٣)......................... - 148 -
تێرمانەکان لەبارەی کریستا - ١٩٦٩ ......................... - 149 -
نموونەی منداڵی - ١٩٧٦ ......................................... - 150 -
شاری فریشتەکان، یان پاڵتۆکەی دکتۆر فرۆید - ٢٠١٠....... - 151 -
کریستا و یادەوەری................................................. - 154 -
کریستا، پەیامی نووسین........................................... - 156 -
مەرگی کریستا و شۆکی گشتیی ................................ - 156 -
**15|تۆنی مۆریسۆن : وەبەرهێنانەوەی یادەوەریی ستەم .... - 157 -**
دەسپێکی نووسین ................................................... - 159 -
گەنجینەی نووسین و خەرمانەی خەڵات ....................... - 161 -
لە ڕەحمی کۆیلایەتییەوە........................................... - 162 -
سیاچارەیی، یان وەیشوومەی سپی؟ ............................ - 163 -

نووسین و تۆڵە!................................................... - 164 -
لێبووردەیی، وەک هەوڵی خۆشووناسکردنەوە.................... - 166 -
**16|فرانسوا ساگان : ئاوێنەی زەلکاوی بۆرژوازییەت....... - 168 -**
ڕۆچوون بە قووڵایی یادەوەریی فەڕەنسییەکاندا ................ - 169 -
قوتابییێکی بزۆز و چەقاوەسوو ......................................... - 170 -
ئەزموونی نووسین.................................................... - 171 -
خۆشەویستی لە دونیای بۆرژوازیەتدا ............................ - 172 -
بەزاندنی مەرگ، مانادانەوە بە ژیان ............................ - 173 -
**17|ئیزابێل ئەلێندی: برین و مەنفا............................ - 176 -**
ژنێک هەمیشە بەسەر پشتی کۆچەوە.......................... - 176 -
گەشت و کاریگەرییەکانی لە یادەوەریی ئیزابێلدا .............. - 177 -
کودەتای سەربازیی و ئیزابێل......................................... - 178 -
ئیزابێل و سیحری شۆککردنی خوێنەر............................ - 179 -
"ماڵی ڕۆحەکان "و سێبەرەکانی ترس ........................... - 179 -
"پاولا "برینێک کە دەبێتە هەوێنی داهێنان ........................ - 181 -
**18|لودمیلا :پۆتین لە ستالین ترسناکترە .................... - 185 -**
ژنێک سنوورەکان دەشکێنێ! ...................................... - 186 -
ناونیشان وەک فێڵ، ئاڵۆزی وەک فریو! ........................ - 187 -
سۆنیچکا، سادەیی و داهێنان! ......................................... - 188 -
نووسین و یاخیگەری!................................................. - 191 -
**19|مارلین ڕۆبنسن :پەیوەستبوون بە بەها مرۆییەکان...... - 195 -**
خەونی نووسین ........................................................ - 196 -
دەنگدانەوەی دوای بێدەنگی ......................................... - 197 -
کۆمەڵگا لە ئاوێنەی خودەوە........................................ - 198 -
تەنیایی و کردەی نووسین ............................................ - 200 -
**20|ئەلیس وۆلکەر :ڕۆشنایی ناخ لە سەردەمی تاریکیدا! .. - 202 -**
تەنیایی وەک کلیلی ناسینی دونیا!................................. - 203 -
ڕەشپێستی وەک لەکەی نێوچەوانی مێژوو!...................... - 205 -
ئازادی و بەرپرسیارێتی، ستەم و بەرەنگاری ..................... - 207 -
نووسین وەک فریادڕەس ............................................. - 209 -
**21| دانیال ستیل: ئەو ژنەی هەمووان دەیخوێننەوە ........ - 211 -**
هەڵسانەوەی دوای شکستەکان! ...................................... - 212 -
سادەنووسیی، وەک هونەری لەداوخستنی خوێنەر! ........... - 214 -
ستیل لە گۆشەی دە پرسیاری(تایمدا) ! ............................ - 215 -

نووسین وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون!.......................- 218 -
ڕۆمان و شەڕ!...............................................- 220 -
**22| سڤێتلانا: لەناو جەنگەڵەکانی جەنگدا! ..................- 221 -**
"شەڕ ڕووخسارێکی مێنەیی نییە"..............................- 223 -
"ڕۆڵەکانی زینک، یان کوڕەکانی ناو تابووتی زینک"........- 224 -
"نوێژێک لە پێناو چێرنۆبڵ" ....................................- 226 -
"سەردەمی کەلوپەلە بەکارهێندراوەکان" .......................- 227 -
سڤێتلانا و خەڵاتی نۆبڵ ..........................................- 227 -
سڤێتلانای ناپاک!..................................................- 228 -
سڤێتلانا، کەرستە و شێوازی نووسین ...........................- 228 -
پەیامی نووسەر .....................................................- 229 -
**23| هێرتا مۆلەر: یادەوەرییەکانی ترس و برینەکانی ستەمکاریی... - 230 -**
لە مەنفای ڕۆحەوە بۆ مەنفای شوێن!.............................- 231 -
ئەزموونی نووسین...................................................- 232 -
زمان وەک ئامرازی ڕزگاربوون ...................................- 233 -
نۆستالیژیای دەستەسڕ - دەسرۆک!...............................- 234 -
نیشتمان، سەرزەمینی تەحەممول نەکراو!........................- 236 -
ترس وەک خێوی ژیان..............................................- 237 -
پاسپۆرت – ١٩٨٦ ................................................- 238 -
گەشت بەسەر تەنیا قاچێکەوە – ١٩٨٩ ...........................- 240 -
ئەو ڕۆژگارە ڕێوی بۆ خۆی ڕاوچی بوو – ١٩٩٢ ...........- 241 -
جۆللانەی دەروون – ٢٠١١ .....................................- 242 -
**24| فۆنکە: ڕیسککردن بەناو نهێنی و جادووبازیدا.........- 243 -**
هەموو شتێک لە پێناو منداڵ .....................................- 244 -
ئایکۆنی ئەدەبی منداڵان ..........................................- 245 -
بەجیهانیبوون و شکاندنی ڕیکۆرد................................- 246 -
شای دزەکان، فانتازیای خەیاڵ و واقیع ..........................- 249 -
نهێنیی سەرکەوتن..................................................- 251 -
**25| ستیڤانی مایێر: نووسەرە خوێنمژەکە! .................- 254 -**
لە نێوان نووسین و دایکایەتیدا ....................................- 255 -
نووسینەوەی خەون! ...............................................- 256 -
پێشبڕکێکردن لەگەڵ بازاڕ!........................................- 257 -
لە بازاڕەوە بۆ شاشە، لە ماڵەوە بۆ ناوبانگی جیهانی...........- 258 -

خوێندنەوە و میوزیک، وەک سەرچاوەی داهێنان! ............ - 260 -
سیحری زمان و گیرۆدەکردنی خوێنەر ......................... - 261 -
بەردەوامی و بەخشین! ........................................... - 262 -
**نووسەر لە چەند دێڕیکدا....................................... - 264 -**

پێشەکی

ڕازەکانی گێڕانەوە، کە بەسەرکردنەوەی ژیان و بەرهەمی (٢٥) ژنە ڕۆماننووسی جیهانییە. کنە و پشکنینە بە دوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی مێینەتی لەناو خەیاڵ و زماندا، بە دیاریکراویش لەناو خەیاڵ و زمانی ژناندا. دیدگای منە وەک خوێنەرێکی بەردەوامی ڕۆمان (خوێنەرێکی ئاسایی، نەک ڕەخنەگری ئەدەبی)، بۆ پرۆسەی ئەفراندن لە چەند بەرهەمێکی ئەو ڕۆماننووسە ژنانەدا.

ڕەنگە لە میانی خوێندنەوەی وتارەکاندا، خوێنەر چاوی بە مانشێتیی لاوەکیی، یان چەند دەربڕینێکی دووبارە بکەوێت، ئەگەرچی بە دەربڕینی جیاوازیش بن. ڕاستییەکەی ئەم دووبارەبوونەوەیە پەیوەندیی ئەگەر نەڵێین بە هاوشێوەیی، بەڵام بە جۆرێک لە لەیەک نزیکیی ئەزموونی نووسەرەکانەوە هەیە. ڕۆشنتر بڵێم، پەیوەندیی بە دیمەن و گرتە و ڕووداوی هاوشێوە هەیە، کە لەناو ئەزموونی جیاوازی گێڕانەوەدا ڕەنگیان داوەتەوە. لەوانەیە من وەک خوێنەرێکی ئاسایی، هەستم بەو نزیکایەتییە کردبێت، دەنا ڕەنگە بۆ کەسێک کە پسپۆری ڕەخنەی ئەدەبییە، شتەکە پێچەوانە بێت. وەک چۆن بەشێکیشی پەیوەندیی بەوەوە هەیە، من تەنیا کارم لەسەر ئەو بەرهەمانەی ئەو نووسەرانە کردووە، کە دەستم پێیان گەیشتووە و خوێندوومنەتەوە و لەوانەیە ئەگەر بەرهەمی زیاتری ئەوانم لە کتێبخانەکەمدا هەبووایە، خوێندنەوەکانم بە جۆرێکی تر دەکەوتنەوە.

هەرچی پەیوەندیشی بە کورتیی بابەتێک و درێژیی

بابەتێکی دیکەوە هەیە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە منی خوێنەر هەر بارتەقای ئەوە توانام بەسەر خوێندنەوەیاندا شکاوە و هەوڵێکیشە بۆ هاندانی خوێنەرانی دیکە و بەتایبەتی شارەزایانی بوارەکە، بۆ ئەوەی بتوانن لە گۆشەی دیکەوە قسەی زیاتر لەسەر ئەو نووسەرانە و بەرهەمەکانیان بکەن.

ڕاستییەکەی وتارەکان ئەوەندەی قسەکردنن لەسەر ئەزموونی نووسینی نووسەرەکان و ئەو دونیا و سەردەمەی تێیدا ژیاون، کەمتر قسەکردنن لەسەر پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی، وەک چەمک و واتا و ڕەهەندەکانی لە تویی بەرهەمەکاندا. واتە بابەتی گشتگیرن، نەک تایبەتمەند. سەرنج و سەرەقەڵەمن، نەک لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ، کە ڕەنگە ئەمەی دوایی، زیاتر کاری پسپۆڕانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی بێت، تا ڕۆژنامەنووسێکی دڵخوازی ڕۆمان و شەیدای هونەری گێڕانەوە.

بە کورتی، ئەم خوێندنەوانە گوزارشت لە تێگەیشتنی منی خوێنەر دەکەن بۆ چییەتیی و ماهیەتیی ئەزموونی ئەو نووسەرانە لەبەر ڕۆشنایی کارەکانیان، چ لە ئاستی زمانی نووسین، یان هونەرەکانی گێڕانەوەدا. نەک قووڵبوونەوە بەناو مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان و قۆناغەکانی گەشەکردنی، یاخود ئیشکردنی ورد لەناو ئەو توخم و ڕەگەزە سەرەکییانەی، بناغەی ڕۆمانیان لەسەر دادەڕێژرێت. تەنانەت قسەکردنێکی وردیش نییە لەسەر هونەری گێڕانەوە، وەک پێکهێنەرێکی سەرەکیی ڕۆمان.

لێرەوە ئەگەر بە کورتیش بێت، دەمەوێ ئەو دەرفەتە بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێکی گرنگ بقۆزمەوە، کە تا ئێستاش جێی گفتوگۆی نێوەندی ئەدەبییە، ئەویش بریتییە لە

بەردەوامیی ئەو تێگەیشتنەی پێیوایە ئیدی سەردەمی ئەدەب (بە سەرجەمی ژانرەکانی و بە دیاریکراویش ڕۆمان) بەسەر چووە.

دیارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هەر لە سەردەمی دەرکەوتنی ئەفسانەکانەوە، تا دەگاتە چاخی ڕۆمانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیش، لە هەموو قوناغ و وێستگەکاندا، لەبارەی مێژووی هونەر، یان هونەرەکانی ئەدەبەوە، قسەی زۆر لەسەر ئەوە کرا، کە سەردەمی شیعر کۆتایی هات، یان سەردەمی شانۆ بەسەرچوو، یاخود سەردەمی کورتەچیرۆک و چیرۆک و تەنانەت ڕۆمانیش تێپەڕی. کەچی وەک دەبینین، ئەو ژانرانەی هونەر و ئەدەب، نەک هەر لەناو نەچوون، بەڵکوو هەر مانەوە و لە چوارچێوە و فۆڕمی نوێ و جیاوازتریشدا خۆیان تازە کردەوە و گەشەیان پێ درا. ئەمەش ڕێک دەمانباتەوە سەر قسەکەی ڕۆلان بارت، کە دەڵێت: "چیرۆک لەناو ئەفسانە، خورافە، ڕۆمان، داستان بە هەردوو دیوی تراژیدی و کۆمیدی، مێژوو، دیمەنی بێدەنگ، تابلۆ، شووشەی ڕەنگاوڕەنگ، ڕووداوە هەمەجۆرەکان، گفتوگۆی نێوان کەسەکاندا خۆی حەشار داوە. تەنانەت بە جۆرێکە، چیرۆک لەژێر پێستی چەندین جۆر و فۆڕم دایە، کە لە هەموو شوێنکاتەکاندا و لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا بێ کۆتا و نەبڕاوەیە". ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای لە هەندێک ڕەخنەگری ئەدەبیی کردبێت، کە ڕۆمان بە "هونەری کێشەکان" وەسف بکەن. هونەرێک کە بۆ خۆی و بە تەنیا، توانای چارەسەرکردنی تەواوی ڕەهەندە جیاوازەکانی کێشەیەکی دیاریکراوی هەیە.

پەیوەست بەم بابەتە، لابرۆبێر دەڵێت: "ئێمە لە ناوەختدا،

دوای بەسەرچوونی کات، پاش ئەوە هاتین، کە هەموو شتێک گوترا". هاوشێوەی ئەویش، تی ئێس ئیلیوت باسی لە "مردنی ڕۆمان" کرد. کەچی لەکاتێکدا یەکێکیان پێیوابوو هیچ شت بۆ گوتن نەماوە و ئەوەی تر "مەرگی ڕۆمان"ی ڕاگەیاند، ئەوەتا لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، ئەزموونی مرۆڤایەتی و جیهانیی ئەدەبی گێڕانەوە، پێچەوانەی ئەم دوو قسەیەی سەلماند. بە جۆرێک نەک هەر زۆر شت ماوە بۆ گوتن و "ڕۆمان" نەک هەر نەمرد، بەڵکوو ڕۆمان گەشەی کرد و لق و پۆپی نوێ و جیاوازیشی لێ بووەوە. وەکووتر سەرەڕای ئەوەی هونەری گێڕانەوە هەر زیندووە و بەردەوام کاژی نوێ فڕێ دەدات، کەچی هێشتا دەرەقەتی گوتن و گێڕانەوەی بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤایەتی نەهاتووە.

نهێنیی زیندوویێتیی و بەردەوامیی ڕۆمان ئەوەیە، کە جیاواز لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و دەبڕین، تەنانەت بەراورد بە هونەرکانی دیکەیش، ئەوانەی بە هونەرە جوانەکان ناسراون، ورد و هەمەلایەن و قووڵتر ڕۆدەچێتە ناو ژیان. بە واتایەکی تر، ڕۆمان توانای گوزارشتکردنی قووڵتری لە ژیان و بەرجەستەکردنی تەواوی لایەنەکانی هەیە. بەوپێیەی ڕۆمان لە میانی زمان و هونەری گێڕانەوەدا سوود لە هەموو ئەو ژانر و هونەرانە وەردەگرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەموو کون و کەلەبەرە ڕۆشن و تاریکەکانی ڕووداوێک، چیرۆکێک و تەنانەت هەڵچوونە دەروونییەکانی کاراکتەر و کەسایەتییەکان، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، دۆخی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگا ئاشنا بکات. تا ئەو ئاستەی ڕۆمان توانای ئەوەی هەیە خوێنەر لە دەروازەی جیاواز بباتەوە ناو ڕووداوێکی مێژوویی، کە

مێژوونووسەکان دەرەقەتی، یان بوێری نووسینەوەی تەواوی ڕەهەندەکانیان نەبووە.

مێــژوو، سیاســەت، ئــابووریی، ئــایین، کۆمەڵناســیی، دەروونناسیی، زانست، فیکر و فەلسەفە، جوگرافیا، سروشت بە گیانــدار و بــێ گیــانییەوە، پێکهــاتەی میوزیــک، فــۆڕمی شــێوەکاریی، فۆتــۆگراف، مۆنتــاژی ســینەمایی، تەنــانەت هــونەری بیناســازیش، هەمــوو ئەوانە کەرەســتەی ڕۆمــانن، بەتــایبەتی ڕۆمــانی مــۆدێرن، کە ڕۆمــاننووس دەتــوانێ لە بەرهەمەکەیــدا ســوودیان لــێ وەربگرێــت و لە چوارچێــوەی زمان و هونەری گێڕانەوە و خەیاڵێکی فراوان و ڕەنگاڵەییدا، لە فۆرمێکی ئیستاتیکی و هونەریی باڵادا تەوزیفیان بکــاتەوە. ڕەنگە هەر ئەوەش بێت وای لە هێنری جێمس کردبێت بڵێت: "ئەگەر ڕۆمــاننوس ســوود لە هونەرکــانی فۆتــۆگراف و میوزیک و بیناسازیی وەربگرێت، ئەوا ئەم کــارە هاوکــاریی دەکــات لەوەی خودێــتیی نووســەر لەنــاو ڕۆمانەکەیــدا تێبپەڕێنێت".

لەگەڵ هەمــوو ئەمانەشــدا، ئەگەر نووســەرێک هەســتێکی قووڵی شاعیرانەی نەبێت، لە کێڵگەیەکــی بە پیت و پــاراو و تەڕی زماندا وشەچنی نەکــات، خــاوەنی خەیــاڵێکی فــراوان و ڕەنگــاڵەیی نەبێت، گێڕەرەوەیەکــی بە ســەلیقە و ورد نەبێت. هەمــوو ئەو کەرەســتە و ماتریالانەیشــی لەبەردەســتدا بــن، ناتوانێ نەک ڕۆمان، تەنانەت کورتەچیرۆکێکی هونەرییشیان لێ بەرهەم بێنێت.

بــوونی بیرۆکە، یــان چیــرۆک، بەردی بنــاغەی نووســینی ڕۆمانە. بەدوای ئەوەدا بایەخی چۆنیەتی گوزارشتکردن لەو بیــرۆکەیە و گێــڕانەوەی چیــرۆکەکە دێــت. هەرچەنــدە بە

بۆچوونی (ئارنۆڵد بنێت)، بناغەی ڕۆمان هیچ نییە، جگە لە دروستکردنی کەسایەتییەکان، بەڵام ڕاستییەکەی، پێشینەیی و بایەخ بۆ بوونی ڕووداو، یان چیرۆکە. بەوپێیەی ئەوە چیرۆک، یان بیرۆکە، یاخود ڕووداوێکە، کە دواتر دەبێتە چوارچێوە بۆ دەستنیشانکردنی کاراکتەر و وێناکردنی جۆری کەسایەتییەکەیان. بۆیە لە خۆوە نەوتراوە "ڕۆمان هونەرێکی درامییە و پشت بە ڕووداو دەبەستێت". بەو واتایەی ڕۆماننووس ناتوانێ تەنیا لە میانی کاراکتەرەکانیدا، کارێکی تەواو پێشکەش بکات، ئەگەر چیرۆکێک، یان ڕووداوێک نەبێت، کە ببێتە هۆی دروستکرنی گفتوگۆیەکی جیددی لە نێوانیاندا و لە میانی گفتوگۆکەدا، هەر کاراکتەرە و کەسایەتیی خۆی نمایش بکات و کارەکە چوارچێوەیەکی دروستی هونەری وەردەگرێت. وەک ئەوەی کە (نەجیب مەحفووز) دەڵێت: "هەر کارێکی هونەریی، چەندەش جیددی بێت، بەڵام بەبێ بوونی چیرۆک، سەختە بە کاری هونەریی ناو ببرێت". تەنانەت (فۆستەر) لەوەش قووڵتر دەڕوا و بوونی چیرۆک بە "بڕبڕەی پشت"ی ڕۆمان دادەنێت. ئیدی دوای ئەمانە هونەری گێڕانەوە دێت، کە کۆڵەگەیەکی گرنگی ڕۆمانە و بە قسەی (ئالان ڕۆب گریێ) بێت، ڕۆماننووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە "چۆن چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە".

دیارە بابەتی زیندوێتیی و مەرگی ڕۆمان، پێشینەیی و بایەخ و ڕۆڵی توخم و ڕەگەزە پێهێنەرەکانی، قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرن، کە ئەگەر "تەمەن مەودا بدات"، ئەم بابەتە لە شوێنکاتێکی گونجاودا و بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵ و هەمەلایەنتر هەڵدەگرین.

بەهەرحاڵ، شتێک مابێتەوە کە بیڵێین ئەوەیە، بەو

هیوایەی ئەم بەرهەمەشمان خزمەتێک بە کتێبخانەی کوردی، هەروەها خوێنەری کورد و تامەزرۆ و شەیدایانی ئەدەبی گێڕانەوە بکات.

نووری بێخاڵی

کوردستان - هەولێر

پوشپەڕی ٢٠٧٢٠ی کوردی
حوزەیرانی ٢٠٢٠ی زایینی

#

## 1| هاریێت ستۆ:
## ئەو ژنەی ڕەوتی مێژووی گۆڕی



هاریێت بیچەر ستۆ، ئەو ژنە نووسەرە ئەمریکییەی بە نووسینەکانی دژی سیستەمی کۆیلایەتی، ناوبانگی دەرکرد، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨١١ لە لیچفیڵدی ویلایەتی کنتیکت لەدایکبووە و مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٦ لە هارتفۆردی هەمان ویلایەتدا، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

ستۆ کە حەوتەمین منداڵی خێزانەکەیەتی لە پشتی باوکێک کە قەشە و موژدەبەرێکی پرۆستانت بوو، دوای مردنی دایکی، نەنکی دەیگریتە خۆی و سەرپەرشتی دەکات. لەکاتێکدا برایەکانی لە قوتابخانەی فەرمی دەیانخوێند و خاوەنی پلە و پێگەی سیاسی و ئایینی بوونە، ئەو و خوشکەکانی لە ماڵەوە و بە شێوازی کلاسیک فێری خوێندن و خوێندەواری بوون.

ستۆ هەر لە منداڵییەوە فێری پیشەی دەستی درووماں و چنین بووە، بواری خوێندنەوەی کتێبی نزا و نوێژ و سروود و ئامۆژگاریی ئایینی پێدراوە، هەر بۆ خۆیشی هەوڵی داوە دەستی بگاتە کتێبەکانی دیکە و زۆرترین کتێبی ئەدەبیاتی کلاسیکی خوێندووەتەوە، یەکێکیش لەو کتێبانەی خوێندوویەتیەوە و وەک خۆی باسی کردووە کە چێژێکی زۆری لێوەرگرتووە و ئارامی پێبەخشیووە، کتێبی (هەزار و یەک شەوە) بووە. هەر ئەم حەزی خوێندنەوەیش وایکردووە پەیوەندی بە چەندین نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بکات.

دوای ئەوەی خوشکەکانی شوویان کرد، چووە لای خوشکە گەورەکەی بەناوی (کاترین) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بوو لە هارتفۆرد و لای ئەو بووە مامۆستا. دواتر لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا، واتە ساڵی ١٨٣٧ لەگەڵ (کاڵڤین ستۆ، پرۆفیسۆری لاهووت) هاوسەرگیری

کرد.
لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆشێک منداڵی هەبوون و خەریکی کاروباری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکانی بوو، بەڵام (ستۆ) بەردەوام بایەخی بە بواری نووسین و خوێندنەوە و فیکر دەدا، هاوکات لە پێناو هاوکاریکردنی هاوسەرەکەی و سووککردنی باری ژیانیان، ناچار بوو لە بەرامبەر بڕێ پاداشتی ماددی، نووسینەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بڵاو بکاتەوە و ئەو دەمانە چەندین شیعر و پەخشانی نووسین و هەندێکی بڵاو کردنەوە.

ئەزموونی نووسین

ئەو دەمەی لەگەڵ کاترینی خوشکی کاری مامۆستایەتی دەکرد، تازە دەستی دابووە نووسین، سەرەتای کارەکانیشی بە نووسینی پەخشان دەستپێکرد. یەکەم بەرهەمی چاپکراویشی کتێبێکی جوگرافیا بوو بۆ منداڵان کە ساڵی ١٨٣٣ بەناوی خوشکەکەی بڵاوکرایەوە. دوای ئەوە چەند کتێبێکی شیعری و ژیاننامە و کتێبی منداڵان و ژمارەیەک ڕۆمانی نووسی.
ستۆ لە ژیانی نووسینی خۆیدا، نزیکەی (٣٠) سی کتێبی لە بوارە جیاوازەکاندا نووسیوە، لەناویاندا دە ڕۆمان هەن، بەڵام ناودارترین بەرهەمی کە بە هۆیەوە ناوبانگێکی دیاریی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا و جیهاندا پێ پەیدا کرد، ڕۆمانی (کۆخەکەی مام تۆم - ١٨٥٣) بوو، ئەو ڕۆمانەی تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر ٣٧ زمانی جیهان. ڕۆمانەکەی سەرەتا بە زنجیرە لە گۆڤاری هەفتانەی واشنتۆن (سەردەمی نیشتمانی) کە بایەخی زۆری بە پرسەکانی کۆیلایەتی دەدا، بڵاوکردەوە. ئەم زنجیرە نووسینە کە هێشتا لە چوارچێوەی یەک بەرگی ڕۆمانێکدا نەکەوتبووە بەردەستی خوێنەران، گفتوگۆیەکی زۆر جیددی بەدوای خۆیدا هێنا.

کارەکـانی دیـکەی سـتۆ بـریتین لە ڕۆمانەکـانی (درێـد - ١٨٥٦) و (کەشـــتیی مـــیفلاڕۆ - ١٨٤٣) و (مرواریـــی دوورگەی ئوڕ - ١٨٦٢) و (خەڵکی شارە کۆنەکە - ١٨٦٢) و (گەلـی بۆگـانۆک - ١٨٧٨). ئەمەو سـەرەڕای دیـوانێکی شـیعری ئـایینی و ژمـارەیەک لیکـۆڵینەوەی کـۆمەڵایەتی و وتاری ڕۆژنامەنووسی.

ڕیالیزم وەک چەکی بەرەنگاربوونەوە

هاریێـت لە نووسـینەکانیدا پشـتی بە ئەزمـوونی خـۆی دەبەسـت، بەو پێـیەی ئاگـایی و زانیـاریێکی زۆری لەمەڕ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکـان هەبـوو، بەتـایبەتی ئەوەی کە بە (هێڵـێ ئاسـنینی نهێنـی) ناسـرابوو. ئەو بـزووتنەوەیەی بە مەبەستی ئازادکردنیان، کۆیلەکانی لە باشوورەوە دەگواستەوە باکوور.

بایەخی مێژوویی نووسینەکانی ستۆ لەبارەی کۆیلایەتی، سـتۆی بەخـۆیەوە سـەرقاڵ کـرد و کەمتـر پەرژایە سـەر کارەکـانی دیـکەی. ئەو لە خسـتنەڕووی هەسـتە ئـایینی و ڕۆمانسییەکاندا لە نووسینەکانیدا کە ئەو کـات جێـی سـەرنجی خەڵـک بـوون، زیـادەڕۆیی دەکـرد. لەگەڵ ئەمەشـدا و بەڕای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبـی، ئەو یەکێـک بـوو لە پێشـەنگە کاریگەرەکـانی ڕیـالیزم، بە جۆرێـک لە وەسـفی وردەکاریی شوێنکاتی ڕووداوەکاندا داهێنەر بوو، وەک چۆن لە وێنـــاکردنەوەی مەعـــریفە قـــووڵەکەی، لە زمـــانی کەســـایەتییەکانی نـــاو ڕۆمانەکـــانی و وێنـــاکردنی ژیـــانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و توانای لە گواستنەوەی ئەم ڕوئیـایە بـۆ ئەوانی دیکەی خوێنەر، داهێنەر و بە سەلیقە بوو.

تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر و شارەزای مێـژووی ئەدەبیـاتی جیهـــانی پێیـــانوایە کەوا (ســـتۆ) لە میـــانی گێـــڕانەوەی

ڕووداوەکـان بە زمـانی خەڵکـی، لە پابەنـدبوونی بە ڕێبـازی ڕیالیزم، وەپێش (مارک توین) و نووسەرەکانی دیـکە کەوت. ، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو کـاریگەرییەکی زۆریشـی بەسـەر نووسـین و شـێوازی ئەدیبەکـانی دوای خـۆی هەبـوو لەوانە (ئۆرن جویت و ماری ویکلینز فریمان).

ئەو خانمە بچووکەی فتیلەی شۆڕشی کۆیلەکانی گڕدا

سـەربووردەیەکی سـەیر لە بـارەی یەکەم دیـداری نێـوان (هاریێـت سـتۆ و ئەبراهـام لینکـۆڵن - سـەرۆکی ئەمریکـا) دەگێڕدرێتەوە. تازە شـەڕی نـاوخۆیی دەسـتی پێکردبوو، ئەو شـەڕە خوێنـاوییەی نـزیکەی چـوار سـاڵی خایانـد (١٨٦١ - ١٨٦٥) . (لینکـۆڵن)ی سـەرۆکی ئەوکـاتی ئەمریکـا کە لە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـدا بەڵێنـی کۆتاییهێنـان بە سـتەمی کـۆیلایەتی دا و بەڵێنەکەیشـی یەکێـک بـوو لە هۆکارەکـانی هەڵگیرسانی شـەڕ. بە مـاوەیەکی زۆر کەم دوای هـاتنە سـەر تەختی سەرۆکایەتی و گرتنەدەستی جڵەوی دەسـەڵاتدارێتی، لە کۆتاییەکـانی مـانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٨٦٢ و لە کۆشکی سپی، (لینکۆڵن، سـەرۆکی ئەمریکـا) پێشـوازی لەو ژنە نووسەرە کرد.

سـەربووردەکە ئەوەیە، گـوایە لە کـاتی تەوقەکردنـدا، (لینکۆڵن)ی سەرۆک بە (ستۆ)ی نووسەری گوتووە " کەواتە ئەو خـانمە بچکـۆڵەیە تۆیـت کە بـوویتە هۆکـاری ئەو شـەڕە گەورەیە و هەڵگیرسـاندنی گـڕی شـەڕی نـاوخۆیی". ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کـاریگەرییە بەرچـاوەی کە ڕۆمـانی (کـۆخەکەی مـام تـۆم) لە هۆشـیارکردنەوەی کۆیلەکـان بینیوویەتی و ئەو ڕۆڵەی کە ڕۆمـانەکە لە هانـدانی کۆیلەکـان بۆ دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و ڕەتکردنەوەی ئەو ستەمکارییە هەیبووە.

ئەگەرچــی زۆرێــک لە مێژوونــووس و ڕەخنەگرەکــانی ئەدەبی، گومانیـان لە ڕاسـتی و دروسـتی ئەو قسـەیە هەیە کە (لینکــۆڵن) بە ســتۆی گوتــووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشــدا هەر خودی ئەو مێژوونووس و ڕەخنەگرانە ئەوە ناشـارنەوە، کەوا ڕۆمـانی (کـۆخەکەی مـام تـۆم)ی سـتۆ، ڕۆڵێکـی مەزنـی لە زەمینەسـازیی هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نـاوخۆیی و شۆڕشـی کۆیلەکاندا گێڕاوە، تا ئەو ئاستەی کە سـەرۆکی ئەمریکـا بەم جـۆرە پێـی سەرسـام بێـت و نـاوی خـانمە بچـووکەکەی لە مێشـــکدا مـــابێتەوە. ئەم ددان پیانـــانەی مێژوونـــووس و ڕەخنەگرانیش بە کاریگەرییەکانی ڕۆمانەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆر بە وردی تیشک دەخاتە سەر نەهامەتییەکـانی ژیانی کۆیلە ڕەشپێستەکان. نووسەر لەوێدا بە زمـانێکی سادە و دوور لە ئـاڵۆزی، بەڵام بە وینـاکردنەوەی دیـمەن و گـرتە تراژیـدییەکانی ژیـانی ئەو مرۆڤـانە، توانیـوویەتی تەلـی ژێـی سۆزیان بجوڵێنێ و هانیان بدات بۆ ڕاسان دژی ئەو ستەمەی لێیــان دەکــرێ، ســتەمیک کە نمــوونە و هاوشــیوەی لەنــاو مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەنە، ستەمی بەدیلگرتنـی ملیۆنـان مــرۆڤ و بەزۆرەملــێ ڕاگواســتنیان و ناچارکردنیــان بە بێگاری و کاری سەخت و تاقەتپڕوکین لە کێڵگەکانی لۆکە و توتن و کارە سەختەکانی دیکە لەژێر لیدان و ئەشـکەنجە و چەوساندنەوەدا.

هاریێت لە ڕۆمانەکەیدا (مـام تـۆم) دەکـاتە سـیمبولی ئەو چەوساندنەوە و دڕندەییەوە و لە میانی ژیان و ئەزموونی ئەو کەسـایەتییەدا دیـوی ڕاسـتەقینەی سـتەمکاریی کۆیلایەتیمـان نیشان دەدات. ڕۆمانیک دواجار نەک هەر ئیرادەی کۆیلەکان خۆیـان، بەڵکـو ویژدانــی تەواوی ئەمریکییەکــان لە ئاسـتیدا دەجوڵێنێ.

ئەمەو دواجار لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٢٦ (لینکۆڵن) بانگەوازە مێژووییەکەی خۆی ڕادەگەیەنێ و بەڵینی خۆی لە

پەیوەست بە ئازادکردنی کۆیلەکان دینێتە جێ و لە ئاستانەی ڕاگەیاندنەکەشدا، خەڵک بە لێشاو دەڕژێنە بەردەم ماڵی (هریێت) و بەیەکەوە و بە دەنگی بەرز، وەک ڕیزگرتن لە تێکۆشانی ئەم ژنە و پێداگیریی لەسەر کۆتایی هێنان بە سیمەی کۆیلایەتی، هاوار دەکەن " خودا بتپارێزێ، خودا بتپارێزێ". ئەم سوپاسگوزاری و نزای چاکەیەی خەڵک بۆ ئەم نووسەرە، لەکاتێکدا بوو کە (ستۆ) پێیوابوو ئەو تەنیا ئامرازێک بووە، خودا بۆ نووسینی ئەم کتێبە و بەدەنگەوەچوونی هاواری کۆیلەکان هاوکار و کارئاسانی بووە.

کۆخەکەی مام تۆم، نەعرەتەی شۆڕش

یەکەم چاپی ڕۆمانەکە بەبێ هیچ ئامادەکاری و ڕیکلامێکی پێشوەختە، لە ساڵی (١٨٥٢) ، واتە دوو ساڵ بەر لە دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا، بڵاوبووەوە.
وەک خاوەنەکانی دامەزراوەی چاپ و وەشانی (دی جۆن جۆیت) لە بۆستن باسی دەکەن، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە و ئەو پێشوازییەی لە لایەن خوێنەرانەوە لێی کرا، چاوەڕوانکرا نەبوو، بە جۆرێک لە کەمترین ماوەی بڵاوبوونەوەیدا، (٦٠٠٠)شەش هەزار دانە لە چاپی یەکەمی فرۆشرا. لە بەرامبەردا و وەک مافی نووسەر، لە چوار مانگی یەکەمدا و لە پشکی فرۆشی کتێبەکەی، ستۆ بڕی (١٠٣٠٠$) دە هەزار و سێسەد دۆلاری دەستکەوت.
بە گوێرەی سەرچاوەکان و داتاکانی فرۆشی کتێب لەو سەردەمەدا، لە دوای (ئیجیل)، ڕۆمانەکە یەکێک بوو لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی ئەمریکا، تەنیا لە ئەمریکا و لە ساڵی یەکەمی چاپکردنیدا (٣٠٠٠٠٠) سێسەد هەزار دانەی لێ فرۆشرا. لە بەرامبەردا و تەنیا لە یەک ساڵدا، لە بەریتانیا

نزیکەی (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنیک و پێنجسەد هەزار دانەی لێ فرۆشرا.

پێشـوازیکردنی بەریتانییەکـان لە ڕۆمـانەکەی (سـتۆ) بە شێوەیەک بوو، کاتێک ساڵی ١٨٥٣ بە مەبەستی زامنکردنـی مـافی چـاپ و بڵاوکـردنەوەی کتێبەکەی لە لایەن دەزگاکـانی چـاپ و پەخـش، سـەردانی بەریتانیـا کـرد، لەنـاو شـەپۆلی خوێنەراندا پێشوازی لێکرا، تـا ئەو ئاستەی شـاژن ڤیکتۆریـا (شاژنی ئەوکـاتی بەریتانیـا) سووربوو لەسـەر دیدەنیکردنی ئەم ژنە نووسەرە لە چەقی شەقامێکی لەنـدەن. ئیتر بە هۆی ناوبانگیی ئەم کتێبە کە تا ئەمڕۆ بە ملیۆنـان دانەی لـی چاپ کراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمـانی دونیـا و کـراوەتە فـیلم، ڕێکخـراوە لۆکـاڵی و جیهانییەکـانی دژی کـۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بایەخێکی زۆریان بە نووسەر دا و نـاوی بـووە سـەردێری ڕۆژنـامە گەورە و بەناوبانگەکـانی ئەمریکا و بەریتانیا، هاوکات ئامادە و بەشدارێکی کارای نـاو سـەکۆ و مینـبەرە نێودەوڵەتییەکـانی تـایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی بوو.

کوخێک دەبێتە قەڵای بەرخۆدان

ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و کـڕین و فرۆشتنی مرۆڤ، تەوەری سـەرەکی ڕۆمـانەکەیە، ڕۆمانێـک کە هاوکـاربوو لە دانـانی بەردی بنـاغەی شـەڕی نـاوخۆیی ئەمریکا، ئەمە ئەوەی کە لویل کۆفمانی نووسـەر و ڕەخنەگر باسی دەکات. لە ڕۆمانەکەدا کەسایەتیی مام تۆم کە سـاڵانێکی زۆرە بەدەست کۆیلایەتییەوە دەناڵێنێ و دەوروبەریشی پڕە لە چیرۆکـی کـۆیلایەتیی کەسـەکان، نووسـەر بە شـێوەیەکی سـۆزئامێز دیـمەنە ڕاسـتەقینەکانی ژیـانی کـۆیلایەتی وێنـا دەکـات، هاوکـات ئامـاژە بەوەش دەکـات کە دەکـرێ بە هـۆی ئەو خۆشەویستییەی لەناو ئایینی مەسیحیدا هەیە، بەسـەر هەر

دیاردەیەکی ناچیزە و شتێکی تێکدەردا زاڵ بین، لەناویشیاندا بە کۆیلەکردنی مرۆڤ.
چیرۆکەکە لە میانی گێڕانەوەی ژیانی (مام تۆم) وەک کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە، باس لە ستەمی کۆیلایەتی و مەینەتییەکانی، هەروەها ورە و ئیرادە و ئازایەتیی کۆیلەکان دەکات، لەوەی کە دواجار توانیان بە خۆڕاگری و قوربانیدانی خۆیان، بگەنە ئاواتەکانیان و خەونەکانیان بەدیبهێنن.
دوای چل ساڵ لە بڵاوبوونەوەی، (کێرک مۆنرۆ)ی ڕەخنەگری ئەدەبی لە میانی هەڵسەنگاندن و لە بارەی بەها و بایەخی مێژوویی ڕۆمانەکەوە دەڵێ: " نەهێشتن و کۆتاییهێنان بە کۆیلایەتی کاری کەسێک نەبووە و نابێ، بەڵکو بەرهەمی هەوڵ و کۆششێکی زۆرە، وەلێ یەکێک لە گەورەترین کاریگەرییەکان کە تا درێژمەوداش ڕۆڵی لەم پرۆسەیەدا بینی، ڕۆمانی کۆخەکەی مام تۆم بوو".
ستۆ لەو ڕۆمانەیدا بە وردی ئاماژە بەو ڕاستییانە دەدات کە لە نووسینی ڕۆمانەکەیدا پشتی پێبەستوون، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ بەرپەچدانەوەی ڕاوبۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانەی دەیانەویست کتێبەکە بێ بەها بگرن و وای نیشان بدەن کەوا بەرهەمێک نییە شایستەی بەرزنرخاندن و متمانەپێدانی وەک دەقێکی ئەدەبی داهێنەرانە.

## 2| شارلۆت برۆنتی:
## ژنێتەی و ئازار!



سیل خێزانێک دەکوژێ!

ژنە ڕۆماننووسـی ئینگلیـزی شـارلۆت بڕۆنتـی، سـاڵی ١٨١٦ لە سۆنتۆن لەدایک بووە.
ساڵی ١٨٣٢ خوێندنی لە ڕۆ هید، میر فیلْد تەواو کردووە، ساڵی ١٨٣٥ تا ١٨٣٨ بووە مامۆستا و لەو ماوەیەدا ڕۆمـانی (کورتەباڵای سەوز - ١٨٣٣)ی بەناوی خوازراوی (لیسـلی) نووسی.

ساڵی ١٨٤٢ لەگەڵ (ئیمیلی)ی خوشکی، بۆ ناونووسین لە قوتابخـــانەیەک، چـوونە بڕۆکسـل، بەڵام بە هـۆی مردنـــی پووریانەوە، کە دوای مردنی دایکیان سەرپەرشتی پەروەردە و گەورەکردنـی دەکـردن، گەڕایەوە بەریتانیـا. دووبـارە و بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنەکەی، ساڵێک دواتر گەڕایەوە بڕۆکسـل، بەڵام بە هـۆی هەسـتکردنی بە تەنیـایی و سـۆزی قووڵی بۆ نیشتمان، تەنیا سـاڵێک بەرگەی مـانەوەی گـرت و دواجـــار ســـاڵی ١٨٤٤ گەڕایەوە وڵاتەکەی. مـــاوەی ئەو ساڵەیشی قۆستەوە بۆ نووسینی ڕۆمانی (ڤالیت).

سـاڵی ١٨٤٨ ئیمیلـی و سـاڵی ١٨٤٩ ئـانی، بە نەخۆشـی سیل مردن، ئیدی ئەو و بـاوکی بە تەنیـا مـانەوە. پێشـتر و لە سـاڵی ١٨٢٥ هەردوو خوشـکەکەی (ماریـا و ئەلیـزابێس) بە هۆی نەخۆشیی سیل مـردن. ئەم کۆسـتە کـاریگەرییەکیخراپی کردە سەر باری دەروونی شارلۆت.

ساڵی ١٨٥٤ لەگەڵ قەشە ئارسەر بێل نیکۆڵز، چوونە نـاو ژیـانی هاوسـەری. بە مـاوەیەکی کەم شـارلۆت سـکی دانـا، هێشتا کۆرپەکە لە سکیدا بوو، کە تەندروستیی بەرەو خراپـی چـوو و بەو هـۆیەوە لە تەمەنـی ٣٨ سـاڵی، ڕێـک لە ٣١ی ئـاداری سـاڵی ١٨٥٥ خـۆی و منـداڵەکەی نـاو سـکی مـردن. دواتر لە بڕوانامەی کۆچکردنیدا نووسـرا، شـارلۆت بە هـۆی نەخۆشیی سیلەوە گیانی لەدەست دا.

### برۆنتی و خەرمانەی نووسین

خوشکانی برۆنتی (شارلۆت و ئیمیلی و ئان) لە تەمەنێکی بچووکەوە، بە نووسینی چیرۆک دەربارەی ژیان و تێکۆشانی خەڵک و دانیشـتووانی نـاو پادشانشینی خەیـاڵی و مێژوویـی، دەسـتیان بە نووسـین کـرد. (شــارلۆت) لە بــارەی شانشـینی ئانجریا چیرۆکی خەیاڵی دەنووسی و (ئیمیلی و ئان)یش وتـار

و شیعریان لەبارەی شانشینی جۆندال دەنووسی. ئەو چیرۆک و نووسـینە خەیاڵیانەی لە قۆناغی هەرزەکارییاندا نووسیبوویانن، کۆمەکێکی باشیان کردن و بوونە بەردی بناغەی نووسین و بەرهەمەکانیان لە تەمەنی پێگەیشتن و گەورەبوونیاندا. تا ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٦، کۆشیعرێکیان بە هاوبەشی و بە سێ ناوی خوازراوی پیاوانە (کیۆر، ئیلیس و ئاکتن بێڵ) بڵاو کردەوە. ئەم سەرەتا پتەوەی نووسین، بۆ ئەوان بووە کۆڵەگەیەکی سەرەکی، تا لە نووسین بەردەوام بن و دواجار بەهرە و سەلیقەیان لە نووسینی ڕۆماندا چڕ بکەنەوە. ڕۆمانەکانی (شارلۆت) و خوشکەکەی (ئیمیلی و ئان) بە بەردی بناغەی ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێن، ڕۆمانی (جین ئایەر) کە لە نووسینی شارلۆتە و بە ناوی خوازراوی پیاوێک (کیوربێڵ) بڵاوی کردووەتەوە، یەکێکە لە دیارترین و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەو خاتوونە نووسەرە.

لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەکەیدا، جگە لە کۆشیعرە هاوبەشەکەی لەگەڵ خوشکەکانی و کۆشیعرێکی تایبەتی خۆیشی بە ناوی (چامەگەلێکی هەڵبژاردەی برۆنتی، شیعر بۆ هەموو مرۆڤێک)، ئەو ژنە نووسەرە چەندین بەرهەمی بەپێزی لە دوا بەجێمان، لەوانە:

کورتەباڵای سەوز - ڕۆمان (١٨٣٣)
چیرۆکگەلێک لە ئانجریا (١٨٣٤)
جین ئایەر - ڕۆمان (١٨٤٧)
شیرلی - ڕۆمان (١٨٤٩)
ڤالیت - ڕۆمان (١٨٥٣)

ئیما، ڕۆمانێکی تەواونەکراوی شارلۆتێ بوو، کە دوای مردنی بەناوی (ئیما بە پێنووسی شارلۆت و خاتوونێکی دیکە) ساڵی ١٨٦٠ بڵاو کرایەوە.

هەمان ڕۆمانی تەواو نەکراو (ئیما)، جارێکی دیکە و لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ناوی (ئیما براون) بە پێنووسی (کلایەر

بۆلین) بڵاو کرایەوە.

وێنــاچێ هــیچ ژنە نووســەرێکی دیــکەی دونیــا، وەک شــارلۆت ئــازاری چەشـتبێت، ئـازاری لەدەسـتدانی دایـک لە تەمەنی پێنج ساڵی، مەرگی یەک بە دوا یەکی خوشکەکانی بە نەخۆشی سیل!

ئەو ژنە نووسەرە کە لەناو خێزانێکی بلیمەت و داهێنەردا گەورە بوو، خێزانێک (خوشـکەکانی برۆنتـی) کە مێـژوو بـۆ هەمیشــە نــاوی بە زینــدوویی هێشــتنەوە و لە یــادەوەریی مرۆڤایەتیـدا بـوونە سـیمبولی دیـار و نەمـری نـاو ئەدەبیـاتی جیهانی، چارەنووسی ئەوە بوو ببێتە نێچیری نەخۆشییێک، کە وەک مۆتەکە نیشتە سەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی

ســێ خوشــکەکە (شــارلۆت، ئیمیلــی، ئــان)، کە لەژێــر ســایپیتەی یەک مــاڵ و بە یەک پەروەردە، گــۆش و گەورە بــوون. هەریەکەیــان برێــک لەو ســەختی و ئــازارەی خێزانەکەیــان چەشــت، وەلــێ شــارلۆت لەگەڵ هەمووانــدا ئازارەکەی بەش کرد. جگە لە مەرگـی نـاوەختی دایکـی، ئەو بەســەر مەرگــی نــاوادەی هەمــوو خوشکەکانیشــیدا کەوت. نەخۆشی سیل کە ژیـان و گیـانی خوشـکەکانی دروێـنە کـرد، دواتـر ئەو و کـۆرپەی نـاو سکیشـی لەگەردەلـوولی ئـازار و ئەجەلــی خۆیـدا پێچــایەوە. ئەم واقــیعە تــاڵەی نــاو ژیــانی تەندروســـتیی خێـــزان، تەنـــانەت واقـــیعە کولتـــووری و کۆمەڵایەتییەکەیش، خوشکەکانی لە ناخدا بێدار کـردەوە، بـۆ ئەوەی نووسـین بـکەنە فریـادڕەس. نووسـین وەک باشـترین ئـامراز و هۆکارێـک بـۆ ئەوەی لە ڕێگـایەوە خۆیـان بەرهەم بێنــنەوە و بە ڕووخســـار و ڕۆحێکــی تــرەوە بێــنەوە نــاو کۆمەڵگا. هاوکات وێدەچێ نووسین زەمینەی ژیان و خەیاڵ و بیرکــردنەوە و ئاســوودەیی نــاوەوەی بــۆ واڵا کــردبنەوە و

ئازارەکانی ناو یادەوەری و واقیعی ژیانی خۆیان و مەرگی ئازیزەکانیانی هێور کردبێتەوە.
سێ خوشکەکە بەم پاشخانەوە دەستیان دایە نووسین، هەر یەکەیان بە خەونێکەوە دەینووسی و بە خەیاڵێکی جیاوازەوە لەگەڵ نووسین دەرگیر بوو، بەڵام بەیەکەوە پەنجەرەیەکیان بەسەر شیعردا کردەوە و کۆشیعرێکی هاوبەشیان لەژێر ناوی خوازراوی پیاوانە بڵاو کردەوە و دواتر بڕیار دەدەن لەسەر نووسینی ڕۆمان بگیرسێنەوە و دواڕۆژێکی گەشی ئەدەبی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.
دوای ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (جین ئایەر) کە یەکێکە لەو ڕۆمانە بەپێزانەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمی ڤیکتۆریمان بۆ دەگێڕێتەوە و سەرڕێژە لە ڕۆمانسییەت و نووسەر تێیدا داهێنانی کرد، کەچی خۆشییەکەی هێندەی نەکێشا و مەرگ یەک لە دوای یەک، خوشکەکانی لێ سەندەوە و تەنیا مایەوە. تەنیاییەک هێندەی بۆ مایەوە هاوسەرگیری لەگەڵ قەشەیەک بکات، کە وێدەچێ ئامانجی لەو هاوسەرگیرییە شتێک بووبێت، ئەویش بوون بە دایک، کەچی ئەو ئامانجەیشی نەهاتەدی و لەگەڵ نۆبەرەکەیدا و بەر لەوەی ڕەحمی جێ بهێڵێ، سیل کوشتنی!

گۆشەگیریی و تەنیایی، بوارێک بۆ خۆشووناسکردنەوە

هەندێ جار دەکرێ وەک بەخششێک بڕوانینە گۆشەگیری و تەنیایی، بەخششێک کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ سەرلەنوێ خۆی شووناس بکاتەوە و فۆرمێکی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەروەی خۆیدا بەرهەم بهێنێت. بەو مانایەی دەشێ گۆشەگیری و تەنیایی پەنجەرەیەک بن بۆ ئەوەی لێیانەوە مرۆڤ بەهێزتر بچێتەوە ناو خۆی و پەنهانییەکانی ژیان و جیهان، یان ڕاستتر بڵێین، گۆشەگیری

دەرفەتێکە بۆ خودناسی مرۆڤ خۆی و نهێنییەکانی جیهان و ژیـــان. بەو پێـــیەی گۆشـــەگیری و تەنیـــایی و دابـــڕان لە حەشامات، بواری تێڕامان و قووڵبـوونەوە بە مـرۆڤ دەدەن، بۆ ئەوەی وردتر ڕۆبچێتە ناو ناخی خۆی و دەوروبەری.
شـارلۆت کە بە یەکێـک لە پێشـەنگەکانی ڕۆمـانی جیهـانی دادەنرێـت، ئەگەرچـی ژیـانێکی سـەخت و نـاخۆش و پـڕ ئازاری بردەسەر و بڕێکـی زۆری ئەو ژیانەیشـی لە تەنیـایی و گۆشەگیریدا گوزەرانـد، بەڵام دواجـار ئەو گۆشـەگیرییە بـۆ ئەو بـــووە ســـەرچاوەی بلیمەتـــی و داهێنـــان. شـــارلۆتێ ڕۆماننووسێکە خـاوەن تایبەتمەنـدیی خـۆی لە نووسـینەکانیدا، تایبەتمەندییێک کە لە هەموو ژنە نووسـەرەکانی پـێش و دوای خۆی جیای دەکاتەوە. وەک ئەوەی بۆ ئەوە لەدایک بووبێت تا بوون، کەسایەتی و ژیانی ژن بنووسـێتەوە. ئەو نووسـەرێکی بێ ڕکابەری ڕۆمـانی ژنـانەیە، نووسـەرێک بـۆنی ژنـی لـێ دەتکـێ، ژن بە هەمـوو نەرمـی و نیـانی و جوانییەکـانیەوە. لەگەڵ شارلۆتەدا ئاشنای زۆرێک لە تایبەتمەندیی ژن دەبـین، کە پـێش ئەو لە کەسـی دیکەمـان نەبیسـتووە. ئەو لە ڕێگـای ڕۆمانەکـانیەوە تـایپێکی تـایبەت لە کەسـایەتیی ژنمـان پـێ دەناســێنێ، کە وا دەکـــات تێگەیشـــتنمان لەزۆر بـــوارەوە دەربـــارەی ژن بگـــۆڕێ، جـــگە لەوەی بە خوێنـــدنەوەی بەرهەمەکـــانی، خۆمـــان لەبەردەم داهێنـــانێکی دەگـــمەن و دانســـقەی ئەدەبـــی ژن دەبینیـــنەوە. بە جۆرێـــک لەگەڵ خوێندنەوەیانـدا چێـژ لە قسـەکردنی ژن وەردەگـرین، بـۆنی ژنێتییەکەی دەکەین، ئاشنای ڕوانگە و تێڕوانینی ژن خۆیشـی دەبین بـۆ کۆمەڵێـک چەمـک و تـێگە و ڕووداوەکـان و ژیـان خۆیشی.
بە شـــێوەیەکی گشـــتی، نووســـینەکانی شـــارلۆت لەو سەردەمەدا، وەک بڵێسە و مەشـخەڵی ئـاگر بـوون، لە بـواری بزووتنەوەی ئەدەبیی ئازادیی ژندا.

بەراورد بە واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەوکاتی ئەورووپا، جین ئایەر ڕۆمانێکە پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە. لەوێدا نووسەر ڕوانگەی پێشکەوتووخواز و تێڕوانینی جیاوازیی ئازادیخوازانە لەمەڕ پرسی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز، کە تیایدا پیاو سالار و باڵادەستە، دەخاتەڕوو. ئەو بە وردی پەنجە دەخاتە سەر خەوشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگاکەی، کە لە سایەیاندا پیاو بڕیار بەدەست و ژن بوونەوەرێکی پلە دوو، یان پەراوێزخراوە. هەرچی پەیوەندیشی بە بواری ئەدگارە ئەدەبییەکەیەوە هەیە، شارلۆت نموونەیەکی نوێ و تەواو جیاواز لە ڕۆمانی باوی ئەوکات پێشکەش دەکات، چ لە باری زمان، یان هونەری گێڕانەوە، یاخود لە لایەنی هەمەڕەنگیی کەسایەتی و ڕووداوەکان. جین ئایەر کە لە ڕووخساردا زیاتر وەک ڕۆمانێکی سۆزداری و ڕۆمانسی دێتە بەرچاو، کەچی نووسەر بە توانا و سەلیقە و لێهاتوویی خۆی، بە ئاوێتەکردنێکی نائاسایی نێوان بابەتگەلی ئەوین و بوغزاندن، سۆز و توڕەیی، ترس و دڵەڕاوکێ، ڕەخنەگرتن لە بونیادی سیۆسیۆ - پەروەردەیی کۆمەڵگا، بەرهەمێکی ناوازە و داهێنانێکی ئەدەبی بەرز پێشکەشی خوێنەر دەکات. بەرهەم و ئەزموونێک، کە سەرنجی نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەگران و خوێنەرانیشی بۆ خۆی کێش کرد.

ئاراستەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ڕۆڵ و کاریگەریی کەسایەتی و کاراکتەرەکانی ناوی، ڕێک پێچەوانەی شەپۆلی باوی ئەوکاتی ناو جیهانی ئەدەبیات و بەتایبەتی ڕۆمانن. ڕۆڵی ژن لەو ڕۆمانەدا بە جۆرێکە، ویستێکی سەیری بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەند هەیە. ڕۆمانەکە

سەرلەنوێ شووناسکردنەوەی مێینەیە وەک بوونێکی سەربەخۆ، کە لە بنەڕەتدا خودێکی سەربەخۆیە و ئیرادەیەکی پتەوی بۆ خاوەندارێتیی لەو بوونە سەربەخۆ و ئیرادە ئازادیخوازە هەیە. شارلۆت لە ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵێکی وای بە ژن بەخشیوە، کە تەواو گوزارشت لە کەسێتیی مێینەیی خۆی بکات، کەسایەتییێک توانای جڵەوکردن و ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ناو ڕۆمانەکەی هەبێت.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لەو ڕۆمانەدا، توانای نووسەرە لە پەی بردن بە نهێنییە شاراوەکانی خودی مێینە، بە هەڵچوون و داکشانە دەروونییەکانی. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی بۆ خۆی وەک ژن، ئەزموونی ئەو خودە دەکات، بەڵکو لەو ڕوانگەیەی کە هۆشیاری و درککردنی لە ئاستێک دابووە، ژنانی دیکەی تێپەڕاندووە. بۆیە خوێنەری وریا، بە ئاسانی درک بەو شیکردنەوە ورد و قووڵە دەروونییە دەکات، کە نووسەر بۆ خودی مێینە کردوویەتی، تا دەگاتە قووڵایی ململانێ ناوەکییەکانی.

بە کورتی، ڕۆمانی جین ئایەر خستنەڕوویێکی فەلسەفیی قووڵ، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ - پەروەردەیی ورد، ئاوێنمایەکی ڕوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی سەدەی نۆزدە و هەڵگری چەندین بیرۆکە و تێڕوانینی فیکری پێشکەوتووخواز و نوێیاوە، کە دەشێ زۆرێک لە کۆمەڵگا نەریتگەرا و باوەڕسالارەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش لێی سوودمەند بن.

شارلۆت لە شوێنێکدا گوتوویەتی: " پێنووسەکەم، تا گیانم لەبەر دایە، لێت جیا نابمەوە، با ناوی پیاوەکان تەنیا دەمامکێک بێت و لاپەڕەی خۆمانی پێ دەشارینەوە". نووسین و بڵاوکردنەوە بە ناوی خوازراوی پیاو، بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە کە ژن لەو سەردەمەدا لە چ دۆخێکی

سـەخت و هەلـومەرجێکی نـاجۆری کۆمەڵایەتیـدا ژیـاوە. شارلۆت ناوی پیاوی کـردووەتە قەڵغانێـک بـۆ ئەوەی دیـوارە پتەوەکـانی ئەو دۆخە تێـک بشـکێنێ، تـا ئەو دەمەی دەرفەت دروسـت دەبێـت، وەک خـودی خـۆی، وەک مـرۆڤ، وەک مێینەیەکی خاوەن بـوونێکی سـەربەخۆ و ئیـرادە دەربـکەوێ. جـین ئـایەر گوزارشـتێکی ڕاسـتەقینەیە لە گیـانی یـاخیگەر و تینوو بـۆ ئـازادی و جیهانێـک تێیـدا یەکسـانی و مرۆسـالاری تێدا سەروەر بێت. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆحە سەرکەشە ڕەها بێت و ئەو ویستە ئازادیخوازەش ئامانجی خۆی بپێکـێ. هەروەهـا بۆ ڕاکردن لەو ژینـگە کـۆمەڵایەتی و کولتـوورییە سـەپاوەدا، ژینگەیەک کە جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا دەکات، یەکەمیان دەبـــاتە کەشـــکەڵان و دووەمیـــان دەخـــاتە دامـــێن و پەراوێزەکانەوە، شارلۆت زیرەکـانە پەنـا بـۆ دەمـامکی نـاوی پیـاو دەبـات، کـاتێکیش هەلـومەرجەکە پێـدەگات و زەمیـنە دەروونییەکەی لەبار دەبێت، ئەو دەمامکە فڕێ دەدات و وەک خۆی، خۆی مرۆڤ، خۆی مێینە، بە هەموو بوون و ئامادەیی خۆیەوە دێتە ناو ململانێیەکان.

شارلۆت لەبارەی دیـاریکردنی پـاڵەوانی ڕۆمانـدا دەڵـێ: " نووسەران بە سووربوونیان لەسەر دەستنیشانکردنی پاڵەوانی جـوان و کردنیـان بە بنـاغەی کارەکانیـان، بە هەڵەدا چـوون. ئەوەیشـــیان بـــۆ دەســـەلمێنم کە هەڵەن، بەوەی پـــاڵەوانێکی ناشیرین، یان خاڵی لە جوانی و لەڕ و لاوازی وەک خۆمیـان پێشـکەش دەکەم". ڕەنـگە ئەم قسـەیەی نووسـەر ئامـاژەیەکی ڕوون و ڕاشکاو بێت، بۆ ئەوەی بتـوانین بڵێـین، کە ڕۆمـانی (جـین ئـایەر)، ڕۆمـانێکە زێـدەتر لە بایۆگرافیـای نووسـەر دەکات.

ئەو ڕۆمانە کە هۆکاری ناوبانـگ پەیـداکردنی نووسـەر و گرتنی پێگەیەکی دیـارە لە ئەدەبیـی جیهانـدا، پـێگەیەک کە لە

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە ڕێگای ئەو ڕۆمانەدا بەدەستی هێنا و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، شارلۆت پاراستوویەتی، لە نۆبەرەی ئەو کارە ئەدەبییانەیە، کە بە جیددی قسە لە بارەی ئازادیی ژن دەکات، ئازادی ژیان و بیرکردنەوە و بڕیاردان.
هاوکات ڕۆمانێکە لە لوتکەی بەرزی ڕۆمانسییەت دایە، ڕۆمانێکە بە هۆیەوە توانی جڵەوی داهێنان و ناوبانگ و سەرکەوتن لە دەستی هەموو ئەو پیاوانە دەربێنێ، کە تا ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە، جڵەوی جیهانی ئەدەب و داهێنانیان لەدەستدا بوو.
دواجار هاتنەوەی ناوی شارلۆت بۆ پێشەنگی لیست و ڕیزبەندیی دە باشترین کتێبی پڕ فرۆشی ساڵی ٢٠٠٤، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، کە هێشتا سەردەمی کلاسیکی بەها و کاریگەریی خۆی ماوە و داهێنانی مرۆیی، تەمەنی چەندەیش درێژ بێت، بەڵام نامرێ و بە جاویدانی دەمێنێتەوە.

## 3| کولێت:
## ئەو ژنەی بووە مۆد و مارکەی سەردەمەکەی!



ژیانێکی جەنجاڵ

کولێــت، کە نازنــاوی ژنە ڕۆمــاننووس و هونەرمەنــدی ناسراوی فەڕەنسی، سیدۆنی گابڕێل کـولێتە. سـاڵی (١٨٧٣) لە دایک بووە. بیست سـاڵی تەمەنــی خۆی لەنـاو سروشـت و جوانییەکــانی گونــدێکی هەرێمــی (یــون)ی هاوســنووری

هەرێمـی بورگونیـا بەسـەر بـردووە و پەیوەنـدیێکی ڕۆحـی لەگەڵ سروشت و ژینگەکەیدا دروست کـردووە، بە جۆرێـک لە نووسینەکانیشدا، بەتایبەتی لە بەشی (بورگونیا دڵنەوایەم)ی کتێبی (کلۆدین لە قوتابخـانە ـ ١٩٠٠) و دواتـریش لە کتێبـی (لە وڵاتێکــی ناســراو ـ ١٩٥٠)دا، جەختــی لەســەر خۆشەویستیی خۆی بۆ زێد و سەردەمی منداڵی کردووەتەوە.

کولێـت قۆناغەکـانی خوێنـدنی لە ئۆکسیر تەواو کـردووە. ئەو کە ویسـت و ئیرادەیەکـی سـەیری بـۆ ئـازادی و لەخـۆ بەخـاوەن دەرکەوتـن، هەروەهـا بـۆ گەڕان و دۆزینـەوەی نهێنییەکانی ژیان و جیهان هەبووە، لە تەمەنی بیست ساڵییەوە شووی بە پیاوێک کردووە، کە پازدە ساڵ لە خـۆی گەورەتـر بـووە و لەگەڵیـدا چـووەتە پـاریس. دوای دەیەیەک لە ژیـانی بەیەکەوەبیـــان، ســـاڵی ١٩٠٦ جیـــابوونەتەوە. دوای جیابوونەوەی لە هاوسـەری یەکەمـی، ڕووی کـردووەتە یـانە شەوانەییەکان و سەمای کـردووە، دواتـر لە سـاڵی ١٩١٢ بـۆ جـــاری دووەم، لەگەڵ ڕۆژنامەنووســێک هاوســەرگیری کـردووە و دوای سـاڵێک، منـداڵێکی کچیـان خسـتووەتەوە. لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کاری پەرستاری کردووە و سـاڵی ١٩٣٢ دوکـانێکی ئارایشـگای کـردووەتەوە. دوای مردنـی هاوسـەری دووەمیشـی لە سـاڵی ١٩٣٥، بـۆ جـاری سـێیەم شـووی کـردووەتەوە و لەگەڵ هاوسـەرە نوێیەکەیـدا چووەتە نیویۆرک.

لە سـاڵی ١٩٤٦ بە دواوە، دۆخـی تەندروسـتییەکەی تەواو تێـک دەچێـت، تـا ئەو ئاسـتەی توانـای ڕێکردنـی نـامێنێ و ساڵانێکی زۆری تەمەنی بە حواردنی دەرمـان و چارەسـەری بەڕێ دەکات. دواجار ساڵی ١٩٥٤ و لە تەمەنی ٨١ ساڵی بە هـۆی تونـدبوونی نەخۆشـییەکەی کـۆچی دوایـی دەکـات و لە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتەدا لە گۆڕسـتانی پێرلاشـێز لە پـاریس دەنێژرێت.

کولێت سەرەتای کاری نووسینی بە ڕۆژنامەنووسی دەست پێکردووە، سالآنی ١٩٠٨ - ١٩١٠ لە ڕۆژنامەی (لۆماتان) کاری کردووە، هاوکات بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی پاریسی نووسیوە و دوای نۆ ساڵ، بووەتە بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی ناوبراو. دواتر و لە ساڵی ١٩٢٤ چووەتە ڕۆژنامەی (لۆفیگارۆ) و دوای ئەویش بۆ ڕۆژنامەکانی (لۆکۆتیدیان و لیکلیر).

گەشت و گەڕان، لایەنێکی گرنگی ژیانی ئەو ژنە نووسەرە پڕ دەکەنەوە، ڕەنگە لە تەک سەختی و ئاڵۆزیی ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی، هەروەها کارکردنی لە بواری سەما و بالێ و ئارایشگا، هاوکات خودی ئەم گەشت و گەڕانانەیشی (وەک ژینگە و کولتوور)، کە بەشێکی زۆریان بۆ بەشداریکردن لە کار و چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوونە، ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی خەیاڵی ئەودا بینیبێت. بۆ نموونە، گەشتی بۆ شارە بەناوبانگ و سەرنجڕاکێشەکانی هەر یەکە لە وڵاتانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و مەغریب کردووە. هەروەها بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕ و چالاکیی ئەدەبی، ساڵی ١٩٣١ سەردانی هەریەک لە نەمسا، ڕۆمانیا، ئەفریقیای باکووری کردووە.

بۆ ئەوەیش کە بزانین لەبەرچی ئەو ژنە نووسەرە، سەرەڕای وەرگرتنی چەندین خەڵات و مێدالیای ڕێزلێنان، چەندین پلە و پۆستی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریشی وەرگرتووە، دەبێ بگەڕێینەوە سەر گەنجینەی بەرهەمە هەمەجۆرەکانی، کە ڕەنگە لەم وتارەدا فریای ناوبردنی هەموویان نەکەوین. بۆیە تەنیا بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. لەوانە (چوار بەش لە زنجیرەی کلۆدین، چوار

گفتوگۆ بۆ ئـازەڵان، دابڕانـی سۆزداری، ساویلکەی ئـازاد، سـواڵکەر، دیـوی دووەمـی زانـای میوزیـک هـۆل، ژووری درەوشاوە، ماڵی کلۆدین، کۆلیت، ژنـی نادیـار، ڕیسـکگەلی ئاسـایی، کۆتـایی شـیری، کـوڕەکە و یـارییە جادووییەکـان، لەدایکبـوونی ڕۆژ، ڕێنـێ ییـان، خـاڵە بنەڕەتییەکـان، سـیدۆ، چیرۆکێک بۆ بیل گازۆ، بەهەشتە زەمینییەکان، زیندانەکان و بەهەشـتەکان، ئەم چێـژانە، پشـیلەکان، دییـۆ، چـوار بەشـی جمکی ڕەشێتی، بێللا یەستا، جوانیی پەپوولەکـان، کلـۆدین و چیرۆکی ژنە جادووبازەکان، کتێب، جولی دو کارنیلهـان، لە پەنجەرەکەمەوە، شەبقە، لە چاڵهەڵکەنەوە بۆ تاوانبار، جیجی، ئەستێرەی فەیسبار، لە پێناو گیادرووەکە، منارەی شین، گوڵی تەمەن، لە وڵاتێکی ناسـراو) و چەنـدین بەرهەمـی دیـکە، کە زۆربەیان وەرگێردراونەتە سەر زمانە جیهانییەکان.

بە کورتی، لە پای ئەم بەرهەم و بەخششە داهێنەرانەیەتی، کە کولێـت (پـلەی سـوارچاکی ئەدەبـی فەڕەنسـی، مێـدالیای سـوراچاک - دەوڵەتـی فەڕەنسـی، مێدالیای شـاری پـاریس، نازنـاوی ئەفسـەری یەکەم و دبلـۆمی شـەڕەف لە پەیمانگـای نیشـتمانی بـۆ ئەدەب و هونەرەکـان)ی وەرگرتـووە و بـووەتە بەرپرسی ئەکادیمیای شاهانە لە بەلجیکـا و دوای چـوار سـاڵ لە ئەنـدامێتیی ئەکادیمیـای گۆنکـۆریش، سـاڵی ١٩٤٩ یـش بووەتە سەرۆکی ئەکادیمیای ناوبراو.

نووسینەوەی ئەزموون

سادەیی لە دەربڕین، زیاد لە پێویسـت هەسـتیار و ناسـک، زمـانێکی سـۆزباوی سـەرنجراکێش، ڕێزگـرتن لە بیروباوەڕەکـانی و ڕاسـتگۆیی لەگەڵ سروشـتی مرۆیـانە و شـێوازی ژیـانی خـۆی و بـوێریی تەوزیفکردنەوەیـان لە نووسـینەکانیدا. ئەمـانە بەشـێن لە ڕووخسـار و ئەدگـاری

نووسینەکانی کولێت، ئەوێک کە نەیتوانیوە بچووکترین مەیلە غەریزەیـــی و خەون و خەیـــاڵە وروژێنەرەکانیشـــی لەنـــاو نووسـیندا بشـارێتەوە. کولیـت پێیـوایە ژن بە جەسـتە و ڕۆح دەنووسـێ، بـۆیە بۆچـوونی ئەو، نووسـین لای ژن و پیـاو جیـاوازن و هەر یەکەیـان سـەر بە دونیـایەکی تـایبەتن. لای ئەو، نووسینی ژنانە، جۆرێکە لە پرۆسـەی منداڵ خسـتنەوە. پرۆسەیەک، تەنیا ژن دەتـوانێ بەو ئاسـتە قـووڵەی هەسـت و سـۆز، بەو توانـا زۆرەی بەرگەگرتنـی ژان و ئازارەکـان، گوزارشتی لێ بکات. هەر ئەمەشە وایکردووە، کە خوێنەری وریـا هەسـت بەوە بکـات، نووسـەر لە زۆربەی کارەکانیـدا خـۆی نووسـیوەتەوە، خـۆی ژن. هەروەهـا ئەزموونەکـانی ژیـانی خـۆی، وەک بەشـێک لە کـۆی ئەزمـوونی ژنـانی دەوروبەر و ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و کولتـووریی سـەردەم و کۆمەڵگاکەی لە توێی نووسیندا بەرهەم هێناوەتەوە.

لە زنجیـرە ڕۆمـانی (کلـۆدین) کە دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیـدا هێنـا و نێوەنـدی ئەدەبـی و خـوێنەرانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد، تەنـانەت لە زۆرێـک لە بەرهەمەکـانی دواتریشیدا، کولێت بایەخێکی زۆری بە سروشـت و ژیـنگەی گونـد و ئەو مـاڵە داوە، کە تێیـدا ژیـاوە و گەورە بـووە. بەتایبەتی لە ڕۆمانەکانی (ماڵی کلـۆدین) و (لە دایـک بـوونی ڕۆژ) و (سیدۆ).

دوای جیـابوونەوەی لە هاوسـەری یەکەمـی و بە هـۆی شکسـتی ئەو ئەزمـوونە سـۆزدارییەیەوە، قۆنـاغێکی نـوێ لە ژیانی ئەو ژنە نووسـەر و هونەرمەنـدە دەسـت پـێ دەکـات و لەو ماوەیەدا (سواڵکەر) و (دیوی دووەمی میوزیسیان هۆل)، دەنووسێ. ساڵانێکی پێش جەنگی یەکەمی جیهـانی، ژیـانێکی سـەختی گوزەرانـدووە، دیسـانەوە ئەم ئەزمـوونە سـەختەی ژیانیشـی دەبـنە هەوێنـی نووسـینی (دابڕانـی سـۆزداری) و (چێژی ترێ). لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، وەک

پەرستار لە تەک نەخۆش و بریندارەکانی جەنگ کاری کردووە و ئەزموونی جەنگ و ماڵوێرانییەکانی ئەو ماوەیەشی لە میانی (کاتژمێرە درێژەکان) و (لە ناوەڕاستی ئاپۆرادا) و ( ڕیسکگەڵی ڕۆژانە)دا گێراوەتەوە.

خاڵێکی سەرنجراکێش لە ژیانی پیشەیی ئەو ژنە نووسەرەدا، زمانی قەناعەت پێهێنانیەتی لە میانی شیکردنەوە و مانادان بەو کار و ڕەفتارانەی کردوویەتی. لەکاتێکدا لەسەر تەختەی شانۆی یانە شەوانەییەکان بە جلی نیمچە ڕووتەوە (کە لەو سەردەمدا قەبوڵ نەکراو بووە!) سەما دەکات، کەچی لە میانی شیکردنەوە تایبەتییەکانی و خوێندنەوەی بۆ دۆخی دەروونیی دەوروبەرەکەی، توانیویەتی باوەڕ بە خوێنەرەکانی بکات، کە سەماکردنی لە یانە شەوانەییەکان، بەشێکە لە چارەسەریی دەروونی، چارەسەرێک کە هاوکاریی بکات لە دۆزینەوەی خود و قووڵاییە پەنهانەکانی ڕۆحی پەژمووردەی

کولێتی براند!

خوێندنەوەی نووسینەکانی کولێت، خەیاڵی خوێنەر دەبەنەوە سەر پەیوەندییە پیاوسالارییەکانی ئەو سەردەمی ئەوروپا، سەر جیاکارییە ڕەگەزەکانی بەرهەمی ئەو پەیوەندییە نابەرابەر و ناهاوسەنگەی نێوان نێر و مێ. تەنانەت جێهێشتنی گوند و زێدی منداڵی و گیرسانەوەی لە پاریس و ئەو کارانەی ئەو ژنە نووسەرە لەو ماوەیەدا دەرگیریان بوو، شکاندنی ئەو تابۆیانەی ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە بوو. دژەباوی، یاخیگەری و سەرکێشی ڕەگەزی هەمیشە ئامادەی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو ژنە نووسەرەن و دواجاریش لەناو نووسینەکانیدا ئامادەیی بەردەوامیان هەیە. ژن بە هەموو بوون و مەینەتی و

سەختییەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگاکەی کۆلیت، چەقی باس و داکۆکی لێکردنە.

هەوراز و لێژییەکانی ژیانی هاوسەرگیری، سەماکاری لە یانە شەوانەییەکان، پەیوەندییە سێکسییەکان و تەنانەت دانانی ئارایشگا و جوانکاری، هەموو ئەوانە بەشێکن لە ئامراز، یان ڕاستتر بڵێین چەکی دەستی نووسەر لە میانی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆی لەپێناو ئازادیی ژندا. ئەوە بۆیە سەرەڕای ئەوەی بەو چاوە سەیری کراوە، کە بەم کارانەی، سنووری دابونەریت و عورفی شکاندووە. کەچی دواجار لەناو یادەوەریی فەڕەنسییەکان و دواتریش لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا، وەک ژنێکی ئازادیخواز و داکۆکیکار لە مافەکانی ژن و چاککردنی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەی جیی گرتووە. ئەو ڕەفتار و هەڵوێستانەی کولیت، تەنانەت نووسینەکانیشی کە ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕ و هەڵوێستانەی بوونە، لەو سەردەم و لەناو تەونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگاکەیدا، بۆ ئەمڕۆ زۆر ئاسایین، بەڵام لەو ڕۆژگارانەدا بوێری و سەرکێشی بوون. زۆر بە ئاسانی ئەوە لە نووسین و بەرهەمەکانی (بە لایەنی کەمەوە ئەوانەی بەردەستی من گەیشتوون و بە عەرەبی خوێندوومنەتەوە)، دەخوێنینەوە، کە ئەو ژنە بە یەک مەودا لەپێناو ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ژن تێکۆشاوە، هەروەها بە لێوەشاوەییەوە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نەرێنییەکانی پیاوسالاری و مامەڵەی زبری لەگەڵ مێینەدا، لەسەر تێکشکاندنی لایەنی دەروونی و کەسایەتیی ژندا خستووەتەڕوو.

ئەگەر ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێیدا، دیوی ناوەڕۆک و پەیامی نووسینەکانی کولێت بێت، ئەوا لەوانە گرنگتر شێوازی تایبەت و تەکنیک و زمانی باڵای نووسەرە لە چۆنییەتی تەوزیفکردنەوەی ئەو بابەتانە و دووبارە

بەرهەمهێنانەوەیان لە توێی تێکستی باڵا و سەرنجڕاکێشی ئەدەبیدا. بەجۆرێک، ڕۆمانەکانی بە پتەوی و یەکانگیری و بەهێزی چنینی ڕووداوەکان، زمانی شیکردنەوەی وردی سایکۆلۆژی بۆ سروشت و مەیلی مرۆڤەکان، گێڕانەوەی کەمەندکێش و زمانی سۆزباوی جادوویی لە نووسەرانی سەردەمی خۆی و پێش و دوای خۆی، جیا دەکرینەوە. بە مانایەی، سەرەڕای دژە باوی و یاخیگەرییەکەی لە ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کوشندەکانی. وەکوتر لە پرۆسەی دووبارە نووسینەوە و وەبەرهێنانەوە و گێڕانەوەی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە، بایەخی قورسایی و کاریگەریی کولیت لەناو مێژووی ئەدەبیات و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ.

تەنانەت بایەخ و کاریگەریی نووسینەکانی لە ئاستێکدا بووە، وەک هەندێ سەرچاوە و لێکۆڵینەوە باسی دەکەن، کەسایەتیی ڕۆمانەکانی بوونەتە مۆدی سەردەم. لەوەشدا نموونە بە کەسایەتیی (کلۆدین)ی ناو چواربەش کتێبی کلۆدین (ماڵی کلۆدین، کلۆدین لە قوتابخانە، کلۆدین لە پاریس، کلۆدین ماڵئاوایی دەکات) دێننەوە، کە چۆن لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم کەسایەتییە بووەتە مارکە و براندی جلوبەرگ، بۆن، جانتا و شەبقەی ژنان. تەنانەت باس لەوەش دەکرێ، کە کچانی ئەوکات بە شەوقەوە لە شێوازی بڕینی قژ، لە جۆری جگەرەکێشان و تەنانەت لە پۆشینی پانتۆڵ کە لەو سەردەمدا هەر پیاو کردوویەتیە بەری، لاسایی کلۆدینیان کردووەتەوە!

4| ویلا سیبرێت کاسەر :
ژنێک لە ڕەنگی لم و بە بەرگی پەنابەر





ژنە ڕۆماننوسی ئەمریکی، ویلا سبیرت کاسەر (١٨٧٣ - ١٩٤٧)، کە لە پـای ڕۆمـانی (یەکێـک لە ئـێمە - ١٩٢٣) خەڵاتی پۆلیتەرزی بردەوە و
وەک نووسـەرێکی پێشـەنگی ئەمریکـا ناسـرا و نـاوی

دەرکرد. بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر وێلزییەکان و ساڵی (١٨٧٣) لە کێڵگەیەکی دۆڵی ڕووباری باگ کریک لە ویلایەتی ڤێرجینیا لەدایک بووە و چەندین پشتی خێزانەکەیان لە زەوییەکانی ئەو دۆڵەدا ژیاون. تەمەنی یەک ساڵ بووە کە خێزانەکەیانماڵیان گواستووەتەوە ویلۆ شیڵد، کاتێکیش بووەتە نۆ ساڵ، ماڵەکەیان چووەتە نبراسکا. ئەو کە لە نێوان هەردوو ویلایەتی ڤێرجینیا و نبراسکا، تەمەن و ژیانی خۆی گوزەراندووە، خویندنی لە بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا تەواو کردووە و نزیکەی دە ساڵ لە بیستبێرگ ژیاوە و کاری مامۆستایەتی کردووە. کە تەمەنی بووەتە سی و سێ ساڵ، چووەتە نیویۆرک و ئیتر تا ڕۆژی کۆچی دوایشی لە ساڵی (١٩٤٧)، لەو شارەدا ماوەتەوە.

کاسەر لە قۆناغی خوێندنی زانکۆ بووە، کە دەستی داوەتە نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. دەرچوونیشی لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی هاندەرێکی باش بووە، بۆ ئەوەی زێدەتر لە کارەکەیدا قاڵ و قووڵ ببێتەوە. کاتێکیش چووەتە بیتسبێرگ، وەک نووسەر لە گۆڤارێکی مانگانەی خێزانیدا دەستی بەکار کرووەد. دوای ساڵێک مانەوە، بووە نووسەری سەرەکی گۆڤارەکە، هەروەها لە بواری ڕەخنەی سینەماییشدا، بۆ ڕۆژنامەیەکی شارەکەی نووسیوە، هاوکات بە نووسینی شیعر و چیرۆکی خەیاڵی، بەشداری چالاکییەکانی نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە.

دەسپێک، وەک بناغە

ئەو ژنە نووسەرە، وەک زۆرێک لە نووسەرانی دیکەی دونیا، بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە دەستی پێ کردووە. دواجار لە نێوان کاری ڕۆژنامەنووسی و هۆگربوون بە خوێندنەوەدا، بە مەبەستی خۆدۆزینەوە و داهێنان، بە شوێن

دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی دیکەدا گەڕاوە، ئیدی لە دونیای ئەدەب و لە نێویشیاندا ڕۆماننوسی. گیرساوەتەوە.

یەکەم کۆچیرۆکی خەیاڵی بە ناوونیشانی (باخچەی کورتە باڵا - ١٩٠٥) چاپ و بڵاو کردووەتەوە. هەر لە بواری چیرۆکدا، (پێش نانی بەیانی، یان بەر لە فراوین - ١٩٢٢)، ناوونیشانی کۆچیرۆکێکی دیکەیەتی، کە تیایدا ئەزموون و بیرەوەرییەکانی ژیانی لە ماوەی هاوینی ساڵی ١٩٢٢ لە دوورگەیەکی کەنەدا دەگێڕێتەوە.

یەکەم ڕۆمانی کاسەر، بە ناوی (پردی ئەلێکساندەر - ١٩١٢) کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی ئەو ژنە نووسەرەدا بینی. دوای ئەو ڕۆمانە، سێینەی (ئەی پێشەنگەکان - ١٩١٣، گۆرانیی مانگا - ١٩١٥، ئەنتۆنیا تایبەتەکەم - ١٩٢٢)ی نووسی و بڵاوی کردنەوە و بە هۆیانەوە ناوبانگێکی گەورەی لە نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەییدا پەیدا کرد. لەناو هەموو ئەو کارانەیدا، کە هەر یەکەیان و بە جۆرێک ڕۆڵیان لە ناساندنی ئەو ژنە نووسەرەدا هەبوو. وەکوتر، ئەو بەرهەمەی کە لە ئاستی ناوخۆی ئەمریکا و جیهاندا، کاستەری وەک پێشەنگی ڕۆماننوسانی ئەمریکا ناساند، ڕۆمانی (یەکێک لە ئێمە - ١٩٢٣) بوو و هەر لە پای ئەو بەرهەمەیشیدا، خەڵاتی پۆلیتزەری پێ بەخشرا.

ساڵی ١٩٢٧ ڕۆمانی (مەرگ بەرەو سەرۆکی ئەسقۆفەکان دەکشێ) ی نووسی و ڕۆمانی (سێبەرەکان لەسەر بەردێک - ١٩٣١)یش، کە ڕۆمانێکی مێژووییە و باس لە ڕووداوەکانی سەدەی حەڤدە دەکات و دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، خراوەتە لیستی دیارترین و باشترین ١٠٠ کتێبی نێوان ساڵانی (١٩٢٤ - ١٩٤٤).

تۆنێکی غەریب، تۆنی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ناو کۆلانەکانی منداڵی، بۆ ناو داڵانەکانی بیرەوەری، بۆ ناو فەزای ئەفسووناوی بیابان و خانوو و کوخی پەنابەرەکان، بەسەر ڕۆمانەکانی کاسەردا زاڵە. سۆز و گەڕانەوەیەک، کە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نمایشی گرتە و دیمەنەکانی ناو ڕۆمانەکە، وەک ئەوەی وردە لمی بیابانەکانی ئەو ناوە بە دەم بایەکەوە لە ڕووخسارت بدەن، نووسەر ئاوا و لە میانی زمانێکی سادە و ڕووت و ڕوونی بێ گرێ و گۆڵەی بارگاوی بە خەیاڵێکی قووڵ، ئەو بیابان و دەشتە زەرد و سوورباوانەی ئەمریکا، دەڕژێنێتە چاو و مێشکی خوێنەر و وای لێدەکات، هەست بەوە بکا ئەوە بە خۆیەتی لەو سەرزەمینەی لم و گەردەلوولدا دەژێیت.

ئەو کە بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە دەستی پێکرد و لەوێوە چووە ناو دونیای ئەدەب و خەیاڵ، لەوە تێگەیشت کە یەکەمیان تێری خەونەکانی ناکات بۆ خودنووسینەوە و داهێنان، بۆیە دووەمیانی وەک نموونەیەکی باڵای هونەر هەڵبژارد و کەرەستەکانی یەکەمی، کە تەنیا هەواڵ و رووداو بوون، لە میانی وەبەرهێنانەوەیاندا لەناو تیکستی ئەدەبیدا، کردوونەتە هەوێنی داهێنان. تەکنیکی نووسین و گێڕانەوەی کاسەر لە ڕۆماندا، بەراورد بە ڕەوتی باوی ئەو سەردەمی تەکنیکی نووسینی ڕۆمان (کە لە ئەزموونگەری و ڕەوتی ئاگایی و هۆشیارییەوە نزیک بوو)، سادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە میانی تایبەتمەندیی گێڕانەوە و هونەری بەکاربردنی زمان و تەوزیفکردنەوەی لە دەربڕیندا، تا ئاستێک لە نووسەرەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، تا ئەوەی خوێنەر دەتوانێ بڵێ، کە ئەو ژنە نووسەرە خاوەن ڕێچکە و میتۆدێکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو لە نێوان بابەتی بوون و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و گەڕانی ڕۆژنامەنووس بە شوێن خستنەرووی زۆرترین ڕاستی، لەگەڵ هەوڵی هونەرییانەی ڕۆماننووسە دەروونییەکان لە

شـێواندنی لایەنـی بـابەتیی و ڕاسـتیی شـتەکان، ڕێگـایەک دەدۆزێـتەوە و چارەسـەرکردنی کێشـەکان دەکـاتە تەوەری سـەرەکیی کـار و بەرهەمەکـانی، ئەمەش پەیوەنـدی بەو تێـڕوانینەی ئەو هەیە بـۆ ئەدەب، وەک نمـوونەیەکی بـاڵا و زینـدووی هـونەر. واتە ئەو بەر لە نووسـینی ڕۆمـان، بیرۆکەکـانی لە چوارچێـوەیەکی هونەریـدا لە خەیاڵـدان و ئەندێشەی خۆیدا گەڵاڵە دەکات، دواجار بە هەمان هەناسـەی هونەریـانە و بە سـوودوەرگرتن لە زمـانی سـادەی ڕۆژنامەنووسـی و کـارکردن لەنـاو دونیـای ئـاڵۆزی دەروونناسـی، دەست بە چنینـەوەی ڕووداوەکـان و کێشـانی گـرتە و دیمەنەکـان و کاراکتەرەکـانی دەکـات و لە تـوێی تێکستێکی ئەدەبـی (ڕۆمـان) دەیخـاتە بەردەم خـوێنەر. ئەمەو بەبـێ ئەوەی لەنـاو ئەو بێـنە و بەردەی زمـان و حەقـیقەت، بابەتیبوون و خەیـاڵ، تەوەر و ئامـانجە سـەرەکییەکەی خـۆی ون بکات، کە گواستنەوەی وردەکاری و نهێنییەکانی ژیـان و ژیـنگەی بیابانەکانە.لەسـەرروو ئەمانەشـەوە، لە پێشـەنگی ئەو نووسەرانە دەمێنێتەوە کە باشترین ڕۆمانی خەیاڵی دەنووسـن. کاتێ خوێنەر لە وەسف و گێڕانەوەکانی کاسەر بـۆ هەڵاتـن و ئـاوابوونی خـۆر لە سنوورەکانی بیابـان، دیمەنەکـانی ژیـان (مـرۆڤ) و ژیـنگە (سروشـت) سروشـت لەنێـو ئەم دوو چرکەسـاتەدا ورد دەبێـتەوە، ئەو کـاتە باشـتر لە توانـا و سـەلیقەی ئەو ژنە نووسـەرە تێـدەگات. بیابـان و کـاراکتەری پەنابەرەکـان لەنـاو ڕۆمانەکـانی کاسـەردا، ئامـاژەن بـۆ غوربەتیی هەمیشـەیی مـرۆڤ، گوزارشـتن لەوەی کە مـرۆڤ بەردەوام کەسێکی دوورخراوە و پەڕاگەندە کراوە. مرۆڤێـک کە هەمیشـە ناچـار بە بڕینـی ڕێگـا سـەخت و تـونێڵە پـڕ پێچاوپێچەکـانی ژیـان و بـارودۆخە قـورس و هەلـومەرجە ئاڵۆزەکانە.

بە مانـایەک لە ماناکـان، مـرۆڤ دەتـوانێ بڵێـت، ئەزموونکردنی ژیانی ناو بیابانەکان و سنوورە سەرابییەکانی

له لایەن نووسەر و هەستکردنی هەمیشەیی مرۆڤی پەنابەر بە سەرگەردانی و نامۆیی و ناچاریی ڕاهاتن لەگەڵ ئەو بارودۆخە جەبرییەی بەسەریدا هاتووە و ڕاهاتن لەگەڵ ژیانی دوورخراوەیی و ژینگەی سەرگەردانی، کاسەر لە پێشەنگی ئەوانە دێت کە لەناو ئەدەب و تێکستی ئەدەبیدا، ناسنامەی جەنگاوەری و پاڵەوانێتی دەداتە پەنابەران.

ژینگە و ژیان وەک کەرەستەی داهێنان

کاسەر کە زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ژینگە و ژیانی بیابانەکان و ڕۆشنبیریی هەمەچەشنی پەنابەران و دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، ئەم کاریگەرییە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر دونیابینی و بونیادی کەسایەتییەکەیدا هەبووە. یەکێکە لەو ڕۆماننوسانەی کە بە هۆی قسەکردنی ورد و قووڵی لەسەر ژیانی بیابانە پان و پۆڕەکان و غوربەتی هەمیشەیی پەنابەران، ناوبانگێکی زۆری بۆ خۆی لە نێوەندی ئەدەبیی جیهانیدا پەیدا کرد.
ئەو لە ڕۆمانەکانیدا و لە میانی گێڕانەوەیەکی درامیی ڕووداوەکان، گفتوگۆی پاراو، زمانێکی ڕوون، وەسفی ئەفسووناوی و وردی شت و شوێنەکان، وا لە خوێنەرەکانی دەکات (تەنانەت ئەوانەی لە خەونیشدا نبراسکایان نەبینیووە)، هەست بەوە بکەن، کە لە نبراسکا و بیابانەکانیدا دەژین.
ژیانی سادە و سەختی خێزانە پەنابەرەکان لە بیابانەکانی نبراسکا، لایەنێکی گرنگی ڕۆمانە خەیاڵییەکانی کاسەر پێک دەهێنن. ئەمەش پەیوەندی بە یادەوەری و ئەزموونی منداڵیی نووسەر خۆیەوە هەیە، کە لە نزیکەوە تێکەڵی ئەو خێزانانە بووە و ئاشنای وردەکارییەکانی ژیانیان بووە. تەنانەت کە ڕۆمانی (ئەنتۆنیا) دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت ڕۆحی نووسەر چووەتە ناو جەستەی ئەو خێزانانە، کە کاراکتەر و

پـاڵەوانی نـاو ڕووداوەکـانن. بە زمـانێکی ئەفسـووناوی و لە میانی نمایشێکی خەیاڵیی سەرنجڕاکێشدا، لەگەڵ خۆی دەتباتە ناو نهێنی و پەنهانییەکانی ژیانی خێزانەکان و تەنانەت تەلیسم و نهێنییەکانی ئەو بیابانانەشت بۆ دەکاتەوە.

بە شـــێوەیەکی گشـــتی و بەچاوپۆشـــین لە لایەنە هونەرییەکانی ڕۆمان، وەکوتر لە بـاری ناوەڕۆکدا بەشێکی زۆری بەرهەمەکـانی کاسـەر، بە کـورتە چیرۆکەکانیشـەوە، گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەزموونەکـانن. ئەزمـوونی خـۆی و کۆمەڵگاکەی، ژیانی خۆی و دەوروبەری، ژینگە و سروشت و نهێنییەکانی.

کاســـەر لە بەرهەمەکانیـــدا جـــگە لەو باڵادەســـتییەی لە هۆنینەوە و چنینـی وردی ڕووداوەکـان و ئەو فەزا خەیـاڵی و فەنتـــازییەی لە میـــانی گێـــڕانەوەی ڕووداوەکـــان و وەســـفی کەســـایەتی و کاراکتەرەکـــانی نـــاو ڕۆمانەکـــانی، پێیـــان دەناسـرێتەوە، هاوکـات ڕۆمانسـیەت و جۆرێـک لە سـۆز و شـەیدایی و گەڕانەوە و سـادەییش، بەسـەریاندا زاڵە. ئەمەی دواییان وای کردووە، کە بەشێک لە ڕەخنەگران بڵێن، کاسەر نەیتوانیوە ڕووبەڕووی ژیانی نوێ و پێشکەوتنەکانی ببێتەوە و خۆی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمدا بگونجێنێ، بـۆیە پەنـای بـۆ گێـڕانەوەی ڕابـردوو و گەمەکـردن لەنـاو یـادەوەری و ئەزموونەکانـدا بـردووە و لەو فەزا و ژیـنگەی ئەو ڕۆژانەدا خولاوەتەوە.

دواجـــار، بە قســـەی (جـــێمس وۆدریـــس)ی نووســـەری بایۆگرافیـــای کاســـەر بێـــت، ئەو ژنە ڕۆماننوســـە زۆر بە کارەکـانی (دیکنـز، ئیمرسـۆن، بەلـزاک، تۆڵسـتۆی، جـۆرج ئیلیۆت، خوشـکانی برۆنتـی و جین ئۆسـتن) سەرسـام بـووە. هەروەهـا تایبەتمەنـدییێکی ئەوە بـووە، کە لە ڕوانـگەی پیـاو، ڕۆمانەکـــانی نووســـیون و تەنـــانەت کاتێـــک لە بـــارەی ژنەڕۆماننووسـەکان نووسـیویەتی، وەک ئەوە وایە پیـاوێکی

ناڕازی، نووسیبێتی.

# 5| ڤیرجینیا وۆڵف:
## خۆکوشتن لەپێناو بەختەوەریی ئەوی دی!



ڤیرجینیا وۆڵف، ڕۆماننووسی ناوداری ئینگلیزی، ساڵی ١٨٨٢ لە لەندەن لەدایکبووە. (لیزلی ستیڤن)ی باوکی مێژوونووس و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ناسراو بوو، دایکیشی (جاکسۆن داکۆرس) لە بنەماڵەیەک بوو کە لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە ناوبانگیان دەرکردبوو.

تەمەنی ١٢ ساڵ دەبێت، دایکی دەمرێ و زڕخوشکەکەی شوێنی دایکی بۆ دەگرێتەوە، زۆر نابا و دوای دوو ساڵ لە مردنی دایکی، ئەویش کۆچی دوایی دەکات. دە ساڵ دوای ماڵئاوایی دایکی، باوکیشی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە دەمرێ. دوو ساڵ دوای ئەوە، براکەیشی لە غوربەت گیان لەدەست دەدات. پاش ئەوە خوشکەکەیشی شوو دەکات، لەگەڵ هاوسەرەکەی ماڵیان لە لەندەن دەگوازنەوە، ئیدی لە نووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریی ڕۆژانەی بترازێ، هیچ کەس و شتێک نامێنێ، دڵنەوایی تەنیایی و کۆستی ڤیرجینیا بدەنەوە.

ئەم هەموو چیرۆکەی مەرگی بەدوا یەکی ئازیزەکانی، تووشی بارێکی دەروونیی سەختی دەکەن، تا ئاستی دارمانی دەروونی و تووشبوون بە نەخۆشییێکی عەقڵی درێژخایەن.

بەهۆی نەخۆشییە عەقڵییە درێژخایەنەکەی، تێکچوونی بەردەوامی بارە دەروونییەکەی، خاپووربوونی ماڵەکەی لە لەندەن لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی، لە ڕۆژی ٢٩ مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤١ خۆی لە ڕووباری (ئۆس) دەهاوێژێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ، ئەو ڕووداوەی دواجار تیایدا ڤیرجینیا لە خودی خۆیدا، ڕۆڵی خەیاڵئامێزی کاراکتەر و کەسایەتیی ژنە ئازادەکانی ناو هەر دوو ڕۆمانەکانی (شەپۆلەکان) و (گیرفانێکی قورس بە بەرد)

دەكاتە پراكتیک و واقیعی ڕاستەقینەی خۆكوشتن.

ئەزموونی نووسین

ڤیرجینیا دەسپێكی كاری نووسینی، بە نووسینی وتار بوو بۆ ڕۆژنامەی تایمزی ئەدەبی و لەو ماوەیەدا نزیكەی (٥٠٠) وتاری بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو نووسی.

دوای ئەوە ئەزموونی ڕۆماننوسینی دەست پێدەكات و یەكەم ڕۆمانی (گەشت بەرەو دەرەوە - ١٩١٥) نووسی. ڕۆمانێك كە خودی خۆی زۆر ترسی لەوە هەبوو خوێنەرەكانی وەک نووسینێكی هەرەمەكی نووسەرێک سەیر بكەن كە بەدەست نەخۆشی عەقڵی و جۆرێک لە شێتی دەناڵێنێ. دوای ئەوە ڕۆمانی (بە شەو و ڕۆژ - ١٩١٩) ی بە هەمان شێوازی كلاسیكی ڕۆمانی پێشووی نووسی. دواتر ڕۆمانی (ژووری جاكۆب - ١٩٢٢) دەنووسێ كە بریتییە لە ژیاننامەی براكەی و مردنی لە غوربەتدا. ئەو ڕۆمانە سەرنجی خوێنەر و بەتایبەتی ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاكێشا، تا ئەو ئاستەی كە بڵێن (ژووری جاكۆب) ئەو پردە بوو لێیەوە بەرەو ناوبانگ دەركردن پەڕیەوە و ئەستێرەی نووسینی گەشایەوە. پاشان بە ڕۆمانەكانی (خاتوو دالاوی - ١٩٢٥) و (ڕێگا بەرەو فەنارە - ١٩٢٧) و (شەپۆلەكان - ١٩٣١)، وەک یەكێک لە پێشەنگەكانی نوێگەری لەناو ئەدەبی ئینگلیزیدا، جێگای خۆی گرت. هاوكات لەگەڵ كاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆماننووسی، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا دوو كتێبی گرنگی بە ناونیشانەكانی ( خوێنەری سادە - ١٩٢٥) و (مەرگی پەپوولە - ١٩٤٣)چاپ و بڵاوكردەوە. ئەمە و جگە لە كتێبی ژیاننامەی (ڕۆجەرز فرای - ١٩٤٠) و كۆمەڵە كورتە چیرۆكی (دووشەممە، یان سێشەممە - ١٩٢١).

هونەری گێڕانەوە و بێدارکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی

ڤیرجینیــا کە بە یەکێــک لە گرنگتــرین نووســەرەکانی بەریتانیا و بە پێشەنگی بزاڤی نـوێگەریی لە ئەدەب دادەنـرێ و ڕۆڵێکــی بەرچــاوی لە گــۆڕینی شــێواز و ڕووخســاری ڕۆمانی ئینگلیزیدا گێڕا، خاوەنی جۆرێک لە زمـانی نووسین و شـێوازی دارشــتن و هــونەری گێــڕانەوەیە کە لە زۆر لە نووســەرەکانی ســەردەمەکەی خــۆی و پــێش و دوای ئەو سەردەمەش، جیای دەکەنەوە.

لە نووســینی ڕۆمانــدا، تەنــانەت لە نێــوان ڕۆمانێــک و ڕۆمانێکی دیکەیشیدا، شێوازی دەربڕین و زمـانی گێڕانەوە جیاوازیـان هەیە و لەهەر یەکێکیانـدا هەوڵــی ئەوە دەدات، بە جۆرێکی جیاواز لەوەی پێشتر، سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ.

ئەو لە نووســینی ڕۆمانــدا بەوە ناســرا کە کــار لەســەر بێدارکردنەوەی ویژدانی مرۆیی دەکات، هەر ئەم شێوازەیش وایکـرد ببێـتە یەکێـک لە گرنگتـرین نووسـەرەکانی سـەدەی بیســـتەم. شـــێوازیک کە بە ســـوودوەرگرتن لە هەســـتی ئەزموونگەری خۆی، هەروەها بە داهێنانی شێوازی شیعری لە هونەری گێڕانەوەدا کە لە تەکنیکی نووسینی ڕۆمانەکانیدا پشتی پێبەست، ئەوەی کە دواجار لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بە (ڕەوتی هۆشیاری ) ناسرا و بە هۆیەوە تـوانی لە بەرزترین ئاستی دەربڕینی زمان و وێناکردنی دیمەنەکانی هەڵچوون و هێوربــوونەوە و هــونەری گێــرانەوەدا، ببێــتە خــاوەنی ئەم ناوبانگە ئەدەبییە.

خاتوو دالاوی، گەڕان بە ناو زەمەندا

ڕۆمانی (خاتوو دالاوی - ١٩٢٥)، چیرۆکی گوزەرکردن و گەڕان، هاتن و چوونە بەناو زەمەندا و وێناکردنێکی گشتگیری ڕووداوەکان و شوێنکات و دۆخی دەروونیی نەک تەنیا کاراکتەر و کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکە خۆی، بەڵکو هی کۆمەڵگەی دوای جەنگە.

ڤیرجینیا لە کارکردنی لەسەر چەمکی زەمەن لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا، هەوڵی ئەوە دەدات پەیوەندی و یەکانگیریی نێوان دوو جیهانمان پیشان بدات، جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوە کە هەردووکیان لەژێر جەبر و جڵەوی زەمان دان و مەحکومن بە گۆڕان.

(خاتوو دالاوی) یەکێکە لە و ڕۆمانانەی کە بە تەواوی ڤیرجینیا لە نووسەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و بە قسەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی بێت، ئەو بەرهەمەیە کە لێیەوە دەتوانین لە ئەدەبی ئەم نووسەرە بگەین، بەو پێیەی نووسەر لەم ڕۆمانەیدا، بناغە و پرەنسیپە سەرەکییەکانی شێوازی خۆی لە نووسیندا دادەڕێژێ و دەیانکاتە بنەمایەکیش بۆ کارەکانی داهاتووی. ئەم ڕۆمانە کە گێڕانەوەی دیمەن و گرتەکانی ڕۆژێکی ژیانی بەریتانیایە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بە یەکێک لە گرنگترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە هێنانەکایەی شێوازێکی نوێی نووسینی ڕۆمان کە گێڕانەوەی کلاسیکی تێدەپەڕێنی. شێوازێک پشت بە دەربڕینی ئازاد، پەیوەندی و گرێدانەوەی نێوان ئێستا و ڕابردوو، ئاوێتەبوونی خەون و هۆشیاری، لەگەڵ جۆرێک لە زمانی شیعری دەبەستێ. شێوازێک کە خوێنەر ناچار دەکات بچێتە قووڵایی کەسایەتییەکان و هاوسۆزی یادەوەری و هەست و سۆز و کاردانەوەکانیان بێت.

یەکێکــی دیــکەیە لە نووســینە گرنگەکــانی ڤیرجینیــا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنــا، تــا ئەو ئاستەی، وەک مانیفێســتۆی بــزووتنەوەی ڕەخنەیــی ژنــان لە ســەدەی بیستەم، وەسف کراوە، کتێبی (ژوورێک، تایبەت بێ بە تەنیا کەسێک - ١٩٢٩)ە. ئەگەرچی نووسەر دەیەوێ لە میانی ئەو نووســنەیدا بــاس لە گرفتــی نەبــوون، یــان کەمــی نووســین و داهێنانی ئەدەبــی لە لای ژن بکــات، بەڵام بە دیــوەکەی تــردا، زۆر بە وردی و قووڵییەوە پرسی ڕەخنەی بزووتنەوەی ژنان و بیرۆکە و پرەسیپەکانی بزووتنەوەی ژنــانی خســتووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و ڕەخنەیەکی جیددی مێــژوویيە ســەبارەت بە مێــژووی ژن، بەڵام لە چوارچێــوەی ڕۆمــانێکی سادە و جوان.

نووسەر لەوێــدا ئامــاژە بەوە دەکــات، بــۆ ژن گرنــگ نییە دەنووسێ، بەڵکو گرنــگ ئەوەیە وەک خــۆی بنووســێ. وەک چۆن گرنگ نییە ناوی لەسەر نووسینەکان هەبێت و بە شوێن ناوبانگەوە بێت، بەقەد ئەوەی چۆن دەنووسێ.

ڤیرجینیــا بــڕوای بەوە هەبــووە کە دەبــێ گۆڕانێــک لە شــێوازی نووســیندا بێــتە دی، لەو دیــدگایەی کە زۆریــنەی داهێنــانی ئەدەبــی، پیــاوان نووســیویانە و لە میــانی ئەمەشــدا ئاماژە بە بوونی عەقڵێک بەبــێ جۆر، یــان ڕاســتتر عەقڵێــک بەبێ ڕەگەز و جێندەر (کە هەڵگری هیچ خەســڵەتێکی نێــرینە و مێینەیی نەبێت) دەکات.

شەپۆلەکان، شیعرییەتی گێرانەوە

(بێرنارد، رۆدا، جینی، لویس، نیڤل، سوزان)، هەریەکە و خــودی خــۆی دێنێــتە قســە و لەگەڵیــدا دەکەوێــتە گفتوگــۆ و لە میانی مەنەلۆگدا، چیرۆکی منداڵیی خۆیان تــا ســاتەوەختەکانی پیری دەگێڕنەوە.

ڤیرجینیا لە شوێنێکدا باس لە هونەری خوێندنەوەی ڕۆمان و خوێنەری دڵخوازی ڕۆمان دەکات و دەڵێ: "خوێندنەوەی ڕۆمان هونەرێکی قورس و ئاڵۆزە، ئەگەر دەتەوێ سوود لە هەموو ئەو شتانە وەربگریت کە نووسەر _ هونەرمەندە مەزنەکە - دەیخاتە بەردەستت، پێویستە نەک تەنیا خاوەنی چاوێکی تیژ و وردبین، بەڵکو دەبێ خەیاڵدانێکی فراوان و بوێریشت هەبێت"

ڕەنگە ئەم قسەیەی نووسەر بە لایەنی کەمەوە بۆ خوێندنەوەی (شەپۆلەکان - ١٩٣١) ڕاست بێت، بەو پێیەی یەکێکە لە ڕۆمانە ئاڵۆز و پڕ گرێ و گۆڵەکانی ڤیرجینیا، چونکە ڕووداوەکانی لە بازنەیەکی سایکۆ - سۆسیۆلۆژی دەسوڕێنەوە. ڕۆمانێکە ڕەخنەگرەکان بە لوتکەی ڕووبەڕووبوونەوەی نووسەر لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دایدەنێن، ئەمەش بە هۆی ئەو هەست و زمانە شیعرییە باڵایەی کردوویەتیە کەرەستەی گێڕانەوە. تا ئەو ئاستەی، هەندێک کەس پێیان وایە ئەم بەرهەمە زیاتر لە چامەیەکی شیعری درێژ دەکات، تا ڕۆمان. تەنانەت خودی نووسەرەکەیشی، بەو پێیەی هەمیشە نووسینی وەک (گەمەی شیعری) ناو بردووە، بۆیە بەتایبەت لەم بەرهەمەیدا، ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئاخۆ (شەپۆلەکان) ڕۆمانە، یان تێکەڵەیەکە ژانرە ئەدەبییەکان.

خۆکوشتن لەپێناو بەختەوەریی ئەوانی دی!

ئەو بارودۆخە دەروونییە ئاڵۆز و شپرزەیەی تێیدا دەژیا، ئەو نەخۆشییە عەقڵییەی بەرۆکی گرت و لەگەڵیدا گەورە بوو، جێبەخۆ نەگرتوویی و سەفەری نەپساوە، خەمۆکی و دڵەڕاوکێی زادەی شەونخوونیی بەردەوام، نەهامەتییەکانی جەنگ و ڕەنگدانەوەی نەرێنیان لە ویژدان و بیرکردنەوەی

ئەودا. ئەمانە و زۆر شتی تر، هۆکاری ئەوە بوون ڤیرجینیا ئەو هەستەی لا دروست بێت کە نەک تەنیا بەسەر خۆی، بەڵکو بووەتە بار بەسەر ژیان و دەوروبەر و هاوسەر و هاوڕێکانی و سەرچاوەی بێزارکردنیان، بۆ ئەمەش پێی وابووە خۆکوشتن بەشێک دەبێت لە ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆی لە ئاست ئەوانەی پێی وابوو بووەتە سەرچاوەی بێزاری و جاڕسکردنیان!

بە قسەی زۆریک لە ڕەخنەگرەکان ڤیرجینیا لە بنەڕەتدا باوەڕی بە خودتێکشکاندن و خودئازاردان هەبووە، ئەگینا توانای چاکبوونەوەی لە نەخۆشییەکەی هەبوو. تەنانەت پزیشکەکانیشی لەو بڕوایەدا بوون کە دەتوانێ بەسەر نەخۆشییەکەیدا سەرکەوێ، بەڵام وێدەچێ ئەو بۆ خۆی نەیویستبێت چاک بێتەوە، یان ڕاستتر، لە زووێکەوە بڕیاری خۆکوشتن و بەجێهێشتنی دونیا و ژیانی دابوو.

دواجار وەک ئەوەی لە نووسینەکانیشیدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە " مردن ئەزموونکردنە، ئەزموونێکە و هەرگیز لەدەست خۆمی نادەم"، دوا بڕیار دەدات و لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤١، نامەیەک بۆ (لیۆناردۆ)ی هاوسەری دەنووسێ و لە ماڵەوە بۆی بەجێ دەهێڵێ. دوای ئەوە، بەبێ ئەوەی بشڵەژێ و ترسێک لە مەرگ دایبگرێ، پاڵتۆکەی دەکاتە بەر و بەناو کێڵگەکانی ئەو ناوەدا، ملی ڕێی ڕووباری (ئۆس) دەگرێ، لەوێ و لە کەناری ڕووبارەکەدا، گیرفانەکانی پاڵتوکەی پڕ دەکات لە گاشە بەرد و خۆی دەخاتە ناو ڕووبارەکە. بەمەش نامەیەک و خۆکوشتنێک، دەبنە کۆتایی تراژیدیی ژیانی ژنێکی نووسەر و داهێنەر کە پڕی بوو لە ڕووداو و هەڵچوون و داچوون.

## 6| ئاگاسا كريستی:
## گەڕان بە شوێن نەمریی



ئاگاسا ماری کلاریسا میلەر، لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٩٠ لەدایک بووە. ئاگاسا لەناو خێزانێکی چینی ناوەند گۆش و گەورە بوو، منداڵییێکی خۆشبەخت، بەڵام شەرمین ژیاوە. دایکی کە خوێندەوارێکی باش بوو، یەکێک بوو لەوانەی هەر زوو هانی کچەکەی دا لە ماڵەوە دەست بە خوێندن بکات، هەر لە ماڵەوەش فێری ژەنینی پیانۆ و ماندۆلین بوو.

ساڵی ١٩٠١ باوکی کۆچی دوایی کرد، ئەو دەمانە کریستی تەمەنی دوازدە ساڵان بوو و باوکیشی دوای خۆی سەرمایەکی وای بۆ جێنەهێشتن کە دەرقەتی ژیان بێن. ئیدی خێزانەکە پەرش و بڵاو بوون و ئەو ساڵی ١٩٠٥ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی سەما و گۆرانی و میوزیک، رووی کردە پاریس و لەوێ چووە قوتابخانەی خاتوو درایدن.

کریستی لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا، لەگەڵ (ئارشیباڵد کریستی)ی کابتنی فڕۆکەوانی شاهانەیی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی هاوسەرگیری کرد. ئیدی وەک نەریتی کۆمەڵایەتی ئەوروپا، ئەگاسا لە بری (ئەگاسا میلەر)، پاشناوی (ئەگاسا کریستی) هەڵگرت. لەکاتێکدا هاوسەرەکەی بە هۆی جەنگەوە پەیوەندی بە یەکە سەبازییەکەیەوە کرد، ئەگاساش بە پیشەی پەرستار، وەک خۆبەخشی جەنگ پەیوەندی بە نەخۆشخانەیەکەوە کرد بۆ هاوکاریکردنی نەخۆش و بریندارەکانی جەنگ، بۆ ساڵی ١٩١٥ ئەگاسا وەک پزیشکی دەرمانساز درێژەی بەکارەکەی دا.

ساڵی ١٩٢٦ دایکی دەمرێت، هەر هەمان ساڵ، لەگەڵ هاوسەرەکەی کە کچێکی لێی بوو بەناوی (ڕۆزالیند)، مامەڵەکانی جیابوونەوە و تەڵاق بوون، ئەم دوو ڕووداوە کاریگەرییێکی نەرێنییان لەسەر دۆخی دەروونی و هەلومەرجی ژیانی کریستی دەبێت. ساڵی ١٩٧٦ و لە

تەمەنی (٨٥)ساڵی لە ماڵەکەی خۆی لە ئۆکسفۆرد، گیانی لەدەستداو ساڵێک دوای مردنی، واتە لە ساڵی ١٩٧٧ ژیاننامە (بایۆگرافیا)کەی کە بە خۆی نووسیبوی، چاپ و بڵاو کرایەوە.

کریستی و لەدەستدانی یادەوەریی

کاتێ کریستی بۆی دەرکەوت هاوسەرەکەی پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە هەیە، داوای جیابوونەوەی کرد. دواجار ساڵی ١٩٢٨ لە هاوسەرکەی جیا بووەوە و ماڵەکەی خۆی بەجێهێشت. دوای ئەوە هەواڵ و سۆراخی نەما، لەو ماوەیەدا لە چاواندا ون دەبێ و کاتێ لە شوێنێکی چەپەکدا ئۆتۆمبێلەکەیان بە بەتاڵی دۆزیەوە، کریستی خرایە لیستی ونبوو و بێسەروشوێنەکان. دوای (٣) سێ هەفتە و دوای گەڕان و پشکنینی وردی پۆلیس، لە حاڵەتی لەدەستدانی یادەوەری، لە دۆخێکی سەختی دەروونی و بەناوی خوازراوی (تیریسا نیلی)، ئەو ژنەی کە هاوسەرەکەی بە نیاز بوو دوای جیابوونەوەی لە کریستی، هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، لە ئوتێلی هارۆدیت دەدۆزرێتەوە. پزیشکەکان پێیان وابوو کە بە هۆی خیانەتی هاوسەرەکەی، تووشی دارمانێکی دەماری ببوو، تەنانەت ناوە خوازراوەکەیشی کە بە هۆیەوە لە ئوتێلەکە دۆزرایەوە، وەک ئاماژەیەک بوو بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی پزیشکەکان. لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵێکی کریستی بۆ دوورکەوتنەوە و تەنیایی و دوورەپەرێزی بوو، ئەوە بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ - ١٩٣١ لە فەرەنساوە ڕووی کردە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو گەشتەیدا زۆر وڵات و شوێن گەڕا، لە میانی گەشت و گەڕانەکەیدا زانای شوێنەوارناس (ماکس مالوان)ی ناسی و هاوسەرگیریان کرد. ئیدی دوای ئەوە، کریستی

هـــاوڕێیەتی و هاوســـەفەری هاوســـەرەکەی بـــوو لە هەر گەشتێکیدا بۆ شوێنەوارەکان، ئەمەش هێزێکی زۆری پێدەدا بـــۆ ئەوەی بـــابەت و بیـــرۆکە و ڕووداو و کـــاراکتەر و بەڵگەکانی ڕۆمانەکانی ڕێک بخا.

گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نهێنی

سروشتی ژیان و ئەزموونەکانی وا لە کریستی دەکەن هەمیشە و بە مەبەستی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نهێنییە شاراوەکانی جیهان و پەنهانییەکانی سروشت و شێوەژیانی کۆمەڵگا مرۆییەکان، هەڵوەدای گەشت و گەڕان و پشکنین بێت. بۆ ئەمەش ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ هاوسەری یەکەمی و بە مەبەستی گەڕان و پشکنینی کونجەکانی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزی، بە هەریەکە لە ئوستراليا و کەنەدا و باشووری ئەفریقیا و نیوزلاند، دەستیان بە گەشت و گەڕان کرد. دوای جیابوونەوەیشی لە ئارشیباڵد. لە نێوان ساڵانی (١٩٢٨ - ١٩٣١) بە سواری شەمەندۆفێرەوە لە شارۆچکەی کالێی پاریس بەرەو ئیستانبۆلی تورکیا لەوێوە بۆ سنوورەکانی سووريا و لەوێش بە سواری بارهەڵگرێکەوە بۆ بەغدای عێراق و گیرسانەوە لە شاری ئووڕی شوێنەواری. پاشان بۆ شاری موسڵ و ناوچە شوێنەوارییەکانی دیکەی عێراق.

کریستی ساڵی ١٩٣٠ (مالوان)ی زانای شوێنەوارناسی ناسیوە و هاوسەرگیریان کردووە. ئەوکات (مالوان) یاریدەدەری شوێنەوارناسی بەریتانی (لیۆنارد وۆلی) بووە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و پشکنین و هەڵکۆڵین بوون لە شاری ئووڕ. ئیدی لەگەڵ هاوسەرە نوێیەکەی، خوی دایە هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەوار و بایەخێکی زۆری بە دۆزینەوەی پارچە شوێنەوارییەکان دەدا.

لە بەشێکی زۆری یاداشت و بیرەوەرییەکانی (مالوان)دا

بە ناوونیشـانی (ڕێگـا بەرەو نەیـنەوا) کە کـراوەتە عەرەبـی، نووسەر باس لەو ڕووداو و بەسـەرهاتانە دەکـات کە خـۆی و (کریسـتی)ی هاوسـەری لە نەیـنەواو و نـاوچە شـوێنەوارییەکانی دیـکەی عێـراق بینیوویـانە و شـایەدحاڵی بوونە، لەوانە (عێراق، سووریا، میسر). هەروەهـا بـاس لەوە دەکات کەوا زۆریـک لە ڕۆمانەکـانی لەم وڵاتـانە نووسـیون، لەوانە ڕۆمانەکـانی (مردنێـک لەسـەر نیـل، تاوانێـک لە عێراق).

کریستی لە بیرەوەرییەکانیدا، سەربوردەیەکی منداڵیی خۆی لەمەڕ ئەزموونی چیرۆکنووسیدا دەگێڕێتەوە. ئەو کاتەی نەخۆش بووە و دایکی بەسەریەوە بووە، داوای لێکردووە چیرۆکێک بنووسێ، ئەویش گوتویەتی ناتوانم، بەڵام دایکی وەڵامی داوەتەوە بەوەی کە دەتوانێ ئەو کارە بکات. ئیدی هەوڵ دەدا و یەکەم ئەزموونی نووسینی چیرۆکی کریستی ڕۆمانێک بووە بە ناوی (بەفرەکان لەسەر بیابان). تەنانەت چیرۆکی نووسینی یەکەم ڕۆمانی ئاگاسا بۆ خۆیشی یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی ژیان و ئەزموونی ئەو نووسەرە. بەو پێیەی کریستی لەگەڵ خوشکەکەیدا کەوتنە گرەوی ئەوەی کە ئاخۆ دەتوانێ چیرۆکێکی ئاڵۆز و ناڕۆشن بنووسێت، چیرۆکێک کە تیایدا تاوانێکی کوشتن هەبێت و بکوژەکە نەناسرێتەوە. ئیتر دەستی دایە و گرەوەکەی بردەوە و یەکەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی (کێشە شاراوەکەی سایلز) نووسی و خانەی بۆدلی هید چاپ و بڵاوی کردەوە.

شاژنی عەرشی تاوان و ڕیکۆرد

ئاگاسا کریستی یەکێکە لە دیارترین و بەناوبانگترین ڕۆمان و شانۆنامەنووسەکانی بواری تاوان لە سەدەی ڕابردوودا. ئەو ژیانە شەرمنییەی تێیدا دەژیا بەرەو دونیای خەیاڵ و ڕامان پەلی گرت، تا دواجار بەو هۆیەوە توانی لە خەیاڵی خۆیدا دەیان کەسایەتی دروست بکات، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری لێکۆڵینەوە لە تاوان کاریان دەکرد. هەر بەم هۆیەشەوە بە درێژایی نیوسەدە، بە شاژنی عەرشی ئەدەبی تاوانکاری دادەنرێت لە ئینگلتەرا و تەواوی جیهاندا.

دەگوترێ ئەزموونی کریستی لە کارکردن وەک پەرستار و بەتایبەتی دواتریش لە دەرمانخانە لە سەردەمی جەنگی

یەکەمی جیهانیدا، ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لەوەی چیرۆکی پۆلیسی بنووسێت. تەنانەت بۆ هەموو ئەوانەی ویستبێتیان یان بیانەوێ ببنە نووسەری پۆلیسی، کریستی و ڕۆمانەکانی بوونەتە ڕێباز و ڕێچکە و قوتابخانە و سوود لە ئەزموونی کریستی و بەرهەمەکانی وەردەگرن، تا ئەو ئاستەی کە لە بەرهەمەکانیشیاندا قسەکانیشی تەوزیف دەکەنەوە.

لە دوای شکسپیر و ئینجیل، بەرهەمەکانی کریستی لە پلەی سێیەمدا دێن لە ڕووی ژمارە و ڕێژەی چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشەوە. بە جۆرێک کە ڕێژەی فرۆشی کتێبەکانی بە زمانی جیاواز، لە دونیا گەیشتووەتە نزیکەی یەک ملیار دانە. بە گوێری ئامارەکانی یۆنسکۆش، بەرهەمەکانی کریستی ڕیزبەندی دووەمی ئەو کتێبانەیان وەرگرتووە کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دونیا، بەو پێیەی کە بەرهەمەکانی بۆ سەر (١٠٣) سەد و سێ زمانی دونیا وەرگێڕدراون و بە هۆیەوە بووە ناوێکی دیاری جیهان. جگە لەمەش، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی کراونەتە شانۆگەری و فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و بەرنامەی ڕادیۆیی.

ساڵی ١٩٧١ کریستی لە پای کارە ئەدەبییەکانی و وەک پاداشتی بەرهەمەکانی، نازناوی (فەرماندەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی) پێبەخشرا، ئەم نازناوەش لەو سەردەمدا هاوتای (سوارچاک) بوو، هاوکات بە هۆی بەشداری و ڕۆڵ و کاریگەریی لە بواری نووسینی چیرۆکی پۆلیسیدا، چەندین خەڵاتی دیاری پێبەخشرا. لەوانە، خەڵاتەکانی (گراند ماستەر - ١٩٥٢، ئێدگار - ١٩٥٥).

خەرمانەی نووسین

جگە لە نووسینی نزیکەی ٨٠ هەشتا ڕۆمانی پۆلیسی،

کریستی بە ناوی خوازراوی (ماری ویستماکۆت)یش، ٦ شەش ڕۆمانی دیکەی نووسی و بڵاوکردنەوە. جێی سەرنجە کە هیچ کام لەم شەش ڕۆمانانەی پۆلیسی نین، بەڵکو چیرۆکی ڕۆمانسی بوون.

بە تەک نووسینی ڕۆمان، کریستی لە بواری نووسینی شانۆنامەشدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی گێراوە. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٤١ شانۆنامەیەکی بە ناوی (قاوەیەکی ڕەش) نووسی، دوای ئەوە ژمارەیەک شانۆنامەی دیکەی نووسی و بڵاوی کردنەوە، یەکێکیش لەوانەی شانۆنامەی (تەڵە، یان تەڵەی مشک - ١٩٥١) بوو. ئەو شانۆنامەیەی دواتر لە لەندەن وەک درێژترین شانۆنامە ناسرا.

### کریستی و هونەری چێژبەخشین

نووسینەکانی کریستی بەوە دەناسرێنەوە کە پڕن لە کۆد و نهێنی. پڕن لە لوغز و فێڵ و تەڵەکە، پڕن لە شاراوەیی و پەنهانی. ئەو هەر لە سەرەتای نووسینەکانی، لە پەرەگرافەکانی دەسپێکیدا، خوێنەر ناچار بەوە دەکات، شوێن پێی ڕووداوەکان هەڵبگرێ. ئەوەی وا دەکات ئەم چیرۆکە پۆلیسییانەی خوێنەر تووشی شۆک و پرسیار و ڵەراوکێ بکەن، کۆمەڵێ شتن کە پەیوەستن بە توانا و هونەری نووسەر لە سەرەدەرکردن لەگەڵ ڕووداو و کاراکتەر و شوێنکاتی ڕووداو و وروژاندنی پرسیارەکان لەمەڕ تاوان و تاوانکاری و تاوانبارەکان. بە مانایەکی دیکە، مامەڵەی نووسەر لەگەڵ ڕەهەندەکانی تاوان، بەکاربردنی ئەو زمانەی کە بواری زیاتر بۆ پشکنین و گەڕان و لیکۆڵینەوە دەکاتەوە، هاوکات ئەو تەکنیکەی لە چنینی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیاندا پشتی پێ دەبەستێ، بایەخی نووسینەکانی دەردەخەن.

نووسینی پۆلیسی، قسەکردن لەسەر تاوان، هونەرەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان، گەمەکانی تاوانبار لە شاردنەوەی تاوان، ئەو گومانانەی پرسیارەکانی پشکنین بەدوای خۆیاندا دەیهێنن، کۆدەکانی دۆزینەوەی بەڵگەی تاوانکاری، هونەرێکە مەگەر کەسێک زۆر لە باری سایکۆلۆژییەوە لە خودی تاوان و تاوانکاری قووڵ نەبووبێتەوە، دەرەقەتی نووسینیان نایەت. کریستی یەکێکە لەو نووسەرانەی توانیویەتی تا ئاستێکی بەرز، دەرەقەتی ئەم هونەرە بێت و لەگەڵ خۆیشیدا، خوێنەرێکی زۆر، عاشق بە خوێندنەوەی چیرۆکە پۆلیسییەکان بکات و چێژ لە خویندنەوەیان وەربگرێ.

## 7| کاسرین پۆرتەر:
## تاقانە ڕۆمانی ناودار



کاســرین ئــان پــۆرتەر، ڕۆژنــامەنووس، نووســەر و ڕەخنەگر، یەکێک لە پێشەنگە دیارەکانی هونەری نووسینی کـورتەچیرۆک لە سـەدەی نوێـدا، سـاڵی ١٨٩٠ لە نـاوچەی ئیندیان کریک لە ویلایەتی تەکساسی ئەمریکا لەدایـک بـووە. سـەرەتا لە قوتابخـانەی ڕاهیبەکـانی کڵێسـای کاسـۆلیکی خوێنـدوویەتی، بەڵام وێنـاچێ خوێنـدنی لە قوتابخـانەیەکی ئایینی، کاریگەری لەسەر پاشخانی فیکری و ڕۆشنبیری ئەو هەبووبێـت و ڕەنگـدانەوەی لە نووسـین و هەڵوێسـت و بۆچوونەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە، بەتایبەتی کـاتێ سـاڵی ١٩٢٠ بـۆ تەواوکردنـی خـوێنەر دەچێـتە مەکسـیک و لەو وڵاتە دەگیرسێتەوە، ئیدی هەر زوو تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و پەیوەنـدی بە بـزووتنەوە چەپە شۆڕشـگێڕەکانی ئەو وڵاتەوە دەکــات. پـۆرتەر کە تـا ڕۆژی مردنــی لە سـاڵی ١٩٨٠، زۆربەی هەر زۆری ژیــانی خــۆی بە وانەگــوتنەوە لە زانکۆکـانی ئەمریکـا بەڕێکـردووە، سـاڵی ١٩٣٠ گەشـتێک بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەکات و هەر ئەو گەشتەیشـی دەکـاتە بابەتی ڕۆمانە تاقـانەکەی بە نـاوی (کەشـتیی گەمژەکـان)، کە ساڵی ١٩٦٢ چاپ و بڵاوی کـردووەتەوە و یەکێـک بـووە لە پڕفرۆشـترین ڕۆمانەکـانی ئەمریکـا لەو سـاڵەدا و دواتـریش کرایە فیلمێکی سینەمایی و چەندین خەڵاتی بردەوە.

بابەت و تەوەری سەرەکیی زۆربەی کورتەچیرۆکەکانی پۆرتەر، باس لەو مەینەتییانە دەکەن کە مێینە لە کۆمەڵگاکەیدا بەدەستیانەوە تلاوەتەوە. کەسایەتیی جیاواز لەو ژن و کچانەی هەر یەک بە شێوەیەک بوونەتە قوربانیی گوتار و ڕەفتاری پیاوسالاریی ناو کۆمەڵگا، پاڵەوانی چیرۆکەکانی ئەو نووسەرەن. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانی پۆرتەر، زاڵبوونی کەشی خەیاڵ و فەزای ئەفسانەییە بەسەر زمانی گێڕانەوەکانیدا. ئەو هاتووە بە سوود وەرگرتن لە گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەفسانە لەناو مێژووی کۆمەڵگاکەی خۆیدا، هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ئەو حیکایەتە فۆلکلۆرییانەی کە منداڵیی نووسەریان پڕ کردووە لە وێنە و بیرەوەری، هارمۆنیایەک لە نێوان ئەو کەلەپوورە و یادەوەریی خۆیدا دروست دەکات و کارێکی ناوازەی ئەدەبی لێ بەرهەم دێنێ.

پۆرتەر بە سوودوەرگرتن لە دونیای ئەفسووناوی ناو ئەفسانە و فەزای خەیاڵیی چیرۆکەکان.. بە پشتبەستن بەو پاشخانە فیکری و ڕۆشنبیرییەی هەیەتی.. بە ئەندێشەیەکی سەرشار لە پرسیار.. بە تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ کێشەکانی کۆمەڵگاکەی، کە بەرهەمی وردبوونەوە و گەڕان و پشکنینی کونج و کەلەبەرەکانی کێشەکانن. هەروەها بە خوێندنەوە بۆ ئاستە کولتووری و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی و سروشت و ماهیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوی، دێت بابەتەکانی چەوسانەوە، تراژیدیا و نەهامەتییەکانی ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پیاوسالاری، جیاکاریی ڕەگەزی، ناپاکی، مەرگ، سروشتی شەڕانگێزیی مرۆڤ، هەموو ئەوانە دەکاتە تەوەری سەرەکیی چیرۆکەکانی و لە هەندێ

شـوێندا بە زمـانێکی بارگـاوی بە گاڵتەجـاڕی دیـمەن و گـرتە کۆمیتراژیدییەکانی ئەو سەردەمەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە، پۆرتەر لەناو بەرهەکانیدا چیتر منداڵە سەرسـام و دۆش داومـاو و حەپەسـاوەکەی بەردەم دایکـی، نەنکـی، حیکـایەتخوانە میللییەکـان نیـیە، کە تەنیـا گـوێ بـۆ بیستنی ئەفسانە و چیرۆکەکان هەڵخـا. هەروەهـا نـایەت وەک حیکـایەتخوانێکی ئاسـایی، تەنیـا ئەو کەشــە ئەفسـووناوی و دیــمەنە جادوویــانەی نــاو ئەفســانە و چیرۆکەکانمــان بــۆ بگرێتەوە، بەڵکو بە زمانێکی باڵا و لە خوێندنەوەیەکی سایکۆ - سۆســیۆلۆژیدا، ئەو گەنجیــنەی کەلەپــوور و ســامانە فۆلکلۆرییە دەوڵەمەندە، لە لایەک دەکاتە کەرەستەی داهێنـانی ئەدەبــی، لە لایەکــی تــر دەیکــاتە تــاقیگەی شــیکردنەوەی نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی.

بەسەر پەیژەی منداڵییەوە، مانەوە

پۆرتەر کە خاوەنی ڕۆمانێکی تاقانە (کەشتیی گەمژەکـان) و چەند کـۆمەڵە چیـرۆکێکە، لەوانە (درەختـی گـوڵ گرتـوو - یــان ئەرخەوانــی گــوڵ گرتــوو ١٩٣٠، ئەســپێکی لەڕ و سـوارێکی لاواز ١٩٣٩، تـاوەری لار ١٩٤٤، ئەو هەڵەیەی کۆتــایی نــایەت ١٩٧٧) و لە پــای نووســین و بەرهەمە ئەدەبییەکانیــدا هەر دوو (خەڵاتــی پــۆلیتەرز و خەڵاتــی نیشتمانیی کتێب)ی وەرگرتـووە، بەو پێیەی زۆر بە وردی و دیــقەتەوە دەنووســێ. وردبینــی و دیقەتێــک کە لە تەکنیکــی گێــڕانەوە، ســەرەدەرکردن لەگەڵ ڕووداو و شــوێنکات، دەستنیشانکردنی کەسـایەتی و ڕۆڵ پێدانیان ڕەنـگ دەداتەوە، ئەمە وای کــردووە کە لە پەیوەنــد بە (شـێوازی نووســین)، بخرێتە ڕیزی پێشەوەی باشترین نووسەرەکانی ئەمریکا.

بەهەرحاڵ، ئەگەر بەشێکی زۆری ئەم توانای ئەفرانـدن و

داهێنانەی نووسەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا، پەیوەندی بە قۆناغی منداڵییەکەیەوە هەبێت، بەتایبەتی لە باری خەیاڵ و زمانی نووسین و تەکنیکی گێڕانەوە و ڕووخسارەکانی دەق بە گشتی. بەو پێیەی نووسەر منداڵی خۆی لەناو کۆمەڵگایەکدا گوزەراندووە (کۆمەڵگای باشووری ئەمریکا)، کە سەرڕێژ بووە لە گەنجینەی حیکایەت و ئەفسانە و ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییەش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا بە زەقی، ڕەنگی داوەتەوە. ئەوا بە دیوەکەی تردا، وەک ئەوەی بەشێک لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئاماژەیان پێ کردووە، خودی ئەم قۆناغی منداڵییە لە ئاستی دونیابینی و تەنانەت بونیادی کەسێتی و خودسەلماندندا، ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی کەسایەتیی نووسەردا گێڕاوە. ئەو کاریگەرییەی منداڵیش لە ژیانی ئاسایی و پیشەیی (پۆرتەر وەک مرۆڤ، پۆرتەر وەک نووسەر)، دوو سەرەیە. بەو مانایەی، خودی قۆناغەکە و ژینگەکە و مانەوەی لە یادەوەریی نووسەردا، لەگەڵ کاردانەوە لە ئاست ژینگەی منداڵی لە دوای گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکان.

ڕوونتر بڵێین: دوو هۆکار، یان دوو قۆناغ کاریگەریی زۆریان لەسەر ژیانی نووسەر هەبووە. قۆناغی یەکەم کە بە دوو ئاقاردا، جۆرێک لە دژوازی و پارادۆکس بە خۆیەوە دەبینێ. ئاقاری دونیابینیی نووسەر، بەرمەبنای خوێندن لە کڵێسا و دواتر دەرگیربوون بە هونەر و بزووتنەوەی چەپ. هەروەها ئاقاری کۆمەڵگەیی، ئەویش لە ڕوانگەی پەروەردە و گەورەبوون لە سای کۆمەڵگایەک، کە یاساکانی پیاوسالاری حوکمی دەکەن و ژن دەچەوسێندرێتەوە، لەگەڵ کۆمەڵگای دوای گۆڕانکارییەکان و دداننان بە مافەکانی ژن و بەرخوردبوونی لە تەواوی ماف و ئازادییەکان. قۆناغی دووەمی ژیانی نووسەریش پەیوەستە بە خودسەلماندن. ئەوەی کە ئیدی نووسەر دەبێتە خاوەن خودێکی جێگیر و

دونیابینییێکی ڕۆشن و چوارچێوەی پارادۆکس تێکدەشکێنێ و ڕەوتێکی دیاریکراوی کار دەگرێتەبەر و ئەو ڕابردووە دەکاتە وزەی خودسەلماندن و هێزی تەکان دان بە کۆمەڵگا، بە ئاقاری سەرلەنوێ خۆبەرهەمهێنانەوە.

هونەر و کرۆکی ئیمان

پۆرتەری هەڵگری خەلاتی پۆلیتزەر، ڕۆژنامەنووس و نووسەری وتاری ڕۆژنامەنووسی، کە دواتر وەک یەکێک لە دیارترین و بەناوبانگترین پێشەنگەکانی هونەری کورتەچیرۆک لە سەردەمی نوێدا ناوی دەرکرد و سەرنجی ئەدیب و ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. نهێنییێکی سەرکەوتنی کارە ئەدەبییەکانی بۆ هونەر دەگەڕێتەوە. ئەو بۆ خۆی پێیوایە هونەر وەک " کرۆک و جەوهەری ڕاستەقینەی ئیمان و ڕاستی"، سەرچاوەی سەرکەوتن و داهێنان و دەسکەوتەکانیەتی. بە مانایەکی دیکە ئەوە عیشقی قووڵی ئەوە بۆ هونەر و کارکردن لەناویدا، کە دواجار ئەم دەسکەوتە ئەدەبییانەی لێوە بەرهەم هاتوون. جگە لەوە، تایبەتمەندییێکی دیکەی نووسەر کە ڕۆڵی لە سەرکەوتنیدا بینیووە، چەقگیری و بە سەنترالکردنی بابەتە. بەو مانایەی کێشەیەکی دیاریکراو، سەنتەری بایەخ پێدانەکانیەتی. بە مانایەکی ڕوونتر بڵێین، نووسەرێکی پەرش و بڵاو نییە، بەڵکو چەند بابەتێکی دیاریکراوی بە سەنتەری کار و بایەخدانەکانی وەرگرتووە. بە دیاریکراوی دەتوانین بڵێین، پۆرتەر بەوە دەناسرێتەوە کە چیرۆکەکانی بە بابەتەکانی لەدەستدانی بەهاکان، کاڵبوونەوەی بنەما مرۆییەکان، گۆشەگیری، هەستکردن بە گوناه، بێزاری و بێهوودەیی. بە شێوەیەکی گشتی، نائامادەیی ویژدان و هەژاریی ڕۆحی مرۆڤایەتی لە سەردەمی ئەودا، کە بەداخەوە بووەتە ڕووخسارێکی دیاری

ئەم سەردەمەی ئێمەش. ئەوەی لەو نێوەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، ئیشکردنی پۆرتەر لەناو ئەو خۆونکردنەی مرۆڤ و لەدەستدانەی بەها مرۆییەکان بە ئاراستەیەکی ئەرێنییە، بەو پێیەی ئیش لەسەر ململانێی نۆرمە کۆمەڵایەتییە باو و چەقبەستووەکان لەگەڵ هۆشیاریی گۆڕانکاری و بزووتنەوەکانی گۆڕاندا دەکات. واتە ئیشکردنی ئەو بە ئاراستەی بەرهەمهێنانی هۆشیارییەکی نێوکۆیی سیاسی - کۆمەڵایەتی و زەمینەسازکردن بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە توانای ڕووبەڕووی دۆخی باو و تێپەڕاندنی هەبێت.

بۆیە بە سەرنجدانێکی ورد، هەست بەوە دەکرێ کە نووسەر لە چیرۆکەکانیدا زۆر بە قووڵی کاری لەسەر دۆزینەوەی ئاسۆی نوێ لە بەردەمی خوێنەرەکانی کردووە. ئاسۆیەک بە پرشنگەکانییەوە، بەرچاویان ڕۆشن بکاتەوە و ئاشنای کونج و کەلەبەرەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەیان بکات، بە ڕاڕەوی پڕ پێچ و پەنای کێشەکاندا بیانبا و بیانگەیەنێتە ژێرزەمینەکانی گرێ و گۆڵەکان و لەوێوە هێزی تێهەڵچوونەوە و ڕاپسکانی پێدەبەخشێ.

8| بیرڵ باک:
منداڵێک لە هەویری حیکمەت و ئەفسانە



ئەمریکییەک بە باکگراوندی چینییەوە!

ژنە نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریکی, بێرل سیدینسترێکەر باک ساڵی ١٨٩٢ لە شاری هیلسبۆر لە ویلایەتی ڤێرجینیا لەدایکبووە. تەمەنی پێنج مانگ بووە، لەگەڵ دایک و باوکی کە موژدەبەری ئایینی بوون، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، ڕوویان لە چین کردووە. باک منداڵیی خۆی لەوێ ژیاوە و هەر لەوێش چووەتە بەر خوێندن و فێری زمانی چینی بووە. بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا، گەڕاوەتەوە ئەمریکا و ساڵی ١٩٤١ بەکالۆریۆسی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە کۆلێژی ڕاندۆلف ماکۆنی کچان لە ڤێرجینیا وەرگرتووە، بۆ ماوەی ساڵێک لە هەمان کۆلێژ وەک مامۆستای فەلسەفە، وانەی گوتووەتەوە، ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.

فزووڵی فێربوون!

دایک و باوکی باک خوێندەوار بوونە، بۆیە زوو کچەکەیان ناردووەتە بەر خوێندن و زۆر باشیش فێری زمانی چینی بووە. هەرچی زمانی ئینگلیزی و مێژووی ئەمریکایشە، لەسەر دەستی دایکی و لە ماڵەوە و ڕۆژانە ئاشنایان بووە و فێر کراوە.
باکی منداڵ، بەو پەروەردە کۆمەڵایەتی و ئاکارییە چینییە گۆش و پەروەردە کراوە، کە وا لە منداڵ دەکات هەست بە دڵنیایی ڕۆحی و دەروونی و ئاسایشی ناوەوەی خۆی بکات. لەگەڵ ئەم پەروەردەیەدا، ئاشنای ڕۆشنبیری و کەلەپووری ڕۆحی هیندی بووە، هاوکات شتگەلێکی دیکەی گرنگ لە مێژوو و کولتووری چین فێری بووە، وەک فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس و حیکمەتی چینی، بەتایبەتی ئەو حیکمەتەی کە پەیوەستە بە ڕێسا و بنەڕەتی ژیانی مرۆیی.

ئەوەی لە بــارەی بــاکەوە دەگــوترێ، هەر لە منــداڵییەوە هۆگری خوێندنەوەی چیرۆک و ئەفسانە بووە. بەو پێیەش کە لە نــزیکەوە ئاشــنای سرووشــت و ژیــنگەی کــۆمەڵایەتی و کولتــووری و دابــونەریتی چینییەکــان بــووە، زۆر سەرســامی دابونەریــت و مێــژووی گەل و وڵاتەکە بــووە و لەم بــارەیەوە دەڵێ: " زۆر فزوولی بووم، دەمەویست لە نـزیکەوە ئاشـنای خەڵــکەکە بــم، وردەکــاریی ژیانیــان، پەیوەنــدییەکانیان، دابونەریتیــان. بە مــاوەیەکی کەم فێــری زمانەکەیــان بــووم، ئەفســانەکانی - تــاو -ی و بــوزی و خوداوەنــدەکانی چینــیم ناسـین، تــا ئەو ئاستەی وەک ئەوەی یەکێـک بـم لەوان، ئـاوا بووم".

چین، کانیی داهێنان!

بــاک کە یەکەم ژنە نووســەر و ڕۆماننووســی ئەمــریکییە خەڵاتــی نــۆبڵی ئەدەبــی وەرگرتــووە، ڕۆمــانی (بایەکــانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئــــاوا - ١٩٢٨)، نــــۆبەرەی کــــارە ئەدەبییەکــانی بــووە. ئەو مــاوەی لە چــین ژیــاوە، جــگە لە وەرگێڕانی کتێبی (هەموو پیاوەکـان بـران)، هەشـت ڕۆمـانی دیکەیشی نووسیون. ئەو کە هەر لە تەمەنی گەنجییەوە دەستی داوەتە نووسین و جگە لە ڕۆمانی (خاکی باش، یان شـیرین - ١٩٣١)، خــــاوەنی خەرمــــانێکی دەوڵەمەنــــدی ڕۆمــــانە (کوڕەکان، مـاڵی دابەشـبوو، تـۆوی دراگـۆن، شـوێنی ژنـان، شەپۆلی گەورە، نامەیەک لە پەکین، مردن لە قەڵا، هاوسەری یەکەم، تراژیـدیای دایکێـک، شـانۆگەرییەکان، جیهـانیی مـن، ئەو کوڕەی گەورە نەبوو، دڵـی شـاناز، خۆشەویسـتی تاقـانە، ئاسمانی چین و......)، ژیانی کۆمەڵگـای چینـی سـرووش و سەرچاوەی زۆربەی نووسینەکانی بووە. ناسین و ئاشـنایەتیی قووڵیشــی بە کۆمەڵگــای چینــی، وایکــرد ڕۆمانەکــانی بکــاتە

پـردی بەیەک ئاشـناکردنی چـین و ئەمریکـا و پڕکـردنەوەی بۆشایی جیاوازییە فیکری و کولتوورییەکانی نێـوان هەر دوو ژینگەکە، هەر بۆیەشە نازنـاوی (ژنە نووسـەرە چینییەکە)ی بەسـەردا بـڕاوە و تـا ئێسـتاش لە جیهانـدا وەک نووسـەری جوانترین ڕۆمانەکان دەربارەی ژیانی چین دەناسرێت.

نۆبڵ و نارەزایی!

باک ساڵی ١٩٣٦ بووەتە ئەندامی پەیمانگای نەتەوەیی بـۆ هونەرەکـان و ئەدەب لە ئەمریکـا، بەر لە خەڵاتـی نۆبـڵ، چەنـدین خەڵاتـی تـری لە پـای نووسـینە ئەدەبییەکـانی و لێکۆڵینەوەکـانی لەسـەر پەیوەنـدییەکانی چـین و ڕۆژئـاوا وەرگـرت، لەوانە خەڵاتەکـانی (پـۆلیتزەر - ١٩٣١) و (مەدالیای دیـن هـویڵز بـۆ ڕۆمـانی سـەرکەوتوو - ١٩٣٥) و (مەدالیای ئەمریکی بۆ هونەرەکان و ئەدەب - ١٩٦٥).

بە هۆی ڕۆمانی (خاکی باش) بووە یەکێک لە دیارترین و ناسـراوترین ژنەکـانی سـەدەی بیسـتەم و وەک یەکەم ژنە نووسـەری ئەمریکـی و لە پـای بەرهەمەکانیـدا سـاڵی ١٩٣٨ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت.

لە ڕۆژی یەکەمـی بـڵاو بـوونەوەی ڕۆمـانەکەدا، سـەدان هەزار دانەی لـێ فرۆشـرا و وەک حـاڵەتێکی چـاوەڕوان نەکـراویش، سـاڵی ٢٠٠٤ هـاتەوە ڕیزبەنـدی پـڕ فرۆشـترین کتێبەکانی سـاڵ. ئەو ڕۆمـانە کە وەرگێـڕدراوەتە سـەر )٣٥( سی پێنج زمانی جیهانی، ساڵی ١٩٣٢ کراوەتە شـانۆگەری و تەنیـا لە مـاوەی ئەو سـاڵەدا، ٥٦ جـار بە دوای یەک نمـایش کـراوە، هەروەهـا سـاڵی ١٩٣٧ ڕۆمـانەکە کـراوەتە فیلمـی سینەمایی و سەرباری پێنج خەڵاتی ئۆسکار، فیلمەکە خەڵاتی باشترین ئەکتەر بۆ (لویز ڕینیز لە ڕۆڵـی ئۆلان) و خەڵاتـی باشـترین وێنەگـری سـینەمایی بەدەسـت هێنـا. سـاڵی ٢٠٠٤

دووباره ڕۆمـانەکە بـووەوە جێـی سـەرنجی خەڵـک، کـاتێ لە بەرنامە بەناوبانگەکەی (ئـۆپێرا وینفـری) خـرایە بەر بـاس و وەک ئەندامی یانەی ئۆپێرا بۆ کتێب دەستنیشـان کـرا. وێـڕای ئەم ناوبانگ و سەرکەوتنانەی ڕۆمانەکە و کارەکانی دیکەی، کەچـــی ئەو کـــاتەی هەواڵـــی بەخشـــینی نۆبـــڵ بەو ژنە ڕۆماننووسە، بڵاو بووەوە، زۆرێک لە ئەدیـب و نووسـەرانی ئەمریکا دژی بڕیارەکە وەستانەوە و دەستیان دایە هەڵمەتێـک لە دژی نووسەرەکە و بانگەشەی ئەوەیـان دەکـرد، کەوا هـیچ ژنێک لە ئەمریکا نییە، شایستەی ئەو خەڵاتە بێت.

ڕۆمـانی بـای ڕۆژهەڵات و بـای ڕۆژئـاوا، کە نـۆبەرەی کارەکـــانییەتی، بەردی بنـــاغەی پرۆژەکـــانی ئەو ژنە ڕۆماننووســـە بە ڕەچەڵەک ئەمریکـــی و بە پەروەردە و پاشـخان، چینیـیەیە بـۆ نزیکـردنەوەی ئەم دوو جەمسـەرەی دونیا، لە ئاستە کولتووری و کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەی لە یەکتـری. لە ڕۆمـانەکەدا چـین ڕۆژهەڵات و ئەمریکـاش ڕۆژئاوایە، شـانۆی ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکەش، سـەرزەمینی چـین و ڕۆژئـاوای ئەمریکـایە، کاراکتەرەکـانیش بە هەمـان شـێوە. سـەرەڕای ئاسـتی بەرزی گێـڕانەوە، خـاڵێکی دیـکەی سەرنجڕاکێشـــی ڕۆمـــانەکە کە پەیوەنـــدی بە وریـــای نووســـەرەکەوە هەیە لە هەڵبژاردنـــی ڕێگارەچارەکـــانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا ئەوەیە، هەردوو دیوی جوگرافی و کولتووریی نـاو ڕۆمـانەکە لە چوارچێـوەی پێشکەوتنی ژیان لە چین بەرهەم دەهێنـدرێنەوە. بە مانـایەکی ڕۆشـــنتر، جـــوانی و کەمەندکێشـــیی ئەم دوو جەمســـەرە جیۆکولتـــوورییە و خـــودی ڕۆمـــانەکەش خـــۆی، لە میـــانی پێشـــکەوتنی ژیـــان و کۆمەڵگـــای چینـــی دەردەکەوێ، بەوەی سەرەڕای شەپۆلی کاریگەرییەکانی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی و بەتـــایبەتی ئەمریکـــی بـــۆ ســـەر ئەم وڵاتە، کەچـــی پابەنـــدیی کۆمەڵگـــاکە بە بنەمـــا ڕۆحییەکـــانی و دەســـتگرتن بە بەهـــا کولتوورییەکانی بە جۆرێکە، ئەگەرچی شەپۆلەکە ڕەنگدانەوە و شـــوێنپێی خـــۆی بەجێهێشـــتوون، بەڵام لە بـــاری ڕۆحیـــدا نەیتوانیـوە شووناسـی ڕەسـەنی کۆمەڵگا و کولتـوورەکە کـاڵ بکاتەوە.

خاک، وەک ڕەگەزی مانەوە!

جووتیارێکی هەژار، گرێـدراوی زەویەکەیەتـی و خۆشـی

دەوێ، جووتیارێک لە پێناو زەویەکەیدا خۆی لە سەرقاڵکردن و ماندووبوون بە ژیان و خۆشگوزەرانی دەبوێرێ و تا مردن بۆ پارچە زەویەکەی دڵسۆز دەبێ. ئەمە کرۆکی ڕۆمانی (خاکی باش)ە، بەڵام لە ئاستێکی باڵای گێڕانەوە و بە زمانێکی ئەفسووناوی و خەیاڵێکی ڕەنگاڵەیی، بارگاوی بە قووڵاییێکی گەورەی فیکری و مێژوویی و کولتووری.

باک کە باوەڕێکی زۆری بە چینی جووتیارانی چین هەبوو، ئەوانەی ٨٥٪ی کۆمەڵگاکەیان پێک دەهێنا. ڕۆمانەکەیشی (خاکی باش)، بۆ خۆشەویستی و پەیوەندیی قووڵ و ڕۆحی نێوان مرۆڤ و خاک تەرخان کردووە. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێنەوە، ئەو کاتەی چین بە بارودۆخێکی سیاسی تایبەت و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکریدا ڕەت دەبوو. ئەو دەمانە نووسەر بۆ خۆیشی لەو وڵاتە دەژیا و لە بارەی پاڵنەرەکانی نووسینی ڕۆمانەکەوە دەڵێ: " ئەو سەردەمەی تیایدا لەدایکبووم و گەورە بووم، هاوکات ئەو بەهرانەی وایان کرد ببمە نووسەر، هانیان دام بە قووڵی و کراوەیی بژیم. ئەم شێوە ژیانەش نەک هەر لە چوارچێوەی ماڵ و خێزانەکەمدا، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، بە مانای ڕۆچوونە ناو وردەکاریی ژیانی گەلان". ئەوە بۆیە بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە بارەی بایەخی ئەو ڕۆمانە گوتوویانە: " ئەم ڕۆمانە بە تەنیا گەورەترین ڕۆمان نییە کە باسی ژیانی چینییەکانی کردووە، بەڵکو باشترین ڕۆمانێکیشە کە پێویستە نەوەکان پێی ئاشنا ببن".

دایک وەک سیمبولی بەخشندەیی و قوربانیدان

ڕۆمانی (تراژیدیای دایکێک)، پێشەنگە لەوەی کە بە خوێندنەوەی، وا لە خوێنەر دەکات، نەک هەر هەست بەوە

بکـات بەشـێکە لە ڕووداوەکـان و ئاشـنای کاراکتەرەکـانە، بەڵکـو هەسـت بەوە دەکـات کە کاراکتەرەکـان کەسـی زێـدە ناسراو و نزیکـی ئەون و لەگەڵیدا، لە دەوروبەریـدا دەژیـێن. بەو مانـایەی، لەو ڕۆمـانەدا کە پـڕە لە وێـنەی ویژادنـی و هەسـتی قـووڵی مرۆیـی و نمـوونەی کـاراکتەر و کەسـایەتیی جیـاواز، سـەرەڕای ئەوەی نووسـەر لە بـارەی ژینگەیەکـی کولتـووری و کـۆمەڵایەتیی دیـاریکراوەوە دەدوێ، بەڵام بەو گەمە زمـانەوانییە جـوانەی لە تەوزیفکـردنەوەی ململانـێ و خاڵە جیاواز و ناکۆکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیڕەوی دەکـات، بەو هـونەرەی لە بـاری نزیککـردنەوەی خـاڵە هاوبەشـەکانی مـرۆڤ و کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی هەیەتـی (سـەرەڕای تایبەتمەنـدیی و جیـاوازیی شـوێنکاتەکان)، بەو هەڵچـوون و داچـوونە سـۆزئامێزانەی وێنایـان دەکـات، بـاک زۆر لێهاتووانە توانیویەتی وا بکات، کاتێ مـرۆڤ ڕۆمـانەکە دەخوێنێتەوە، خۆی و چیرۆکەکانی، خۆی و برینەکانی، خۆی و ڕووداو و کەسـە نزیکەکـانی دەوروبەری خـۆی، لەنـاودا بدۆزێتەوە.

لە ڕۆمانەکەدا و لە میانی وێنـاکردنێکی وردی کەسـایەتیی دایک، باس لە ژیانی گوندیی چین دەکات، دایکێکی میهرەبان و لەخۆبووردوو، کە هاوشانی هاوسەرەکەی لە کێڵگەدا کـار دەکـات، کۆتـایی ڕۆژیـش بـۆ چـاوێریکردنی هاوسـەرە جووتیـارەکەی و منـداڵەکانی تەرخـان دەکـات. بـاک چ وەک مێیـــنە، چـــیش وەک دایـــک، شـــارەزا و لێزانتـــر لە دەروونناسێک، پەردە لەسەر هەستە شـاراوەکان هەڵدەداتەوە و توانایەکی لە ڕادەبەدەر لە شرۆڤەکردنی سروشـتی ژن و هەڵچوونەکـــانی نیشـــان دەدات. ئەو لە قووڵاییەکـــانەوە، لە نـاخەوە ئەو هەڵچـوون و هەسـت و سـۆزانە، وەک خۆیـان، وەک ئەوەی لە خـودی ژنـدا هەن و زۆرجـار بـۆ خـاتری خۆشەویست و ئازیزەکانی دەیانشارێتەوە، دەتەقێنێتەوە.

بـــاک لەگەڵ ئەوەی بەهرەیەکـــی ســـەیری لە تەکنیکـــی گێـــڕانەوە، تەوزیفکـــردنەوەی ڕووداوەکـــان هەیە و لەنـــاو ڕۆمانەکانیدا وا لە کەسایەتی دەکات، وەک ئەوەی بـوونێکی زیندووی هەبێت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خـوێنەر بکەوێـتە قسـە، کەچـی لەم ڕۆمـانەیەدا بە گێڕانەوەیەکـی سـاکار، بەڵام بە شـێوازێکی سـەرنجڕاکێش، دیمەنـی ڕەنجەڕۆیـی جووتیـارە هەژارەکانی کۆمەڵگای ئەوکاتی چینمـان بـۆ وێنـا دەکـات، کە سـەرەڕای کـاری بەردەوام و ڕۆژانەیـان لەنـاو کێڵگەکانیـان، کەچـی بە هـۆی زۆری ئەو بـاجەی بەسـەریاندا سـەپێندراوە، جگە لە بڕێکی کەم بۆ ژیانێکی مەمرەومەژی، دەسـکەوت و داهاتێکی ئەوتۆیان لە بەرهەمەکانیان بۆ نامێنێتەوە.

## 9| مارگرێت میشێل:
## (لەگەڵ با) دا هاتە ناو مێژوو!



ژنە نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریکی (مارگرێت میشێل) ساڵی ١٩٠٠ لە شاری ئەتلانتای ئەمریکا، لە دایکێکی بە ڕەچەڵەک ئێرلەندی و باوکێکی بە ڕەچەڵەک سکوتلەندی، لەدایکبووە. ساڵی ١٩١٩ و بە هۆی نەخۆشیی ئەنفلەوەنزا، دایکی کۆچی دوایی دەکات، بەمەش ئەرکی ماڵداری و چاودێریکردنی باوکی دەکەوێتە ئەستۆ و بۆ دابینکردنی سەرچاوەی بژێوی، ناچار دەبێت پشت بە خۆی ببەستێ. لەوەشدا (جۆن مارش)ی ڕۆژنامەنووس کە ساڵی ١٩٢٥ و دوای جیابوونەوەی مارگرێت لە هاوسەریی یەکەمی (بێرین ئابشۆ)، هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد، دەرفەتی کاری لە ڕۆژنامەی (ئەتلانتا) بە مووچەی هەفتانەی ٢٥ دۆلار بۆ ڕەخساند. پاشان بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە، بە دوایی دەستبەرداری کاری ڕۆژنامەنووسی بوو.

میشێل لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، وەک خۆبەخش لە ڕیزی خاچی سووری ئەمریکی دەست بەکار بوو، لەگەڵ تیمەکەیدا ئەرکیی سەرەکی لەو کارە خۆبەخشییەدا، گەیاندنی کۆمەکی خواردن و پێداویستیی پزیشکی بووە. لە ١٦ی ئابی ١٩٤٩ و بۆ جاری دووەم، تووشی ڕووداوێکی دیکەی هاتووچۆ بووەوە، دوای مانەوەی پێنج ڕۆژ لە نەخۆشخانە، بە هۆی سەختی برینەکانی، گیانی لەدەستدا و لە گۆڕستانی ئۆکلاند لە ئەتلانتا، بەخاک سپێردرا.

لە ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ ڕۆماننووسیی

میشێل لە تەمەنی ٢١ ساڵی وەک هەواڵنێر لە ڕۆژنامەی ئەتلانتا دەستی بەکار کرد و لە تەک هەواڵنێریشدا، گۆشە و وتاری بۆ ڕۆژنامەکە دەنووسی، تا ساڵی ١٩٢٥ بە دوایی

وازی لە ڕۆژنامەنووسی هێنا.

دوای وازهێنـــــانی و تووشـــــبوون بە یەکەم ڕووداوی هاتوچۆ، کە بە هۆیەوە سێ ساڵ پاڵ کەوت، لە ماڵەوە مایەوە و خوی دایە خوێندنەوە. بەجۆرێک، دەگوترێ هاوسـەرەکەی کتێبی کتێبخانەکانی شارەکەیان نەما بۆی نەهێنێتە مـاڵەوە، تـا بیانخوێنیتەوە. ئیدی میشێل ئەو ماوەیەی قۆستەوە بۆ نووسینی ڕۆمانێــک و هەمــوو کــاتی خــۆی بــۆ ئەو خەونەی خــۆی تەرخان کرد، خەونی نووسینی ڕۆمانێک لە بارەی جەنـگ و کارەساتەکانی. دواجار کۆتایی بە یەکەم و دوا ڕۆمـانی خۆی هێنــا، ئەو ڕۆمــانەی وەک شــاکار و داهێنــانێکی جیهــانی ناوبانگی دەرکرد و ناوی نا (لەگەڵ با دا ڕۆیشت).

تەنیایی وەک هەوێنی داهێنان

لەنــاو خێزانــی میشـێلدا دەیــان جەنگــاوەر هەبــوون کە بەشداری جەنگی ناوخۆیی ئەمریکایان کردبوو، بـۆیە هەر لە منـداڵییەوە شـەیدای بیسـتنی چیرۆکەکـانی جەنـگ بـوو، ئەو چیرۆکانەی باوانی و کەسە نزیکەکانی بۆیان دەگێڕایەوە.

دوای تووشبوونی بە نەخۆشـی و مـانەوەی بەردەوامـی لە ماڵەوە، بە مەبەستی نووسینەوە و گێـڕانەوەی ئەو چیرۆکـانە لە چوارچێــوەیەکی ئەدەبیـدا، بنــاغەی پــڕۆژەی نووســینی ڕۆمانێکی بۆ خۆی داڕشت. ڕۆمانێک کە تیایدا ڕووداوەکانی شــەڕی نــاوخۆیی ئەمریکــا بە هەمــوو وردەکارییەکــانیەوە بگێـڕێتەوە. بـۆ ئەمەش هەم پێویسـتی بە خوێنـدنەوەی زۆر، هەمیش بە کاتێکی زۆرتر هەبوو، بۆیە خوی دایە کتێب. ئیتر ســەرقاڵبوونی بە خوێنــدنەوەی دەیــان کتێبــی مێژوویــی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بۆی بـووە دەروازە و دەریـچەیەک، تــا لە ڕێگــایەوە تــوانی خــۆی لە کەشــی ژیــانی بێـزاری و شەکەتی دەرباز بکـات، هەروەهـا کەمتـر هەسـت بە ئـازار و

ژانەکانی نەخۆشییەکەی بکات و بە هۆیەوە زۆرترین کات، خۆی و ئازار و بێهوودەییەکانی بیر بچنەوە.

پاش خوێندنەوەیەکی قووڵ، میشێل لە ماوەی شەش ساڵدا (١٩٣٠ - ١٩٣٦) نووسینی بەشەکانی ڕۆمانەکەی تەواو کرد. ئەو لە میانی کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکانی دەنووسیەوە، بەمەش ناچار دەبوو ڕووداوەکان بەدوا یەک و وەک ڕیزبەندی نەگێڕێتەوە، بۆیە هەر بەشێکی کە دەینووسی، بە هۆی تێکەڵاویی ڕووداو و شوێنکات و کاراکتەرەکانەوە، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ دەگەڕایەوە سەری و پاکنووسی دەکرد و ڕێکی دەخستەوە، تا دواجار ڕۆمانەکەی تەواو کرد.

پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە مەزنەکەی، پێشبینی ئەو کاردانەوەی نەکردبوو کە چاپکردن و بڵاوبوونەوەی، لێی دەکەوێتەوە. وەلێ ڕۆمانەکە وەک ناوی خۆی (لەگەڵ با دا ڕۆیشت)، تەنانەت خێرا و بە گوڕتر، چەشنی گەردەلوول و باهۆز، نێوەندی ئەدەبیی شڵەژاند و چاپ و بڵاوکردنەوەی بووە ڕووداوێکی ئەدەبی گرنگ، تا ئەو ئاستەی ئەمریکییەکان وەک بەناوبانگترین ڕۆمانی ناو مێژووی ئەدەبی وڵاتی خۆیان لە سەدەی بیستەم دەینرخێنن، بە جۆرێک، چاپی یەکەمی لە ماوەی شەش مانگی بڵاو بوونەوەیدا، یەک ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا.

میشێل بە هۆی ئەم ڕۆمانەیەوە، کە بە هۆی ناوەڕۆکە مرۆییەکەیەوە، تەواوی دونیای سەرسام کرد، ساڵی ١٩٣٧ خەڵاتی پۆلتێرزی وەرگرت. هاوکات هەر بە هەمان ناو، ڕۆمانەکە ساڵی ١٩٣٩ کرایە فیلمێکی سینەمایی و لە مێژووی هۆلیوۆددا، زۆرترین داهات و قازانجی بەدەست هێنا.

میشـــێل، ژیـــانی لەنێـــوان دوو ڕووداوی هـــاتووچۆدا، ســـەرەوژێر بـــوو. لە نێـــوانی هەردوو ڕووداودا جاویـــدانی و نەمریی بۆ خۆی نووسیەوە و بۆ هەمیشە چووە ناو مێـژوو و یادەوەریی مرۆڤایەتی. ئەو کە بە هۆی ڕووداوی یەکەم پەکی کەوت و ســـێ ســـاڵ لە جێگـــادا کەوت، بە هـــۆی ڕووداوی دووەمیشـەوە گیـانی لەدەستدا، لە نێـوانی ئەم دوو ڕووداوەدا، وەک (با) هات و شوێنپەنجەی خۆی بەسەر هەموو مێـژوو و ئەدەبیاتی مرۆڤایەتیدا بەجێهێشت.

نەخـۆش کەوتـن و بە هـۆیەوە مـانەوە لە مـاڵەوە، تەنیـا بواری ئەوەی پێدا سەر بکا بەسەر خوێنـدنەوەدا. لەم ڕووەوە هاوســـەرەکەی هاوکـــارێکی باشـــی بـــوو، تـــا ئەوەی کتێبـــی کتێبخانەکـانی شـارەکەیان نەمـا، بـۆی نەهێنیـتەوە مـاڵ، تـا بیـــانخوێنێتەوە. تەنـــانەت دواجـــار کە کۆمەڵێـــک کتێبـــی بـــۆ دێنێتەوە، بە پێکەنینەوە پێی دەڵێ: " ئەوە دوا کـۆمەڵە کتێبە، ئیـدی کتێبێـک لە کتێبخانەکانـدا نەمـا نەتخوێنـدبنەوە، کەواتە بـۆچی هەر بـۆ خـۆت کتێبێـک نانووسـیت؟"، ئەو پرسـیارە نوکتەئامێز و قسە نەستەقەی کە هاوسەرەکەیشـی خەیـاڵی بـۆ نەدەچـوو، مارگرێت بیکـاتە پەرجـووی نەمریـی و جـادووی جاویدانی، ئەویش نووسینی شاکاری (لەگەڵ بـا دا ڕۆیشـت) بوو.

ڕۆمـانەکە کە کـراوەتە فیلمـی سینەمایی، وەرگێـردراوەتە سـەر زیـاتر لە (٣٠) سـی زمـان، لە یەکەم ڕۆژدا کە کەوتە بـــازاڕ، زیـــاتر لە پەنجـــا هەزار دانەی لـــێ فرۆشـــرا. دوای تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەکیش بەسەر نووسینی، حکـومەتی ئەمریکـا وەک ڕێزلێنانێـک لە نووســـەرەکە، هەروەهـا وەک شانازیی مێژوو و یادگاریی وڵاتەکەی، چاپی کردەوە.

ڕۆمـانی (لەگەڵ بـا دا ڕۆیشـت)، گێـڕانەوەی تراژیـا و کارەسـاتێکی مـرۆییە، کە لە ئەنجـامی شـەڕی نـاوخۆیی ئەمریکـا لە نێـوان بـاکوور و باشـووری وڵاتەکە، بە هـۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستییەوە، ڕووبەڕووی باشووری ئەمریکا بووەوە. شـەڕی نێـوان ئەو ویلایەتـانەی پشـتگیریی مـانەوەی سیسـتەمی کۆیلایەتییـان دەکـرد، لەگەڵ ئەوانەی بە سـەرکردایەتیی ئەبراهـام لینکـۆڵن، دژی کـۆیلایەتی بـوون و جەنگان. شەڕێک (١٨٦١ - ١٨٦٥) بە هۆیەوە دەیان هەزار مـرۆڤ بـوونە قوربـانی و زۆربەی ناوچەکـانیش وێـران و خاپوور بوون، تەنانەت شار هەبوو بە تەواوی سوتێنرا.

سکارلێت ئۆهارای شۆخ و شەنگ، کە دایکی فەڕەنسی و باوکیشی ئێرلەندییە، لەگەڵ هاوسەری سێیەمیدا (ریت بتلەر)، دوو کـاراکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکەن. ڕۆمـانەکە ڕووداوەکـانی دوازدە سـاڵ تەمەن و ئەزمـوونی (سـکارلێت ئۆهـارا) دەگێـڕێتەوە. سـکارلێت کەسـایەتیی سـەرەکیی ڕۆمـانەکەیە و تەواوی ڕووداوەکـانیش لە دەوری ئەو دەسوڕێنەوە. دەسـپێکی چیـرۆکەکەش دەگەڕێـتەوە بـۆ پـێش ڕوودانـی جەنـگ، ئەو کـاتەی تەمەنـی شـازدە سـاڵانە. کـچە گەنجێکی قەشەنگ، نازاندە، توندمیزاج، خۆپەرست، خـاوەن خەون و ئیـرادە، لەگەڵ ئەنـدامانی خێـزانەکەی (خێزانێکـی ئەرستۆکراسیی باشـوور) و چەنـد خزمەتکـار و کۆیلەیەکـدا لەناو خانووێکی مەزن کە لەناو کێڵگەیەکی گەورە دایە.

سکارلێت پەیوەندییەکی سۆزداریی، تـا ڕاددەی سەرسـامی و هۆگربوون لەگەڵ گەنجێکدا هەیە، بە ناوی (ئاشلی ویکس) کە ئەویـش لە خێزانێکـی ئەرسـتۆکراتە، وەلـێ دواتـر کـوڕە لەگەڵ کچێکـی دیـکەدا هاوسـەرگیری دەکـات. بـۆیە وەک پەرچەکردارێـک، سـکارلێت شـوو بە کوڕێـک دەکـات، کە خوشکی (ئاشلی) دڵی پێیەوە بـووە. دواتـر بە هـۆی ئـازار و کاریگەرییەکـانی برینێـک، کە بە هـۆی جەنـگەوە کەتبـووە

جەسـتەی، کـوڕەکە دەمـرێ. دوای ئەوە سـکارلێت شـوو بە کـوڕێکی دیـکە دەکـات کە خوشـکە بچـووکەکەی خـۆی دڵـی پێـیەوە بـووە، تـا ئەو کـاتەی دەکەوێـتە داوی خۆشەویسـتیی کـابتن (ریـت بـتلەر)، ئەو پیـاوەی خـواردن و پێداوێسـتی دەفرۆشتە کۆنفیدڕاڵییەکان.

بـتلەر لە خێزانێکـی نـاودار بـوو، بەڵام بە هـۆی کـارە ناچیزەکـانییەوە وەک کەسـێکی بەد ناسـرا بـوو. لە بـاری سروشت و ڕەفتارەوە، زۆر لە سکارلێت دەچوو، تەنانەت بۆ خۆیشی زۆر باش ئاشـنای کەسـایەتیی سـکارلێت بـوو. دوای ئەوەی یانکییەکـان دەسـت بەسـەر گونـدەکەیان دادەگـرن، باجێکی زۆر بەسـەر خەڵکەکەیدا دەسەپێنن، تـا ئەو ئاستەی خەڵکـی گونـد هـیچ سـەرمایە و دەستمایەیەکیان نـامێنێ. ئەم دۆخە وا لە سـکارلێت دەکـات بچێـتە زینـدان و داوا لە خۆشەویستەکەی بکـات پـارەی بـداتێ بـۆ ئەوەی بتـوانێ بـاج بـدات (چـونکە ئەودەم بـتلەر زینـدانی کرابـوو)، ئەویـش پارەکەی دەداتێ. بتلەر هێشتا هەر لە زیندانە، سکارلێت شوو بە دەوڵەمەنـدێک دەکـات، ئیـدی وەک خـاوەن کارێـک، خەریکی کڕینی کۆگا و کارگە و سـەرقاڵی کـار و بازرگـانی دەبێـت. زۆر نابـا و بە هـۆی ڕووبەڕووبـوونەوەی نێـوان یانکییەکـان و یـاخیبووان لەنـاو گونـدەکەدا، هاوسـەرەکەی دەکوژرێ، دووبارە بە تەنیا دەمێنێتەوە. دواجار دڵـی بـتلەری کـۆنە خۆشەویسـتەکەی داگیـر دەکـاتەوە و هاوسـەرگیری دەکەن، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەیان کچێک دەبێت، بەڵام مردنـی کچەکەیـان بە ڕووداوێـک و هەروەهـا دڵنیـایی بـتلەر لەوەی سـکارلێت هێشـتا خۆشەویسـتیی (ئاشـلی) هەر لە دڵـدا ماوە و پێیەوە پەیوەستە، دەبنەوە هۆکاری جیابوونەوەیان.

ڕۆمانەکە جگە لە چیرۆکە تراژیدی، ڕووداوە دراماتیکی و دیمەن و گرتە ئازاربەخشەکانی جەنگ، هاوکـات لە میـانی کەسایەتیی کچێکەوە، وێنـای سروشـت و پێکهـاتەی کەسێتیی

کۆمەڵگـــاکەی، پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــانی، مەیلـــی تۆڵەسـەندنەوە و ویسـتی لەداوخسـتن، جێبەخۆنەگرتـوویی و ڕاڕایـی، هەلپەرسـتی و خودپەرسـتی و زۆر شـتی دیـکە دەکـات. (لەگەڵ بـا دا ڕۆیشـت)، ڕۆمـانێکە زۆر بە قـووڵی، وردەکارییە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئەوکـاتی ئەمریکـی بە گشتی و کۆمەڵگای ویلایەتی جۆرجیا بەتایبەتیی سەردەمی جەنگیی ناوخۆیی وڵاتەکەی دەگێڕێتەوە، ڕۆمـانێکە سـەرڕێژ لە ڕووداوی کـــاریگەر و وروژێـــنەر کە بە زمانێـــک گێـڕدراونەتەوە خـوێنەر ناچـار دەکەن شـوێنپێیان هەڵگرێ و دەستبەرداری خوێندنەوەیان نەبێ.

# 10|ناتالی سارۆت :
# نووسین وەک پرۆژەی تەمەن



ڕووسێیەک بە ناسنامەی فەڕەنسی

ناتــالی ســارۆت (ناتاشــا چرنیــاک)، ڕۆمــاننووس و شانۆنامەنووسی فەڕەنسیی بە ڕەگەز ڕووسـی، سـاڵی ١٩٠٠ لە ئیڤانۆنۆ لە نزیک مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا لەدایکبـووە. بە هـۆی هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی بـاوکی و نەخـوازراوی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکات و تەنگپێهەڵچنینی، ساڵی ١٩٠٧ خێــزانەکەی ڕوویــان کــردووەتە فەڕەنســا و لە پــاریس گیرسـاونەتەوە. لەگەڵ دایکـی وڵاتـانی ئەڵمانیـا و بەریتانیـا و سویسـڕا گەڕاوە. بەر لەوەی بڕوانـامە لە بـواری زمـان و ئەدەبــی ئینگلیــزی لە ئۆکســفۆرد وەربگــرێ، لە بەرلــین لە بواری (توێژینەوەی مێژوویی، کۆمەڵناسی) و لە پاریسیش لە بواری (یاسا و مـاف)ی لە پـاریس خوێنـدنی ئەکـادیمی تەواو کــردووە. ســاڵی ١٩٢٥ هاوســەرگیری لەگەڵ (ڕیمــۆن سـارۆت)ی پـارێزەر کـردووە و نازناوەکەیشـی (سـارۆت)، هەر لەو وەرگرتووە.

سارۆت لە تەمەنێکـی زووەوە هـۆگری خوێنـدنەوە بـووە، خولیـای ناسـین و ڕۆچـوون بە دونیـای نووسـەر مەزنەکـانی وەک (مارسـیل پرۆسـت، جـێمس جـۆیس، ڤێرجینیـا وۆڵـف، دیستۆفیسکی) پەلی گرتووە، تا دواجار بەم ناوبـانگەوە کەوتە سەر زاران و شوێنێکی دیـاری لە مێـژووی ئەدەبـی جیهانیـدا بــۆ خــۆی گــرت. نەک هەر ئەوە، بەڵکــو تــوانی ڕەوت و ڕێچکە و شیوازیکی نوێ بێنیتە نـاو دونیـای ڕۆماننووسـی و بە دوای ئەودا، چەندین نووسـەری ناسـراو، شـوێن پێیەکـانی هەڵبگرن.

لە خەونەوە بۆ داهێنان

سارۆت ساڵی ١٩٣٢ دەستی دایە نووسین، یەکەم ڕۆمـانی کە لە ســاڵی (١٩٣٩) بــڵاو بــووەوە، زۆر نەبــووە جێــی

سـەرنجی ڕەخنەگرانـی ئەدەبـی، بەڵام ڕۆمـانی دووەمـی بە ناوی (وێنەی نەناسراوێک - ١٩٤٦) کە (سارتەر) پێشـەکی بـۆی نووسـیوە، تەقینەوەیەکـی گەورەی لە نێوەنـدی ئەدەبیـی فەرەنسی و تەنانەت ئەوروپیشدا بەدوای خۆیدا هێنا.

سـارتەر لە پێشـەکی ڕۆمـانە نـوێیەکەی سـارۆتدا، ئەم شێوازە نوێیەی نووسەری نـاو نـا (نارۆمـان). ئیتـر دوای ئەم بەرهەمە و تـا ڕۆژی مردنیشـی، ناتـالی کـاریگەریی دیـاری بەسـەر نێوەنـدەکەدا مـایەوە. بەو پێـیەی تەمەنـی گەیشـتبووە نەوەد ساڵیش، کەچی هێشتا هەر وەک کچە گەنجێکی زیت و زیـتەڵە و چـاپووک، بە خەونـی داهێنـانی دیـکە، بە ئامـانجی مـانەوەی کـاریگەر، بە بـوێری و نوێبـوونەوەی بەردەوام، دەینووسی.

سـارۆت، یەکـێکە لەو دەگـمەن نووسـەرانەی سـەردەمی خۆی، کە لە چوارچێوەی زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەناوبـانگی (بلیـار)دا، کارەکـانی وەک کـۆبەرهەم بـڵاو کـرانەوە. ئەو زنجیرەیەی پێشتر کۆبەرهەمەکانی (بەلـزاک و هەمنگـوای و کافکا)ی بڵاو کردبوونەوە.

بە تەنیشـت ڕۆماننووسـییەوە، سـارۆت ژمـارەیەکی زۆر چیرۆکیشی نووسیوە و بـڵاوی کـردوونەتەوە (درۆ - ١٩٦٧) و (شتێکی جوانە - ١٩٧٥) و (ئەو لێـرەیە - ١٩٧٨). ئەمەو جـــگە لە ژیاننـــامەکەی (بایۆگرافیـــا) کە ســـاڵی ١٩٨٣ بە ناونیشانی (منداڵی) بڵاو کرایەوە و تێیـدا سـارۆت یـادەوەریی خۆی دێنیتە قسە و سەرەتاکانی تەمەنی و قۆنـاغ و وێستەگانی نووسیوەتەوە.

ناتالی، پێشەنگی ڕۆمانی نوێ

سارۆت، ژنە نووسـەری فەرەنسـی بە ڕەگەز رووسـی کە وەک بناغەدانەری ڕۆمانی نوێی فەرەنسی ناسراوە، هاوکـات

یەکێکیشە لە پێشەنگەکانی (ڕۆمانی نوێ)ی ئەوروپی. ئەو شێوازەی وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەر ڕۆمان و ئەدەبی ئەوروپیدا هێنا. تەنانەت کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر شێوازی ڕۆماننووسی تەواو جیهاندا هەبوو، بە تایبەتی ئەدەبی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. ڕۆماننووسێک کە بە هۆی داهێنانەکەیەوە، ڕێگای بۆ زۆر نووسەری تر کردەوە کە هەمان رەوت و ڕێچکە و ڕێباز و شێوازی نووسینی ئەو بگرنە بەر، لەوانە (میشێل بۆتۆر، ئالان ڕۆب گرێ و کلۆد سیمۆن).

ڕۆمانەکانی (کورتەیەک لە بارەی نەناسراوێک، یان وێنەی نەناسراوێک - ١٩٤٦) و (سەردەمی گومان - ١٩٤٧) و (مارتۆر - ١٩٥٣) و (بلانتاریۆم - ١٩٥٩) و (بەرهەمە زێڕینەکان - ١٩٦٣) و (گوێت لێیەتی؟ - ١٩٧٢) و (بەکاربردنی وشە - ١٩٨٠) و (منداڵی - ١٩٨٣) و (تۆ خۆتت خۆش ناوێت - ١٩٨٩). ئەمانە و کۆمەڵێک بەرهەمی تر و لەگەڵیاندا کۆچیرۆکی (هەڵچوونەکان)، بە نموونەی دەگمەنی داهێنانەکانی ئەم نووسەرە دادەنرین، ئەو نووسەرەی لە تەمەنی نەوەد ساڵیشدا لە وزەی نووسین و داهێنان نەکەوت و لە سەروو ئەو تەمەنە، دوو ڕۆمانی دیکەی پڕ ڕەواجی نووسی، ئەوانیش (ئێرە - ١٩٩٥، بیکەنەوە - ١٩٩٧).

سەرەڕای ناوبانگی جیهانی، وەک ڕێزگرتن لە کۆشش و کاریگەرییەکانی و لە پای کار و بەرهەمە ئەدەبییە داهێنەرەکانی، سارۆت چەندین خەڵاتی ئەدەبی پێبەخشراوە. لەوانە، خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ ئەدەب (١٩٦٤)، خەڵاتی گەورەی نیشتمانی بۆ ئەدەب (١٩٨٢)، لەگەڵ خەڵاتی مەزنی یەکێتیی نووسەران و شانۆنامەنووسەکان (١٩٩٦).

ناتالی وەک ڕۆماننووسێکی ئەزموونگەر، هەروەها وەک بناغەدانەری ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، بە بەرجەستەکردنی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی، بە ڕۆچوون بە قووڵایی ژان و خەمە مرۆییەکان، بە مەڵەکردن بە ئاراستەی توند و تیژ و سەختی شەپۆلەکان، لە پێناو دۆزینەوەی کیشوەری سروشتیی مرۆیی، بووە یەکێک لە کۆڵەگە پتەو و بەرزەکانی ئەدەبی جیهانی.

ئەو جگە لەوەی ڕۆماننووسێکی داهێنەر بوو، هاوکات شانۆنامەنووسێکی دەستڕەنگین و بە سەلیقەیش بوو. بە جۆرێک کە هاوشێوەی ڕۆمانەکانی، لە نووسینی شانۆنامەشدا خاوەنی شێواز و ڕێچکەی تایبەتی خۆی بوو. جیاواز لە زمانی نووسینی ڕۆمان، لە نووسینی شانۆنامەشدا زمانێکی دیکەی جیاوازی لە وێناکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکان و کۆمەڵگا، بەرهەمهێنا. کاریگەری و کارتێکراوی مرۆڤ و گرووپەکان بەسەر یەکتر، ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوانیان، ڕەنگدانەوەی پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕۆشنبیریی نەوەکان بەسەر ململانێکان، سروشت و چییەتی و ماهیەتی شەڕی نەوەکان، هونەرەکانی فریودان و تەکنیکەکانی لەداوخستنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ. هەموو ئەوانە و زۆر شتی دیکە، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەن کە ڕووخسار و ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی ئەوی پێ دەناسرێنەوە.

کۆمیدیای ڕەش، تایبەتمەندیی دیاریی نووسینەکانییەتی. تەوزیفکردنەوە و وێناکردنی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و ترسیی باوی ناو کۆمەڵگا لە میانی ئەو ڕۆڵەی بە کەسایەتیی کاراکتەرەکان دەیدات، لەگەڵ گرێدانەوەی مامەڵە و سەرەدەریی کاراکتەرەکان بە گاریگەریی ڕووداو و شوێنکاتەکان، بە زمانی تەنز و بە دیمەن و گرتەی کۆمیدی، مرۆڤ ناچار بە هەڵوەستە و تێرامان دەکات. نەناسراوی، یان ناودێرنەکردن، یاخود ڕاستتر بڵێین، بێ شووناسیی

کەسایەتی و کاراکتەرەکان لە میانی بەکارهێنانی جێناوەکانی (ئەو، ئـێمە، ئەوان) بۆیـان. دیـاریکردنی ڕۆڵ و پـێگەی مـرۆڤ لە شـوێنکات و لەنـاو ڕووداوەکانـدا، کـاریگەریی دەســەڵاتی کــۆمەڵایەتی، بەرگــی ڕەشــبینیی وشــە و دەسـتەواژەکان، بەردەوامیـی ململانـێ و نـاکۆکی. ئەمـانە و زۆر شـتی دیـکە، ئـامرازی دەسـتی نووسـەرن بـۆ ئەوەی بمانخاتە بەردەم بیرکـردنەوە لەمەڕ چارەسـەری و دەرچـوون لەو دۆخە ئـاڵۆزە دەروونیـیەی تێیـدا دەژیـن و ئەو ترسـەی ناوەوەمانی تەنیوە.

کەوتن بەسەر دڕکەزیی زماندا

تێگەیشتن لە سارۆت هەروا ئاسان نییە، کاریـک نییە بە خوێنـدنەوەی بەرهەمێـک و دووان و سـیانی، پەی بە پـێچ و پەنهانەکانی دونیـای ئەو نووسـەرە بەریـن. خوێنـدنەوەیەک و دووان بەس نین، تـا بـزانین لە فـڵان بەرهەم چـی دەوێ و لە فیسـاریان دەیەوێ چـی بڵـێ. بـۆ ئەوەی بڕێـک لە دونیـای ئـاڵۆزی نووسـین و پەیـامی سـارۆت نزیـک ببینـەوە، خوێنـدنەوەی ڕووکەش، خوێنـدنەوەیەکی ئاسـایی، فریامـان نـاکەوێ. بە پـێچەوانەوە، بـۆ نـزیککەوتنەوە لە سـنووری دونیــابینی ئەم نووســەرە، پێویســتیمان بە ڕۆچــوونە قووڵاییەکـانی نووسـینەکانی هەیە، بە خوێنـدنەوەی شـتە نەگوتراوەکـانی، بەو شـتەی پێـی دەڵـێن خوێنـدنەوەی نـاو دێرەکان، یان پشتی دەستەواژە و دەربڕینەکان.

کـاتێ وەک خـوێنەرێکی جیـددی، ڕۆمانەکـانی سـارۆت دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت کە شـوێنکاتەکانی نووسـین و ڕۆمـان تـێکەڵ دەبـن، تـا ئەو ئاسـتەی خـوێنەر دەکەوێـتە گومـان لە تـوانینی بـۆ پەی بـردن بە کـاتێکی دیـاریکراو، بە شـوێنێکی سنووردار، بە ناسینەوەی نووسـەر و گێـڕەرەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکــو نووســینەکانی بە جــۆرێکن،

خوێنەرێکی دەوێ، توانای بردنەوە سەریەکی شوێنکاتەکانی هەبێت، یان شوێنکاتی ڕاستەقینە لە مەجازییەکانی جیا بکاتەوە. خوێنەرێکی دەوێ، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان کەسایەتی و ڕووداوەکان بدۆزێتەوە و ئەو هەموو ئاڵۆزییە سادە بکاتەوە.

لە ڕۆمانەکانی ناتالیدا، هەر گرتە و دیمەنێک، هەر ڕووداو و گێڕانەوەیەک، هەر کەسایەتی و ڕۆڵێک، بەرهەمی جۆرێک لە زمان و دەربڕینی جیاواز لەوەی دیکەن. بە مانایەکی دیکە، لە میانی گێڕانەوەدا، زمانێکی دیکەی جیاواز لەوەی پێی نووسراوە، لەدایک دەبێت.

وەک ئەوەی لەناو بێستانی پڕ دڕک و داڵدا گوزەر بکەیت، ئاوا لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانیدا، خوێنەر بەسەر کێڵگەی دڕکی زماندا دەکەوێ. لە زۆر شوێندا زمانێکی نیوەچڵ، ڕستەی تەوانەکراو، دیمەنی گۆشە نادیار، گرتەی پڕ سێبەر کە هەر یەکێک لەم دابڕانانە، وەک دڕک دەچێ بە زەینتدا و ناچارت دەکا بۆ دەربڕینی پێش خۆی، دیمەنی پێشووتر بگەڕێیتەوە، یان ئەوەتا بە حەوسەڵەوە چاوەڕوانی گوزارشتی دواتر و گرتەی دواترین بکەیت، بۆ ئەوەی چاوت تەواوی گۆشە لاتەریک و سووچە شاراوەکان ببینێت.

هونەرمەندی و زیرەکیی ساڕۆت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا لەوێدایە، زمانێکی نائاسایی، پڕ ئاماژە و تێما بەرهەم دێنێتەوە. زمانێک کە بە هۆیەوە، ڕۆمانەکانی نائاسایی و جیاواز لە هەموو ئەزموون و نموونەکانی دیکەی ڕۆمانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، خۆیان نمایش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی گێڕانەوەکانی، زمانێکە توانای وەسفکردن، هەڵاوێر، پێکان، گەیاندن، تەنانەت بە شتکردنی ڕووداو و گرتە و دیمەنەکانی هەیە. زمانێکە خوێنەر ناچار دەکات بێتە شوێنی نووسەر. واتە ببێتە بەشێک لەو کردەی نووسینە. بە مانایەکی دیکە، بوار بۆ خوێنەر دەکاتەوە کە لە دۆخی

خوێندنەوەوە مل بداتە بەر ئەرکی نووسین و تەواوکردنی تەواونەکراوەکان، پڕکردنەوەی بۆشاییە نەگوتراوەکان. ئەم هەوڵە ناڕاستەوخۆیەی نووسەر بۆ بەشداری پێکردنی خوێنەر لە بەرهەمەکانیدا، هونەرێکە بوار بۆ ئەوی دی دەکاتەوە، توانای دەربڕینی خۆی، ڕوانگەی خۆی، دونیابینی خۆی، لە میانی پرۆسەی بەشداریکردندا تەوزیف بکاتەوە.

ڕاستە خوێنەر لە باری واقیعیدا ناتوانێ بە کردەنی لەو پرۆسەی بەشداریکردنەیدا بە پەراوێزەکانی خۆی، دووبارە هەڵی نووسینەوە و داڕشتنەوەی ڕۆمانەکە و سەرلەنوێ چاپ و بڵاوکردنەوەی برەخسێنێ، بەڵام لە پرۆسەی خوێندنەوەدا نووسەر ناچار بەوەی دەکات، خوێنەرێکی سەرپێی و سادە نەبێت، بەڵکو دەیکاتە خوێنەرێکی بەرهەمهێن کە لە درێژایی پرۆسەی خوێندنەوەدا، لە تەنیا خوێنەریکی دڵخواز و ڕاگوزەر، ببێتە خوینەرێکی بیرکەرەوە و نهێنی دۆزەرەوە. خوێنەرێک بتوانێ کۆدەکانی زمان بکاتەوە و بەرچاوی بینین و ئاسمانی بیرکردنەوەی، ڕوون و ڕۆشن و ئاوەڵا و بەربەرینتر بێت.

## 11| مارگرێت دوراس :
## عاشقه سەرشێتەکە!



سینارست و ڕۆماننووسی فەرەنسی، مارگرێت دۆنادیۆ (مارگرێت دوراس)، کە لە نیسانی ساڵی ١٩١٤ لە شاری سایگۆنی ڤێتنام ( کە ئەوکات کۆلۆنی فەرەنسا بوو) لەدایک بووە، بە یەکێک لە گرنگترین نووسەرە فەرەنسییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا و لەگەڵ ئەندامانی خیزانەکەی دەگەڕێتەوە فەرەنسا، لەوێ بۆ تەواوکردنی لە بواری ماتماتیک، دەچێتەوە بەر خوێندن، دوای ماوەیەک واز دێنێ و ڕوو دەکاتە تەواوکردنی خوێندن لە بواری زانستە سیاسییەکاندا و هەر لەو نێوانەشدا پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە دەکات. لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، وەک خۆبەخش دەچێتە ڕیزی بزووتنەوەی بەرەنگاریی فەرەنسییەکان لە دژی ئەڵمانیای نازی، کە ئەوکات فرانسوا میتڕان (کە تا مردیشن لەگەڵ نووسەردا، هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون) سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد.

تەمەنی چوار ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی هەرزەکارییەوە کەتووەتە داوی خۆشەویستیی گەنجێکی چینی دەوڵەمەند و لە خۆی گەورەتر و پەیوەندییەکەیان ناکام بووە. دووجار هاوسەرگیری کردووە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٣٩، کە بەرهەمەکەی منداڵێک دەبێ و دواتر دەمرێ، دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٤٧ و کوڕێکی دەبێت و ناوی دەنێ (جان). مەرگی ناوادەی باوکی، ئەم عەشقە ناکامەی، لەگەڵیشیدا مامەڵەی خراپی دایکی لەگەڵیدا، ئەزموونی سەختی ژیانی لە ڤێتنام، دیوە تاریک و دۆزەخییەکانی سیستەمی کۆلۆنیالیستیی فەرەنسی لە ڤێتنام، مردنی لە پڕی برا بچووکەکەی، دواتر مەرگی دایکی و ئەو کارەساتەی بەسەر برا گەورەکەیدا دێت، ڕەنگدانەوەیەکی زۆریان لەناو نووسینەکانی

(دوراس)دا هەیە.
بە خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی، لەو ڕاستییە تێدەگەین کە تراژیدیای ژیانی دوراس، دایک و براکەی بوون، بەتایبەتی دایکی. ئەو دایکەی نەک هەر خۆشی نەویستووە، بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا تا ئەوپەڕی توند و زبر بووە. ڕەنگە ئەو بۆشایی سۆز و خۆشەویستییەی دایکی، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا گەورە بووە، لەگەڵ خۆشەویستییە ناکامەکەی لە ڤیتنام، هۆکار بووبن بۆ ئەوەی لە تەمەنی شەست و شەش ساڵییەوە بکەوێتە داوی خۆشەویستیی (یان ئاندریا)ی تەمەن ٢٥ ساڵ، کە تا ڕۆژی مردنی (دوراس) لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٩٦، نەک هەر لەگەڵی بەردەوام بوو، بەڵکو بە هۆی قووڵی و کاریگەریی عیشقەکەیانەوە، چەند ساڵێکیش دوای مەرگی (دوراس)، (ئاندریا) ژیانی گۆشەگیری هەڵبژارد.

دەسپێک، وەک بناغەی داهێنان

دوراس کە وەک باشترین ژنە نووسەر، کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار بوو و لە پای ڕۆمانی (عیشق)یشدا، خەڵاتی ناسراوی (گۆنکۆر)ی پێبەخشرا، هەر لە دەسپێکی نووسینە سەرەتاکانیدا و بە هۆی تایبەتمەندیی خۆی لە بواری نووسین و جیاوازیی لە تەواوی نووسەرانی سەردەمەکەی، توانی سەرنجی نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی و خوێنەران بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و دواڕۆژێکی گەشی ئەدەبی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەگەرچی ساڵی ١٩٤٣ ڕۆمانی (سپڵەکان)ی نووسی، بەڵام ڕۆمانی (بەنداوێک بە ڕووی پاسیفیکدا - ١٩٥٠)، بەردی بناغە و یەکەم هەنگاوی ناوبانگ دەرکردنی بوو لە بواری نووسیندا. دواتر بە هۆی شانۆنامەکانییەوە و بەتایبەتی هەردوو شانۆنامەی (گۆڕەپان - ١٩٦٢)،

(ڕۆژێکـــی تەواو لەنـــاو دارەکانـــدا - ١٩٦٨) بە دوای ئەوانیشدا، سیناریۆی فیلیمی (هێرۆشیما خۆشەویستەکەم، کە ساڵی ١٩٧٥ خەڵاتی سینەمای فیستیڤاڵی کانی وەرگرت)، دەرگا و دەروازەی بەجیهانیبوونی لە بەردەمدا ئاوەڵا بوو. دواجار لە ڕێگای ڕۆمانی (عیشق)دا بووە ناوێکی دیاری ئەدەبـــی جیهـــانیی و وەک یەکێـــک لە پـــڕ خـــوێنەرترین ڕۆماننووســـە فەڕەنســـییەکان ناســـرا و بەرهەمەکـــانی وەرگێڕدرانە سەر چەندین زمانی زیندووی جیهان.

بەرهەمەکانی دوراس لە ڕۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فیلم و کتێبی دیکە ( کە دەیان کتێبن)، ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ توانا و لێهاتوویی ئەو ژنەی، کە فەڕەنسییەکان جارێک بە (جادووبازی نووسینی ڕۆمان)، جارێکی دیکە بە دیاردەی زیندوو و جیاوازی ئەدەبی، جارێکیش بە شاژنە مارگۆ (وەک ئامـاژەیەک بۆ گرتنی لـووتکەی عەرشی ئەدەبی فەڕەنسی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ)، وەسفیان کردووە.

دوراس کە گۆشەگیری و تەنیایی لە کاتی نووسیندا نهێنیی سەرکەوتنەکانییەتی (بۆ ئاشنابوون بە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ئەزموونی نووسینی دوراس، خوێنەر دەتوانێ بۆ کتێبی - أن تکتب.. الرواية و الكتابة - بگەڕێتەوە)، لە بەرهەمەکانیدا بە تۆنێکی هێمن و خەمگین، بە هەستکردنێکی شاراوە بە ونبوون و لەدەستدانی سۆز، بەڵام هێور و دانبەخۆداگرتوو، بە ناخی مرۆڤدا ڕۆدەچێت و بە دوای نادیاردا دەگەڕێ. بە مانایەکی دیکە، ئەو ژنە نووسەرە بە هەستێکی قووڵ و ئاگاییێکی زۆرەوە، وەسفی ئێش و ئازاری مرۆڤ و خەون و خۆزگەکـــانی دەکـــات و بـــرین و ئازارەکـــانی مـــرۆڤ دەنووسێتەوە. وەک ژنێکی دژەباو، یاخی و ڕیسککار، کە ڕاستگۆیانە وردەکارییەکانی ژیانی خۆی، پەیوەندییەکانی، لە دەقەکانیدا تەوزیف کردووەتەوە. بە کەسێکی ڕیالیست، بوێر و سەرکێش، بەرهەمەکانیشی بە هەمەڕەنگیی، نوێگەری،

ڕاستگۆیی (وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی واقیع) دەناسرێنەوە.

لە نێوان ئاگری دوو عیشقدا!

دوراس لە تەمەنی هەرزەکارییەوە و لە ڤێتنام عاشقی کوڕێکی چینی دەبێت، کە ١٢ ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە. لە تەمەنی ٦٦ ساڵیشدا و لە پاریس، دەکەوێتە داوی عیشقی گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵی. ئەزموونی یەکەمی سەرەڕای شەیدایی و هۆگربوونێکی قووڵ، بەڵام بە هۆی هەلومەرجەکانی ژیانی دوراس و هەڵوێستی دایکیەوە، ناکام دەبێت. کەچی ئەوەی دووەمیان دەبێتە جۆرێک لە عیشقی ئەفسانەیی و قەرەبووی هەموو ئەو ڕابردووە بریندارەی بۆ دەکاتەوە، عیشقێک (ئەندریا)ی گەنج تا دوا چرکەکانی هەناسەدانی، بە تەنیشت دوراسەوە دەمێنێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دوای مردنی مەشووقەکەیشی، لە کتێبێکی دانسقەدا، ئەزموونی هۆگربوون و عیشقەکەیان دەنووسێتەوە و دەبێتە یەکێک لە پڕ خوێنەرترین کتێبەکانی فەرەنسا و ساڵی ٢٠٠٠ خەڵاتی ئەدەبی جەژنی عاشقان لە پاریس دەباتەوە.

(یان ئەندریا) نووسەرێکی گومناو، بەڵام خوێنەرێکی ڕژد و شەیدایەکی سەیری نووسینەکانی (دوراس) بووە، دواتریش دەکەوێتە داوی ئەوینییەوە. پەیوەندییەکی سۆزداریی دژەباو، پەیوەندییەک لە ڕێگایەوە ڕکابەری سەردەم و هەموو چەمک و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان کرد. خۆشەویستییەک دەیان و سەدان پرسیار و گومانی لەناو کۆمەڵگاکەیاندا دروست کرد. ئەو عیشقەی دواجار کرایە فیلمێکی سینەمایی و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

یادەوەریی، عیشق و ڕاستگۆیی!

ڕۆمانی (عاشق - ١٩٨٤) یەکێکە لەو بەرهەمانەی

دوراس، جگە لەوەی وەرگێردراوەتە سەر زیاتر لە ٢٠ زمانی دونیا، چەندین جار بە دوای یەکدا چاپکراوەتەوە، بە ملیۆنان دانەی لێ فرۆشراوە و دواتریش کراوەتە فیلمێکی سینەمایی سەرنجڕاکێش. فیلمێک کە بە دیارییەوە دادەنیشیت و گوێ لە گفتوگۆکانی دەگری و لە ڕووداوەکانی ورد دەبیتەوە، بێدەستی خۆت، فرمێسک بەسەر گۆناکانتدا ڕێچکە دەبەستن.

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، گەڕانن بەناو ڕاڕەوە تەنگ و داڵانە تاریکەکانی یادەوەریی ژنێک. ژنێک لە پاریس دەژیێت، کە بینینی چەند وێنەیەک دەیبەنەوە ئەو ڕۆژگارەی لە ڤیێتنام ژیاوە و منداڵیی خۆی لەوێ بەسەر بردووە. چیرۆکی مردنی برا بچووکەکەی، بە دوایدا مەرگی دایکی و ژیانی پڕ کێشە و چەرمەسەریی برا گەورەکەی، کە بە هۆی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ چەتە و مافیاکان، دەرگیری بوو. لەناویشیاندا وێنە هەر گەورە و درەوشاوەکەی مەعشووقەکەی، گەنجە چینییە دەوڵەمەندەکەی ناو یادەوەریی ژنەکە، بەشێکە لەو ڕابردووە سەرڕێژ لە برین و دڵشکان.

عاشق، گێڕانەوەی ئەزموونی ژیانی ١٧ ساڵ مانەوەی نووسەرە لە ڤیێتنام. ڕۆمانێکە دەوڵەمەند بە ڕووداو و کەسایەتی و کاراکتەر، کە دەشێ هەر یەکێک لەو ڕووداوانە بکرێنە بابەتی ڕۆمانێکی سەربەخۆ. منداڵیی بێناز، مەرگی ناوەختی باوک، مامەڵەی خراپی دایک، جیاکاریی ڕەگەزیی ناو خێزان، بەلاڕێداچوونی برا گەورە و وێرانبوونی ژیانی، عیشق و ئازارەکانی، سەرکێشی و ریسککردنی کچێکی هەرزەکار لە کاردانەوەی مامەڵەی نابەرپرسانەی دایکی، تاریکییەکانی سیستەمی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لە ڤیێتنام و ستەمکاری و زۆر بابەتی دیکە، تەوەرە گرنگەکانی ناو ڕۆمانەکەن. ڕۆمانەکە لە یەک کاتدا دەشێ وەک بایۆگرافیای

نووســەر، یــان وەک ڕۆمــانێکی مێژوویــی، یــاخود وەک ڕۆمـانێکی سـایکۆلۆژی سـەیر بکـرێ. عاشـق تێکەڵەیەکـی سـەیرە، مەگەر هەر نووسـەرێکی وەک دوراس دەرەقەتـی بێـت. تەکنیکێکـی هـاوچەرخی نزیـک لە قوتابخـانە ڕۆمـانی نـوێی فەڕەنسـی، ئەوەی بە (ڕۆمـانی دژ، یـان ناڕۆمـان) ناسراوە.

" ئەو ژنەی لە یەکێـک لە وێنەکانـدا دیـارە، دایکـی مـن بوو. بە پێچەوانەی وێنە نوێیەکـانی، زۆر باشتر لە نـاو وێنە کۆنەکانــدا دەیناســمەوە......". بەم دەســتەواژەیە و دەسـتەواژەگەلی دیـکەی دواتـر، کە وێنـای ڕووخسـار و ئەدگارەکـانی ژنەکە دەکـات و ڕەفتـار و هەڵسـوکەوت و کاردانەوەکانی دەگێڕێتەوە ، ڕێک باسی دایکی خۆی دەکـات. عاشق، چیرۆکی کچێکی فەڕەنسییە و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ڤێتنـام دەژێێـت، بە مـاوەیەکی کەم دوای مردنـی بـاوکی، دەنێـردرێتە قوتابخـانە. دایکـی کـچەکە لە بـواری پۆسـت و گەیاندندا کار دەکات، دایکێک کوڕە گەورەکەی (کە لەسەر خواردنی ئەفیون ئالوودە بووە و بۆ ئەوەی پارەی کڕینـی ئەو مادده هۆشبەرەی دەست بکەوێت، دزی لە دایکـی دەکـات و زۆرجـاریش کەلـوپەلی مـاڵەوە دەفرۆشـێت) زۆر بە لاوە خۆشەویستە و بایەخێک زۆریشی پێ دەدات، لە بەرانبەریشدا پەروەردەکردنـی کـچەکەی فەرامـۆش دەکـات و هەرچـی سۆزی دایکێتییە پێـی ڕەوا نـابینێ، دایکێکـی بەردەوام مڕ و مۆچ و تووڕە.

کچە لە کاردانەوەی ئەو ڕەفتـارانەی دایکـی، هەوڵ دەدات وەک کچێکی پێگەیشتوو دەربکەوێ، بە شوێن ئازادیی خـۆی دەگەڕێ. ئیتـر لە نـاو ئەو واقـیعە دژوارەی مـاڵەوە و هەوڵە سەرکێشییەکانی، ئاشـنای گەنجێکـی دەولەمەنـدی شـارەکەیان دەبێت و دەکەوێتە داوی ئەوینییەوە. کوڕە ئامـادەی خـوازبێنی و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرییە لەگەڵ کچەدا، بەڵام دایکـی

کچەکە بەبێ هیچ بیانوو پاساوێک، ڕەزامەندی نادات و دژی دەوەستێتەوە. ئەم هەڵوێستەی ماڵەوەیان، کچە سەرکێشتر دەکات، لە پەیوەندیی لەگەڵ کوڕەکە و دیداری نهێنیی نێوانیان بەردەوام دەبێت، تەنانەت پەیوەندییەکەیان سەر بۆ بەریەککەوتنی جەستەیی و سێکسکردن دەکێشێ، تا ئەوەی زۆرجار لە قوتابخانە دوا دەکەوێت و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکەش دایکی ئاگادار دەکەنەوە. دایکە دڵڕەقەکەی لە بری ئەوەی چارەیەک بۆ دۆخی کچەکەی بدۆزێتەوە، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێ، کچەکەم ئازادە و بە بەرپرسیارێتییەوە هەرچی بیەوێ، دەیکات. دوراس لە میانی نیشاندانی ئەم هەڵوێستەی دایکیدا، ڕاستەوخۆ دەیەوێ کەسایەتیی نابەرپرسی دایکێکمان نیشان بدات، کە باکی بە بەلاڕێداچوونی کچەکەی نییە، دایکێک لە خەمی ئەوەدا نییە کچە هەرزەکارەکەی پەیوەندییەکی سۆزداریی دروست و ئاسایی هەبێت.

بوێری لە گێڕانەوەی بێ پێچ و پەنای بیرەوەرییەکان بە ورد و درشتییانەوە، باوەڕ بەخۆبوون لە باسکردنی خود و پەیوەندییە سروشتی و ناجۆرەکانی، نەکەوتنەژێر باری هەست و سۆز لە خستنەڕووی نهێنییەکانی ناو ژیانی خێزانێک و پەیوەندی ناجۆری نێوان ئەندامەکانی. ئەمانە و سەرەڕای زمانی باڵا، خەیاڵی فراوان، توانا و سەلیقەی بەرز و ناوازە و جیاواز لە هونەری گێڕانەوەدا، جۆرێک لە ڕاستگۆییان بە نووسەر بەخشیوە، کە خوێنەر متمانە بە خوێندنەوەی نەک هەر ڕۆمانی (عاشق)، بەڵکو کۆی بەرهەمەکانی بکات. بۆیە بە لایەنی کەمەوە سەرەڕای ئەو ڕۆمانانەی نووسەر، کە خوێنەر دەتوانێ بە فەڕەنسی، یان ئەوەی کراونەتە ئینگلیزی و عەرەبی، بیانخوێنێتەوە. سەرنجیشی بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە کتێبی (نووسین)، یان (کە بنووسیت.. ڕۆماننووس و نووسین) بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی

باشــتر و وردتــر ئاشــناى ئەزمــوونى دەوڵەمەنــد و نهێنيــى داهێنانى ئەدەبيى ئەو ژنە نووسەرە بێت.

## 12| فلانرى:
## وزەى ژيان لە هەناوى مردندا!



چیرۆکنووسی ئەمریکی ماری، یان مێری فلانری ئۆکۆننۆر (١٩٢٥ - ١٩٦٤)، تاقانە کچی ماڵەکەی کە خێزانێکی کاسۆلیکی بوون، لە ناوچەی سلاڤاناى ویلایەتی ڤێرجینیا لە ئەمریکا لەدایکبووە. تەمەنی شازدە ساڵان بووە کە باوکی مردووە، لە تەمەنێکی بچووکەوە تووشی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی (ڕەبۆ) بوو و هەتا ڕۆژی مردنیشی لە تەمەنی (٣٥) ساڵی، ئەو نەخۆشییە لەگەڵیدا ژیاوە. یەکەم و دوا پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ کتێبفرۆشێک هەبووە بە ناوی (ئیریک لاکنجیر).

خوێندنی هونەر و ئەدەبیاتی لە زانکۆی ویلایەتەکەی خۆی تەواو کردووە، بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی ماستەریش لە هونەرە جوانەکان و نووسینی داهێنەرانە، لە زانکۆیەکی ویلایەتی ئیوا، بەشداری وۆرکشۆپێکی کردووە، کە نووسەری ناوداری ئەمریکی، ڕۆبێرت فیتزجیراڵد سەرپەرشتی کردووە و بەڕیوەی بردووە. دواجاریش بووەتە هاوڕێیەکی نزیکی فیتزجیراڵد و هاوسەرەکەی و بۆ ماوەیەکیش لە ماڵەکەیاندا، لەگەڵیاندا ماوەتەوە و ژیاوە.

فلانری کە ئارەزووێکی بەهێزی بۆ هونەری نیشگارکێشی هەبوو، بەردەوام کتێبەکانی لاهووتی خوێندووەتەوە و پێیوابووە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە وا دەکەن باشتر و بەهێزتر بنووسێت. ئەو ئافرەتێکی شەرمن و بێوەی، بەڵام ئازا و بوێر بووە. وەک دەڵێن، ئەگەر ئەو ئازایەتییەی نەبووا، بەرگەی ئەو هەموو ئازارە کوشندەیەی نەدەگرت، کە بە هۆی نەخۆشییەوە بەدەستییەوە دەیناڵاند و دواتریش هەر ئەو نەخۆشییە کۆتایی بە ژیان هێنا. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنیدا، جگە لە نەخۆشیی ڕەبۆ،

بەدەست نەخۆشییەکی دیکەوە دەینالاند، ئەو نەخۆشییەی بووە هۆکاری مردنی باوکیشی. نەخۆشیی (دەردە گورگ)، کە بە هۆیەوە وردە وردە ئێسک و جومگەکانی دەخوران و لەناودەچوون، دوای ماوەیەک گیانی لێ سەندەوە.

فلانری سێزدە ساڵی کۆتایی تەمەنی کە بە هۆی نەخۆشییە تاقەتپڕوکێنەکەیەوە، لە کێڵگەکەی دایکی لە میلیجیفیل بەسەر برد. دەستبەرداری نیگارکێشی بوو و کاتەکانی بۆ خویندنەوە و بەخێوکردنی پەلەوەر تەرخان کرد. ئەو لەو کێڵگەیە جۆرەها مەل و پەلەوەری بەخێو دەکرد (مریشک، مراوی، قاز، تاووس و ......). تەنانەت تاووس بە لای ئەو ژنە نووسەرەوە، سیمبولی نەمری و ئەو ڕۆحە بوو، کە هەرگیز پیس و ناشیرین نابێت. بۆیە لە جەژنی کریسمسدا، پەڕی تاووسی بۆ ئەو هاوڕێکانی خۆی دەنارد.

نووسین و شێتیی

فلانری، کە خوێنەرێکی جیددی کار و بەرهەمەکانی هەرسێ ڕۆبێرت (لویل، فیتزجیراڵد، جیرۆ) بوو، بەو تەمەنە بچووکەیەوە جگە لە کۆچیرۆکەکانی کە ساڵی (١٩٥٥) بە ناوی (دۆزینەوەی پیاوێکی باش سەختە)، بڵاوکراونەتەوە. هاوکات خاوەنی هەردوو ڕۆمانی ناسراوی (حیکمەتی خوێن، یان خوێنی حەکیم - ١٩٥٢) و (تووڕە دەیباتەوە - ١٩٦٠)یە، لەگەڵ سێ کتێبی دیکە، کە دوای مردنی بەچاپ گەیەندراون، ئەوانیش (وێکچووی شتەکان - ١٩٦٥) و (لوعز و شێوازەکان - ١٩٦٩) کە کۆی وتارەکانیەتی لەبواری ئەدەب و نووسین، هەروەها کتێبی (عادەتی بوون - ١٩٧٩) کە بریتییە لە کۆمەڵێک نامەی تایبەتی نووسەر.

تایبەتمەندی و شێوازی چیرۆکەکانیشی بەوە دەناسرێتەوە کە تێکەڵەیەکن لە کۆمیدیا و تراژیدیا و توندوتیژی و ترس و

داشۆرین. زۆربەی کەسایەتیی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانی لە باری جەستەییەوە شێواو و لە لایەنی ڕۆحیشەوە، ناجێگیر و خەمۆکین، تا ئەو ڕاددەیەی هەندێ لەو کەسایەتییانەی گەیشتوونەتە ئاستی کەوتن و بێهوودەیێکی کوشندە. کەلەپووری دەوڵەمەندی باشووری ئەمریکا و باوەرە ئایینییە کاسۆلیکییەکەی، ڕەنگدانەوەی دیاریان بەسەر نووسینەکانییەوە هەبووە و

بۆ تەواوکردنی هەر ڕۆمانێکی، وەک سرووتێکی ئایینی، نزای کرددووە، کەچی دوای تەواوکردنی، لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دەیگوت: " پارچەیەکە لە نەخۆشی و دەرد". سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی کاسۆلیک بووە، کەچی زۆربەی پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی پرۆرستانت بوون.

لەو ماوەیەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە ببوو، بۆ ئەوەی فریای تەواوکردنی ڕۆمانەکەی (خوێنی حەکیم) بکەوێ، هەروەها بۆ ئەوەی توانای بیرکردنەوەی لەدەست نەدات زەین و مێشکی چالاک بێت، زیاد لە پێویست کۆرتیزۆنی وەک چارەسەر بەکار دەهێنا، دواجار و بەم دەردەشیەوە ڕۆمانەکەی تەواو کرد، ئەو ڕۆمانەی کە ڕۆبێرت جیرۆ لە بارەیەوە دەڵێ: " کارێکی شێتانەیە و شێتیک نووسیویەتی".

نامە وەک تاکە ڕایەڵی بەردەوامیی

ئەو ژنە نووسەرە سەدان نامەی نووسیوە، چ لە وەڵامی ئەوانەی نامەیان بۆی ناردووە، یان ئەوەی کە بۆ خۆی نامەی بۆ کەسێک - کەسانیک ناردووە. پازدە ساڵ دوای مردنی فلانری، هاوڕێیەکەی، سالی فیتزجیراڵد، هاوسەری ڕۆبێرت فیتزجیراڵد، تەواوی ئەو نامانەی کۆکردوونەتەوە و ئامادەی کردوونەتەوە و لە کتێبیکدا بە ناوی (عادەتی بوون) بڵاوکردوونەتەوە و هەر بۆ خۆیشی پێشەکی بۆ کتێبەکە

نووسیوه.

سەرەڕای ئەو نامانە، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی ئەدەب و نووسینەوە، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردبوونەوە، ئەوانیش لە تویی کتێبێکدا و دوای مردنی، بۆی چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەوەی جیی سەرنجە، فلانری سەرەڕای ئەوەی کە چەندین کتێبی رەخنەیی و دەیان تێزی دکتۆرا لە بارەی خۆی و بەرهەمەکانییەوە نووسراون و بڵاو کراونەتەوە، کەچی بۆ خۆی کەمترین قسەی لە بارەی ڕۆمان و چیرۆکەکان و کار و بەخششەکانی لە بواری ئەدەب و نووسیندا کردووە. هەروەها هەموو ئەو کتێبە رەخنەییانەی لەو سەردەمە لە بارەی ئەدەب و نووسینەوە بڵاوکراونەتەوە. کاتێکیش لێیان پرسیوە کەوا بۆچی و لەبەرچی دەنووسیت؟ وەڵامی داونەتەوە و گوتوویەتی: " چونکە من لە نووسین باشم".

شتێکی تر کە ڕەنگە بۆ خوینەر جیگای پرسیار و سەرەسوڕمان بێت ئەوەی، وێڕای لایەنە ئایینداریيەکەی خۆی، هەروەها ئەو هەموو ئازارەی بەدەست نەخۆشییەکانییەوە چەشتوویەتی، لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە خەسڵەتێکی نووسینەکانی فلانری ڕۆحانییەتە، کەچی نەک هەر نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی دادکۆکیکار لە مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان، بەڵکو ئەو دەمەی داوای لێ دەکرێ یەکیک لە چیرۆکەکانی بکریتە شانۆگەری، دەڵێ: " تەنیا شتیک کە بە هێزەوە ڕەتی دەکەمەوە ئەوەیە، گەمژەیەکی ڕەشپێست لە کارێکی مندا بکرێتە کەسایەتی و کاراکتەری سەرەکی".

باوەڕ لە دژی ساختەیی ئایین!

بە بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، وێڕای

ئاستی بەرزی ئەو داهێنانە لە باری ناوەڕۆک و ڕووخسارە ئەدەبییەکەیدا، بەڵام هێشتا ڕۆمانی (حیکمەتی خوێن)، وەک بەشێک، یان جۆرێک لە ئەدەبی ڕەشی تاوانکاری و پۆلیسی، پۆلێن دەکرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە تاوان کرۆک و تەوەری سەرەکیی نووسینەکە نییە، بەڵکو هەندێ لە ڕووداوەکان، گرتە و دیمەنەکان و زمانی گوزارشتکردن تیایدا، وا دەردەخەن کە لە ڕووخساردا ڕۆمانەکە ئاوا بێتە پێش چاوی خوێنەر.

بەهەرحاڵ، تا ئەو ڕۆژەی لە نێوەندی ئەدەبی و رەخنەگریی ئەوروپا و بەتایبەتی لە فەرەنسا، قسەی جیددی لەسەر ئەو ژنە نووسەرەی ئەمریکا نەکرا، لە وڵاتەکەیدا ئاوڕێکی ئەوتۆ لە کار و بەرهەمەکانی نەدرایەوە. ئەو هێشتا سی و پێنج ساڵی ڕەت نەکردبوو کە مرد، بەڵام بەم تەمەنە بچووکەیەوە و بە هۆی بەرهەمەکانی، کاریگەرییێکی درێژخایەنی لە دونیای ئەدەبی وڵاتەکەی و دونیادا، لە دوای خۆیدا بەجێهێشت.

ڕەنگە بەشێکی ئەو نەناسراوییەی پێشتری لە وڵاتەکەیدا، پەیوەندی بەوە هەبووبێت کە بۆ خۆی هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە، هاووڵاتییەکانی بیناسن. هەروەها بەشێکیشی بۆ باری تەندروستییەکەی بگەڕێتەوە، کە ساڵانێکی زۆر بە هۆی نەخۆشییە کوشندەکەی، کە هێز و برستی لێ بڕیبوو، دوورەپەرێز ژیا. وەک چۆن خودی خۆیشی، کەمترین قسەی لەسەر ئەزموونی خۆی و کار و بەرهەمەکانی کردووە.

وەکوتر، بە گوێرەی ئەو سەچاوانەی باسیان لە ژیانی ئەم ژنە نووسەرە کردووەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵە زۆرەی کە بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە لە کێڵگەکەی دایکی دەژیا و سەرقاڵی خوێندنەوە و بەخێوکردنی پەلەوەر بووە، ناوە ناوە و بۆ ماوەیەکی کورت نەبێت، نەچووەتە دەرەوە. جارێکیان بۆ بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی ماستەرنامەکەی، جاری

دووەمیشیان سەردانکردنی لەندەن. ئەو ژنەی دواجار کە هاونیشتمانییەکانی لە ڕێگای سەرنج و خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەوروپییەکان، زیاتر ئاشنای نهێنیی نووسین و داهێنانەکەی بوون، گەیشتنە ئەو باوەڕەی بڵێن "لە دوای ویلیەم فۆکنەر، باشترین نووسەرێک کە گوزارشتی لە باشووری وڵاتەکەمان کردبێت، فلانری ئۆکۆننۆرە".

فلانری بە تەمەنێکی بچووک، گەنجینەیەکی زۆری لەدوای خۆی جێهێشت. گەنجینەیەک کە بۆ ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بووە جێی تێڕامان و پرسیاری جیددی، پرسیاری ئەوەی ئاخۆ چۆن کچە گەنجێک دەرەقەتی بابەتی قورس و ئاڵۆز هاتووە؟ لە سەردەمێکدا کە نووسەری ناودار، ئەوانەی لە لووتکەدا بوون، زۆر کەم خۆیان لە قەرەی بابەتی ئاوا پڕ پێچ و پەنا، کە جۆرێک لە سەرکێشی پێویست بووە، نەداوە. ئەدی ئەوە چ هێزێکی تێفکرین، چ ڕامانێکی قووڵ، چ توانایەکی گەڕان، چ وزەیەکی خوێندنەوە و شیکار و وردبوونەوە، چ بوێری و ئازایەتییەکە، وایان کردووە کچێک لەو تەمەنەدا پرسی ڕەوت و ڕێچکە و مەزهەب و تایەفە ئایینییەکان و بابەتی دەججالی و گزی و فزیی پێغەمبەرە ساختەکان، بکاتە تەوەری نووسین و (حیکمەتی خوێن)یان لێ بەرهەم بێنیت؟

تا پێش (حیکمەتی خوێن)ی فلانری، ڕۆمانی (ئێلمێر گانتری)ی سنکلیر لویس، کە دواتریش کرایە فیلم، بە لووتکەی ئەو ئەدەبە بوێرەی ناو مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکا دادەنرێ، تاکە کار و بەرهەمی دانسقەیە لەو بوارەدا. ئەی چۆنە کچێک بەم تەمەنەیەوە ئەو سەرکێشییە دەکات و بەو کارەیشی، پێشەنگی، یان بەلایەنی کەمەوە شوێنێک لە ڕیزی پێشەوەی ئەو جۆری داهێنانە ئەدەبییە، داهێنانی دژایەتیکردنی دەجالی و ساختەیی بە ناوی ئایین؟

فلانـری، وەک کاسـۆلیکیێک، بەبـێ ئەوەی بەهـاو بنەمـا ئـــاییینییەکەی، یـــان ڕاســـتتر بڵێـــین بـــاوەڕ و پرەنســـیپە مەزهەبیـــیەکەی بکـــاتە ئـــامرازی ڕووبەڕووبـــوونەوە و دژایەتیکردنـــی خـــراپ بەکارهێنـــانی ئـــایین، دێـــت و ئەدەب، ئەدەب وەک، ئەندێشـــە، خەیـــاڵ، وەک زمـــان، وەک شـــێوازی دەربـــڕین و لە ئاســـتێکی بەرزی داهێنانـــدا، دەکـــاتە چەکـــی بەرەنگـــاربوونەوە و ڕیســـواکردنی مەزهەب و تـــایەفە ئـــاژاوەگێڕ و پەڕگیـــر و توندڕۆ و بکـــوژ و تاوانکارەکـــان و ئەوانەیـــش کە لە پشـــتی ئەو گوتـــارە ئـــاییینییە مەزهەبـــی و تـــایەفەگەرییەوە، مـــوژدەی بەهەشـــت و پێغەمبەرایەتـــی بە خەڵک دەدەن.

# 13| هاربەرلی:
# گۆشەگیریی وەک دەرفەتی بیرکردنەوە



نووسـەر و ڕۆماننووسـی ئەمریکـی، نیللـی هـاربەر لـی، ساڵی ١٩٢٦ لە شاری مۆنۆرفیل لە ویلایەتی ئەلاباما لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، سـاڵی ١٩٤٤ چـووەتە زانكۆی هـانتیگتون، هەروەهـا بە مەبەسـتی وەرگرتنی بڕوانامەی ماف، ڕووی لە زانكۆی ئەلابامـا کـرد و بەر لەوەی بچێتە نیویۆرک و لە کۆمپانیـایەکی فڕۆکەوانـی کـار بکـات، کۆرسـێکی خوێنـدنی لە ئۆکسـفۆردی بەریتانیـا تەواو کـردووە. لـی کە خـوێنەرێکی هۆشـیار و پێگەیشـتوو بـووە و هـاوڕێ و هاوسـێی منـداڵیی نووسـەری ناسـراوی ئەمریکی ( ترۆمان کابۆت) بووە، هەر لە قۆنـاغی زانکـۆدا، بەشـداری چـالاکیی ڕۆشـنبیری دەکـرد و لەو مـاوەیەدا لە چەنـدین پەخشـنامەی خوێنـدکاران دەینووسـی، تـا دواتـر لە گۆڤـارێکی تەنـز و کۆمێـدیی نـاو زانکـۆ، بـووەتە دەسـتەی نووسەران.

لی کە بە هۆی جەڵتەی دەماغەوە بینایی و هەستی بیسـتنی لەدەست دا، منداڵییێکی شەرمن و دوورەپەرێـز و گۆشـەگیر و دوور لە خەڵک ژیاوە. گۆشەگیری و دوورەپەرێزییێک، کە تا ئەوکـاتەی لە تەمەنـی (٨٩) سـاڵیدا مـردیش (سـاڵی ٢٠١٦)، هاوسەرگیری نەکرد.

" نەخێر ئەزیزەکەم، هەرگیز هیچ دیدارێک ئەنجام نـادەم. پێشـتر هەر شـتێک کە پێویسـت بـووە بیڵـێم، گـوتم"، ئەمە وەڵامی هاربەر لی بوو، بۆ میدیاکاری بەناوبانگیی ئەمریکـی (ئـۆپێرا وینفـری) کە داوای لـێ کردبـوو لە بەرنـامەکەی میوانـداری بکـات. ئەمە لەکاتێکـدا بـوو، ئـۆپێرا وەک شـاکارێکی مەزن و کـارێکی نیشـتمانیی مەزن، وەسـفی ڕۆمانەکەی لی کردبوو.

ئەو ژنە نووسـەرە کە لە تەمەنـی پەنجـا سـاڵیدا، تەواوی کات و تەمەنی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. یەکێـک بـووە

لەو نووسەرانەی خۆی لە چاوی میدیا و دیدار و دیمانەی ڕۆژنامەنووسیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەپاراست. لەگەڵ ئەم خۆدوورخستنەوەیەشیدا، لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)دا کە دوای مردنی، بەدواداچوونی لەسەر ژیانی ئەو نووسەرە کردووە، (سبنسەر مادری)ی کتێبفرۆش، کە هاوشاریی لی بووە دەڵێ: " جیهان ئەندێشەیەکی قووڵ و نووسەرێکی بە توانای لەدەست دا. ئێمە بە بەهرە و سەلیقەکەی، بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەکەی، بە دۆزینەوە و گوتنی ئەو ڕاستییانەی کە قەبوڵکردنیان لە جیهاندا ئەستەم بوو، یادی لی دەکەینەوە و سوپاسگوزارین کە نووسەرێکی وامان ناسی".

نووسین و وەسوەسەی مەرگ

وەک سەرەتایەکی سادە و دەسپێک بۆ چوونە ناو ئەزموونێکی قووڵتری نووسین، لی لە پەخشنامە و بڵاوکراوەکانی زانکۆ دەستی پێکرد و کورتە چیرۆکی دەنووسی، بەڵام دواتر و لە تەمەنی پەنجا ساڵی، تەواوی ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. نووسینی ڕۆمانی (چۆلەکەیەکی خۆشخوان بکوژی، یان کوشتنی چۆلەکەیەکی بێتاوان - ١٩٥٩) و چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ساڵی (١٩٦٠)، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی ئەو نووسەرە، کە بە هۆیەوە ناوی دەرکرد و چەندین خەڵاتیشی وەدەست هێنا، لەوانەش خەڵاتی ئەدەبی (پۆلیتەرز - ١٩٦١). ڕۆمانێک، لە ڕێگەیەوە نووسەرەکەی توانی سەرنجی زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەب بە لای خۆیدا ڕابکێشێ. بە جۆرێک، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەگرانە، بەرهەمەکەیان وەک کارێکی شایستە و جوان هەڵسەنگاند.

ئەم سەرکەوتنە بۆ خودی نووسەر جێگەی پرسیار بووە، بۆیە لە پای کاردانەوە ئەرێنییەکەی خوێنەر و ڕەخنەگرەکان

و دەنگدانەوەی ڕۆمانەکەی دەڵێ: " ڕاستییەکەی چاوەڕوانی سەرکەوتنی ڕۆمانەکەم نەبووم. بە پێچەوانەوە، پێموابوو ڕۆمانەکەم لەسەر دەستی ڕەخنەگران دەمرێ، مردنێکی خێرا و بە بەزەیی. لەگەڵ ئەوەشدا، هیوادار بووم بە لایەنی کەمەوە، ڕۆمانەکەم کەسێک سەرسام بکات. چونکە سەرسامیی ئەو تاکە خوێنەرە بەس بوو، بۆ ئەوەی هانم بدات لەسەر بەردەوام بوون. هیوای کەمم خواست، کەچی زۆرم لێی چنیەوە. بەڕاستی ئەمە شتێکی ترسناک بوو، وەک ئەو مەرگە خێرا و بە بەزەییەی چاوەڕێم دەکرد". دوای نووسینی ئەم ڕۆمانە، جگە لە نووسینی کورتەچیرۆک، یان نۆڤڵیت لە نموونەی (ماڵئاوایی درێژ) و چەند زنجیرەی کتێبێکی بەڵگەنامەیی بە ناوی (بکوژی ئەلاباما)، کە هیچ کام لەم دوو کارەی تەواو نەکرد، لی ساڵی ٢٠١٥ بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی دووەمی (بڕۆ، پاسەوانێک دابنێ) کە زیاتر لە ٣٠ سی ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، جارێکی دیکە هاتەوە ناو باس وخواسەکان و لەگەڵیشیدا یادەوەریی خوێنەرەکانی لەمەڕ یەکەم ڕۆمانی خۆیدا، جوڵاند.

جگە لە ڕۆمانی یەکەم و ڕۆمانی تەواونەکراوی دووەمی (ماڵئاوایی درێژ) و کتێبی زنجیرەیی نیوەچڵی (بکوژی ئەلاباما)، هاوکات هاوکاریکردنی هاوڕێ نووسەرەکەی (ترۆمان کابۆت) لە تەواوکردنی کتێبی (بە خوێنێکی ساردەوە)، کە لە بارەی کوشتنی جووتیارێک و خێزانەکەی بوو. لی چەند دانە نووسینێکی دیکەی ناسراویشی لەدوا بەجێماون، ئەوانیش: خۆشەویستی بە وشەگەلی تر - ١٩٦١، جەژنی لەدایکبوون و لی - ١٩٦١، ئەو کاتەی منداڵەکان ئەمریکا دەدۆزنەوە - ١٩٦٥ . لی، لە پای نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی و داکۆکیکردنی لە ئازادی و دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی و کارکردن بۆ قووڵکردنەوەی لێبووردەیی، ساڵی (٢٠٠٧) مەدالیای (ئازادی)ی

سەرۆکایەتیی ئەمریکای پێبەخشرا.

نووسینەوەی برین بە مەرەکەبی تەنز

لی لە ڕۆمانی یەکەمیدا، کە بە هۆیەوە ناوبانگێکی دیاری ئەدەبی دەرکرد و ڕۆمانەکە بووە ئایکۆنێکی دیاری ناو ئەدەبی هاوچەرخی ئەمریکی، بە ناونیشانی جیاواز وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی (کوشتنی چۆلەکەیەکی خۆشخوان)، یان (کوشتنی چۆلەکەیەکی بێتاوان)، یاخود (چۆلەکەیەکی گاڵتەجاڕ مەکوژە)، باسی ئەو نەژادپەرستییە دەکات، کە لە ئەمریکا هەبووە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٣٣ - ١٩٣٥ لە ویلایەتی ئەلاباما و لە سەردەمی منداڵیدا، بە چاوی خۆی بینیویەتی.

دەتوانین ڕۆمانەکە لە دوو بەشدا چڕ بکەینەوە، ئەو بەشەی ژیانی منداڵی (سکاوت) و براکەی و ڕووداو و سەربووردە و چیرۆکەکانی ناوی، لەگەڵ ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە (تۆم ڕۆبسنۆن)ی ڕەشپێستەوە هەیە، کە بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر کچێکی تەمەن بیست ساڵ بەناوی (مایلا) تۆمەتبار کراوە. ئەم بەشەیان زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەتی کە (ئاتیکۆس)ی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە و باوکی نووسەر، کە لە ژیانی واقیعی خۆیدا پارێزەر بووە و لەناو ڕۆمانەکەشدا ڕۆڵی پارێزە دەگێڕێ، دەبێتە بریکاری (تۆم) و بەرگری لێ دەکات. ئەم هەنگاو و هەڵوێستەی (ئاتیکۆس) نارازاییەتییەکی زۆری لە لای خەڵکی شارۆچکەکە لێ دەکەوێتەوە، کە چۆن دەبێ پارێزەرێک کە لەناو خەڵکدا بە کەسایەتییەکی پاک و ڕاست و مافپەروەر ناسراوە، داکۆکی لە ڕەشپێستێکی تاوانبار بکات؟

لە کۆتاییدا و لە میانی لێکۆڵینەوە و وردەکارییەکانی ناو دادگاییەکە و بەڵگەکانەوە، پارێزەرە سپی پێستەکە بێتاوانی

(تۆم)ی ڕەشپێست دەسەلمێنێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بە ساڵانێکی درێژی زیندانیکردن سزای بەسەردا دەسەپێنێ. دوای مانەوەی لە زیندان و لە یەکێک لە شەوەکاندا، کاتێ هەوڵی ڕاکردن دەدا، چونکە لە بنەڕەتدا سزایەکی ناڕەوایە بەسەریدا سەپێندراوە، (تۆم) دەکوژرێ.

بەهەرحاڵ، دەکرێ ئامۆژگارییێکی (ئاتیکۆس فینش)ی باوکی نووسەر، کە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە بۆ (سکاوت)ی کچی، زۆر کۆد و نهێنیمان لە بارەی ناواخنی ڕۆمانەکە و بەتایبەتی بەشی دووەم و پەیامی نووسەر لە بارەی سروشتی مرۆیی و بڕیاردان لەسەر ئەوانی دیکە، بۆ بکاتەوە، کاتێ دەڵێ: " کچەکەم، تۆ هەرگیز لە کەسێک ناگەیت، تا لە ڕوانگەی ئەوەوە لە شتەکان نەڕوانیت.. واتە تا ئەوکاتەی پێستی ئەو دەکەیتە بەرت و پێی دەژیت".

لی، ڕۆمانەکەی وەک دەربڕینێکی ئەدەبیی قووڵ کردە دەروازە و ئامراز، بۆ گوزارشتکردن لە ئەدگار و ناوەڕۆکی ناچیزەی ڕەگەزپەرستی، ئەوەی کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووی ئەمریکا کۆمەڵگاکەی تەنیەوە. خوێنەری ورد و وریا لە میانی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، لە پەنا تێگەیشتنی لە تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە، کە دیاردەی ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستەکانە لە ئەمریکا و لەو شارەی نووسەر خۆیشی، کە تیایدا ژیا و مرد. هاوکات لەسەر زمانی کچێکی منداڵ بەناوی(سکاوت) و ئەو چیرۆکە کۆمیدی و گاڵتەجاڕانەی (جار جار ئازاربەخش) دەیانگێڕێتەوە، پەی بە لایەن، یان تەوەرێکی دیکەی گرنگی ناو ڕۆمانەکە دەبات، ئەویش دونیای منداڵییە. منداڵی بە هەموو مانا جوانەکانی خۆی، بە بەرائەتەکەی، سادەییەکەی، یارییەکانی، بە چیرۆکە تاڵ و شیرینەکانی ناوی.

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا ئەو ڕووداوانە دەنووسێتەوە، کە بە چاوی خۆی و لە تەمەنی دە ساڵیدا لە شارەکەی خۆی

بینیوونی، وەک چۆن تیایدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی و هاوسێکانی، لایەنێکی دیکەی گرتە و گێڕانەوەکانن. بەو مانایەی دەتوانین بڵێین، ژیانی نووسەر و پەیوەندییەکانی، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و دەوروبەری، ڕووداوەکانی چواردەوری، کەرەستەی سەرەکی بونیادی ڕۆمانەکەین. ئەو دێت هەموو ئەو گرتە و دیمەن و بیرەوەری و ڕووداوانە، هەموو ئەو سوڕی ژیانە کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکانی، تەنانەت بابەتە جیددی و قووڵەکان، ڕووداوی دادگاکانی تاوان و ڕەگەزپەرستی، بە زمانێکی نزیک لە تەنز و ساتیر، دەکاتە شاکارێکی ئەدەبی.

بەشێک لە ڕەخنەگرەکان لە بارەی ئەو ڕۆمانەوە کە پاڵەوانەکەی باوکی نووسەر خۆیەتی (ئایتکۆس فینش) دەڵێن:
" ڕۆمانی لی ،پڕ خوێنەرترینی کتێبەکانی ئەمریکایە کە پرس و کێشەی ڕەگەز و نەژادپەرستی وروژاندووە".

لە ڕۆمانەکەدا جگە لە زمانی نووسین و تەکنیکی سەرکەوتووی گێڕانەوە، کارکردن لەسەر وردەکارییەکانی (بێتاوانی، سەرگەردانی و ونبوون، بوێری، لێبووردەیی و...) زۆر چەمک و بەهای تر، لایەنێکی دیکەی سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیە، کە دواجار لەسەر داوای بەشێک لە پەروەردەکار و ئەکادیمیی بواری پەروەردە، وەک هاندەر و ڕێنیشاندەرێکی خوێندکاران لەسەر گیانی لێبووردەیی و ڕەتکردنەوەی ڕق و کینە و ڕەگەزپەرستی، خرایە نێو وانەکانی خوێندن.

لە لایەکی دیکەوە، زۆرێک لە ڕەخنەگر پێیانوایە ڕۆمانەکەی لی، کە بابەتی ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی لە دژی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و ژیان و ژینگەی باشووری ئەمریکای کردووەتە تەوەری سەرەکی، بایۆگرافیی نووسەر خۆیەتی، یان بە لایەنی کەمەوە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکە بە ڕووداو و گرتە و دیمەنەکانی، هەڵێنجراوی ژیانی ئەون،

بەڵام لی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ شتێکی ژیانی ئەو لەناو ڕۆمانەکەدا نییە و دەڵێ: " ژیاننامەی خۆمم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو هەوڵم داوە نموونەیەک بخەمەڕوو لەوەی کە چۆن نووسەر دەتوانێ لەبارەی ئەو شتەی دەیزانێ، بنووسێت".

ئەو ڕۆمانەی لی، کە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ چل ملیۆن دانەی لە سەرتاسەری جیهاندا لێ فرۆشراوە، وێڕای خەڵاتی ئەدەبیی (پۆلیتەرز) بە هەمان ناوی خۆیەوە کراوەتە فیلمێکی سینەمایی و سێ خەڵاتی ئۆسکاری بردووەتەوە.

# 14| كریستا ڤۆڵف:
## پێناسەکردنەوەی شۆڕش



سەرنج:

بەو پێیەی زۆرینەی نووسینەکانی نووسەر، بەرهەمی بەر لە ڕووخاندنی دیواری (بەرلین)ن، ئەو دیوارەی لە ئەنجامی شەڕی هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی، ئەڵمانیای کردە دوو پارچە، ڕەنگە بوونی هەندێ چەمک و وشە و دەستەواژە و ناوی شوێن و ڕووداو لەناویاندا (تەنانەت لەم نووسینە کورتەشدا!) بۆ خوێنەر و بەتایبەتی بۆ نەوەی دوای ڕاپەڕین جێی پرسیار بن، بۆ نموونە (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، ئەڵمانیا ڕۆژئاوا) و هەندێ وردە شتی دیکە، بۆیە ئەم بەرچاوڕوونییەم بە پێویست زانی.

لەدایکبوون و ژیان

ژنە ڕۆماننووسی ئەڵمانی کریستا ڤۆڵف لە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩٢٩ لە شاری لاندسبێرگ کە ئەوکات لەناو سنووری پۆڵەندا بوو، لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانی و پێشڕەوی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لەگەڵ خێزانەکەیان ڕوو دەکەنە شاری گیملینی ویلایەتی میکلنبۆرگ فۆربرۆمنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٩٤٩ پەیوەندی بە حیزبی یەکێتیی سۆسیالیستیی ئەڵمانییەوە (حیزبی فەرمانڕەوا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) کردووە و تا ساڵی ١٩٨٩ ئەندامی ئەو حیزبە بووە. خوێندنی خۆی لە بواری ئەدەبی ئەڵمانی لە هەردوو زانکۆی یێنا و لایبزیگ لەسەر (هانس ڤالادا)ی نووسەری ئەڵمانی تەواو کردووە.

وەکو نووسەر لە گۆڤاری (ئەدەبی نوێی ئەڵمانی) دەست بەکار بوو و ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە یەکێتیی نووسەرانی

کۆماری دیموکراتی ئەلمانییەوە کرد و ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی واژۆکردنی لەسەر نامە کراوەی نووسەران لە دژی بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لە نووسەری ئەڵمانی (ڤۆڵف بێرمان)، لە یەکێتییەکە دەرکرا.

ڤۆڵف تا پێش ڕووخانی دیواری بەرلین، سەرەڕای داتەپینی سیستەمی کۆمۆنیستی ئەوکات و تا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٩١ لەبەر چاویدا خۆری ئەو فەرمانڕەواتییە ئاوابوو، پێی وابوو دەتوانێ وڵاتی خۆی ڕزگار بکات.

کریستا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا ژیا و کاری کرد و لە چیرۆکەکانیدا جەختی لەسەر ژیان لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان و نموونە و بەهاکانی دەکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی چووە ڕیزی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٨٩ کە داوای چاکسازییان دەکرد، بە توندی لەسەر ڕەخنەکردنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەستا. ئەو خۆپیشاندانەی دواجار بووە هۆی ڕووخانی دیواری بەرلین.

کریستا لە تەمەنی ٨٢ ساڵی و دوای تەمەنێک لە نووسین و تێکۆشان لەپێناوی سەربەخۆیی ئەڵمانیا ڕۆژهەڵات دژی هەر یەکگرتنەوەیەکی لەگەڵ ڕۆژئاوا، کۆچی دوایی کرد و تا هەنووکەش قسە ناودارەکەی لە گوێچکەی زۆربەی ئەڵمانییەکاندا دەزرنگێتەوە : " لە نیشتمانی خۆتاندا بمێننەوە، لەگەڵ ئێمە بمێننەوە. بێگومان ژیان زۆر سەخت دەبێت، بەڵام بەسوود و هاندەریشە".

جگە لە کتێبەکانی، ڤۆڵف، دوو کچی لە هاوسەرە نووسەرەکەی (جیرارد ڤۆڵف) هەن.

نووسەری دەسەڵات

لە خۆپیشاندانی گەلێریی ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ لە بەرلین لە دژی سیاسەتەکانی سیستەمی

کۆمۆنیستی، ڤۆڵف وتاره ناودارەکەی خۆی بەناوی (زمانی گۆڕانکاری) خوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو نووسەرانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بڕوای بە هەڵوەشانەوە و ڕمانی کۆماری ئەڵمانیا نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەی بەردەوام بوو، بەوەی کە دەتوانرێ سۆسیالیزم بەشێوەیک چاکسازیی تێدا بکرێ کە لە سای سەرکردایەتییکی دیکەدا، زۆرتر مرۆیی و ژیاندۆستتر بێت.
لە سەرەتای نەوەدەکانی سەردەی ڕابردوودا ئەوە ئاشکرا بوو کە کریستا هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەت (شتازی ١٩٥٩ - ١٩٦٢) کردووە، ئەمە وایکرد لە دیدی هەندێک کەسدا کریستا وەک (نووسەری دەسەڵات) بناسرێ. ئەو شتەی کە وایشی کرد هەڵمەتەکە بۆ سەر نووسەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەردەوام و توندتر بێت، ڕۆمانەکەی خۆی (ئەوەی ماوەتەوە) بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش لەو نێوەدا ئەوەبوو کە سەرەڕای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی و هەڵمەتکردنە سەری لە میدیا و ڕەخنەگرتن بە هۆیەوە لە کارە ئەدەبییەکانی، وەلێ دواجار بە گوێرەی هەندێ دیکیۆمێنت و بەڵگە دەرکەوت کە ئەم هاوکارییە دادی کریستای نەداوە، بەڵکو تا دواڕۆژەکانی تەمەنی حکومەتی ئەڵمانیا ڕۆژهەڵات، کریستا و خێزانەکەی لەژێر چاودێرییکی وردی هەواڵنێر و نیگابانەکانی (شتازی) بوونە.
لەکاتێکدا کە تا ئێستاش هەندێک کەس بە (نووسەری دەسەڵات) ناوی دەبەن، بەڵام هەندێکی تر وەک نووسەرێکی مەزن سەیری کریستا دەکەن، یەکێک لەوانە (گۆنتەر گراس)ی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە کە دەڵێ : " کریستا لووتکەیەکە لە لووتکەکانی ئەدەبی ئەڵمانی و شایستەی خەڵاتی نۆبڵە".

خەڵاتی ڕاستگۆیی

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لێی گیراون، وەلێ لە پای کار و بەرهەم و نووسینەکانیدا، کریستا چەندین خەڵاتی ئەدەبی پێ بەخشراون. لەوانە، لە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی (بۆشنێر - بەرزترین ڕێزلینانی ئەدەبی ئەڵمانی)ی وەرگرت، هاوکات دووجاریش بەدوای یەک خەڵاتی نیشتمانیی کۆماری دیموکراتی ئەلمانیای پێبەخشراوە. دواجار و ساڵی ٢٠١٠ لە پای بەدیکۆمێنتکردنی تێکۆشان و هیوا و هەڵەکانی تەمەن و ژیانی خۆی، خەڵاتی ناسراو و بەهاداری (تۆماس مان)ی لە ئەڵمانیا پێبەخشرا.

بەخشینی خەڵاتی (تۆماس مان)ی ئەدەبی بە ڤۆڵفی تەمەن (٨١) ساڵ، چەندین پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا. لیژنەی داوەری و بەرپرس لە بەخشینی ئەم خەڵاتە و لە نیویاندا (بێرند زاکسێ - شارەداری شاری لۆبیک) کە خەڵاتەکەی بەخشییە نووسەر، لە بەرامبەر ئەم پرسیارانە ئەوەی ئاشکرا کرد کە " ڕەچەڵەک و سیاسەت لەم نێوەدا ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکو ئەو زمانە ئەڵمانییە ڕۆڵی بینی کە نوێنەرایەتیی (تۆماس مان) دەکات. زمانێک هۆکار بووە لەوەی پارچەبوونی ئەڵمانی بەردەوام نەبێ". ڤۆڵفیش لە میانی وتەیەکدا کە لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتەکەدا پێشکەشی کرد، ئاماژەی بە کاریگەریی قووڵی تۆماس مان لەسەر خۆی و کارەکانی کرد و گوتی: " ڕۆمانی دکتۆر فاوستۆس لە پێشینەی ئەو کتێبانەیە کە هاوکارم بوو لەوەی بە قووڵاییەکاندا ڕۆ بچم و تۆز لەسەر جەوهەری شتەکان بتەکێنم. ڕونتر بڵێم، تۆز لەسەر جەوهەر نا، بەڵکو لەسەر فاشیزمی ئەلمانی بتەکێنم"

لە بەیاننامەی لیژنەی داوەریشدا، ئەو لیژنەیەی خەڵاتی بە کریستا بەخشی، هاتووە: " کریستا بەشێوەیەکی ڕەخنەیی، ململانێکانی سەردەمەکەی و خەونی نەوەکانی و هەڵەکانی خۆی کردە بابەتی پرسیار لەناو کارەکانیدا و بە شێوەیەکی

جیــددی و ئەخلاقــی و لە میــانی توانــایەکی داهێــنەرانەی گێڕانەوەدا، ئەم گرتە و دیمەنـانەی وینا کـردوون، لەوانەش گرنگتر، ئەو شتەی کە کریستا لەوانی دیـکە جیا دەکـاتەوە و بە هـۆیەوە سـەرنجی خـوینەرانی بەلای خۆیـدا ڕاکێشـا و ناوبــانگی پــێ دەرکــرد، ڕاســتگۆیی و بەردەوامــی و خۆڕاگرییەکەی بوون".

ئەزموونی نووسین

کریستا سـەرەتای ژیـانی ئەدەبـی خـۆی بە (چیرۆکەکـانی مۆســکۆ، یــان چیــرۆکە مۆســکۆییەکان) دەســت پێکــرد، چیــرۆکەکە بــاس لە پەیوەنــدیی خۆشەویســتیی نێــوان ژنە پزیشکیکی بەرلین و وەرگێڕێگی ڕووسی دەکات.

چیرۆک و ڕۆمانە سەرەتاییەکانی کریستا بنەمایەکیـان بـۆ ئەدەبی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات داڕشت و خەونی نوێ بوون بۆ ئەو دەوڵەتە تـازە پێگەیشـتووە، بەتـایبەتی لە کـاری یەکەمیـدا (چیرۆکەکـانی مۆسـکۆ - ١٩٦١)، دوای ئەویـش (ئاسـمانی هــاوبەش، یــان ئاســمانی پــارچەبوو - ١٩٦٣). بەدوای ئەوانیشــدا (کریســتا ت - ١٩٦٨) و (لەژێــر ســێبەرەکانی زەیزەفـوون - ١٩٧٤) و (نمـوونەی منـداڵی - ١٩٧٦) کە لە ڕێگەیانەوە تویکاریێکی وردی بۆ سیستەمی نازی کردبـوو و تیایاندا هەوڵێکی جیددی دابوو بۆ شکاندنی دیواری بێدەنگی بەرامبەر ڕابردووی هیتلەری لە ئەڵمانیا.

بەرهەمەکـانی ڤۆلـف بـۆ زیـاتر لە (٢٠) بیسـت زمـانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون.

ئەوەی دەمێنێتەوە – (١٩٩٠)

ڕۆمـانی (ئەوەی مـاوەتەوە - ١٩٩٠) یەکێکە لە بەرهەمە سەرنجڕاکێشـەکانی نووسـەر، بەرهەمێـک بە هـۆیەوە بـووە

جێی باس و خواسی نێوەندە ئەدەبی و سیاسییەکان، تا ئەوەی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی میدیایی توند بکرێتە سەر متمانە و پێگەی ئەدەبیی ئەو ژنە نووسەرە.

لە بارەی چیرۆکی نووسینی ڕۆمانی (ئەوەی ماوەتەوە)دا نووسەر لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ساڵی ١٩٧٩ دەستی بە نووسینی کردووە، بەڵام ویستوویەتی بۆ ساڵانی دوای ئەوەش کاری تێدا بکات. وەلێ تا ئەو دیوارە نەڕووخا کە ئەڵمانیای کردبووە دوو وڵاتی جیاواز لە هەموو شت، دوو وڵات کە جگە لە زمانی ئەڵمانی، هیچ شتێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە، نەگەڕاوەتە سەر نووسینەکەی.

چیرۆکەکە دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژێکی ژیانی نووسەرە لە بەرلینی ڕۆژهەڵات کە تیایدا ماڵی خۆی و ژیانی پیشەیی خۆی دەخاتە خزمەتی چاودێریکردنی هەواڵگر و نیگابانەکانی (شتازی). لە میانی ئەمەدا دەرهاویشتەکانی ئەو چاوێریکردنە ئاشکرا و بێدەنگە و هەستکردنی نووسەر و پرسیارە خودییەکانی و هەموو گۆڕانکارییە ڕۆژانەییەکانی ژیانی خۆی، دەخاتەڕوو.

پاڵەوانی چیرۆکەکە لە مەنەلۆگێک و گفتوگۆیەکی نەبڕاوەدایە لەگەڵ خۆی و خودئەزموونکردن. لەوێدا نووسەر بەسێ جێناوی جیاواز دەردەکەوێ، جارێک (من) و جارێکی تر (تۆ) و دواجاریش وەک کەسی سێیەمی نادیار.

کەسی یەکەم (من) هەڵوێستێکی لایەنگیریی بەردەوامی بۆ ئەو وڵاتە ڕۆژهەڵاتییە هەیە، لە کەسایەتییەکی دیکەدا بە شوێن دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بۆ گوزارشتکردن دەگەڕێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ڕاستگۆیی و زیندوویێتی، گوزارشت لە ئەزموونەکانی نووسین و دەردەسەرییەکانی بکات.

کریستا لەو چیرۆکەیدا، ڕووداوە ڕۆژانەییە ڕۆتینییەکانی هاووڵاتیی ئەو وڵاتە کۆمۆنیستییە دەخاتەڕوو، بەتایبەت کاتێک ماڵەکانیان لە نائامادەیی خۆیشیاندا بەسەر دەستدرێژی

و هێرشـەکانی پیـاوانی ئاسـایش کـراوە بـوو. ئەو مـاڵانەی تیایاندا قسەکردن بە چرپە و ئامـاژە بـوو، ئەو مـاڵانەی تەنیـا دوای پساندنی وایەری تەلەفۆنەکانیان دەیانتوانی بە دەنگێکـی نـزم بـدوێن، چـونکێ تەلەفۆنەکـانیش چـاو و گـوێی نیگابـانی بوون. ئامێرگەلێکی پەیوەندیکردن کە جگە لە قسـەی ئاسـایی بێ مانای ڕووپۆش کراو بە کۆدی نهێنی، هیچی دیکەیان تێدا ئاڵوگۆڕ نەدەکرا.

لە ڕۆمـانی (ئەوەی مـاوەتەوە - ١٩٩٠) کریسـتا پەردەی لەسەر پەیوەندیی خۆی و دەزگای پۆلیسـی سیاسـی ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵات لە نێـوان سـاڵانی (١٩٢٦ - ١٩٥٩) بە سـیفەتی (هاوکارێکی نافەرمی) هەڵدایەوە. ئەو دەمەی بڕوای وابـوو کە دەتـوانرێ دەوڵەتێکـی دیمـوکراتی لە ئەڵمانیـا ڕۆژهەڵات بە (ڕووخسارە مرۆییەکەی سۆسیالیزم) دابمەزرێندرێ.

ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە لە میانی کارێکی ئەدەبیدا کە نووسـەر تـا ئەوپەڕی بـوێری، ددان بەو ڕابـردووەدا دەنـێ، کەچی دواجار خراپ بەسەر نووسـەردا شـکایەوە، بەتـایبەتی کە دەوڵەتی نوێی دوای ڕووخـاندنی بەرلـین، دەسـتی کـرد بە پاکتـــاوکردنی وڵات لەوەی نـــاوی نـــابوو (پاشـــماوەکانی سەردەمی ڕابردوو!)، بەمەش کریستا ناچـار بـووڕوو بکـاتە ئەمریکا و لەوێ وەک پەناهەندە بمینێتەوە.

ڕۆمانی (ئاسمانی پارچەبوو – ١٩٦٣)

(ئاســـــمانی پـــــارچەبوو - ١٩٦٣) ئەو بەرهەمەی ناوبـانگێکی ئەدەبیـی دیـاری لە ئەڵمانیـای دیمـوکراتی بە نووسـەر بەخشـی. چەقـی بـاس لەو ڕۆمانەیـدا، دابەشـکردنی ئەڵمانیـا و دەرهاویشـتەکانی ڕەنگـدانەوەیانە بەسـەر مرۆڤـی ئەڵمـانی و خەون و هیواکـانی. ڕۆمـانەکە خسـتنەڕووێکی خەیاڵاوی بـان واقیعـی، شوونـاسیی کەسـایەتیی ئۆپۆزسیۆنی

دژە ئەو دابەشکارییەیە. لەم ڕۆمانەدا (ئاسمان) سیمبۆلە بۆ گوزارشت کردن لە خەون و خولیا، هیوا و ئومێد، ترس و دڵنیایی، خەم و خۆشی،، خۆشەویستی و دڵتەنگی کە بە ڕووخانی دیواری بەرلین، زۆربەیان کۆتاییان دێ. ڕووداوەکان لە بارەی کچێکی نۆزدە ساڵی (ریتا زایدڵ - خوێندکاری پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان و کرێکاری کارگەی دروستکردنی فارگۆنی شەمەندۆفێر) و (مانفرێد هێرفۆرت - پسپۆری کیمیاوی لە یەکێک لە کۆمپانیا و کارگەکانی پترۆکیمیاوی)ی هاوڕێیەتی. ئەوان دوو کەسایەتیی جیاوازن لەباری باکگراوندی ژیان. ڕیتا کچیکی لادێی پڕ جووڵە لەگەڵ مانفرێدی شارنشینی عەقڵانی. ئەم کچ و کوڕە لە کەرنەڤاڵیکی لادێی بۆ سەماکردن یەکتری دەناسن، بەدوایدا پەیوەندیی خۆشەویستی بەیەکتریان دەبەستێتەوە و بەیەکەوە و لە ماڵی باوکی کورەکە دەژین.

مانفرێد کە لە ئامێزی خێزانێکی هەڵوەشاوە گەورە بووە، تووشی بێهوودەیی دەبێت و باوەڕی بە سیستەمی ئابووریی سۆسیالیستی نامێنێ، هەر بەم هۆیەشەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ و وڵاتەکەی جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە پارچەی ڕۆژئاوا، ڕیتا زۆر هەوڵ دەدا بمێنێتەوە، چونکە کچە پێی وابوو بەشی ڕۆژئاوا نابێتە وڵاتی ئەو. کوڕە دەڕوا و دوای ماوەیەک دیواری بەرلین هەڵدەچنرێ، ئیدی بۆ هەتا هەتایە ئەم دوو خۆشەویستە لە یەکتر دادەبڕێنێ. دوای ئەوە ڕیتا هەوڵی خۆکوشتن دەدا، بەڵام نامرێ و بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ هۆشی لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەک دەمێنێتەوە، پاش بێداربوونەوەی، چیرۆکی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی و بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە.

تێرمانەکان لەبارەی کریستا - ١٩٦٩

تێڕامانەکــان بەشــێکی زۆری وردەکارییەکــانی ژیــانی تـایبەتیی کریسـتایە، بەتـایبەتی کە جێ پێـی خـۆی بە تەواوی لەنـاو ئەدەبـی ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵاتـدا گـرت. ئەم بەرهەمەی، دەرگــای لە بەردەم ڕەخـنەی تونـدی بەرپرسـەکانی کەرتـی ڕۆشنبیریی وڵاتە کۆمۆنیستییەکە بۆ سەر نووسەر کردەوە.

چیرۆکی ئەم نووسینەی کە زیاتر ژیاننـامە (بایۆگرافیـا)ی نووسـەرە، بـاس لە ڕووداوەکـانی کۆتـایی جەنگـی دووەمـی جیهـانی و سـەرەتاکانی دامەزرانـدنی کۆمـاری دیمـوکراتی ئەڵمانیا دەکات. لەوێدا کریسـتا ژیـان و چەرمەسـەرییەکانی و مردن بە هۆی شێرپەنجەی خوێن دەکـاتە تەوەری سـەرەکی گێڕانەوە. گێڕانەوەیەک کە زیاتر لە کاردانەوەیەکی جەستەیی - دەروونــی خــۆی دەکــات. وەکــوتر، ئاڵۆزییەکــانی نێــوان سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی (کە بەرهەمی سیاسەتی کۆمـاری نوێ بـوون) لەگەڵ ویستـی تـاکەکەس بـۆ ئـازادی، لایەنێکـی دیکەی گرتە و دیمەنەکانی نووسینەکەن.

نموونەی منداڵیی - ١٩٧٦

یەکێک لە دیارترین و ناسراوترین بەرهەمەکانی کریسـتا، ڕۆمــانی (نمــوونەی منــداڵی - ١٩٧٦)ە، ئەم بەرهەمەیشــی دیسانەوە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکـانییەتی، یـان ڕاسـتتر بڵێـێن ژیاننامەیەکی وردتری خۆیەتی. نووسەر بەبێ ئەوەی باس لە بابەتی سەرەکی (واتە باس لە خۆی) بکـات کە ڕاستییەکەی، گێڕانەوەکـان ڕەنگدانەوەی واقیعـی ڕابـردوو و وەسـفکردنی قۆناغەکانی گەشـتی کەسـایەتییەکانی نـاو ڕۆمـانەکەیە، هەوڵ بۆ سەرکەوتن بەسـەر ڕابـردوو و تێپەڕانـدنی گیروگازەکـانی دەدات.

لە ڕۆمانی (نموونەی منـداڵی)دا نووسـەر بـاس لە ژیـانی شارێکی هاوئاهەنگ دەکات لە سـایەی سۆسـیال - ناسـیونالی (نــازی)دا و ڕووداوەکــانی نــاو ڕۆمــانەکە، تــا کۆتاییهــاتنی جەنگــی ڤێتنــام درێـژ دەبـنەوە. ئەگەرچـی ڕووداوەکـان بەدوا

یەکـدا و بە زنجیـرەی مێژوویــی نەخـراونەتە ڕوو، بەڵکـو گێڕانەوەی تێکەڵێ شوێنکاتی ڕووداوەکـانی ڕابـردوو، بەڵـگە و ســـیماکانیانە، بەڵام تەوەرە ســـەرەکییەکەی ڕۆمـــانەکە، گێـڕانەوەی وردی ئەزمـوونی منـداڵییە، یـان وێنـاکردنێکی وردی منـــداڵێتییە لە ســێبەری فەرمـــانڕەوایەتیی سیســـتەمی نازیدا.

شاری فریشتەکان، یان پاڵتۆکەی دکتۆر فرۆید - ٢٠١٠

تەواوکردنــی ڕۆمـانی (شـاری فریشـتەکان)ی کریسـتا دە سـاڵی خایانـدا. لەم ڕووەوە نووسـەر لە ٢١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٩٣ لە کالیفۆڕنیـــا و لە نامەیەکیـــدا بـــۆ هـــاوڕێی نووسەرەکەی (گۆنتەر گراس) دەنووسێ: " جارێکیان فرۆیـد گوتی، مرۆڤ ئەگەر تووشی خەمۆکیێکی سادە بوو، دەتـوانێ باش بنووسێت. کەواتە وێدەچێ خەمۆکییەکەی من سادە بێـت، ئەوەتا مـن لە پێنـاو نزیکبـوونەوە لەو مـرۆڤە (خـۆمی بەر لە ســی سـاڵ)، هەروەهـا بـۆ ڕزگـاربوون لەو سـاردییە و ئەو هەستکردنە بە نامۆیی، دەنووسم".

ســـەرەڕای زاڵبـــوونی بەشـێک لە ڕەگەزەکـانی ڕۆمـان بەســـەر بەرهەمەکەیـــدا، بەتـــایبەتی باڵادەســـتی خەیـــاڵی ڕۆماننووســی بەســـەر زمـــانی گێـــڕانەوەی هەڵچوونەکـــانی نووســـەر و تێڕامـــانە سیاسـییەکانی، وەلــێ پـۆلێنکردنی ئەم بەرهەمەی کریسـتا کە بـریتییە لەو تێبینــی و سـەرنجانەی لە سەردەمی کۆماری دیموکراتیی ئەڵمانی یاداشتی کردبـوون بە ڕۆمان، ئاسـان نییە. تەنـانەت خـودی نووسـەر لەم بـارەیەوە ئامـاژەی بەوە کـردووە کە لەم نووسینەیدا بیـری لە ڕەگەز و ژانــرە هــونەرییەکەی نەکــردووەتەوە و تەنیــا ویســتوویەتی تێکەڵەیەک بێـت لە لایەنەکـانی واقیعـی بـاو. بـۆ خـوێنەرێکی ئاسایی (پاڵتۆکەی دکتـۆر فرۆیـد) ئاسـان نییە ئەو پرسـیارانە فەرامـۆش بکـات کە نووســـەر دەربـــارەی گـــۆڕانی فیکـــری

سیاسی، وەک پێداویستیی پرۆسەکانی گۆڕان وروژاندوونی. ڕۆمانەکە زیاتر لە گەواهینامەیەکی درێژ دەکات، مەنەلۆگیکی سەیرە کە تیایدا لە پرۆسەیەکی سەرنجڕاکێشی گێڕانەوەدا، تایبەت و گشت لەیەکتری نزیکتر دەکاتەوە.

نووسەر تێبینییەکانی خۆی کە لە ماوەی نۆ مانگدا (١٩٩٢ - ١٩٩٣) لە لۆس ئەنجلۆس ژیاوە لەگەڵ هۆکارەکانی چوونی بۆ وڵاتی مام سام (ئەمریکا!) لە چوارچێوەی ئەم بەرهەمەیدا کۆکردوونەتەوە. بەو پێیەی لەم وڵاتەدا دەرفەتی ئەوەی دراوە لاپەڕەکانی ژیانی تێکۆشەرێکی سۆسیالیست لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و بەر لە ڕووخاندنی دیواری بەرلین، یاداشت و دیکۆمێنت بکات. نووسەر پێیوایە لەو شارەدا لە پێستی خۆی دادەماڵدرێ و هەوڵی زانینی ژێر ئەو پێستەی دەدرێ، چونکە ئەو لە وڵاتێکی کۆمۆنیستی هاتووەتە ئەوێ.

هەر لە ڕوانگەی ئەو هۆشیارییەی بە خودڕووتکردنەوە، نووسەر لەو نووسینەیدا دوو ڕۆڵ دەگێڕێ. جارێکیان وەک گێڕەرەوە و ئەو ڕۆڵەی ناو دەنێ (هەستکردنی لەسەرخۆ و لەتاریکیدا بە ڕابردوو)، لە ڕۆڵی نووسەریشدا هەوڵی چنینەوەی دەق و تێکەڵکردنی بە هەندێ دەنگی دیکەی ئەڵمانی دەدات کە لە سەردەمی جیاواز لە هەمان ئەو شارەدا ژیاون، لەوانە (تۆماس مان و برتۆڵد برێخت).

لە ڕۆمانی (شاری فریشتەکان)دا نووسەر بە شێوازێکی نزیک لە شێوازی (جاک دێریدا) لە کتێبی (ئەرشیفی فرۆیدی)، کاری لەسەر ئەرشیفکردن کردووە. ئەم شێوازی ئەرشیفکارییە بەقەد تۆمارکردنی ڕووداو، لەگەڵ خۆیشیدا ڕووداو دروست دەکات. واتە ئەرشیفکاری لە تەنیا پرۆسەی کۆکردنەوە تێدەپەڕێنێ، ئەمەش وەک ئامرازێک بۆ بەرهەنگاری و بیرهاتنەوە، یان بە مانایەکی ڕوونتر، ئاوێنەی خودە لە دەرەوەی هەژموون و جەبر و فشاری دەسەڵات و

سیستەمی کۆمەڵایەتی. بەم چەشنە، (پاڵتۆکی دکتۆر فرۆید) ڕۆچوونە بەناو قووڵایی چینەکانی مێژووی کۆن و نوێی ئەڵمانیا.

چەمکی (یادەوەری) لەم ڕۆمانەدا، چەمکی هەر زاڵە و زیاتر لە هەر وشەیە و چەمکێکی دیکە چەندبارە بووەتەوە. لەوێدا نووسەر ئەو خودە تێدەپەڕێنێ کە تەنیا باسی دوێنێ و ئەمڕۆ بکات، بەرەو خودێک کە بۆ خۆی چەق و هەموو شتێکە. بەوپێیەی جگە لە دوێنێ و ئەمڕ، بایەخێکی زۆریش بە دەرهاویشتە و ئالنگارییەکانی داهاتوو دەدات.

تێگە و بیرۆکەی ڕۆمانەکە بریتییە لە پەیوەندیی نووسین بە خود، نووسین وەک (ئیشکردن لەسەر خود ئەویش لە میانی ئەو دەزووە سنوورییەی کە نهێنیی شاراوەی خۆدی خۆتی پێچراوە کە بە دیوێکدا بە مانای برینداركردن و تێکشکاندنی خود دێت. هاوکات جۆرێکیشە لە بەهادانان و ڕێزگرتن لەم دەزووە سنوورییە و هێدی هێدی هەنگاونان بۆ خودئازارکردن لەو تابۆ و بڤانەی کە ددانپێدانانیان ئاسان نەبووە و لە خانەی بێدەنگی لێکردن بوون. بەمەش، ئەو پرۆسەیە تێکشکاندنی خود نییە، بەڵکو ئازادبوون و ڕەهابوونە لەو تابۆ و بڤانە بەبێ ترس لە ئازاری چاوەڕوانکراو و هەنگاوێکیشە بۆ زاڵبوون بەسەریدا. کریستا لەم بارەیەوە دەڵێ " لە بنەڕەتدا بەشێک لە چێژی قسەکردن، بریتییە لە چێژی تێکشاندن و ڕووخاندن، ئەو پرۆسەیەیەش چێژی تێکدانمان لە فیزیا بیر دەخاتەوە، لە چاودێریکردنی وردی کەسەکان و گواستنەوەی هەموو باس و خواسەکانی نێوانیان بۆ سەر کاغەز بەبێ ڕەچاوکردنی هەست و سۆزەکان. ئەم پرۆسەی تێکدانەش هاوسەنگییێک بەرهەم دینێ، ئەویش لە میانی چێژی کەشف و دروستکردنەوەی سەر لەنوێی کەسەکان، بەوەی کەسایەتیی جیاواز و پەیوەندیی نوێ لە نەبوونەوە بەرهەم بێنێت و هەموو ئەو

شتانەی پێشووتر بسڕیتەوە".
به تەنیشت ئەم مانایە، ڕۆمـاننووس پێیـوایە گەڕانـدنەوە و قسـەکردن لەسـەر وردەکارییەکـان، جـۆرێکە لە گەڕانەوە بـۆ (پنتی کوێر) کە لە قووڵایی هۆشیاریمان دایە.
لە گەمەی گێڕانەوەدا، ڕۆمانەکە پڕیەتی لە ناو و سیمبولی ڕۆشـنبیریی ناسـراو کە ڕاسـتەوخۆ گرێـدراوی یـادەوەریی ئەڵمانیـــان. ڕۆمـــانەکە کە لە نێـــوان هەردوو کـــۆڵەگەی (دەسـتبەرداربوو و بەرگـری) دێـت و دەچێـت، چیرۆکێکـی نامۆی داهێناوە، چیرۆکەکەش پەیوەنـدی بە پـاڵتۆی فرۆیـدەوە هەیە، ئەوەی کە بە (جاودلێکراو) ناوی دەبات. بەو مانـایەی، ئەو پاڵتۆیەی گەرمت دەکـاتەوە، هاوکـات دەتشـارێتەوە. بـۆیە پێویسـتە ئەو پـاڵتۆیە بە بـاری ناوەوەیـدا وەربگێڕدرێـت، بـۆ ئەوەی ناوەوەی بینراو بێت.
ئەم گەمەیە، گەمەی جیـــاوازیی نێـــوان بیرهـــاتنەوە و لەبیرچوونەوەیە، هەر ئەمەشە وا دەکات خـوێنەر سـەری لەو ڕەگەز و ژانرە ئەدەبییە سوڕ بمێنـێ کە ئـاخۆ ئەمە ڕۆمـان، یاداشـــتنامە، بیـــرەوەری، مۆنۆلـــۆگێکی ڕاشـــکاو، یـــان دەربڕینێکی بێدەنگە؟
ڤۆلـــف بەم بەرهەمەی دەرگـــایەک لەســـەر ڕابـــردوو دەکـــاتەوە، دەرگـــایەک کە لەگەڵ هـــاتنی بـــۆ ئەمریکـــا بە پاسـپۆرتی (وڵاتیـک کە ئیـدی بـوونی سیاسـی و جـوگرافی) نەمـــاوە، دەوروبەری خـــۆی تووشـــی شـــۆک دەکـــات. ئەو دەوروبەرەی هەموویان لە دەیانەویست لەو هەستکردنە بگەن کە کەسیک هەیەتی، کەسیک وڵاتیکی جێهێشتووە کە نەماوە

کریستا و یادەوەریی

بە بۆچـوونی کریسـتا " یـادەوەری ڕێـڕەو و ڕێچـکەی زۆری هەن، لە نێویاندا ڕێچکەی هەست و سۆزەکان لە هەر

هەموویان ڕاستگۆ ترە".
یادەوەری لای کریستا کە دواجار لە ڕێگای چێژی تێکشاندنەوە بەرهەمی دێنێتەوە، بابەتێکی گرنگی ناو کارەکانییەتی. پرسیار ئەوەیە نووسەر دەیەوێ چی و چۆن و بۆچی تێکبشکێنێ؟ وەڵامەکە پەیوەندیی بە وێستگەکانی ژیان و قۆناغەکانی تەمەن و ئەزموونەکانی نووسەر خۆیەوە هەیە. بەو پێیەی بابەتگەلی زۆر هەن کە بە درێژایی ژیانی، نووسەریان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، لە پابەندی و ئەندامێتیی حیزب بۆ ململانێی نێوان دەستەبژێرەکان و ڕۆڵی جووەکان بەر لەوەی ببێتە بەشێک لە ڕابردووی (سەردەمی نوێ)، لە ڕابردووی ئەڵمانیای مەزن و دەوڵەمەند و ئازاد، هەموو ئەوانە لە تویی قسەکردن و گێڕانەوەکانیدا ئامادەیی بەردەوامیان هەیە.
ئەو تاڵە دەزووەی هەموو ئەو بابەتە پەرش و بڵاوانە بەیەکەوە گرێ دەداتەوە، ئامرازی دەستی کار و لێکۆڵینەوەکانی ڤۆڵف بوو کە دواجار لە میانیانەوە و لە کۆتایی تەمەنیدا، بە شوێن خودی خۆیدا دەگەڕێ و دەپرسێ: " بۆچی خۆمی ڕاستەقینە ئاشکرا نەکەم، بۆ ئەوەی زیاتر خۆم بناسم؟" ئەم وەسوەسە و دڵەڕاوکێ و پرسیارکردنە لە پێناو دۆزینەوەی خوددا، هۆکاری ئەوە بوون کە نووسەر هەرگیز هەست بە ئاشتیی ناوەوەی خۆی نەکات، هەست بەوە نەکات کە خودێکی ئۆقرە گرتووە، خودێکی دڵنیا و ئەرخەیان. ئەمەش ئەگەر مانایەکی هەبێت، ئەوا بەو مانایە دێ کە نووسەر خاوەنی ویژدانیکی زیندوو، بوێری و ئازایەتییەکە کە ڕێگای نادەن ڕابردوو (ڕابردوو وەک ئەزموونی هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکان، وەک ئەزموونی پڕ هەوراز و لێژی خود، وەک بەشێک لە یادەوەریی گشتی کۆمەڵگایەکی سەراسیمە و دۆش داماو لە بەردەم دوێنێ و ئێستا و داهاتوو، دوێنێی پارچەبوون و

ئەمڕۆی یەکگرتنەوە و سبەی ئاوێتەبوون) لە خۆیدا وەک نهێنییەک بپێچێتێتەوە. ئەو ویژدانە زیندوو و بوێرییەی دەیخەنە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی کە بڵێ: " بەڕاستی دەمەوێ خودی خۆم ئاشت بکەمەوە، کە هەست".

کریستا، پەیامی نووسین

ژیان و نووسین لای کریستا تێکەڵ و ئاوێتەن، بەو پێیەی ئەدەب پێویستی بەوەیە بە تەنیشت مرۆڤەوە بێت. ئەوە ئەو پەند و وانە گرنگەی نووسەرە کە بە هۆیەوە، وردە وردە وەک ڕۆماننوسێکی مەزن، پێگەیەکی گەورەی لە سەردەمی ئێمەدا گرت. نووسەر بە هیچ شێوەیەک بۆشاییێک، دەلیڤە و بوارێک بۆ ئەو باوەڕە ناهێڵێتەوە کە پێی وایەئیدی دوای بە ڕووخانی دیواری بەرلین هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، بە پێچەوانەوە، ئەو وای دەبینێ کە هێشتا دەمامک و چەکەکان ون نەبوونە و ژیان لەسەر تەختەیەکی دیکەی شانۆ و بە ڕێسا و یاسای دیکە بەردەوامە.

مەرگی کریستا و شۆکی گشتیی

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لێی گیراون و دەگیرێن، بەڵام بە بۆچوونی زۆرێک لە نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب، کریستا یەکێکە لە گرنگترین نووسەرەکانی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدا، هەروەها یەکێکە لە دەنگە ئەدەبییە زووڵاڵەکانی جیهانیش. کاتێکیش هەواڵی مەرگی ڤۆڵف بڵاو دەبێتەوە، ئەمینداری گشتیی ویلایەتی بەرلین (ئەندرێ شمیتس) تووشی شۆک دەبێت و دەڵێ: " ڤۆڵف یەکێکە لە گەورەترین ژنە نووسەرەکانی ئەڵمانیا. داهێنەرێکی ئازا و

ئازادی ژێر سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆری بوو".

## 15| تۆنی مۆریسۆن:
## وەبەرهێنانەوەی یادەوەریی ستەم



کلـۆیە ئەنتـۆنی دوفـۆرد، ناسـراو بە (تـۆنی مۆریسـۆن)،
سـاڵی ١٩٣١ لە شـاری لـۆرینی سـەر بە ویلایەتـی ئۆهـایۆی

ئەمریکا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٩ چووەتە زانکۆی هاواردی ناودارترین زانکۆی ڕەشپێستەکان. جگە لە بڕوانامەی یاسا، بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٥٣بڕوانامەی ماستەری ئەدەبیاتی لە زانکۆی کۆرنیل بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٥٥ بڕوانامەی لە بواری دەروونزانیدا وەرگرتووە. لە زانکۆکانی (هاوارد، یێل، زانکۆی باشوور لە تێکساس، برینستۆن) وانەی گوتووەتەوە، هاوکات وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبیش ناسراوە و لەم بوارەشدا، لەو زانکۆیانەی ناومان بردن، چەندین وانەی لە بواری ئەدەبی ئەفریقی و ئەمریکی گوتووەتەوە. ساڵی ١٩٥٨ هاوسەرگیری کردووە و ساڵی ١٩٦٤ لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە. دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، چووەتە نیویۆرک و لەوێ وەک نووسەر لە بنکەی سەرەکی خانەی چاپ وپەخشی (ڕاندۆم هاوس) دەستی بەکار کردووە.

مۆریسۆن لە خێزانێکی هەژار، بەڵام هۆشیار و ڕۆشنبیر چاوی کردووەتەوە، باپیرەی میوزیکژەن بووە، باوکی کاری ئاسنگەری کردووە، بەڵام خوێنەرێکی باشیش بووە، دایکیشی گۆرانیبێژ بووە و زۆریش حەزی لە دونیای شانۆ کردووە .

سەرەڕای سەختی ژیانی خێزانەکەیان، بەڵام چونکە لە ژینگەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری گۆش بووە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەبیات بووە و خوی داوەتە خوێندنەوە. لە میانی خویندنەوەدا، مۆریسۆن ئاشنایەتیێکی زۆری لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکیی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ڕووسی پەیدا کردووە و هەر ئەم خولیا و ئاشناییەش، وایان کردووە لە زانکۆدا بواری زانستە مرۆییەکان و ئەدەبیات تەواو بکات.

دەسپێکی نووسین

سەرەڕای هەژاری و خراپی باری ئابووری، بەڵام ژینگەی خێزانیی مۆریسۆن، ژینگەیەکی لەبار بوو کە تیایدا بتوانێ بەم ڕۆژە بگات. خولیا و ئارەزووی بۆ دونیای ئەدەب، خوێندنەوەی بەردەوام، ئاشنابوونی بە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، هەموو ئەوانە ڕۆڵیان لە گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری مۆریسۆندا هەبووە. ئەو لەگەڵ ئەوەی خوێنەرێکی جیددی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ڕووسی بووە، هاوکات باوکیشی بەردەوام چیرۆکە فۆلکلۆری و میللیەکانی کۆمەڵگای ڕەشپێستەکانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ گێراوەتەوە، کە دواجار لە شێوازی نووسینی مۆریسۆندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیەش دەسپێکی نووسینی بە چیرۆکی خەیاڵی بووە.

مۆریسۆن درەنگ دەستی بە نووسین کرد، ئەو کە لە زانکۆی هاوارد، تاکە قوتابی ڕەشپێست بوو، لە ساڵانی دەسپێکی خوێندنی زانکۆییدا، ئەو دەمەی ڕەشپێستەکان لە گەرمەی شەڕی وەدەستهێنانی مافەکانیاندا بوون، دەستی بە نووسین کردووە. دوای پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیری زانکۆکەیشی، یەکەم کورتە چیرۆکی خۆی نووسیوە. چیرۆکی کچێکی ڕەشپێست، کە هیواخوازە دوو چاوی شینی هەبووان، ئەوەی دواجار کردی بە ڕۆمانێک و بەناوی (چاوە زۆر شینەکە) بڵاوی کردەوە.

جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، هۆکار و پاڵنەرێکی دیار بوو لەوەی کە تۆنی خۆی بە نووسینەوە خەریک بکات و بیکاتە پڕۆژەی ژیان و ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جەور و ستەمەی لە ڕەشپێستەکان دەکرا. لەم بارەیەوە دەنووسێ: " سەرەتا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو گۆڕانە لە ناکاوەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیمدا هات، هەروەها وەک هەوڵێک بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ژینگە و قۆناغی نوێ، دەستم بە نووسین کرد، بەڵام دوای ئەوە تێگەیشتم کە نووسین بووەتە

پێویستیی ژیان، بەتایبەتی وەک ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە دژی ئەو هەمـــــوو ســــــتەم و چەوســــــاندنەوەیەی، کە ڕووبەڕووی کەسوکارە ڕەشپێستەکانم دەبووەوە".

تۆنی کە لە نووسینەکانیدا واقیعیانە و بە قووڵی و جۆرێک لە هاوسۆزی، ڕەوشی ژیانی ڕەشپێستەکانی وێنا دەکردووە، لەسـەر زاری کەسـایەتییێکی ڕۆمـانی (مەحبـووبە)دا دەڵـێ: " هەر شـتێکی کە هەمبـوو و هەمـوو ئەو شـتانەیش کە خەونـم پێیانەوە دەبینین، سپی پێستەکان بردیانن و دڵیان تێکشـکاندم". ئەو هەر لە یەکەم ڕۆمانی بەنـاوی (چـاوە زۆر شـینەکە)و لە کارەکانی دواتریشیدا، هەوڵی زۆری داوە تیشک بخـاتە سـەر چەند قۆناغێکی گرنگی مێـژووی ئەمریکـا. ئەو ئەمریکـایەی بە بۆچچـونی مۆریسـۆن، وڵاتـێکە ئەوانـی دیـکەی بە کـۆیلە کردووە و دواجار ئەویشی بە کـۆیلە کـردووە. وڵاتێـک کە لە ســایەیدا، هەمــوو ئەو کەســایەتییانەی لە ئاکــامی ســتەم و چەساندنەوە و سەرکوتکردن ژیانیان پێگەیشتووە، خوازیاری مـردن، یـان لەبیرکـردن، یـاخود سـڕینەوەی ڕابـردوو بـن. تەنانەت ئەو بۆ خۆی گەیشـتووەتە ئەو یەقینـەی، کە لە نێـوان بژارەکـانی مـردن و هیواخواسـتن بـۆ ئایینـدەیەکی گەشـتر، ڕەنگە مردن باشترین بژارە بێت.

گەنجینەی نووسین و خەرمانەی خەڵات

مۆریسۆن بە تەنیشت کاری ئەکـادیمی، ژنێکـی فرەبەهـرە و سەلیقە بووە،

ڕۆمــاننووس، شــاعیری ئــۆپێرا، نووســەری منــداڵان، ڕەخنەگـری ئەدەبـی. ئەو کە خـاوەنی ڕۆمانەکـانی (چـاوێکی زۆر شـین - ١٩٧٠، سـاولا - ١٩٧٤، سـروودی سـلێمان - ١٩٧٨، منــداڵیی قەتــران - ١٩٨١، مەحبــووبە - ١٩٨٧، میوزیکی جاز - ١٩٩٢، بەهەشـت - ١٩٩٩، خۆشەویسـتی -

٢٠٠٣، هەزار بەزەیی - ٢٠٠٨، خوا پەنای منداڵەکە بدا - ٢٠١٥)یە و ڕۆمانەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا، لە پای بەرهەمەکانی ژمارەیەک خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە. لەوانە، خەڵاتی کتێبی نیشتمانی لە پای ڕۆمانی (ساولا - ١٩٧٣)، خەڵاتی نیشتمانیی ڕەخنەگران بۆ ڕۆمانی (سروودی سلێمان)، هەروەها ڕۆمانی (مەحبووبە) کە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا. خەڵاتی پۆلیتەرزی وەرگرتووە، بە گوێرەی ڕاپرسییێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش، وەک باشترین بەرهەمی خەیاڵی ئەمریکی لە نێوان ساڵانی (١٩٨١ - ٢٠٠٢) دەستنیشان کراوە. هاوکات ساڵی ٢٠٠٦ وەک باشترین ڕۆمانی ئەمریکی دوا چارەگی سەدەی ڕابردوو هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی بە ناونیشانی (ئیمیتی دووگیان) وەک شانۆگەری نمایش کراوە ، ساڵی ١٩٨٨ کرایە فیلمێکی سینەمایی و (ئۆپێرا وینفری) ڕۆڵی سەرەکی تیادا بینیوە، ساڵی ٢٠١٦ش وەک زنجیرەیەکی ڕادیۆیی لە میانی بەرنامەی (١٥ خولەک دراما)، بە دە ئەڵقە لە ڕادیۆی بی بی سی، پەخش کراوە. دواجار تۆنی لە پای کۆی کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا، ساڵی ١٩٩٣ خەلاتی نۆبلی ئەدەبی پێبەخشرا.

لە ڕەحمی کۆیلایەتییەوە

خێزانی مۆریسۆن لە دەستی مەینەتییەکانی کۆیلایەتی و چەوساندنەوەوە لە باشوورەوە کۆچیان بۆ ئەو ناوچەیە کردبوو، کە تیایدا لەدایک بووە. باوکی کە ئاسنگەر بووە و کاری کشتوکاڵیشی کردووە، بەرمەبنای ئەزموونی ژیانی خۆی و نەوەکانی پێش خۆی، پێیوابووە بەیەکەوەژیانی هاوسەنگ و ئارام لەناو سپی پێست و ڕەشپێستەکاندا ئەستەم

بــووە، بــۆیەش کۆچیــان کــردووە. دایکیشــی، کە مۆریســۆن زۆری لە بــارەوە بــاس کــردووە. ئافرەتێــک کە ئــازارێکی زۆری بەدەست ستەمکاریی سپی پێستەکان و هەلومەرجی ســەختی ژیانیــان چەشــتووە، زۆر حەزی بە ســەردانیکردنی هۆڵەکانی شانۆگەری کردووە، بەردەوامیش لە کاتی نمایشدا لەو شوێنانە دەنیشتووە، کە تایبەت بوون بە سپی پێستەکان. کاتێکیش بەڕێوەبەرایەتیی شانۆکان، ئاگاداریی هۆشداریان بە دیوارەکانەوە هەڵواسیوە و تیایاندا هەڕەشەی دەرکردنیان لە هەر ڕەشپێســتێک کــردووە، کە لە شــوێنی ســپی پێســتەکان دابنیشــێ، دایکــی مــۆریس ئاگادارییبنامەکــانی دڕانــدوون و پارچە پــارچەی کــردوون و بەنــاو داڵانــی شــانۆ و هۆڵەکانــدا نــــاوەدا پەرش و بــڵاوی کــــردوونەتەوە. لەوەش گرنــــگ و سەرنجڕاکێشــتر، ئەو ژنە بەردەوام لە بــارەی ژیــانی ســەختی ڕەشپێســتەکان، نــامەی گلەیــی و نــاڕەزایی بــۆ (ڕۆزفێڵــت)ی سەرۆک نووسیوە.

سیاچارەیی، یان وەیشوومەی سپی؟

مۆریســـۆن زۆر گرێـــدراوی ڕەچەڵەک و ڕابـــردوو و ڕەســەنێتیی خــۆی بــووە، ئەو خــۆی لە ئــازاری کۆمەڵگــاکەی (ڕەشپێستەکان) جیا نەکردووەتەوە. ئەگەرچــی خێزانەکەی لە دەســتی ســتەمی کــۆیلایەتی ســەریان هەڵگــرت و باشــووری زێــدی خۆیانیــان جیهێشــتووە، بەڵام ئەو ژان و ئــازارانەی لە نــاخ و یــادەوەریی خــۆی و خێزانەکەیــدا بــوون، کردنــی بە بـــابەتی یـــاخیبوون و چەکـــی داکـــۆکیکردن لە مافەکانیـــان. ڕۆمانەکانی مۆریسۆن گێڕانەوەی یادەوەریی پڕ برینی زیـاتر لە ســێ نەوەی ڕەشپێســتەکانن.. ئەو یــادەوەرییەی پڕیەتــی لە وێنەکانی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە.. ئەو یادەوەرییەی کە وا لە مۆریسۆن دەکات بڵــێ " ڕاسـتییەکەی هـیچ شـتێک نییـە بە

ناوی چانسی خراپ له جیهاندا، ئەوەی هەیە گەلی سپی پێستە و بەس". بەو مانایەی دەیەوی بڵێ، کە کۆیلایەتی و ئەو ستەمەی لە هاوڕەگەزەکانی دەکرێ، هەرگیز پەیوەندی بە سیاچارەیی و بەدبەختی خۆیانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە گەلێک هەیە، کە سەرچاوەی هەموو ئەو سیاچارەیی و بەدبەختیانەی ئەوانن، ئەویش گەلی سپی پێستەکانن.

دیویکی گرنگی ڕۆمانەکانی مۆریسۆن ئەوەیە، کە گێڕانەوەی ئەو یادەوەرانە دەکەنە هەوێنی تێکۆشان دژی کۆیلایەتی و چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازیی نەژادی و ڕەگەزپەرستی. ئەگەرچی پیاوی کۆیلە کەرەستەیەکی گرنگی ناو ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرەن، وەک ئەوەی لە ڕۆمانی (سروودی سلێمان) دا دەیخوێنینەوە. چیرۆکی ئەو کۆیلە ڕەشپێستەی هەوڵی ڕاکردن لە یادەوەرییەکانی کۆیلایەتیی خۆی دەدات و دەکۆشێ هەموو دیمەن و گرتەکانی ئەو سەردەمی لەمرۆخستن و چاخی بەربەریەت و ستەمکارییەی لەبیری خۆی بباتەوە، کەچی بێدەست و ویستی خۆی، بەردەوام ئازارەکانی کۆیلایەتی باوک و باپیرانی لەگەڵیدا دەژین. وەکوتر ژن وەک سیمبولی چەوساندنەوە و ئەو سیستەمەی کۆیلایەتییە، تەوەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکانین. لە ڕۆمانەکانیدا، بە هەموو ماناکانی لەمرۆخستن، ژن لە دوو ئاستی چەوسانەوە و ستەملێکراویدا وێنا دەکات. بەو پێیەی سەرەڕای ئەوەی لەلایەن سپی پێستەکانەوە وەک پیاو بە کۆیلە کراوە، هاوکات لەناو کۆمەڵگای خۆیشیدا، خەون و خولیاکانی بۆ عیشق و ئەوین، قوربانیی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و هێلە سوورەکانی کۆمەڵگاکەیین.

نووسین و تۆڵە!

کاتێ مێژووی ئەمریکای سەردەمی کۆیلایەتی بە وردی

دەخـوێنینەوە.. لە نـزیکەوە، لەنـاو چیـڕۆکە میللییەکانیانـدا، سەربووردەی مەینەتیی کۆیلەکـان دەژنەویـن.. لەنـاو ڕۆمـانە ناسـراوەکانیاندا، گـویّ لە تـرپەی دڵـی پڕ ئـازاری کۆیلەکـان دەگـرین و دیـمەنە تراژیـدی و دڕنـدەییەکانی نـاو فیلمەکانیـان دەبینین. هەڵوێستی ژیاندۆستانەی ئەو نووسەرە، کە خۆی و بـاوک و بـاپیرانی، قوربـانیی سیتەمکارییەکانی کـۆیلایەتین، نەک هەر هەر سـەرنجمان ڕادەکێشـیّ، بەڵکـوو لەو ڕۆحـی لێبـــووردەییەی قوربـــانی، تووشـــی شـــۆک دەبـــین. ئەو قوربانییـانەی نەوە دوا نەوە، چەوسـاندنەوە بە میـرات بۆیـان بەجێماوە.

ئەوەتـــا مۆریســـۆن دەڵـــێ: " مـــن بـــۆ تـــۆڵەکردنە لە ڕەگەزپەستی نانووسم، بەڵکوو بـۆ گـۆڕینی زمـان دەنووسم، زمانێک کە لە بەهای مرۆڤەکان کەم نەکـاتەوە. مـن شمشـێرم هەڵنەگرتـووە و هەرگیـز نـامەویّ وەڵامـی سـتەمکارییەکان بـــدەمەوە، تەنیـــا دەمەویّ بە دەنگـــی ژنە ڕشپێســـتەکان، بۆشاییەکان پڕ بکەمەوە". نووسەر بەم گوزارشت و دەربڕینە ژیـــان و مرۆڤدۆســـتییە دەیەویّ بڵـــیّ، مـــن، یـــان ئـــێمەی ڕەشپێسـت، نامـانەویّ کـۆپی سـتەمکار بـین.. نامـانەویّ بە هەمان زمانی ئەوان وەڵامیـان بـدەینەوە، بەڵکـوو مەبەستمانە وەک هەر مرۆڤێکـــی ســـپی پێســـت، وەک هەر مرۆڤێکـــی دیکەی ئاسایی، کە مـافی پاراسـتنی بـوون و ژیـان و شـکۆی هەیە، ئـێمەش خـودی مرۆیـی خۆمـان بسـەلمێنین، ئـێمەی ئەمریکـــی بە ڕەچەڵەک ئەفریقـــی. ئەو بە نووســـینەکانی ڕۆدەچێتە قووڵاییەکانی ڕابردوو، بەناو تـونێلە لوولپێچەکـانی مێژوودا ڕەت دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەک و ڕەگەکانی، نووسەرێکە زۆر باش لە ماناکانی ئـازادی و بـوون و بەهـا و شکۆی مرۆیی گەیشتووە. خەونی مەزنـی ئەو ژنە نووسـەرە و هەوڵـــی بەردەوامـــی بـــۆ خودســـەلماندنە، بە بەخـــاوەن دەرەوتنەوەیە لە شووناس، نەک بۆ تۆڵەسەندنەوە. کاری ئەو،

وەک لە ناوەڕۆکی نووسینەکانی دەیبینین، ململانێیە لەنێوان ڕاهاتن لەگەڵ واقیعی داسەپاوی سپی (ستەمکاریی سپی پێستەکان) و پاراستنی شووناسی ڕەش (ڕەشپێست وەک بوونێکی مرۆیی). هەر ئەم ڕوانگە مرۆیی و ژیاندۆستیەیشە، کە وای کردووە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بوونە جێی سەرنج و بایەخی ڕەخنەگر و خوێنەرو ئەدەب دۆستان.

جگە لە ڕۆمانی یەکەمی بە ناوی(چاوە زۆر شینەکە)، کە بە هۆی گێڕانەوە داستانیی و وێناکردنە شاعیرییەکەی بۆ وردەکاریی ژیانی کۆمەڵگای ڕەشپێستی ئەمریکا، نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی وروژاند. وەکوتر ڕۆمانی (مەحبووبە)، کە یەکێکە لەو کارە دانسقە ئەدەبیانەی، لە باری شێوازی نووسین و ناوەڕۆکدا لە لووتکە دایە. ڕۆمانێکە پڕ لە ڕووداو، کە دەکرێ لە دیدگا و گۆشەنیگای جیاوازیی مرۆیی و مێژووییەوە، خوێندنەوە بۆ هەر یەکێک لەو ڕووداوانە بکرێ، کە بە ڕایەڵی جیاواز دەچنەوە سەر یەک و بەیەکەوە وێنەیەکی گشتگیری واقیعی ستەمی کۆیلایەتی و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای ڕەشپێستمان پیشان دەدات.

### لێبووردەیی، وەک هەوڵی خۆشووناسکردنەوە

ڕەگەزپەرستی لە دژی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا، بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکانی مۆریسۆنن. ئەولە هەر ڕۆمانێکیدا بە جۆرێک و لە ڕوانگە و گۆشەی جیاوازی ناو ئەو مێژووە، بابەتی کۆیلایەتی و ستەمکاری و چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی، دەکاتەوە بە تەوەری قسە لەسەر کردن. دیمەنی سەرەکیی گرتە جیاوازانەش، گێڕانەوەی چیرۆک و سەربوردەی بە کۆیلەکردنی ئەفرۆئەمریکییەکانە. لایەنێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکانی ئەو ژنە نووسەرە، ململانێیە.

ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵگا، ئیتر ئەو ململانێیە هی ناو کۆمەڵگای سپی پێستەکان بێت، یان هی ڕەشپێستەکان.

ڕوونتر بڵێین، لە ڕێگای نووسینەوەی مێژووی ئەمریکا، مۆریسۆن یادەوەریی کۆیلایەتی و ڕابردووی ئەفرۆئەمریکییەکان شەن و کەو دەکات و لەبارێکی هەڵدەوەشێنێتەوە.. هەڵوەشاندنەوەیەک وەک وەک شیکردنەوەی تاڵەکانی خوری، وەک شەنەکردنی خەرمانە لەبەر با.. ئەو لە ڕۆمانی (میوزیکی جاز)دا، ئێش و ئازاری ناو مێژووی هاوڕەگەزەکانی، دیمەنەکانی ناو ئەو یادەوەرییە بریندارەیان، بارگاوی بە میوزیکێکی خەمگینی ناوەوەی خۆی، کە لە دەربڕینەکانیدا ئاوازە ناسۆریەکانی دەژنەوین، هەروەها بە ئاوێتەکردنیان لەگەڵ ترسی کوشندەی لە شتەکان، کە لە گێڕانەوەکانی و وێناکردنی دیمەنەکانی دڕندەیی سیستەمە نیشانمانی دەدا، ڕوونتر بە وردەکارییەکان ئاشنامان دەکات و سەرنجڕاکێشانە بۆ ناو کونج و کەلەبەرکانی ئەو تاریکاییەی مێژوودا دەستمان دەگرێ، ئەمەو بەبێ ئەوەی لە دەربڕینێکیدا بۆن بە ڕقەوە بکەیت، بەبێ ئەوەی لە نیشاندانی وێنە و دیمەنێکی گێڕانەوەکانیدا هەست بەوە بکەیت، کە بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکاتەوە. ئەمە ئەو دونیابینییە باڵادەستەی گێڕانەوەیە، کە وا دەکات یەکێک لە ڕەخنەگرەکان بڵێ: " مۆریسۆن نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئەخلاقیک و ویژدانێکی زیندوو دەکات، کە هاوشێوەیان نییە".بە شێوەیەکی گشتی، ئەو مێژووە سەرڕێژ لە دڕندەییە، جگە لەوەی نووسەر دەیانکاتە کەرەستەی بێدارکردنەوەی ویژدانی مرۆیی و هەوڵێک بۆ بەرهەمهێنانی لێبووردەیی و فاکتەری بەخاوەن دەرکەوتن لە شووناس و خودسەلماندن، هاوکات دەشیانکاتە کەرەستەی داهێنانی ئەدەبی. بە کورتی، مەبەستی ئەو لە هەڵکۆڵین لەناو یادەوەری وەک خۆی دەڵێ: " بۆ ئەوەی لە میانی دەوروبەرەکەم و ئەو یادەوەرییانە،

سیستەم و جوانی و ژیان دابهێنم. ئەو دەوروبەرەی هیچ نییە، جگە لە ترس و نیگەرانی و خەمۆکی و مردن"

## 16| فرانسوا ساگان:
## ئاوێنەی زەلکاوی بۆرژوازییەت



ڕۆچوون بە قووڵایی یادەوەریی فەڕەنسییەکاندا

فرانسوا ساگان، ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و

سیناریستی ناوداری فەڕەنسی، ساڵی ١٩٣٥ لە شارۆچکەی کاجێرکی باشووری ڕۆژئاوای فەڕەنسا لەدایکبووە. ساگان بە هۆی شێوازی ژیانی تایبەتی خۆی و ئەو بابەتانەی دەیکردنە کەرەستەی نووسینەکانی، بە یەکێک لە دیارترینی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دادەنرێ. ناوە ڕاستەقینەکەی نووسەر فرانسوا کوارێیە و نازناوی (ساگان)ی لە ناوی کاراکتەرێکی نووسینەکانی ڕۆماننووسی ناودار (مارسیل پرۆست) وەرگرتووە. ساگان دووجار هاوسەرگیری کردووە، جارێک لەگەڵ (گی شۆلەر)ی خاوەنی خانەی چاپ و وەشان، دووەم جاریش لەگەڵ پەیکەرسازی ناسراوی ئەمریکی (رۆبێرت وستهۆف) و لە دووەمیاندا کوڕێکیان خستەوە.

ساگان کە لە ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کرد، لە ڕێوڕەسمی کۆچکردن و ناشتنی تەرمەکەیدا رنۆ دۆندیۆ ڤابێر، وەزیری ئەوکاتی ڕۆشنبیریی فەڕەنسا لە وتارێکیدا ئاوا ئەدیب و نووسەرە کۆچکردووەکەی وڵاتەکەی ناساند و گوتی: " ساگان کەسایەتییێکی هەڵکەوتوو بوو، دەیزانی چۆن ڕۆبچێتە قووڵایی دڵەکانمان و بێتە ناو بوون و سەردەمەکەمان".

دوای مردنی و لە ساڵی ٢٠٠٨، لە لایەن دەرهێنەری ناوداری فەڕەنسی (دیان کۆریز)، ژیان و سەربووردەی ئەو ژنە نووسەرە کرایە فیلمێکی سینەمایی و (سیاڤی تستۆد)ی ئەکتەری فەڕەنسی، ڕۆڵی (ساگان)ی لە فیلمەکەدا بینی.

قوتابییێکی بزۆز و چەقاوەسوو

ساگان لەگەڵ ئەوەدا کە قوتابییێکی زیرەک و زیتەڵە و وریا بووە و لەناو هاوپۆلەکانیدا دیار و بەرچاو بووە، وەلێ بە هۆی بزۆزی و چەقاوەسوویەکەیەوە، لەم قوتابخانە بۆ

ئەو قوتابخـــانە گـــوێزراوەتەوە. ســـاڵانێکی لە قوتابخـــانەی کڵێسایەکی کاسۆلیکی بەسـەر بـرد و هەر لەوێش کۆتـایی بە قۆنـــاغی خوێنـــدنی ئامـــادەیی هێنـــا. ســـاڵی ١٩٥٣ لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆی سۆربۆن سـەرنەکەوت، ئەمەش بە هـۆی شـێوە ژیـانی لاسـارانەی خـۆیەوە، بەوەی لەبەر ژیانی ئـاڵۆزی لە یـانە شـەوانەکانی گەڕەکـی لاتینـی لە پاریس، فریای خوێندن و خۆئامـادەکردن بـۆ تاقیکردنەوەکـان نەکەوت. دوای ئەوە، مـاوەیەکی زۆر لە چـاوان ون بـوو، تـا دواتر و پاش چەنـد هەفتەیەک بە نووسـینی یەکەم ڕۆمـان بە ناوی (سڵاو ئەی دڵتەنگی - ١٩٥٤) هاتەوە ناو نـاوان و بەر بـــاس و خواســـان، بەتـــایبەتی کە ڕۆمـــانەکەی کۆمەڵگـــای بۆرژوای فەڕەنسـی لە بـن و بێخەوە شـڵەژاند. ڕۆمانێـک بە مـاوەیەکی کەم، بـووە نـاودارترین و پڕفرۆشـترین ڕۆمـان لە جیهاندا.

ئەزموونی نووسین

ساگان، نووسەر و ڕۆماننووسی فەڕەنسی، تەمەنی نـۆزدە ســـاڵان بـــوو دەســـتی دایە نووســـین. لەگەڵ دەرچـــوون و بڵاوبـــوونەوەی یەکەم ڕۆمانیشـــی (ســـڵاو ئەی دڵتەنگـــی - ١٩٥٤)، ناوی لە تەک نووسـەر و ڕوونـاکبیرە ناسـراوەکانی بوونگەراکاندا درەوشایەوە.

ســـەرەڕای نووســـینی چەنـــدین ســـیناریۆی ســـینەمایی و تەلەفزیـۆنی و شـیعری گـۆرانی و کـورتە چیـرۆک، سـاگان زیـــاتر لە ٤٠ ڕۆمـــان و شانۆنامەیشـــی نووسـیوە. هاوکـــات ژمـــارەیەکی زۆر لە ڕۆمانەکـــانی چ لە فەڕەنســـا، یـــان لە هۆلیـۆد، کـراونەتە فیلمـی سینەمایی. هەروەهـا ڕۆمانەکـانی وەرگێردراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان.

دوای (سـڵاو، یـان بەیـانی بـاش ئەی دڵتەنگـی)، چەنـدین

ڕۆمـانی دیـکەی نووسـین و بە هۆیـانەوە ناوبـانگی تەواوی فەڕەنسا و جیهانی تەنیەوە و وەک یەکێک لە دیارترین ئەدیب و نووسـەرەکانی نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو نـاوی دەرکـرد. (خەنـدەیەک - ١٩٥٥، لە مانگێکـدا، لە سـاڵێکدا - ١٩٥٧، برامزت خۆش دەوێ؟ - ١٩٥٩، هەورە سەیرەکان - ١٩٦١، پاسـەوانی دڵ - ١٩٦٨، بڕێـک خـۆر لە ئـاوێکی سـارددا - ١٩٦٩، جـێ برینەکـانی ڕۆح - ١٩٧٢، دۆسیەیەکی ونبـوو - ١٩٧٤، پێخەفێکـی ناڕێـک - ١٩٧٧، سـەگی پـاڵکەوتوو - ١٩٨٠، مانـدوو لە شـەڕدا - ١٩٨٥) و ئەمـانەو چەنـدین ڕۆمـانی دیـکەی وەک (پـلەی دڵ، ئـافرەتە پەشۆکاوەکە، سپێدەیەکی هێمن - بێدەنگ، ساختەچییەکان، بە توندوتیژی، خانمەکە وێنە دەکێشێ، گەردەلـوول بەردەوامە و ....). بە تەنیشـت ئەم ڕۆمـانە دیـارانەیەوە، ژمـارەیەک شـانۆنامەی نووسـی کە ناوبانگەکانیـان، هیچـی لە ناوبـانگیی ڕۆمانەکـانی کەمتـر نەبـوو، لەم بوارەشـدا شانۆنامەکانی(کۆشکێک لە سوید - ١٩٦٠، پیانۆیەک لەسەر گیا - ١٩٧٠، دەروازەی پێچەوانە)، نموونەی دیـار و بـاڵای بەرهەمەکـانیەتی. هەروەهـا ژیاننـامەی (سـارە بێرنـارد)ی نووسی لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی (چاوانێک لە ئاوریشم). جگە لەم خەرمانی نووسینە و گەنجینەی بەرهەمە ئەدەبییە، ساگان سـێ کتێبـی یادەوەریشـی هەن، کە زێـدەتر لە ژیاننـامە (بـایۆگرافی) خـودی نووسـەر خـۆی دەکەن، ئەوانـیش (ژەهرخـواردکەر - ١٩٦٤) و (جـێ برینەکـانی ڕۆح - ١٩٧٢) و (لەگەڵ باشترینی یادەوەرییەکانم - ١٩٨٤).

خۆشەویستیی لە دونیای بۆرژوازیەتدا

ساگان کە لەناو سەرکێشی خواردنەوەی کحولی و ژیـانی شەوانەی یانەکان و ئارەزوو و خولیای لێخـوڕینی ئۆتـۆمبێلی

تیژئاژۆ دەژیا، کەچی هاوکات نقوومی دونیای نووسینیش بببوو. ئەو لە نووسین و ڕۆمانەکانیدا جەخت لەسەر خۆشەویستیی لەرزۆک و ڕاڕای ناو گۆمەڵگای بۆرژوازی دەکاتەوە، وەک چۆن لە شانۆنامە کۆمیدی و ساتیرئامێزەکانیدا، کەسایەتییە ئەرستۆکرات و بۆرژوازە دەستبلاو و مەسرەفگەراکان دەکاتە بابەتی نووسینەکانی، ئەو کەسایەتییانەی کە بە هۆی شێوازی ژیانیانەوە، بەدەست تەنیایی و خەمۆکی و دڵتەنگی و شەکەتی و بێزارییەوە دەناڵێنن.

سەرەڕای هەژموونی ڕەوتی (ڕۆمانی نوێ) بەسەر شێوازی ڕۆماننووسی لەو سەردەمەی فەڕەنسادا، بەلام ساگان هەر لە چوارچێوە کلاسیکییەکانی نووسنی ڕۆماندا مایەوە. تەوەری سەرەکیی بەرهەمە نۆبەرەکەی کە بریتی بوو لە ئەزموونی هەرزەکارێکی هەژدە، یان نۆزدە ساڵان، دەربارەی ژینگەی خۆی و خێزانەکەی و گەڕەکەکەی، ڕەنگدانەوەیەکی دیاری ئەو ئاستەی تەمەن و بیرکردنەوەکانیەتی. هەر بۆیە دەبینین لەو بەرهەمەیدا، هەستی شاراوەی گەرم و ڕووکەش، بەسەر شێوازی دەبڕینەکەیدا زاڵە. دواجاریش خودی ئەم شێوازەی بوو کە سەرنجی نەوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی (خوێنەرەکانی) بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەوە نەوەیەی کە هیچ ڕەوتێکی دیکەی وەک سۆسیالیستی و بوونگەرایی، تەنانەت ڕۆمانی نوێیش کە تەواوی دونیا و دەستەبژێری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، سەرنجی ڕانەکێشان. واتە ئەو شێوازە کلاسیکییەی ڕەنگرێژی نووسینەکانی (ساگان)ی دەکرد، ڕەواجێکی زۆری لەناو خوێنەرەکاندا بە بەرهەمەکانی دا.

(سڵاو ئەی دڵتەنگی)، ساتەوەختێک کە نووسەر دیمەنەکانی و ڕووداو و سەربووردەکانی لە ماوەی ٣٢ شەودا نووسیەوە، هەنووکە و ڕۆژ دوای ڕۆژ، ژیان بە بەر خۆیدا دەکاتەوە. وەک چۆن نووسەرەکەی، دوای ڕزگاربوونی لە ترسناکترین ڕووداوی هاتووچۆدا، بە پەرجوو هاتەوە ناو ژیان و داهاتووی خۆی پڕ کرد لە شانازی.

ساگان بەو ڕۆمانەی کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا نووسی و دەزگاکانی چاپ و وەشاندن پێشبڕکییان لەسەر بڵاوکردنەوەی کرد، توانی بەم تەمەنەیەوە بناغەیەکی تۆکمە بۆ دوارۆژی ئەدەبیی خۆی دابڕێژێ و هەر لەو ساتەوە وەک گەورە ئەدیبێک بناسرێ. باس لەوە دەکرێ دوای دەستبەرداربوون لە ژیانی کەمتەرخەمی و خەمساردی ناو یانەی شەوان و مەستی و سەرکێشی تیژلێخوڕینی ئۆتۆمبێل و سەرگەرمیی گرەوەکانی ناو تەلبەندی پێشبڕکێی ئەسپسواری بە شێوەیەکی گشتی، چاکبوونە لە رووداوی هاتووچۆ بەتایبەتی، ئیدی ئاراستەی ژیانی بە جۆریک دەگۆڕێ، تا ئەو ئاستەی هەموو ئەو ڕۆتینانەی ژیانی ڕۆژانەی ڕابردووی خۆی، وەربگێڕێتە سەر هێزێک بۆ داهێنان و وزەیەک بۆ مانەوە و جاویدانی. بە جۆرێک ئەدیبە هاوڕێکانی و هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی باس لەوە دەکەن کە تەواوی کاتەکانی شەوی بەدیار نووسینەوە تەرخان کردووە، تا ئەوەی بگەنە ئەو باوەڕەی بڵێن: کچە هەرزەکارەکە بە بەرهەم و داهێنانە ئەدەبییەکانی، عەقڵی فەڕەنسی لە بەرگێکی نوێی بیرکردنەوە و ڕوانیندا تەقاندەوە. لە کاتێکدا ئەو وەک کچێکی هەرزەکار، بەبێ ترس لە نۆرمی کۆمەڵایەتی و چوونە ژێرباری کۆت و بەندەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی چینی بۆرژوازیدا، تەنیا و تەنیا گوزارشتی لە هەستەکانی خۆی کردبوو.

یەکەم ڕۆمانی کە دواتریش کرایە فیلمێکی سینەمایی،

سەرلەبەری ڕەوتی ژیانی نووسەرەکەی لە پەیوەندی بە خودی خۆی و دەوروبەر و ژینگەکەی گۆڕی. لە دوای ئەو ڕۆمانە، ئیتر خوی بە نووسینەوە گرت، خوێک تا مردیش بووە بەشێک لە کەسایەتییەکەی. ئەو وەک ژنێک کە دەرگیری دڵەڕاوکێ بوو، لەناو کۆمەڵگایەکی سەرڕێژ لە دڵەڕاوکێدا، بە گوزارشتکردن لە ویستی ئازادیخوازانەی فەرەنسییەکان و ویستی خۆی بۆ تێکشکاندنی سەرجەمی تابۆ و تەوتەمکان، دەینووسی.

جیاوازیی ساگان لەگەڵ ژنە نووسەرەکانی سەردەمی خۆی و پێش و دوای ئەوەش ئەوە بوو، ساگان داکۆکیکاریی مافی ژن نەبوو، بەڵکو بەرگریکاریی سەرسەختی ماف و شکۆی مرۆڤ بوو، مرۆڤی داماڵدراو لە ڕەگەز و ڕەنگ و دونیابینی.

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ژیانی نووسینی ئەم ژنە، سادەیی بوو. سادەیی بە مانای لەخۆبایی نەبوون بە ناو و ناوبانگ، دەستەوەستان نەبوون لە بەرامبەر نووسین. بەو پێیەی سەرەڕای ناوبانگیی نێوخۆیی و جیهانی، بەڵام لووتبەرزی و غروور نەیانتوانی ئەو هێزەی ژیاندۆستییە و ئەو خۆشەویستییەی بۆ نووسین تیادا بکوژن، بەڵکو وەک خودێکی سەربەخۆ، بووە خاوەنی فۆرم و شێوازێکی تایبەتی ئەدەبی و شێوەژیانێکی تەواو جیاواز لە ڕابردووی خۆی و سەردەمی کۆمەڵگاکەی

ساگان بەر لەوەی دەست بە نووسین بکات، شتگەلیکی زۆری لە دونیای ئەدەب و فیکر و مەعریفە خوێندبووەوە، ئاشنایەتییەکی زۆری بە دونیای (پرۆست، بەلزاک، ڕاسین) هەبوو، تەنانەت تا ڕاددەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی (مارسیل پرۆست)دا بوو. دوای ئەم هەڵچوون و داچوونەی ناو دونیای خویندنەوەو ئینجا وێرای دەستی بچێتە نووسین، هەر ئەم پاشخانەش بوو کە دواتر وایکرد، لە بواری نووسیندا وەک تاڤگەیەکی کەفچڕ لە ڕژان و هاژە نەکەوێت.

# 17| ئیزابێل ئەلێندی:
# برین و مەنفا



ئیزابێل ئەلێندی، ژنە ڕۆماننووسی چیللی، کچی تۆماس ئەلێندیی دیبلۆماتکارو دۆتمامی (سلڤادۆر ئەلێندی)ی سەرۆکی وڵاتی چیللییە کە بە کودەتایەکی سەربازی و خوێناویی لە لایەن (پینۆشێ)ی دیکتاتۆر، کۆتایی بە خۆی و دەسەڵاتدارێتییەکەی هێندرا. ئیزابیل کە بە زمانی ئیسپانی دەنووسێت، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ڕەوتی چەپە ئازادیخوازەکانی دونیا و وەک کەسایەتییەکی چالاکی ناو مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لە جیهان و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان ناسراوە، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری لیمای پایتەختی چیللی لەدایکبووە. لە ژیان و کاروانی نووسنیدا زیاتر لە (٣٠)خەڵاتی گرنگی ئەدەبیی لە پای نووسینەکانی پێبەخشراوە و ساڵی ٢٠١٤ ش (باراک ئۆباما)ی سەرۆکی ئەمریکا (مێدالیای ئازادی) پێ بەخشی. بەردەوامیش یەکێک بووە لەو ناوە دیارانەی کە بۆ خەڵاتی نۆبڵ کاندید کراوە.

دوای جیابوونەوەی دایک و باوکی، ساڵی ١٩٥٣ دایکی ناچار بوو دەستی هەر سێ منداڵەکانی بگرێ و لە شاری سانتیاگۆ بگیرسێنەوە. دواتر لەگەڵ دایکی چوونە پۆلیڤیا و لەوێ لە قوتابخانەی تایبەتی ئەمریکای باکوور چووە بەر خوێندن. پاش دوو ساڵ مانەوە لەم وڵاتە، لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویان کردە لوبنان و سێ ساڵ لەوێ مانەوە و لەوێش لە قوتابخانەیەکی تایبەتی بەریتانی درێژەی بە خویندن دا. بەر لەوەی شەڕی ناوخۆیی لوبنان دەست پێبکات و لە ساڵی ١٩٥٨ ئیزابێل و دوو براکەی گەڕانەوە وڵاتی دایک و خوێندنی دواناوەندی لەوێ تەواو کرد.

گەشت و کاریگەرییەکانی لە یادەوەریی ئیزابێلدا

وێستگەکانی گەشت و گەڕان، ئەم وڵات و ئەو وڵات کردن، گەشتی خەیاڵی و بینینی شار و ئاوایی سیحراوی و سەرنجڕاکێش، ئەزموونکردنی دیمەنی جیاوازیی ژیانی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی و سۆزی دایکی، پەیوەندیی گەرم و توندو تۆڵی بە دایکییەوە. هەموو ئەوانە وەک نەخش لە یادەوەریی ئیزابێلدا مانەوە و دونیای منداڵی ئەویان ڕەنگاوڕەنگتر کرد. جگە لەم وێستگانە، کاریگەریی میراتی سیاسیی خاێزانەکەشیان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیان و زمان و شێوازی نووسینیدا هەبووە، تا ئەوەی کە تەواوی نووسینەکانی شێوازی ڕیالیزمی سیحراویان بەسەردا زاڵ بوو و هەر بەو شێوازەی گێڕانەوەیەش ناسرا و لە نووسەرەکانی دی جیا کرایەوە.

کودەتای سەربازیی و ئیزابێل

سەرەڕای ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی گەڕان و سوڕان بە وڵاتان و کاریگەرییان لە دەوڵەمەندکردنی خەیاڵی منداڵیی ئەم نووسەرە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە بە هۆی ئەم هەموو گەڕان و دابڕانە، خۆی وەک بەدبەختترین هەرزەکار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێتە بەرچاو. دوای گەڕانەوەی لە لوبنان، نزیکەی بیست ساڵی تەمەنی لە وڵاتەکەی بردە سەر، تا کودەتای سەربازیی دیکتاتۆر پینۆشێ لە ساڵی ١٩٧٣ بەسەر حکومەتی سۆسیالیستیی ئەم وڵاتەدا کە (سلڤادۆر ئەلێندی) سەرۆکایەتیی دەکرد. دوای دوو ساڵی پڕ ترس و لەرز و چەرمەسەری، ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن کودەتاچییەکانەوە، ئیزابێل بە زۆرەملێ بۆ ڤەنزوێلا دوور خرایەوە.
ئیزابێل لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ ـ ١٩٦٥ لە سانتیاگۆ و دواتر لە بڕۆکسل و هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپی، لەگەڵ

ڕێکخـراوی (فـاو)ی سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکـان کـاری دەکــرد. لە نێــوان ســاڵانی ١٩٦٤ - ١٩٧٤لە چیللــی وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنـامە و گۆڤـار و تەلەفزیـۆن و بـواری فیلمی دۆکیۆمێنتاریدا، کـاری کـردووە، سـاڵی ١٩٦٧ بـووەتە ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (پـاولا - گۆڤـارێکی ژنـانە) و دوای ئەویـش هـی گۆڤـاری (مـامبۆ)ی منـداڵان. لە نێــوان ســاڵانی ١٩٧٥ - ١٩٨٤ لە ڤەنــزوێللا لە گۆڤــاری (ناسیونال) کاری کردووە.

ئیزابێل و سیحری شۆککردنی خوێنەر

یەکێــک لەو خەسـڵەتە ئەدەبـی و ئەو شـێوازە جیـاوازەی نووسـین کە ئەم ژنە ڕۆماننوسـەی پـێ دەناسـرێتەوە ئەوەیە، بوێرانە پەنجە دەخاتە سەر ورد و درشتی ڕووداوەکـان، هـیچ تاوانێــک ناشــارێتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵیانــدا ژیــاوە و شـایەتحاڵیان بـووە، دەیـانگێڕێتەوە. هاوکـات کاراکتەرەکـان چەندەش ناسراو بن، بەبـێ ئەوەی ترسـی هەبێت و پاساوی ڕفتارەکانیان بداتەوە، یان بەرگریان لێ بکات، ناویـان دێنـێ. هــونەرێکی دیــکەی ئەوەیە، توانــای ڕاکێشــانی ســەرنجی خوێنەری هەیە، توانای ئەوەی، خوێنەر بخاتە بەردەم پرسیار و گومــان و گەڕان. توانــای ئەوەی، وا لە خــوێنەر بکــات هەســت بەوە بکـات کە شـتێک لەو نێـوەدا ونە، ئەڵقەیەکـی زنجیرەی ڕووداوەکان دیار نییە. بەتایبەتی کە ئەو هـیچ کـات وێــنەی تەواوی کاراکتەرەکــانی ناکێشــێ، بەڵکــو هەمیشــە گۆشەیەکی شاراوە لە ژیانیان جێ دەهێڵێ، بۆ ئەوەی خـوێنەر لە شوێنکاتێکی دیکەی ڕووداوەکاندا، ئەو گۆشـانە بـدۆزیتەوە و ئەڵقە پچڕاوەکان بخاتەوە شوێنی خۆیان.

"ماڵی ڕۆحەکان "و سێبەرەکانی ترس

کودەتــای ســەربازی و دەرهاوێشــتەکانی، کــاریگەرییێکی نەرێنی و زۆر قورسیان کردە سەر باری دەروونــی ئیزابێل، ئەویـش بە هـۆی نزیکـایەتی لە سـەرۆکی وڵات کە هەر ئەم نزیکــایەتییەش وایکــرد، کودەتاچییەکــان نــاوەکەی بــخەنە ڕیزبەنــدی یەکەمــی لیســتی دوژمــنە سەرســەختەکانی ڕژێمەکەیــان. ئەڵێنــدی لەم ڕۆمانەیــدا، دیمەنەکــانی بە زۆر ناچارکردنی بۆ بەجێهێشتنی وڵاتەکەی و دوورخستنەوەی بـۆ ڤەنزوێللا وەک ڕووداوی تراژیدی دەگێڕێتەوە.

ڕۆمانی " ماڵی ڕۆحەکان" کە یەکەم ڕۆمـانیەتی و لە مـاوەی دە ســاڵ مــانەوەی لە شــاری کاراکاســی ڤونزوێللیــدا نووســیویەتی. گێــڕانەوەی ڕووداوە تاڵەکــان و وێنەگرتنــی دیمەن و گرتەی ئەو ساتەوەختە ئازاربەخشانەی دوای کودەتا ســەربازییەکەن. دیمەنگەلێـک کە وەک خـۆی ئامـاژەی پــێ دەدات، چیتــر لە چــاوی ئەودا، چیللــی وڵاتە جــوان و دڵبەرەکەی جاران نەماوە. ئەڵێندی لەوێدا باس لەو چرکەساتە تــرس و بــیم ئــامێزانە دەکــات کە چــۆن لەژێــر هەڕەشــە و چاوترســاندنی کودەتاچییەکانــدا، هەســتی بە مانــدووبوون و شەکەتی، دڵەڕاوکێ، ترس و لەرزێکـی زۆر کـردووە، وەلـێ لەگەڵ ئەوەشـدا و لە ســاتەوەختی بەزۆر دوورخســتنەوەی لە نیشــتمانەکەی، بیــری نەچــووە، مشــتێ خــۆڵ لە خــاکی وڵاتەکەی، لەناو باخچەی باپیرەیدا بە دزیەوە بخاتە جانتاکەی و لەگەڵ خۆیـدا بیبـاتە غـوربەت، تـا لە سـاتەکانی تەنیـایی و بیرکردنی نیشتمان و سـەختییەکانی غـوربەت، دڵـی خـۆی بە بۆنکردنێ ئەم چنگە خۆڵەی نیشتمان بداتەوە.

"ماڵی ڕۆحەکـان) سـەرەڕای وێنـاکردنی چەرمەسـەرییەکانی کودەتا سەربازییەکە، هاوکات خود نووسینەوەیەکی وردیشـە. بەو مانــایەی، لەو ڕۆمانەیــدا و لە ڕێگــای کــاراکتەرە سەرەکییەکەیەوە، نووسەر خۆی دەنووسێتەوە. ژیانی منـداڵیی خــــۆی، گەشــــت و گەڕانەکــــانی، گەنجێتــــی، جــــێ

بەخۆنەگرتـــوویی، کـــاکردنی لە شـــار و پـــایتەختی وڵاتـــان، کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیـــۆنی و دۆکیۆمینتـــاری کە هەموویـــان ئەزمـــوون و ســـەرچاوەی گرنـــگ بـــوون، لە دەوڵەمەنـــدکردنی گەنجیـــنە مەعریفییەکەی.

"پاولا "برینێک کە دەبێتە هەوێنی داهێنان

" ئەو تاکە ڕاستییەی کە گفتوگۆ هەڵناگرێت، مردنمـانە.. مـــردن، ئەو پرســـە جەدەلیـــیەی کە هەر لەگەڵ دەرکەوتنـــی شەبەنگی هۆشیاریدا، عەقڵی مرۆڤایەتی زۆر هەوڵـی دا فێڵـی لـــێ بکـــات، وەلـــێ هەرگیـــز نەیتـــوانی نە تێـــی بگـــات و نە بیخوێنێتەوە - ئیزابێل ئەلێندی"

دوای گەڕانەوە لە لوبنان بۆ وڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٥٨، پـاش تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، لە تەمەنـی بیسـت ساڵیدا لەگەڵ میشێل فێریـاس (قوتـابی کۆلێژی ئەنـدازیاری) چـووە نـاو ژیـانی هاوسـەرگیری و دوو منـداڵیان خسـتنەوە (پاولا ١٩٦٣ - نیکۆلاس ١٩٦٦).

یەکێک لەو ڕۆمانە گرنگانەی کە ئێزابێلـی پـێ دەناسرێتەوە، ڕۆمانێک کە زووخاوی ئازارێکی قووڵی لـێ دەتکـێ، کێمـی برینێکی سەخت دەردەدات، ڕۆمانی (پاولا)یە. پـاولا بە تەنیـا گێڕانەوەیەکی ئەدەبی نییە لە توێی زمانێکی باڵا و خەیـاڵێکی هونەری بەرزدا، بەڵکو سەربووردەی گریـانێکی هەمیشـەیی دایکێکە لەگەڵ کۆستی مردنی جگەرگۆشـەکەی. مەگەر هەر تەنیا دایکیش بزانێ، ژانی لە دەستدانی منداڵ دوو ئەوەنـدە و زیاتری ژانی خستنەوەی ئەم منداڵە قـورس و ئـازاربەخش و تاقەت پڕوکێنە!

شـۆکی گەورە، ڕووداوی جەرگبـڕ، برینـی قـووڵ لە ژیـانی

ئیزابێل لە دەستدانی (پاولا)ی کچیەتی. پاولای نۆبەرەی کە دوای ڕکابەرییەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی (شێرپەنجە) و مانەوەی لە حاڵەتی لەهۆشخۆچوونی درێژخایەن لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە، گیانی لەدەست دەدات. ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەوەی برینی خستە ژیانی نووسەرەکە، وەک هەر دایکێک کە بە بەرچاوەیەوە، وردە وردە گەڵای تەمەنی جگەرگۆشەکەی سیس دەبێت و بەبێ ئەوەی بتوانێ هەناسەی ئومێدێکی ژیانەوەی بداتەوە بەر، وەلێ دواجار ئەم برینە دەبێتە هەوێنی کارێکی ئەدەبی ناوازە و یەکێک لەو شانازییە ئەدەبییانەی نووسەر لە دونیادا. ئیزابێل لە بارەی لەدەستدانی کچەکەی زۆر بە کورتی دەنووسێ: " کاتێ کچەکەمیان برد، گەنجێکی زیندوو و پڕ ژیان و خەون بوو، وەلێ بە جەستەیەکی سارد و سڕ گەڕاندیانەوە".

نووسەر جیا لە سەرکەوتن بەسەر تەکنیکەکانی ڕۆماننووسیدا، لەم ڕۆمانەیدا وەک سروشتی دایکێکی ڕاستگۆ، سەربووردەی خێزانەکەی و ژیانیان لە چیلی و هەموو ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆی بینیویەتی، گێڕاوەتەوە. تەنانەت لە ڕۆمانەکەیدا، نووسەر وردەکاریی دیمەن و گرتەکانی کچەکەی کە لە چاوەڕوانییەکی کوشندەی نێوان مردن و ئومێدی ژیانەوەی لەبیر نەکردووە. لە هەموویشی جوانتر، گێڕانەوەی هەستی دایکایەتییێتی بەرامبەر پاولا، چ لە ژیانی پێشووی خۆی، یان ئەو چرکەساتانەی کە بە درێژایی نەخۆشییەکەی لە تەنیشت کچەکەی بووە.

ئیزابێل لە بارەی بیرۆکە و بەرهەمهاتنی ئەم ڕۆمانەدا ئاوا دەنووسێت: " نەخۆشییەکە چەند مانگێکی خایاند، دواتر و لەگەڵ بەسەرچوونی کات، بۆم دەرکەوت، ئەم ڕستە کەمانەی ناو بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەم بەدیار کچەکەمەوە، بوونە کتێبێک. بوونە ڕۆمانێک لە شێوەی یادەوەریی خودیی

تەواوی خێزانێک کە لاپەڕەکانی ژیانی پڕن لە ئەزموون" ڕۆمـانی "پـاولا" ئەگەرچـی گێـڕانەوەی ئەو کۆسـتەیە، بەڵام چــونکە نووســەرەکەی لە ئەنجــامی ڕووبەڕووبــوونەوەی سـەختی و ناسـۆرییەکانی ژیانـدا، ژنێکـی خـۆڕاگر و بەهێـز بوو، توانی ژان و ئازاری ئەم ڕووداوەش بکاتە بەرهەمێکـی ئەدەبــی نــاوازە. خــاڵی هەرە ســەرنجڕاکێش لەم کــارەی ئیزابیێلــدا ئەوەیە، تەواوی داهــاتی ئەم ڕۆمــانەی بەخشــییە سـەنتەری چارەسـەریی شێرپەنجە و تـا ئەوەی، بەم ڕسـتەیە کۆتــایی بەم داســتانەی بێنــێ و بڵــێ " ماڵئــاوا پــاولای ژن، بەخێربێیت، پاولای ڕۆح!".

## 18| لودميلا :
## پۆتین له ستالین ترسناکتره



ژنە ڕۆماننووسی ڕووسی، لودمیلا ئۆلیتسکایا، ساڵی ١٩٤٣ لە دایک بووە و بڕوانامەی باڵای لە بواری زانستی بۆماوەیی، لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە و سەرەتای کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆی، وەک ڕاوێژکاریی ئەدەبی لە بواری شانۆدا دەستپێکردووە. ئەو کە یەکەم کاری ئەدەبی خۆی، لە تەمەنی پەنجا ساڵی (ڕۆمانی سۆنیچکا)، بڵاو کردووەتەوە و چەندین ڕۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فیلمی نووسیوە، یەکێکە لە درەوشاوەترین ناوەکانی نووسەرانی هاوچەرخی ڕووسیا و لە پێشەنگی ئەو نووسەرە ڕووسە هاوچەرخانە دێت، کە لە دەرەوەی سنووری ڕووسیادا، پڕ خوێنەرترینە.

لودمیلا کە تا تەمەنی پەنجا ساڵی، بوێری نەداوەتە بەر خۆی، کتێبەکانی بڵاو بکاتەوە، بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە (٢٠) زمانی دونیا و زیاتر لە چوار ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشراون، هەروەها یەکەم ژنەنووسەرە، کە دێرینترین خەڵاتی ئەدەبیی ڕووسی (پۆکەر - ٢٠٠١) وەربگرێت. ئەمە و جگە لە وەرگرتنی خەڵاتە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی (میدیسیسی فەرەنسی بۆ ڕۆمان - ١٩٩٦)، (جیۆزیبێ ئاچربیی ئیتاڵیالی - ١٩٩٨)، سیمۆن دو بۆڤوار - ٢٠١١) و خەڵاتی (وڵاتی نەمسا بۆ ئەدەبی ئەوڕوپی - ٢٠١٤).

دەگـوترێ ناونیشـان کلیکـی کـردنەوەی دەرگـای هەر نووسینێکە. بەو مانایەی، ئەوە ناونیشانە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەر نووسینێک ڕادەکێشێت، وەلێ ڕەنگە ئەمە بۆ کتێب، یان لێکۆڵینەوە، یاخود شاکارێکی ئەدەبی جیاواز بێت. ئاخر (برایانی کارامازۆف، ئانا کارنینا، دکتۆر ژیڤاکۆ، دایک و...) زۆر ڕۆمانی دیکەی جیهانی، تەنیا ناوێکن، بەڵام کە دەیانخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ شاکارگەلێکی مەزنن، ناکرێ بە تەنیا خوێندنەوەی ناوەکانیان، دەستبەرداری خوێندنەوەیان بین. هاوکات نابێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکەین، کە بڕێ جار هەندێ نووسەر هەن، لەگەڵ ئەوەی دڵنیاشن شتێکی جیاواز و نوێیان نەگوتووە، بەڵام بۆ ڕەواج، وەک فێڵێک، بە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش، خوێنەر فریو دەدەن.

وەکوتر، زۆرجار باس لە بایەخی ئاڵۆزیی نووسین لە میانی گەمەی زماندا دەکرێ، ئەمەش وەک جۆرێک لە ئاماژەکردن بۆ خەسڵەتی بەرهەمی سەرکەوتوو، کە بە ئاسانی و زوو خۆی نادات دەست، هەروەها وەک ئاماژەیەکیش بۆ نیشاندانی توانا و لێهاتوویی نووسەر. لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو ئاڵۆزییەک لە نووسیندا، داهێنان و هەموو گەمەیەکی زمانەوانیی نووسەریش لە ناو چەمک و دەستەواژەی تەماویدا، نیشانەی لێهاتوویی بێت.

بە گوێرەی ئەوەی خوێندوومەتەوە، یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی، سادەنووسییە. سادەنووسی بە مانای زمانێکی هەژار و بازاڕی و خاڵی لە مانا و مەدلوول نا، بەڵکو سادەیی زمان و چەمک و وشە و دەستەواژەگەلێک، کە بایەخ و بەهاکەیان لە شوێنکاتی

تەوزیفکردنەوەیاندا لەناو دەقدا دەردەکەوێ. سادەنووسیێک، کە ڕۆڵی هیچ یەک لە خەیاڵ و زمان و هونەری گێڕانەوە لەناو دەقدا، ناکاتە قوربانیی ئەوی دیکە.

کەم و زۆر، لودمیلا لەو نووسەرانەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی، ناونیشانەکانی ساکار و زمانی نووسینەکەیشی سادەیە، ئەمەو بەبێ ئەوەی ئەو ساکاری و سادەنووسییەی، کاریگەریی لەسەر بایەخی ئەدەبی و بەهای داهێنەرانەی بەرهەمەکانی هەبێت..

سۆنیچکا، سادەیی و داهێنان!

هەتا ئەو شوێنەی ئاگادار بم، تەنیا دوو ڕۆمانی ئەم ڕۆماننووسە کراونەتە عەرەبی و ئێستا لەبەر دەستمدان، بۆیە هەوڵ دەدەین (سۆنیچکا) بکەینە ئەرگۆمێنتێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی پێشوومان، ئەمەش وەک ڕەهایی نا، بەڵکو وەک ڕاستییێکی ڕێژەیی.

ڕۆمانی (سۆنیچکا)، کە بە هۆیەوە چەندین خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، ناونیشانەکەی زۆر ساکارە و ناوێکی ئاساییە و بەس، بەڵام کاتێک ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت چانست لەوەدا هەیە، کە هەمیشە و لە هەموو بەرهەمێکدا، ناونیشان فریوت نادا. لە سێبەری ئەم ناونیشانە ساکارەدا، بەر دەیان ڕووداو و کەسایەتیی جۆراوجۆر دەکەویت، باری سەرنجت دەچێتە سەر نهێنییەکانی مێژوو، سەر بایەخەکانی زانست، سەر تەونی ئاڵۆزی دەسەڵات، سەر شیکردنەوەی سایکۆ - سۆسیۆلۆژیی باری دەروونی تاک و دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگا. ڕۆمانێک، تەنیا لە میانی خوێندنەوەیدا، درک بە گرنگیی نووسەرەکەی و بایەخی بەرهەمەکانی دەکەیت.

سۆنیچکا چیرۆکێکی ئاسایی کچێکە، کە لە کتێبخانەیەکی

لاچەپ کـــار دەکـــات. کـــچە بە هـــۆی ئەو کـــارەیەوە لە کۆمەڵگـاکەی خـۆی دابـڕاوە، تـا ئەوەی دەتـوانین بڵێـین، لە دۆخی جۆرێک لە گۆشەگیریدا دەژیێت. کتێبخـانەکە، هەمـوو دونیـای ئەوە، هەست بە پرسـە گەورەکـانی دیـکەی ژیـان و کۆمەڵگـاکەی ناکـات و خەمـی سـەرەکیی ئەو، خوێنـدنەوەیە. ئەگەر بۆمـان هەبێـت و بتـوانین ئەو مـافە بە خۆمـان بـدەین گوزارشـتی (مشـکی کـاغەزخۆر)ی نـاو ڕۆمـانی زۆربـا (ئەمەش بە گـوێرەی نزیکـایەتیی ڕۆڵـی سـۆنیای لـودمیلا و ڕۆڵـی باسـیل، یـان سـەرۆک -ی کـازانتزاکیس) لێـرە بەکـار بێنـین، ئەوا سـۆنیا ڕێـک ئەو مشـکەیە، یـان کـورد وتەنـی، (کرمی کتێبە). بە جۆرێک، ئاست و ڕاددەی هۆگربـوونی بە خوێندنەوەی کتێـب و سـەرکردن بەسـەر لاپەڕە و وشـەکاندا، ڕەنــگ و ڕووخســار و تەنــانەت جوگرافیــای جەستەیشــی گۆڕیوە.

باشــە چـی دەبـوو ئەگەر نـاوی ڕۆمـانەکە (کـاغەزخۆر، کرمـــی کتێـــب و..)، یـــان چەنـــد ناونیشـــانێکی هاوشـــێوە سەرنجڕاکێش بووایە؟ ئایا نووسـەر خەیـاڵی بـۆ ناونیشـانێکی وا نەچووە، یان هەر خۆی نەیویسـتووە؟ ئەدی بـۆچی هەر لە دەسـتپێکی ڕۆمانەکەیـدا و لە ڕێگـای زمـانێکی سـادە و بە هـــونەری وێنـــاکردنی ئەدگـــار و کەســـایەتییەکانی نـــاو ڕۆمـانەکەی، یـاری بە عەقڵـی خـوێنەر دەکـات و هـۆگری خوێندنەوە و تەواوکردنی ڕۆمانەکەی دەکات؟

ئەگەر هــیچ وەڵامێکــی ئەو پرسیارانەشــمان لە خــودی نووسەر خۆیەوە چنـگ نەکەوێ، ئەوا لە میـانی خوێنـدنەوەی ئەو ڕۆمـانە و زۆر ڕۆمـانی دیـکەی نووسـەرانی تـر، کە ناونیشـانەکانیان سـادە و ئاسـایین. لەوە تێـدەگەین، کە ئەو قسـەیەی لە بـارەی کـۆد و کلیلـی ناونیشـانەوە دەگـوترێ، ڕاسـتییەکی ڕێـژەییە. یـان لە باشـترین حاڵەتـدا، دەشـێ ئەو ڕاسـتییە پـڕ بە پێسـتی مانشـێتی هەواڵێـک، ڕاپـۆرت و

ڕێپۆرتاژێک، وتارێک، یان گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسی بێت، بەڵام بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، دروست نەبێت.

لودمیلا بەبێ ئەوەی باس لە جەنگ و وردەکارییەکانی، یان پرس و کێشەیەکی مەزنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووسیا بکات، یاخود ئاماژەیەک بۆ خۆشەویستی و ئەوین بکات، دێت و بە زمانێکی سادە، بێ گرێوگۆڵ و ئاڵۆزی، قسە لەسەر کاراکتەرە سەرەکییەکە (سۆنیا)، وەک شەیدا و هۆگری کتێب، هەروەها باس لە هونەرمەندێکی شێوەکاری گومناو، (ڕۆبێرت ڤیکتۆرڤیچ) دەکات، کە لە کاتی جەنگدا سەرباز بووە و لە کاتی هاموشۆکردنی کتێبخانەکەدا، ئاشنای سۆنیا دەبێت و لە دووەم دیداریاندا، پۆرترێتێکی بۆ دەکاتە دیاری و دواجار دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەکەی. نووسەر بەبێ ئەوەی بۆ جارێکیش وشەی خۆشەویستی، ئەوین، بەکار بێنێ. تەنیا بە دوو گوزارشتی دژ و پێچەوانەی هەڵێنجراو لە سروشتی ڕۆبێرت (ترسی لە هۆگربوون بە کچان، بردنی پۆرترێتێک بە دیاری بۆ سۆنیا)، وا لە خوێنەری وریا دەکات، کە بزانێت خۆشەویستی و هۆگری و ئەوین لە کوێی پەنهانییەکانی پەیوەندی و دیدار و گفتوگۆکانیاندا خۆی مەڵاس داوە.

لودمیلا لە شوێنیکدا باس لەوە دەکات، ئەو وەک زانا و شارەزایەکی بواری بۆماوەناسی، لە سروشتی گۆڕانی کەسایەتی و کاریگەریی شوێنکاتەکان لەو پرۆسەیەدا قووڵ بووەتەوە، بۆیە لە توێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا سوودی لەو پسپۆرییە و سەرەدەرکردن لەگەڵ کەسایەتییەکان وەرگرتووە. کاتێ سەرنجی وردەکارییەکانی ڕۆمانەکە دەدەیت، بە ئاسانی درک بەو تەکنیکە بەرزەی نووسەر دەکەیت، کە لە وێناکردنی ئاڵوگۆڕە دەروونییە قووڵەکانی کەسایەتییەکاندا بەکاری هێناوە.

لودمیلا بە زمانێکی سادە دەنووسێ، بەڵام زمانێکی

جادوبـــازانه و به هـــونەرێکی وردی چینینـــی ڕووداو و شوێنکات و گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش. سۆنیا و ڕۆبێرت دەچـــنە ژیـــانی هاورســـەرێتییەوە، منـــداڵ دەخەنەوە، لەگەڵ بێنەوایـی و نەداری ڕادێـن و بە هەژاری دەژیـن، کـاتێکیش سـۆنیا هیواخـوازانە دەڵـێ: " لە کۆتاییـدا سـەردەکەوین و ژیـانێکی خـۆش دەژیـن". ڕۆبێـرت وەڵامـی دەداتەوە : " خۆشـخەیاڵ مەبە، ئێسـتا ژیـانێکی خـۆش دەژیـن، هەرچـی پەیوەندی بە سەرکەوتنیشـەوە هەیە، ئەوا ئێمە هەر لە ڕیـزی دۆڕاوەکانـداین.. سـەرکەوتوو هەر کـێ بێـت، لەوانەیە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن.... بنوو سۆنیا، بنوو".

بە شێوەیەکی گشتی، لەو ڕۆمانەدا سادەنووسیی لە وەسفی کـاراکتەر و شـوێن و خسـتنەڕووی ڕووداوەکـان و زمـانی گێـڕانەوەدا، لایەنە سـەرنجڕاکێش و سـەرکەوتووەکەیەتی. هەر بەو سادەییەشـەوە لە سـەرەتای گێڕانەوەکانیـدا، خـوێنەر دەرگیـــــری تەواوکردنـــــی چیـــــرۆکەکە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناوی دەکات.

نووسین و یاخیگەریی!

لودمیلا کە لە پـای ئەو بەرهەمـانەی، تیایانـدا داکۆکیی لە بەهاکـانی دادپەروەری و دیموکراسـییەت دەکـات، خەڵاتـی (سـیمۆن دو بۆڤـوار - ٢٠١١)ی وەرگرتـووە، یەکـێکە لە سـیمبولەکانی بەرەنگـاری و یـاخیبوون، وەک ئەوەی بە یەکێک لە دژبەرەکانی (پۆتین)یش
ناسراوە.

ئەو یەکێـک بـوو لەو نووسـەرانەی، سـاڵی ٢٠١٢دا سەرپەرشـتی (هاوبەنـدی خوێنەران)یـان کـرد و چەنـدین چالاکی و خۆپیشـاندانی پرۆتسـتۆکردن و نـاڕەزایی دەربـڕین لە دژی پۆتین و سیاسـەتەکانیان ڕێکخست. هەروەهـا یەکێـک

بــوو لەو نووســەرانەی، دژی داگیرکردنـــی دوورگەی قــرم (کریمیــا)ی ئۆکرانیــا، لە لایەن وڵاتەکەیەوە، وەســتایەوە و سەرکۆنەی کرد.

" سوپاس بۆ خوا، ترشی کبریت نەبوو"، ئەمە نـزای ژنـە ڕۆماننووسی لودمیلا بوو، کاتێ لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦، لە کاتی چوونی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی ڕێکخراوی مافپەروەریی (مێمۆریاڵ)، لە یەکێک لە شەقامەکانی مۆسکۆ، لە لایەن کۆمەڵێ گەنجی نەتەوەپەرستەوە هێرشی کرایە سەر و ماددەیەکی کیمیاویـان بە دەمووچـاوییەوە پژانـد، کە جۆرە گازێکە دەبێتە هۆی هەوکردنی پێست.

چـاودێرانی سیاســی لەو کاتـدا ڕایانگەیانـد، هێرشـکردنە سەر ئەم ڕۆماننووسە لە لایەن ئەو گرووپەوە، بـۆ ڕۆڵـی ئەو لە پرۆســەی ســەرلەنوێ نووسینەوەی مێـژووی هـاوچەرخی ڕووســیا دەگەڕێــتەوە. لــودمیلا کە بە چــالاکێکی دیــار و دژبەرێکـی سەرســەختی سیاســەتەکانی (پـۆتین)ی ســەرۆکی ڕووســیا دەناســرێ، لە میــانی نووســینەکانیدا ڕەخـــنەی لە نیوســـەدە مێـــژووی وڵاتەکەی گرتـــووە و ئامـــاژەی بەوە کــردووە، لە بــری ئەوەی بلیمەتـــی و توانــای داهێــنەرانەی ڕووســیا، بخــرێتە خزمەتـــی ئامــانجە ڕەوا و داخـــوازییە دیموکراســـی و پێداویســتییە کــۆمەڵایەتییە ڕاســتەقینەکانی ڕووسیا و ڕووسەکان، کەچی پـێچەوانەی ئەوە بەکـارهێنراوە و دەهێنرێ، بەمەش مێـژووی سـەت سـاڵی ئەو وڵاتە بـووەتە تراژیدیا و کارەسات.

هەندێکی دیـکەش لە چاودێران ئەو هێرشکردنەسـەر ئەو ژنە نووســەرە، بـۆ ســەرکەوتن و ناوبــانگیی ئەدەبــی ئەو لە دەرەوەی ڕووســیا دەگێـڕنەوە، بەتــایبەتی بە هــۆی ڕۆمــانی (ســۆنیچکا - ١٩٩٣). ئەو ڕۆمــانەی نەتەوەپەرســتەکان بە نموونەی شێواندنی وێنەی کۆمەڵگا و وڵاتەکەیـانی دەزانـن و بڕیاریان داوە بە ئاسانی لێی خۆش نەبن.

جێی سەرنجە لەسەر ئەم هەڵوێستانە، زۆرجار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەک کەسێکی نانیشتمانی، یان ڕاستتر وەک (دوژمنی نیشتمان) وەسف کراوە، کەچی ئەو لە بارەی ئەو وەسفکردنەی، بە پێکەنینەوە دەڵێ: " ڕاستە، چونکە لە باشترین حاڵەتەکاندا هەمان بۆچوونی ئەوانمان لەمەڕ نیشتمانپەروەرییەوە نییە. نیشتمانپەروەری لە ڕوانگەی منەوە خۆشەویستیی سروشتی و خۆڕسکی مرۆڤە بۆ زێد و ئەو شوێنەی تێیدا لەدایکبووە و گەورە بووە، بەڵام نیشتمانپەروەری لە ڕوانگەی سیستەم و دەسەڵات و بە داخەوە لە دیدی زۆربەی ڕووسەکانیشدا، خۆشەویستیی ئیمپراتۆرییەتە".

بە بۆچوونی لومیلا، ڕووسیا پێویستی بە ماوەیەکی زۆر و دەیان نەوەی دیکەی هۆشیار هەیە، بۆ ڕاستکردنەوە و سڕینەوەی شوێنەواریی ئەو خراپی و ناچیزەییەی دەسەڵاتدارەکانی سۆڤیەت، بەرانبەر گەلەکەیان ئەنجامیان داوە. تەنانەت پێیوایە دەسەڵاتەکانی دوای ڕووخانی سۆڤیەتیش، شتێکی ئەوتۆ و جیاوازیان نەکردووە، بەڵکو زۆرینەی چینی دەسەڵاتدارانی ئێستای وڵاتەکەی، درێژکراوەی هەمان مێژوو و بیرکردنەوەی دەسەڵاتگەرایین.

ئەو پێیوایە جیاوازیێکی زۆر لە نێوان سیستەمی دەسەڵاتدارێتیی ستالین و پۆتیندا هەیە، بەو پێیەی دووەمیان کەمتر لەوەی یەکەمیان تینووی خوێنە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوەی دووەمیان زۆر لەوەی یەکەم مەترسیدارترە، چونکە ستالین شەیدای ئایدیۆلۆژیا بوو و باوەڕێکی هەبوو، بەڵام پۆتین شەیدای سەروەت و سامانە و هیچ باوەڕ و پرەنسیپێکی نییە.

## 19| مارلین ڕۆبنسن:
## پەیوەستبوون بە بەها مرۆییەکان



وەک خۆی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی پێداوە، لە تەمەنێکی بچووکەوە هۆگری خوێندنەوە بووە، بەتایبەتی کە بە هۆی دایکیەوە کە هەمیشە چیرۆکی بۆ خوێندووەتەوە، گوێچکەکانی بە چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) و زۆر چیرۆکی دیکەی ناو کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤایەتی کراوەتەوە و خەیاڵی فراوانتر بووە.هەر ئەم هۆگربوونەیشی بە خوێندنەوە، کەڵکەڵەی نووسینی خستووەتە سەر و خەونی بەوە بینیوە ببێتە نووسەر. دواجار ئەو خەونەی نەک هەر دێتە دی، بەڵکو دەبێتە یەکێک لە نووسەرە دیار و بەناوبانگەکان.

ژنە نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریکی ماری ڕۆبنسۆن، ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانستەکان، ساڵی ١٩٤٣ لە ساندبۆینتی ویلایەتی ئایداهۆ لەدایکبووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هونەرەکانی لە زانکۆی براون بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٧٧ دکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆی براون وەرگرتووە و ساڵی ١٩٨٨ دکتۆرای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە هەمان زانکۆ تەواو کردووە.

ئەو لە زانکۆ لە وۆرکشۆپی نووسینی داهێنەرانە وانەی گوتووەتەوە، دکتۆراکەیشی لەسەر (شکسپیر)ی لوتکەی ئەدەبی ئینگلیزی بووە.

دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانی، بۆ ماوەی نزیکەی ٢٤ ساڵ، خەریکی نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری بوو بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان (نیویۆرک تایمز، پاریس ڕیڤیو، هاربەرز). هەر لەو ماوەیەدا کتێبی (وڵاتی دایک: بەریتانیا، دەولەتی خۆشگوزەرانی و پیسبوونی ناوەکیی)ی نووسی کە دەنگدانەوەیەکی مەزنی بە دوای خۆیدا هێنا.

" بەرهەمەکانم هەموو ئەو شتانەن، کە دەتوانم پێشکەشی خوێنەرەکانمی بکەم - ڕۆبنسۆن"

ڕۆبنسۆن خاوەنی سێ ڕۆمان (ڕێکخەری ماڵ، یان کارەکەری ماڵ ١٩٨١) و (گلیاد ٢٠٠٤) و (ماڵ ٢٠٠٨) و چەند کتێبێکی دیکەی بواری فیکری و فەلسەفییە. لەوانە (وڵاتی دایک ١٩٨٩ و مردنی ئادەم ١٩٩٨).

ئەو کاتەی لە زانکۆی براون لە واشنتۆن سەرقاڵی وەرگرتنی دکتۆرا بوو لەسەر (شکسپیر)، خەریکی نووسینی ڕۆمانی یەکەمی بوو. تا ئەوکات لە نێوەندی ئەدەبی ناسراو نەبوو، بەڵام کاتێ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) خویندنەوەی بۆ ڕۆمانەکەی کرد، سەرنجی خوێنەران و ڕەخنەگرانی بۆ خۆی ڕاکێشا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕۆمانەکەی وەک شاکارێک و یەکێک لە گرنگترین ڕۆمانە ئەمریکییەکان ناوبانگی دەرکرد. دوای چارەگە سەدەیەک لە بێدەنگی، ڕۆبنسۆن دووەم ڕۆمانی خۆی چاپ و بڵاو کردەوە و پاش چوار ساڵ، ڕۆمانی سێیەمی خستە بازاڕەوە.

ڕۆمانی (ڕێکخەری ماڵ) کە لە لایەن ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) خرایە لیستی باشترین کتێبەکانی سەدەی بیستەم و ڕۆژنامەی (یوکای گاردیان ئۆبزێرڤەر) وەک یەکێک لە گەورەترین ڕۆمان دەستنیشان کرد. جگە لەوەی کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتەرز بوو، هاوکات لە لایەن دەزگای هەمنگوای، خەڵاتی (بین)ی ئەدەبی و دوای ئەویش خەڵاتی دامەزراوەی (فۆکنەر)ی لە ساڵی ١٩٨٢ پێبەخشرا.

دووەم ڕۆمانیشی کە دوای چارەگە سەدەیک بێدەنگیی ئەدەبی، دەنگدانەوەیەکی کەمتر لەوەی یەکەمی نەبوو، چونکە هەرسێ خەڵاتی ئەدەبی (بازنەی نیشتمانیی ڕەخنەگرانی نیشتمانی - ٢٠٠٤) و (پۆلیتەرز - ٢٠٠٥) و

(ئەمباسادۆر بۆ کتێب - ۲۰۰۵)ی بەدەستهێنا.
ڕۆمـــانی سێیەمیشـــی کە بەشـــی دووەم، یـــان تەواوکـــاری ڕۆمانی دووەمە خەڵاتی ڕۆژنامەی (لـۆس ئەنجلـۆس تـایمز) بۆ کتێبی لە ساڵی ۲۰۰۸ وەرگرت، ئەمەو سەرەڕای خەڵاتی ئەدەبـی (ئـۆرانج)، هاوکـات یەکێکـیش بـوو لە دیـارترین کاندیـدەکان بـۆ وەرگرتنـی خەڵاتـی (کتێبـی نیشـتمانی لە ئەمریکا) و هاوشێوەی ڕۆمانی یەکەمی، لە لایەن ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) وەک یەکێک لە سەد باشترین کتێبـی سـاڵی ۲۰۰۸ دیاری کرا

کۆمەڵگا لە ئاوێنەی خودەوە

لە ڕێوڕەســـمی وەرگرتنـــی خەڵاتـــی (بـــین)ی ئەدەبیـــی دامەزراوەی هەمنگوای، سەرۆکی لیژنەی دادوەری ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆمـــانەکەی ڕۆبنســـۆن، ڕۆمـــانێکە لە بـــاری گێـڕانەوەدا سروشـتێکی نەرم و دەوڵەمەنـد و پـڕ حیکمەتـی هەیە، هەروەهـا لە لایەنـی تەکنیکیشـەوە، ئاسـتێکی بەرزی پیشەییبوونی تێدایە. بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبیش پێیانوایە کە نووسـەری ڕۆمـانەکە، یەکـێکە لە دیـارترین نووسـەرانی پەخشـان لە سـەدەی بیسـت، نووسـەرێک کە هەوڵ دەدات و خەونـــی ئەوەی هەیە، لە نێوەنـدی ئەدەبیـدا وەک (جۆزێـف کۆنراد)ی نووسەر سەیری بکرێت.
ڕۆبنسۆن دەڵـێ: " کتێبەکانمـان پەیـامبەری خۆشەویسـتیی ئێمەن بۆ ئەوانی دی". بەرمەبنای ئەم دەربڕینەی نووسـەر و بە خوێنـدنەوەی ڕۆمـان، تەنـانەت کتێـبە فیکرییەکەیشـی (مردنی ئادەم) کە قسەکردنە لەسەر (داروین، کالڤن، نیچە) و چەنـد بیرمەنـدێکی دیـکە. وەک خوێنەرێـک دەگەیـتە ئەو تێگەیشـتنە سـادەیەی کە بڵێیـت، ڕۆبنسـۆن جـگە لە جـوان نووسین، ڕەوان نووسین، جوان گێڕانەوە، خەیـاڵ ڕەنگینـی،

زیرەکـی لە مـامەڵەکردن لەگەڵ زمـان و تەوزیفکـردنەوەی وشە و دەربڕینەکان. هاوکات لە باری ناوەڕۆکیشدا، خـاوەنی مـۆڕاڵ و ڕەوشـتێکی بەرزی مـرۆییە. کەسـێکە دەیەوێ لە سەردەمی ئاوابوونی بەهاکاندا، گیان وەبەر بەهاکاندا بخـاتەوە و مانایەک بە سروشت و بوونی مرۆییانەی مـرۆڤ بـداتەوە. نووسەرێک دەیەوێ لە ئاوێنەی خـودەوە درز و خەوشـەکانی کۆمەڵگا ببینـێ و لەوێـوە، لە میـانی پڕکـردنەوەی ئەو درز و بۆشـاییە ڕۆحـی و ئاکاریـیانەی خـودەوە، مـرۆڤ بە خـودی خـۆی، هەروەهـا لەگەڵ بەرامـبەر و ئەوی دیـکە، ئاشـت و ئاشـنا بکـاتەوە. ڕەنـگە هەر ئەم ڕەهەنـدە مـۆڕاڵی و دیـوە مرۆییە بێت، کاتێ (باڕاک ئۆباما)ی سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی ٢٠١٢ مەدالیای نیشتمانی بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییەکـان بەو ژنە نووسـەرە دەبەخشـێ، لە بەیاننـامەی نووسـینگەی بڵێـت: گ بەرهەمە ئەدەبـی و فیکرییەکـانی ڕۆبنسـۆن لە شـوێنپێ هەلگرتنـی ئەو ڕایەڵە مۆڕاڵی و ئاکارییانەدا سـەرکەوتوون، کە ئێمە بەوانـی دیـکە دەبەستنەوە".

ئەگەر ڕۆمانەکانی ڕۆبنسۆن، وەک بەرهەمـی ئەدەبـی، لە باری شێواز و ڕەگەز و توخمەکانی داهێنانی ئەدەبی، بریتـی بن لە ئەزموون و توانا و سەلیقەی نووسینی نووسـەر خـۆی، بەڵام دواجـار وەبەرهێنـانی ئەو ئەزمـوون و توانـا و سـەلیقە ئەدەبییە خـودییە لە وێنـاکردنەوەی سروشـت و ڕووخسـاری کاراکتەرە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، لە ئاشـکراکردنی دیوە کرێتەکـانی پەیوەنـدیی نێـوان مرۆڤەکـان، لە کـردنەوەی گرێکـوێرەی کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان و زۆر لایەنـی دیـکە، ڕەهەنـدێکی دیـکەی کۆمەڵگـایی و گشـتگیرتر بە بەرهەم و ئەزموونەکانی نووسەر دەدەن. بە مانایەکی دیکە، ئەزمـوونی ڕۆبنسۆن، ئەزموونی گشتە لە زمانی کاراکتەری جیاواز.

" نووسین چرکەساتی دڵنیایی و ئۆقرەگیری دڵ و ئاشتیی منە لەگەڵ خودی خۆم - ڕۆبنسۆن"

کردەی نووسین و پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی، بەرهەمی ئەزموون و تێفکرینە، بەری قووڵبوونەوە و تێڕامانە، ئەنجامی توانای بەرهەمهێنانی پرسیار و کردنەوەی کۆدەکانە. داهێنانی ئەدەبی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی تێکەڵی و پەیوەندیی خودی نووسەرەوە هەیە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی. بەو مانایەی هیچ نووسەرێک بە بێ بوونی ئەو ڕایەڵی پەیوەندییە و تێگەیشتنی قووڵی لە چیەتی و ماهیەتی کۆمەڵگاکەی، لە مێژوو و فەرهەنگەکەی، دەرەقەتی نووسینی ڕۆمان نایەت. ئەتمۆسفیری ڕۆمان و کەرەستەکەی، کۆمەڵگا خۆیەتی، کۆمەڵگا بە هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کولتووری و ڕۆحی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، بە دوێنێ و ئێستای. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وا بکات، کە جیاواز لە هەر نووسینێکی دیکە، نووسینی ڕۆمان کردەیەکی هەڕەمەکی نەبێ، بەڵکو وەک ڕۆبنسۆن دەڵێ:" هەندێک بارودۆخ هەن کەشی نووسینی ڕۆمان دەخوڵقێنن، بۆیە تا ئەو کاتە چاوەڕێی هاتنی ڕۆمان دەکەم، کە خۆی دەیەوێ بێت".

" تەنیایی جوانترین بەخششێکە، کە بوارم پێ دەدات بۆ ڕامان و قووڵبوونەوە لە جوانیی گەردوون، وەک چۆن دەرفەتی خوێندنەوە و نووسینیشم دەداتێ - ڕۆبنسۆن". بە وردبوونەوە لەم بۆچوونەی نووسەر و گەڕانەوە بۆ ئەزموونی زۆر ڕۆماننووسی دیکە، دەگەینە بڕێک لەو ڕاستییەی، کە تەنیایی دونیایێکی تایبەتی نووسەرە، سروتێکی جیاوازە کە دەیباتەوە ناو خۆی، کەشێکە دەیخاتە سەر کەڵکەڵەی پرسیار و گومان. تەنیایی نووسەر، زیاتر لە خەڵوەتگیریی زاهید و عاریفان دەکات، کە تیایدا ڕۆحی

خـۆی، ئەندێشـەی خـۆی، خەیـاڵی خـۆی، تەنـانەت هەمـوو بـوونی خـۆی، ڕەهـا دەکـات و دەیانـدەاتە دەسـت گەشـت و گەڕان بۆ گەیشتن بە وەجد. بڕێ جار دەشێ لەنـاو ژاوەژاوی قەرەباڵغی و ژیانی گشتیشدا ئەو هەستی تەنیاییە دایبگرێت و لە چەقـی حەشـاماتدا بە دیـار دیمەنێـک، ڕووداوێـک، دۆش دابمێنـــێ و لە ســـووچێکدا هەڵترووشـــکێ و لە دەوروبەری خۆی، لە زۆر شت ورد بێتەوە.

ڕۆبنسۆنی نووسەریش بەم گوزارشتەی لە بارەی تەنیـایی و گۆشەگیری و دوورکەوتـنەوە لە ژاوەژاو، دەیەوێ عیشـقی خۆیمان بۆ تەنیایی، هێوری، هێمنی، دەرببڕێ و دەنووسێ: " خـــودی خـــۆم بـــۆ نووســـین تەرخـــان دەکەم، بەڵکـــو ببێـــتە فریادڕەسم بۆ گەیشتن بە جوانیی گەردوون و مـرۆڤ". ئیتـر کـــێ نـــاڵێ چـــارەگە ســـەدەیەک لە بێـــدەنگی و دواتـــر تێهەڵچوونەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو تەنیاییەی نییە، کە سەرڕێژی کردووە لە پرسیار و گومان، تا دواجار دێت و بەم قـووڵییەوە، قسـە لەسـەر سروشـتی مرۆیـی، نهێنییەکـانی گەردوون و زۆر نەگوتراوی ناو کۆمەڵگاکەی بکات؟

## 20| ئەلیس وۆلکەر:
## ڕۆشنایی ناخ لە سەردەمی تاریکیدا!



تەنیایی وەک کلیلی ناسینی دونیا!

ژنە ڕۆمـاننووس، شـاعیر و چـالاکی مەدەنـی، ئەلـیس وۆڵـکەر، سـاڵی ١٩٤٤ لە شـاری ئیتینـتن لە ویلایەتـی جۆرجیای ئەمریکا لەدایکبـووە. ئەو کە بچـووکترینی هەشـت منـداڵەکەی نـاو خوشـک و براکـانی بـووە، کچـی خێزانێکـی هەژار بـووە. بـاوکی ئەلـیس (ویلـی لـی وۆڵـکەر)، نەوەی

خێزانێکی کۆیلە بووە، کە جەور و ستەمێکی زۆریان بە دەستی ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستەکان چەشتووە. دایکیشی (مینی گرانت)، ژنێکی ڕەنجدەر بووە. باوکی جووتیار و دایکیشی ژنی ماڵ بووە، یەکەمیان لە ڕێگای کاری جوتێری و ئاژەڵداری، دووەمیشیان لە ڕێگای کارەکەری ماڵان، گوزەرانی خێزانەکەیان دابین کردووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاوکاریی ئەلیسیشیان کردووە بۆ ئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات و ساڵانە بەم زەحمەتکێشییەوە، دایکی قەرز و قیستی کۆلێژی بۆی داوە.

دایکی نەک تەنیا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەوەدا هەبووە ئەلیس خوێندن تەواو بکات، بەڵکو هاندەری سەرەکیشی بووە بۆ ئەوەی کچەکەی خوو بداتە خوێندنەوە و نووسین. لەم بارەیەوە ئەلیس لە دیمانەیەکدا دەڵێ " دایکم ناوە ناوە، سەرەڕای خراپی باری گوزەرانمان، بەڵام بڕێک لەو پارە و کرێی کارەی دەهاتە دەستی، گڵی دەدایەوە و دیارییێکی بۆ من دەکڕی، جارێکیان جانتایەکی گەشتی بە دیاری بۆ هێنام. بۆ من ئەمە بەو مانایە دەهات، کە بۆ گەڕان بە جیهان و دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان، هانم دەدات. جارێکیش ئامێرێکی چاپی بە دیاری بۆ کڕیم، تا لە ڕێگای شیعر و ڕۆمانەوە، دەربارەی ئازار و مەینەتییەکانمان بنووسم".

ساڵی ١٩٥٢ بە هۆی هەڵەی یەکێک لە براکانی، کە گوللەی لە دەست دەردەچێ، چاوێکی لەدەست دەدات. ئەم خەوشە لە جەستەیدا و ترس لەوەی خەڵک بە هۆیەوە تانە و توانجی تێ بگرن، وای لە وۆڵکەر کرد هەست بە شەرمێکی زۆر بکات. بۆیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دەروونییە، دوای ئەو ڕووداوە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ، خۆی لە خەڵک دوورەپەرێز گرت. دواجار ئەم گۆشەگیری و خۆدوورەپەرێزگرتنەی، کە هەر هەمووی بە خوێندنەوە و نووسینەوە بەسەر برد، بووە کلیلی کردنەوەی دەرگای

جیهانی نووسین و داهێنانی ئەدەبی بەڕوویدا.
پاش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، لە ڕێگای ئۆفەرێکی ویلایەتەکەیان، لە قوتابخانەی کچە ڕەشپێستەکان لە ئەتلانتا دەستی بە خوێندن کردووە. دوای ئەوە چووەتە کۆلێژی سارا لۆرێنس لە نیویۆرک و بەکالۆریۆسی لەو زانکۆیە وەرگرتووە.
ئەلیس بۆ یەکەم جار لە زانکۆی ئەتلانتا مارتن لۆسەر کینگی ناسیوە، ئەم ناسینەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەلیس و دواڕۆژی چالاکییەکانی و تێکۆشانەکەی لەپێناو ئازادیدا هەبووە.
ساڵی ١٩٦٢ و وەک دداننان بە کاریگەری و کارایی ئەو ژنە نووسەرە لە چالاکیی مەدەنی و بەرگریکردن لە ئازادی و وەستانەوە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بە گشتی و بەشداری و ڕۆڵی بەرچاوی لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان بەتایبەتی، کە بە دروشمی لەپێناو ئاشتی و لە فینلەندا بەڕێوەچوو، بانگهێشتی ماڵی مارتن لۆسەر کینگ کراوە.

ڕەشپێستەی وەک لەکەی نێوچەوانی مێژوو!

وۆڵکەر لە سەرەتایەکی زووی تەمەنیدا، ئەوکاتەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی یەکێک لە گۆڤارەکانی زانکۆکەی بووە، دەستی بە نووسینی شیعر، وتار، چیرۆک، ڕۆمان و ڕەخنە کردووە، یەکێک بووە لە چالاکە دیارەکانی خەباتی مەدەنی ئەمریکا لە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و وەک مەرجێکی پێویست بۆ سەلماندنی بوونی مرۆیی مرۆڤ، داکۆکی لە ئازادی کردووە. بایەخێکی زۆری بە کێشە مرۆییەکان و سیاسەتی جیاکاریی ڕەنگ و ڕەگەز و نەژاد داوە. یەکێکە لە بەرگریکارە ناسراوەکانی مافی ژنان بە گشتی و ژنانی ڕەشپێست بەتایبەتی، لە پەیوەست بە

کێشەکانی یەکسانی، خەتەنەکردن و توندوتیژی دژی ژنان.
وەک چۆن کۆمەڵە چیرۆکی (خۆشەویستی و تەنگژە) و هەردوو ڕۆمانی (ژیانی سێیەمی گرانج کۆپلاند - ١٩٧٠) و (میریدیان - ١٩٧٦)، کە یەکەمیان ڕەهەند و ناوەڕۆکێکی سایکۆلۆژی هەیە و تیایدا کاری لەسەر لایەنە دەروونییەکانی پرسی ژنانی ڕەشپێست کردووە و لە دووەمیاندا باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات، کە لە دوای کاریگەربوونی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکاندا بەسەر ژیان و واقیعی ژنانی ڕەشپێستدا هاتن. لەگەڵ ڕۆمانەکانی (پەرستگا، ئەوەی لای من ئاشنایە - ١٩٨٤) و ( خاوەنداریێتی کردنی نهێنیی خۆشی، یان خۆشبەختی، یاخود ئاسوودەیی - ١٩٩٢) و دیوانە شیعرییەکانی (شەوت شاد ویلی، بەیانی دەتبینمەوە - ١٩٧٩) و (ئەو کاتە پێدەکەنم، خۆمم خۆش دەوێ - ١٩٧٩، کە بەشێک لە هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی هیرستۆن بوون) و (ناواخنە شۆڕشگێڕییەکان، کە لە پای ئەو بەرهەمەیشیدا خەڵاتی لیلیان سمیسی وەرگرت) و (سەردەمە سەختەکان پێویستیان بە سەمایەکی گەمژانە هەیە) و (ئەسپەکان وا دەکەن دیمەنی سروشتی جوان بێت - ١٩٨٤) دەنگدانەوەی خۆیان لە نێوەندی ئەدەبی و ڕەخنەگر و خوێنەراندا هەبووە، هاوکات سەرەڕای ئەو ڕەخنە زبرانەی لێی گیران، بەڵام ڕۆمانی (ڕەنگی ئەرخەوانی - ١٩٨٢)، ناوبانگێکی زۆری بە نووسەر بەخشی و لە پای ئەو ڕۆمانە ناوازەیەیدا، ساڵی ١٩٨٣ هەر دوو خەڵاتی پۆلیتزەر و کتێبی نیشتمانیی وەرگرتووە. ئەو ڕۆمانەی سەرنجی ملیۆنان خوێنەری بۆ خۆی ڕاکێشا و کرایە فیلمێکی سینەمایی و فیلمەکەش چەندین خەڵاتی ئۆسکاری بردەوە.
وۆڵکەر کە لە هەر یەکە لە زانکۆکانی ماتسۆسێچ لە بۆستن و ییڵ و کالیفۆڕنیا لە بیرکل، مامۆستای بەرهەمی ئەدەبی ژنان بووە. لە تەواوی ئەو کار و بەرهەمانەیدا، بە

شێوازی جیاواز، بە زمانی جیاواز و گێڕانەوەی جیاواز، بایەخێکی زۆری بە پرسی ئازادی و سیستەمی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان و کێشەی ژنان داوە و کردوونیەتە بابەتی گێڕانەوە. لە توێی چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا و لە میانی ڕۆڵ بەخشین بە کەسایەتیی سادەی گوندەکانی باشووری ئەمریکا، کاری لەسەر ئەزموونی ژنە ڕەشپێستە ئەمریکییەکان کردووە، وێنای سەختی ژیانیان، ئازار و چەوساندنەوەیان، خیانەت لێکردنیان لە سای باڵادەستی سیستەمی پیاوسالاری کردووە.

*ئازادیی و بەرپرسیارێتیی، ستەم و بەرەنگاریی*

وۆلکەر تەواوی ژیانی خۆی چ وەک نووسین، یان وەک چالاکی مەیدانی، بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی و دادپەروەری تەرخان کردووە. بەو مانایەی، کار و چالاکیی ئەو ژنە شاعیر و ڕۆماننووسە تەنیا تایبەت نەبووە و نییە بە پرسی کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان، بەڵکو هاندەر و پشتیووانی هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵانەش بوو، کە لە دژی توندوتیژی بەرانبەر ژنان و جیاکاریی ڕەگەزی و چەکی ناوکی کاریان دەکرد. ئەو دەمانەی قوتابی زانکۆ بوو، لە هاویناندا لە ڕیزی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی جۆرجیا خەباتی دەکرد، دوای ئەوەیش کە ساڵی ١٩٦٥ کۆلێژی یاسای تەواو کرد، تێکەڵی کاری پارێزەری بوو و لە بوار مافە مەدنییەکاندا، وەک چالاکێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، لە بەرنامەکانی هۆشیارکردنەوەدا، کار و بەشداری کردووە و دەکات.

وۆلکەر لە بارەی بەشداریکردنی لەو چالاکییانەدا دەنووسێ: " ئەوەی من لە جیهانم دەوێ، ڕامالینی ئەو تەم و تەپ و تۆزەیە، کە پرەنسیپەکانی ئازادی و دادپەروەری و ڕێزگرتنیان داپۆشیوە. لەکاتێکدا کە ئەو پرەنسیپانە لە بەیندا

دەچن، ستەم و ڕق و كینە باڵیان بەسەر جیهاندا كێشاوە، بۆیە ئەوە ئەزموونێكە و پێویستە مرۆڤ لەپێناویدا تێبكۆشێ، هەر لەبەر ئەوەیە من سەوڵ لێدەدەم و دەریا و زەریاكان دەبڕم".

ڕەنگە ئەگەر خوێنەری ئەم نووسینە وەك كوردێكی بەرچاوتەنگی نەتەوەیی، وەك كەسێكی قوربانی و مارانگەستەی دەستی ڕژێمە یەك لەدوا یەكەكانی عێراق، وەك ڕۆڵەی نەتەوەی ستەملێكراوی بێ دۆست و هاوڕێی ناو دونیای خۆی و دەروروبەری (دونیای ئیسلامی و عەرەبی)، هەندێ هەڵوێستی وۆلكەر لە بارەی عێراق و فەلەستین بخوێنێتەوە، پێی پەست و نیگەران بێت، بەڵام بەدیوەكەی تردا ڕاستییەك هەیە، ئەویش ڕاستیی ستەم و ستەمكارییە، ڕاستیی ئەو سیستەمە نەگریسە سەرتاسەرییە جیهانییەیە، كە مرۆڤی لە بازاڕی سەرمایە و وزە و بازرگانی و بەرژەوەندیی سیاسی و سەربازی و ئابووریدا كردووەتە كاڵایەكی هەرزان.

بەهەرحاڵ، وۆلكەر ساڵی ٢٠٠٣ لە دژی ئازادكردنی عێراق لە لایەن ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی وەستایەوە و لە چالاكی و خۆپیشاندانەكانی دژی ئەو شەڕە بەشداریی بەرچاوی هەبوو. هەر بەو هۆیەشەوە لە ٨ی مارسی هەمان ساڵ، لە یادی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ناو خۆپیشاندانێكی ناڕەزایی دژی شەڕی عێراق بۆ بەردەم كۆشكی سپی، دەستگیر كرا.

ساڵی ٢٠٠٨ وۆلكەر نامەیەكی بۆ (ئۆباما) سەرۆكی پێشووی ئەمریكا نووسی، تیایدا باسی ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی جیهانیان تەنیوەتەوە و ئەو سەختییانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە كردبوو. هەروەها لە مارسی ٢٠٠٩ بە مەبەستی فشارخستنەسەر ئیسرائیل و میسر و قەناعەت پێهێنانیان بۆ كردنەوەی سنوورەكانیان بە ڕووی خەڵكی سڤیلی غەززە. لەگەڵ گرووپێكی ژنانی دژە

جەنگ، کە ٦٠ کەس بوون، سەردانی کەرتی غەززەی فەلەستینیان کرد. هەروەها لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ و بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوانی (ئازادی بۆ غەززە)، سەردانی فەلەستینی کردەوە.

وۆڵکەر لە دیمانەیەکیدا لە ساڵی ٢٠١١، ئەمریکای وڵاتی خۆی و ئیسرائیل بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ناو دەبات و دەڵێ: " لە کاتی تۆقاندنی خەڵک، ئەو کاتەی وا دەکەی زۆر لێت بترسن. بەجۆرێک، کە بە درێژایی ژیانیان و بە بەردەوامی لە حاڵەتی برینداریی عەقڵی و دەروونیدا بن، ئەوە تیرۆرە. کاتێ ژیانی خەڵک بریتی بێت لە تۆقین و ترس و بیمی بەردەوام، تۆش لە ئاستیاندا لە بەزەیی و میهرەبانی داشۆرا بیت، بەم کارەت هاوکاریی ماشێنی سەربازی و سەرکوتکردن دەکەیت، بەمەش تۆ تیرۆریستیت".

هەروەها دەربارەی هەڵوێستی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر ئەو ستەمەی لە خەڵکی سڤیل دەکرێ، لە یەکێک لە دیمانەکانیدا دەڵێ: " وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێوان ئازار و هاواری مرۆڤە ژێردەستە و چەوساوەکان و قرووسکەی سەگێک کە کەوتووەتە گێژاوێک، بایەخی زیاتر بە دووەمیان دەدەن و سەگەکەیان لە لا گرنگترە".

نووسین وەک فریادڕەس

وۆڵکەر کە بە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی پۆست مۆدێرن و کەسایەتییە پێشەنگەکانی ئەمریکا دادەنرێ، ژیانێکی ئاڵۆز و قەرەباڵغی هەبوو، جارێک وەک نووسەر، جارێکی تر وەک چالاکی مەدەنی، جارێکی دیکەش وەک مامۆستا لە زانکۆکانی جاکسۆن و کالیفۆڕنیا و برانديز. لەنێو هەموو ئەو سەرقاڵییەیشیدا، هەمیشە بەرگریکردن لە ئازادی،

دژایەتیکردنی چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی، داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان، چەقی کار و و هەنگاو هەڵوێست و بایەخ پێدانەکانی بووە. لەناو هەموو ئەوانەشدا جگە لە نووسین، هیچ کارێکی دیکەی بە ئەلتەرناتیڤی سەرەکی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە ژیان و مرۆڤ دۆستییە نەدۆزیەوە، بۆیە نووسینی کردە چەقی بایەخ پێدان. ئەو لە میانی نووسیندا زیاتر دەیتوانی وێنای ئەو مێژووە ڕەشەی ستەم و چەوساندنەوەیە بکات، کە باوک و باپیرانی ڕەشپێستی، بە دەستیانەوە ناڵاندیان و تا ڕۆژگاری ئەویش، بە فۆرم و جۆری دیکە بەردەوامی هەبوو. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە دەروونییە ئازاردەر و ئەو ڕابردووە بریندارەشی، دەبووا لە ئاست خۆخواردنەوەدا بەهێز و لە بەرانبەر بێهوودەیی و پێش خواردنەوەدا، خۆی بەدەستەوە نەدات. دواجار بڕیار دەدا ئەو هاوارە پەنگخواردووەی ناوەوەی خۆی لە میانی نووسینی چیرۆک، ڕۆمان، شیعر و وتاری ڕەخنەییدا بتەقێنێتەوە. زمانێک لە ڕێگایەوە بتوانێ گوزراشت لە مەینەتییەکانی کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان، ئازار و ژانەکانی ژنی ئەفرۆئەمریکی بکات، بۆ ئەوەی ئەمووان دەنگی ببیستن.

وۆڵکەر بە هەستێکی تیژ، بە درککردنێکی ورد، بە شارەزاییێکی قووڵ، بە خەیاڵێکی ڕەنگاڵەیی و زمانێک کە ناخی خوێنەر ختووکە بدات و ویژدانی بجوڵێنێ، زمانێک ئاودامان لە ڕیتم و وێنەی هونەری، کەوتە نووسینەوە و وێناکردنی واقیع و ژیانی ڕەشپێستەکان، خەباتی بەردەوامیان لەپێناو ئازادی، تێکۆشانی نەپساوەیان لەپێناو پساندنی کۆتی ستەم و چەوساندنەوە، قوربانیدانیان لەپێناو بەخاوەن دەرکەوتن لە بوون و بەها و شووناسی مرۆیی خۆیان. زمان و تەکنیکی گێڕانەوەی وۆڵکەر لە بەرهەمەکانیدا، نهێنیێکی گرنگی سەرکەوتنی کار و بەرهەمەکانی بوون، کە لە ڕێگەیاندا وردەکاریی کولتوور و کەلەپووری ڕەشپێستەکانی

بە دەرەوەی خۆی ناساند.

## 21| دانیال ستیل:
## ئەو ژنەی هەمووان دەیخوێننەوە

ژنە ڕۆماننووسی ئەمریکی دانییڵ ستیل، ساڵی 1947 لە نیویۆرک لەدایک بووە. ساڵی 1965 چووەتە ناو ژیانی هاوسەرگیری و ساڵی 1972 جیابوونەتەوە، دوای ئەوە،



چوار جاری دیکە شووی کردووەتەوە، هەر هەموو ئەزموونەکانی هاوسەرگیریشی شکستیان هێناوە، کە دواترینیان ساڵی 2002 بووە و بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییانەی 9 نۆ منداڵ بوون.

ستیل کە یەکەم ڕۆمانی خۆی لە ساڵی 1972 بەناونیشانی (گۆینـگ هـۆم) نووسـیوە، دیـوانێکی شـیعری بە ناوونیشـانی (چامەکـانی خۆشـەویسـتی) و زنجیـرەیەک کتێبـی منـداڵان و چەند کتێبێکی دیکەی ئەدەبی خەیاڵی و بایۆگرافیشـی چـاپ و بڵاو کردوونەتەوە.

ئەو ژنە نووســەرە خــاوەنی زیــاتر 100 ڕۆمــانە، کە وەرگێـڕدراونەتە سـەر نـزیکەی 30 سـی زمـان و تـا ئێسـتا زیاتر لە 800 ملیۆن دانەیـان لـێ فرۆشـراوە. بەمەش دەبێـتە یەکێـک لەو هەشـت نووسـەرە جیهانییـانەی، کە لە مێـژوودا زۆرتــرین بەرهەمیــان فرۆشــراوە و بەم هۆیەشــەوە نــاوی چووەتە ناو لیستی کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەکان. جـگە لەوە، زیـاتر لە 28 ڕۆمـانی کـراونەتە درامـای تەلفزیـۆنی و فیلمی سینەمایی.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەمریکی، تێکەڵکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیان و کەسایەتییە خەیاڵییەکانە، کە ستیل یەکێکە لەو نووسەرانەی بەم تایبەتمەندییە دەناسرێتەوە. پەنابردن بۆ ڕەگەزەکانی وروژاندن، ئاوێتەکردنی خەیاڵ و واقیع، گاڵتەجاڕی و ڕژدی، تراژیدیا و کۆمیدیا، کە بە هۆیەوە بەرهەمێکی جادووگەرانە دێننە ئارا، وا لە خوێنەر دەکەن لەنێوان واقیعی ڕووداوەکان و کەسایەتییە خەیاڵییەکاندا تێ بمێنن و بۆیان لە یەکتری جیانەکرێتەوە. بە جۆرێک، خوێنەر وا لێدەکەن کە هەست نەکات کامە بەشی چیرۆک و ڕووداو و گێڕانەوەکان ڕاستەقینە، کامەیشیان بەرهەمی خەیاڵ و فانتازیای نووسەرن.

لەو نێوەدا پرسیاری زۆر لەبارەی نهێنیی بەجیهانیبوونی ئەو ژنە نووسەرە و بەرهەمەکانی دەکرێ، کە لە ڕاستیدا نهێنییەکە بریتییە لە سادەنووسی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بەبێ گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزی. ئەو کە لە ڕۆمانەکانیدا کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سۆزداری کردووەتە تەوەری سەرەکیی ڕۆمانەکانی، سەرنجی خوێنەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوە بۆیە لە بەرگی دواوەی هەموو ڕۆمانەکانی دەنووسرێ "هەمووان دانییێل ستیل دەخوێننەوە".

ئەو چیرۆک و ڕووداوانەی ستیل کاری لەسەر کردوون، هەڵقووڵاوی ناو ژیانی کۆمەڵگاکەین، کێشەی مرۆڤە سادە و ساکارەکان، گرفتی کەسە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا، کە لە زۆرێکیاندا کۆتاییێکی دڵخۆشکەر هەیە، لەوانەشدا کە کۆتاییەکانیان بە ناخۆشی، یان جۆرێک لە تراژیدیا دێت، لە میانی قووڵبوونەوە لەناو وردەکارییەکانی چیرۆک و ڕووداوەکاندا، بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و گێڕانەوەی ورد،

خــوێنەر لەگەڵ خــۆی دەبــات و بە شــوێنکاتی جیــاواز و ڕاستگۆیی هەستە مرۆییەکان ئاشنای دەکـات و وای لێدەکات هەست بە نائومێدی و بێهوودەیی نەکات.

ستیل لە گۆشەی دە پرسیاری(تایمدا) !

گۆڤاری بەناووبـانگی (تـایم) لە میـانی دیـدارێکی خێـرادا، ستیل دەخاتە ناو سێرەی گۆشەی (دە پرسیار)، کە بڕێـک لە تینـــوێتی خـــوێنەران بـــۆ ئاشـــنابوون بە پەنهانییەکـــانی ڕۆمــاننووس، لە گوشـراوی وەڵامە پوختەکـانی دەشـکێنێ و هەوڵ دەدەین چەند گۆشەیەکی بچووکی بەشێک لە پرسـیار و وەڵامەکان وەربگرین.

ئاسان نییە کەسێک دوای خۆکوشـتنی جگەرگۆشـەیەکی و ئەو هەموو شکستە کۆمەڵایەتییانەی، کەچی بە باوەڕبوونێکی سەیر بە خود، بڵێ " نەخۆشیی کوڕەکەم بەشێکی گەورەی لە ژیانی من برد، کاتێکیش کە مرد، بیـرم کـردەوە و بڕیـارم دا لەســەر نووسـین و داهێنــان بەردەوام بـم و بە هـۆی ئەوەوە ڕەوتی ژیانم نەوەستێنم" و جەخت لەسەر ئەوە بکـاتەوە، کە " دەمەوێ 100 ڕۆمـــانی دیـــکە بنووســـم، چـــونکە هـــیچ بێهوودەییــک لەگەڵ ژیانــدا نیــیە و هــیچ ژیــانێکیش لەگەڵ بێهوودەییدا نییە".

بـۆ نووسـەر کتێبەکـانی ئەگەر نەڵێـین زیـاتر، ئـاوا بە قەد جگەرگۆشەکانی خۆشەویستن، لەنێو ئەو بەرهەمانەشدا هەیە، بەتـایبەتی ئەو بەرهەمـانەی لە بـاری ڕۆحـی و یـادەوەرییەوە لێیەوە نـزیکن و پێیـانەوە گـرێ دراوە. بۆیە شـتێکی ئاسـاییە وەک هەر نووســەرێکی دیــکە، ســتیل کــۆدی باشــترین و خۆشەویستترین کتێبەکانی خۆیمـان بـۆ بکـاتەوە و بنووسـێ " هەموو کتێبەکانمم خۆش دەوێن، لە نێویاندا کتێبی (ڕوونـاکییە گەشاوەکەی)، ئەوەی کە پەیوەندی بە کوڕە کۆچکردووەمەوە

هەیە و دەچێتە خانەی بیرەوەری، لەگەڵ ڕۆمانی (لیگاسی)، کە چیرۆکی ئازایەتیی ژنێکی هیندییەسوورەکانی ویلایەتی داکۆتایە، بۆ من باشترین و خۆشەویستترینیان بن".

به سەرنجدان لە ڕۆمانەکانی و زمانی قسەکردنی لەسەر گرفتە دەروونی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، خوێنەر وا هەست دەکات کە نووسەر وەک ئەوەی خودی خۆی گرفتاری نەخۆشییە دەروونییەکە و گیرۆدەی کێشە کۆمەڵایەتییەکە بێت، ئاوا قسە دەکات. ستیل لەم ڕووەوە جەخت دەکاتەوە:" ڕاستە وام کردووە، بەتایبەتی کە کتێبێکم لەسەر لەدایکبوون و چاودێریکردن و ئازاری منداڵێک نووسیوە، کە نەخۆشیی دەروونی هەیە".

دەربارەی پشکی ئەدەبی بیرەوەری، یان بایۆگرافی لە بەرهەمەکانیشیدا دەڵێ: " بەشێک لە یادەوەری و بایۆگرافیی من لە کۆی ڕۆمانەکانمدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی ئەوتۆ نین کە لە ڕێگایانەوە گوزارشت لە تەواوی ژیانی من بکەن. ڕۆژێک دایکم هەمان ئەو پرسیارەی لێکردم و منیش لە وەڵامدا پێمگوت: دایە ئەگەر زۆر شتم لەبارەی خۆمەوە بنووسیبوا، چەندین ساڵ بوو، لە ڕیزی مردووواندا بووم".

نووسەرێک جگە لە زیاتر لە 100 ڕۆمان، چەندین کتێبی دیکەی هەبێت. نووسەرێک بە سەدان ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشرابن، بۆ خوێنەر سەیر دەبێت کە ببیستێ هێشتا خەڵاتێکی ئەدەبیی شایستەی پێ ڕەوا نەبینراوە، وەلێ ستیل بە بزەیەکەوە دەڵێ: " هەمیشە بیر و خەیاڵم لەسەر ئەوەیە، ڕێگاکانی چوونە ناو دڵ و هەستی خەڵک بدۆزمەوە و چۆن بتوانم بیانگەمێ. واتە ئەوەی بۆ من گرنگە، خوێنەران چەند بایەخ بە بەرهەمەکانم دەدەن، بۆیە هەرگیز بیرم لە خەڵات نەکردووەتەوە".

نووسینی سەروو 100 ڕۆمان ئاسان نییە، مەبەست خودی نووسینەکە نا، بەڵکو سەختی لە دووبارەنەبوونەوەی

ڕووداو و شـــــوێنکات و کەســـــایەتییەکان، ســــەختی لە تێکەڵنەبوونەوەیـان لە شـوێنێکدا. سـتیل بـۆ ئەمە پێیـوایە: " نــاتوانم بەشـێک، یــان دووبەش لە ڕۆمانێــک بنووســم و لەگەڵیشیدا خەریکی نووسینی بەشێکی ڕۆمـانێکی دیکە بـم. بۆیە زۆرجار ناچارم کاتی زۆر بـۆ نووسین تەرخـان بـکەم، تەنـانەت جـاری وا هەیە ڕۆژانە 22 کـاتژمێر و بە درێژایـی چەندین هەفتە بەردەوام دەبم. من وەکو ئافرەتانی دیکە نـاچمە بازاڕکردن و مۆڵەکان، هەرگیـز کـاتی خـۆم بە خوێنـدنەوە و وەڵامدانەوەی نامەکان نـاکوژم، تەنـانەت دەتـوانم بڵـێم، ئەگەر پێویسـت بکـات، ئەوا لە مـاڵەوە نـاچمەدەر، هەتـا ڕۆمـانەکە تەواو نەبێت".

ســەرەڕای تەرخــانکردنی زۆربەی کــاتیش بـۆ پـڕۆژەی نووسـین، تەنـانەت ئەگەر بە بەرنـامە و پلانـیش بێـت، بەڵام دواجــار سروشــتی ژیــان وایە، کە ڕێگرییێــک هەر دەبــێ ئاسـتەنگ بخـاتە بەردەم بەرنـامەی نووسـەر، پەیوەسـت بەم بـابەتە ستیل جەخـت دەکـاتەوە :" زۆرجـار ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بــوومەتەوە. جارێــک کە کــوڕەکەم مــرد، جــارێکی دیکەش کە ژیانی هاوسەریم داڕمـا و تێکچـوو. لەو مـاوەیەدا نزیکەی 14 هەفتە هیچ شتێکم نەنووسـی، زۆریـش دەترسـام ئەو وەستانەم بۆ هەتا هەتایە درێژە بکێشێ".

لە بارەی ئایینداربیەوە پرسیاری لێ دەکەن و دەڵـێ: " مـن ئاییندارم، ئەمەش لە میانی ناوونیشانە ئایینییەکـانی هەنـدێ لە بەرهەمەکــانم هەســتی پێــدەکرێ، لەوانە (نــزای گیرابــوو، نیعمەتی سەرسوڕهێنەر و ...). ئایین بۆ من شـتێکی کەسـییە و پەیوەندی بە خـودی مـرۆڤ خـۆیەوە هەیە. بەڵـێ، ئـایین لە بەشــێک لە ســەرکەوتنەکان و بەردەوام بــوونم هاوکــاری کردووم".

بۆچوونیـک هەیە بـاس لە ئەدەبـی بازرگـانی دەکـات. بەو مانــایەی لەم ڕۆژگــارەدا ئەوەنــدەی کــاڵایەکی بازرگــانی و ئەدەبێکی میللیگەرایی تەمەن کورتە، هێندە ستاتیکی و قـووڵ و تەمەنـدرێژ نییە. سـتیل پـێچەوانەی ئەوە پێیـوایە: " ڕەنـگە

800 ملیــۆن خــوێنەری مــن شــتێکی جیــاواز بڵــێن. بە پێچەوانەوە، بەڕای من ئەوەی نـاو نـراوە ئەدەبـی بازرگـانیی میللی، دەتوانێ تا ماوەیەکی درێژ بژیێت، لەم ڕووەوە چـاڕلز دیکنز نموونەیەکی گرنگە".

نووسین وەک سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون!

تا ئێستا و بە گوێرەی زۆر لە ڕاپرسییەکان، لە پای داهات و فرۆشـی بەرهەمەکانیـان، هەر یەکە لە (جـوان ڕۆڵینـگ بە یەک ملیار دۆلار، ستیڤن کینگ بە 400 ملیۆن دۆلار، دانیال ستیل بە 375 ملیۆن دۆلار، جێمس پاترسۆن بە 310 ملیـۆن دۆلار، جۆن گریشام بە 200 ملیۆن دۆلار، جاکی کۆلینز بە 180 ملیــۆن دۆلار و نــوڕا ڕۆبێــرتس بە 150 دۆلار) لە پێشــەنگ و ڕیزبەنـدی یەکەمـی نووســەرە دەوڵەمەنـدەکانی جیهان دێن.

بە گوێرەی پـۆلینێکی گۆڤـاری بەناوبـانگی (فـۆربس) لە ساڵی 2016، دەربارەی لیستی داهـاتی نووسـەرە ژنەکـان لە بەرهەمی تەنیا سـاڵێکیاندا (2015 ). جەی. کەی. ڕۆڵینـگ، نووسەری ئینگلیزی زنجیرەی هاری پـۆتەر بە تەنهـا داهـاتی 19 ملیــــۆن دۆلار لە ڕیزبەنــــدی یەکەم، دوای ئەویــــش ڕۆماننووسی ئەمریکی نوڕا ڕۆبێرتس، بە داهاتی 15 ملیۆن دۆلار و دانییــڵ ســتیلی ڕۆماننووســیش بە بــڕی داهــاتی 8 هەشت ملیۆن و 500 هەزار دۆلار، لە پلەی سێیەم دێت.

ڕەنـگە بە دەگـمەن لەسـەر ئەو بۆچوونە نـاکۆک بـن، کە نووســین کــارێکی گەورە و گــرنگە، پرۆســەیەکە هەمــوو کەســێک هەروا بە ئاسـانی دەرەقەتــی نـایەت، بەڵام ئایــا لە بنەڕەتدا نووسین تەنیا خولیا و ئارەزووێکە، یـان خەونێکیشـە بـۆ دەوڵەمەنـدبوون؟ ئـاخۆ دەکـرێ نووسـین، نووسـەرەکەی بژیێنێــت؟ بە مانــایەکی دیــکە، ئایــا کتێــب دەتــوانێ ببێــتە سەرچاوەی دەوڵەمەنـدیی نووسـەر، یـان تەنیـا هۆکـارێکە بـۆ

ناووبانگی مەعنەوی؟ ئەگەر وایە، بۆچی زۆر لە نووسەرە هەر دیارەکانی ناو مێژووی ئەدەبیات بە چەرمەسەری ژیاون؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی و نووسەرە بەناوبانگەکان و بەراوردکردنیان بە دونیای ئەمڕۆ، کە خەریکە تیراژی کتێب و داهاتەکانی نووسەران لە ڕۆژئاوا دەکەوێتە ناو لیستی کتێبی ژمارە پێوانەییەکان، ئاخۆ مافی وروژاندنی ئەو پرسیارانەمان هەیە: خوێنەری ئەم سەردەمە، بازارییە، یان جیددی؟ بۆچی بەرهەم و داهێنانێکی ئەدەبی جیهانی، کە تا هەنووکەش دەنگدانەوەی هەیە، خاوەنەکەی بە کولەمەرگی ژیاوە، کەچی هەندێ نووسەر، کە ڕەنگە بەرهەمەکانیان لە ئاستی باڵایی ئەدەبیدا، نەگەنە ئەژنۆی یەکێک لە بەرهەمەکانی نووسەرانی کۆن، بەڵام خاوەنەکانیان بوونەتە ملیۆنێر؟

بە گوێرەی لیکۆڵینەوەیەکی نەمساوی، زۆربەی هەرە زۆری نووسەرە داهێنەرەکان، ئەوانەی خاوەن بەهرە و سەلیقەیەکی دەگمەن و لە لووتکەی داهێنان بوونە و کاریگەرییان نەک هەر بەسەر مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، تەنانەت بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیشدا هەبووە، بە هەژاری و نەداری ماڵئاواییان لە ژیان کردووە.

سەرنج بدەن، لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا و بۆ ئەوەی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات، شکسپیر خانووەکەی خۆی لە بەرانبەر بڕێ پارە، ڕەهن دەکات. ئەدگار ئالان پۆ لە شەقامەکانی واشنتۆن، بێنەوا و لانەواز دەسوڕێتەوە و دواجاریش، نەبوونی دەیکوژێ. ئۆسکار وایڵد بە گیرفانی خاڵی پاریس دەپشکنێ و دواتر بە مردوویی دەدۆزرێتەوە. ئەمە مشتی خەراورێکی ئەو نووسەرانەن، کە لەناو مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و هەر یەکێکیان لە بوارێکی تایبەتدا سەرمەشق و پێشەنگ و

داهێنەر بوونە و هاوشێوە و نموونەیان نەبووە، کەچی بە هەژاری و نەداری سەریان ناوەتەوە.

رۆمان و شەڕ!

ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، تا ئاستێکی بەرز کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شەڕ و جەنگەکان، لە پێشی هەمووشیانەوە، هەردوو جەنگە جیهانییەکە. ئەو دوو جەنگەی نەک هەر جوگرافیای سروشتی و مرۆیی لە جیهاندا گۆڕی، بەڵکو ئاراستە و نەخشەی ڕۆمانیشی گۆڕی!

جگە لەوەی بەشێکی ڕۆمانی (خۆشەویستییێکی مەزن) کارکردنە لەناو جەنگدا، وەکوتر، هەر دوو ڕۆمانی (دوو کچە جمکەکە) و (ژنێکی چاک) نموونەی جیددی کارکردنی (ستیل)ن لەناو یادەوەرییەکانی جەنگ وماڵوێرانییەکانیدا. چیرۆک و ڕووداو و شوێنکاتی هەردوو ڕۆمانەکە، ساتەوەختی جەنگی یەکەمی جیهانین، لە یەکەمیاندا سەربووردەی تاڵی دوو خوشکی جمک دەگێڕێتەوە کە دوای مردنی باوکیان، بە ئەزموونی سەخت و ناخۆشدا ڕەت دەبن. لە دووەمیشیاندا ئەگەرچی ڕۆمانێکی تەواو ڕۆمانسیە و پڕە لە شکستی کۆمەڵایەتیی کچێکی تەمەن نۆزدە ساڵ، کە کچی خێزانێکی دەوڵەمەندی نیویۆرکە و لە کاتی جەنگدا بۆ چارەسەرکردنی بریندار و نەخۆشە هەژارەکانی شەڕ، بە خۆبەخشی دەچێتە فەرەنسا، پڕیەتی لە دیمەنە تراژیدی و گرتەی ناسۆرییەکانی جەنگ. خاڵی هاوبەشی نێوان دوو ڕۆمانەکە ئەوەیە، کە سەرەڕای جیاوازیی ڕووداو و شوێنکات و کاراکتەرەکان، بەڵام شکست لە ژیانی هاوسەرگیری کاراکتەرەکان، کۆیان دەکاتەوە، کە ئەمەش بە دیوێکدا ئاماژەیە بۆ ئەزموونە شکستخواردووەکانی نووسەر لەو بوارەدا.

## 22| سڤیتلانا:
## لەناو جەنگەڵەکانی جەنگدا!



سڤیتلانا ئەلێکسیڤیچ (ڕۆژنـامەنووس و نووسـەر)، سـاڵی ١٩٤٨ لە شاری ئیڤانۆ - فڕانکیفسکی، لە ڕۆژئاوای ئۆکرانیا لە دایـک بـووە. یەکەم بەرهەمـی چـاپکراوی، لە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتیی یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـوو بـوو. ئەمـڕۆش بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سـەر دەیان زمـانی زینـدووی جیهـان. بەرهەمەکـانی ئەم ژنە نووسـەرە، زێـدەتر دەچـنە خـانەی بەدواداچـوونی ڕۆژنامەنووسـی کە دواجـار لە میـانی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی ڕۆمانـدا، دایڕشتوونەتەوە. سڤیتلانا

لە پای نووسین و بەرهەمەکانی، ساڵی ٢٠١٥ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشراوە.
بەبۆچوونی شارەزایانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ئەوانەی کار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کارەکانی سڤیتلانا کردووە، ناوبراو لە زمان و شێوازی گێڕانەوەکانیدا، لەژێر کاریگەریی (گۆگۆڵ و دیستۆفیسکی) دایە و درێژکراوەی هەمان قوتابخانەی ئەوانە.
خاڵی سەرنجڕاکێش لە بەرهەمەکانی سڤیتلانا لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا کە بۆ چەندین زمانی زیندوو وەرگێڕدراون ئەوەیە، تەواوی نووسینەکانی بابەتی ڕۆژنامەنووسین. بابەتگەلێکن بەرهەمی دیمانە و هەڤپەیڤینی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاراکتەرەکانی ناو ڕووداوەکان و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسین، دواجار لە توێی دەقێکی ئەدەبی ناوازەدا داڕشتوونەتەوە. هاوکات ئەو ڕووخسارەی کە بەرهەمەکانی ئەم ژنەی پێ لە نووسەرەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کارکردنیەتی لەناو جەنگ. جەنگ و ڕووداوەکانی، جەنگ و قوربانییەکانی، جەنگ و دەرهاویشتەکانی، جەنگ و ڕەهەندە سایکۆ - سۆسیۆلۆژییەکانی. واتە لە بەرهەمەکانیدا جەنگ و لەناویدا مرۆڤەکان، چەقی باس و گێڕانەوەن. گێڕانەوەیەکی وەهمی نا، گێڕانەوەیەک نا کە نووسەر لە خەیاڵی خۆیدا وێنای دیمەن و ڕووداوەکان و کاردانەوەیان لەسەر مرۆڤەکاندا کردبێت، بەڵکو گێڕانەوە لە دەمی کاراکتەرە ڕاستەقینەکانی ناو ڕووداوەکانی جەنگ خۆیان.

“شەڕ ڕووخسارێکی مێنەیی نییە”

ئەم ناونیشانە، ناوی یەکێک لە ڕۆمانەکانییەتی، لەم بەرهەمەیدا، نووسەر چیرۆکی ئافرەتەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی

پێشوو دەگێڕێتەوە کە بەشداری جەنگی دووەمی جیهانیان کردووە. بۆ ئەم نووسینەی، نووسەر دیمانەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەدان لەو ئافرەتە سۆڤییەتیانە کردووە کە ڕاستەوخۆ و بە ئەرکی جیاواز، بەشداری جەنگەکە بوون. ئەگەرچی ئەم تەرزە نووسینە لە دونیای ئەدەبدا نوێ نییە، بەڵام بۆ سڤیتلاتا کە ئەو کاتەی نووسییوەتی تەمەنی (سی و پێنج) ساڵ بووە، سەرنجڕاکێش و لە ئاستێکی بەرز دابووە. هەر بۆیەش هەندێ لە نووسەران، بەرهەمەکانی ئەم ژنە ڕۆژنامەنووسە وەک شاکار دەنرخێنن. بە تایبەتی لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکان و زمانی داڕشتنەوەیان و ئەو خەیاڵە هونەرییەی تیایاندا بەرجەستەی کردووە. وەک ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیاندا، وا هەست دەکات، بۆ خۆی لە مەیدانی جەنگەکان و لەناو نەهامەتییەکانە و پێ بە پێی سەختییەکانی جەنگ ڕێ دەکات.
ئەگەرچی ئەم بەرهەمەی ساڵی ١٩٨٣ دایە خانەیەکی چاپ و پەخش، بەڵام تا دەرکەوتنی بیرۆسترۆیکا، ڕۆشنایی چاپی نەبینی. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیشی، نووسەرەکەی ڕووبەڕووی چەندین تۆمەت و ناوزڕاندن بووەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە پای ئەم بەرهەمەی خەڵاتی فەرمیی (گەنجانە)ی لە یەکێتیی سۆڤیەت پێ بەخشرا و دواتریش بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدرا، تەنانەت وەک کارێکی شانۆییش (کە هەر نووسەرەکە خۆی سیناریۆکەی داڕشتبووەوە)، لەسەر تەختەکانی شانۆ و شاشەکانی سینەما پەخش کرا.

"ڕۆڵەکانی زینک، یان کوڕەکانی ناو تابووتی زینک"

ئەگەرچی ئەم ڕۆمانەشیان گێڕانەوەی ئەزموونەکانی جەنگە، بەڵام جیاوازتر لەوەی پێش خۆی، سەربووردەی

داگیرکـــاریی یەکێتیـــی ســـۆڤیەت لە ئەفغانســـتان (١٩٧٩ - ١٩٨٩)بوو. ئەو شەڕەی کە سوپای سووری سۆڤیەت چووە ناو ئەم وڵاتە و ساڵانێکی زۆر خوێنی مرۆڤی تێدا ڕژێندرا. بە گوێرەی قسەکانی نووسەر خۆی لە بارەی ئەم کارەیەوە، ئەمە بەرهەمێـک بـوو بەری ژانێکـی سـەخت و ئـازارێکی تاقەت پڕووکێن. بەو پێیەی سڤیتلانا بە درێژایی چوار ساڵ و لە نـاوچە جیاوازەکـانی ئەفغانستان کە شـەڕیان تێدا بـوو، لە زاری شایەتحاڵەکانەوە، خەریکـی کـۆکردنەوەی چیرۆکەکـان بووە و دیمەنەکانی کردوونەتە بابەتی ئەم نووسینە.
هاوکـات لایەنێکـی دیـکەی ڕووداوەکـانی ئەم نووسـینە و چیرۆکەکـــانی نـــاوی، تیشـــک دەخەنە ســـەر ئەو ترســـە شاراوەیەی کە نـاو هەمـوو خێزانێکـی سۆڤیێتی گرتبـووەوە، بەتـــایبەتی ئەو خێزانـــانەی کوڕیـــان هەبـــوو. تـــرس لەوەی کوڕەکانیـان بنێـردرێنە بەرەکـانی جەنـگ لە ئەفغانسـتان و دواجـــاریش تەرمەکانیـــان لەنـــاو (تـــابووتی زینـــک) بگەڕێندرێنەوە یەکێتیـی سۆڤیەت. (کوڕەکـانی نـاو تـابووتی زینـک) گێـڕانەوەی چـاوەڕوانییە کوشـندەکانی هـاتنەوەی جەستەی سارد و سڕی گەنجەکانی سۆڤیێتە. ئەو چاوەڕوانییە کوشندەیەی، وەک ترس و بیم و سام، چووبـووە نـاو هەمـوو ماڵێکەوە. ئەم بەرهەمەی نووسـەر، هاوشـێوەی بەرهەمەکەی پێشـووی، هەر بە زوویـی دەنگـی دایەوە و بـۆ زمانەکـانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسی و یابانی وەرگێردرا.
" بە مەرگ سپێردراو"
چیرۆکەکانی ئەم ڕۆمانەی نووسەر، دیمەنـی تراژیـدیی دوای کۆتـایی جەنگەکـان بـوون. چیرۆکەکـانی خۆکوشـتن، وەک بەشـێک لە دەرهاویشـتەکانی دوای جەنـگ، یـان جەنگەکـان. دیمەنی خۆکوژییەکـانی مـرۆڤ کە بەرهەمـی ئەو گـۆڕانە لە پڕ و ناکاوانەی سیستەمی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری بوون کە پارچە پارچە بوونی یەکێتیی سۆڤیەت بەدوای خۆیدا

هێنانی. ئەم نووسینە ئەدەبیەیشی کە دیسان بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی بوو. چەقی باسەکانی ئەو کاراکتەرانە بوون کە پەنایان بۆ کردەی خۆکوشتن بردبوو، بەتایبەتی دوای لەبار یەکهەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتە پان و پۆرە و دەرهاویشتەکانی. ئەم بەرهەمەی نووسەر بە زمانی ڕووسی بڵاو بووەوە و بە ماوەیەکی کەم وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی دیکە.

"نوێژێک لە پێناو چێرنۆبل"

کارەساتی ئەتۆمیی چێرنۆبل لە ساڵی ١٩٨٦ لای زۆربەتان ئاشنایە. خودی نووسەر بە هۆی ئەم ڕووداوەوە (خوشک)ێکی لەدەست داوە و (دایک)یشی بینایی هەردوو چاوەکانی. ئەم کارەساتە و ڕووداو و قوربانییەکانی، لە یادەروەریی نووسەردا بە زیندوویی مانەوە، تا دواجار لە تویێی ئەم دەقە ئەدەبییەدا یاداشتی کردن و وەک بەشێک لە مێژووی دڕندەیی مرۆڤ، دڕندەیی تەکنەلۆژیای کوشتن. هەروەها وەک بەشێک لە مێژووی وێرانکارییەکانی جەنگ، لە توێی ڕۆماندا، تۆماری کردن. لەم بەرهەمەیدا سڤێتلانا بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی خۆی و ژانی لەدەستدانی ئازیزانی، هاتووە و بە وردەکارییێکی زۆر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بە زمانێکی سەرنجڕاکێش، نەفرینی تەکنەلۆژیا وێنا دەکات و دڕندەییەکانی دەگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەو دەرهاویشتە و شوێنەوارە تراژیدییانەی ئەم ڕووداوە ئەتۆمییە، لە دەروونی مرۆڤایەتیدا جێی هێشتن، بە تایبەتی ڕزگاربووەکان. وێڕای سەلیقەی نووسەر لە دووبارە زیندووکردنەوەی دیمەنەکان لە تویێی دەقێکی ئەدەبیدا، سەرباری وەرگێڕانیی بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، یابانی، سویدی و ئۆکرانی. هاوکات ڕۆمانەکە یەکێک بوو لەو پەرتووکانەی کە لە ئەمریکا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و بە هۆیەوە خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگر و ئەدیبانی ئەو وڵاتەی پێ بەخشرا.

نووسەر هاوشێوەی کارەکانی دیکەی، لەم بەرهەمەشیدا، بە درێژایی دە ساڵ و لە ماوەی جیاوازدا، سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کردووە و دیمانەی لەگەڵ زیاتر لە ٥٠٠ کەسی ڕزگاربووی دەستی کارەساتەکە کردووە، تا ئەم کارەی لێ بەرهەم هێناوە.

"سەردەمی کەلوپەلە بەکارهێندراوەکان"

سڤێتلانا لەم بەرهەمەیدا باس لە هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات و وەک خەسڵەتی هەمیشەیی خۆی لە نووسیندا، لە میانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیدا، بە دەمی ئەوانە قسە دەکات کە لە ژیاندا ماونەتەوە، یان ڕاستتر، مافی قسەکردنی بەوانە داوە کە دوای ئەم هەموو جەنگ و وێرانکارییانەی وڵاتەکەی، لە ژیاندا ماون. ئەوەی جێی سەرنجە، لە پای ئەم بەرهەمەی، خەڵاتی (ئاشتی) لە لایەن یەکێتیی ئەڵمانی بۆ بازرگانیی کتێب، هەروەها مێدالیای (هونەرەکان و ئەدەبی) فەرەنسی وەرگرت. تەنانەت هەر ئەم پەرتووکەی بوو کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەوەی سڤێتلانا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ کاندید بکرێ و دواتریش لە ساڵی ٢٠١٥ خەڵاتەکە وەربگرێ.

سڤێتلانا و خەڵاتی نۆبڵ

دەربارەی هۆکاری بە خشینی نۆبڵ بەم ژنە نووسەرە. ئەکادیمیای سویدی ئاماژەی بەوە کردووە، کەوا لەسەر ئەو بنەمایەی " سڤێتلانا چەندین تابلۆی مرۆیی نەخشاندوون کە بە هۆیانەوە تێگەیشتنمان بۆ سەردەمەکەمان قووڵتر دەکەنەوە، هەروەها لە ڕێگای نووسینە هەمەڕەنگەکانی، کە تیایاندا ئێش و ژان و ئازایەتییەکانی ئەم سەردەمەمانی وێنا کردووە، هاوکات جۆرێکی نوێی لە ئەدەب بەرهەم هێناوە کە تیایدا نەک تەنیا لە کەرەستەی نووسینەکە، بەڵکو لە

ڕووخساریشـدا، سـەرکەوتنێکی ڕاسـتەقینەی تێـدا بەدەسـت هێناوە" ناوبراو شایستەی خەڵاتەکەیە.

سڤێتلانای ناپاک!

ئەم نووسـەرە ژنە لەسـەر نووسـینەکانی تووشـی زۆر هەڕەشە و مەترسی و چەرمەسەری بووەتەوە. واتە هەروا بە ئاسـانی و بەبـێ دەردی سـەری، خـۆی و نووسـینەکانی بەم ئاستەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەران و بایەخی ڕەخنەگران نەگەیشـتن، بەتـایبەتی لە پەیوەسـت بە قسـەکردن لەسـەر ئەو بابەتە هەستیارانەی لە مێژووی یەکێتیی سۆڤیەت و جۆری مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ ڕووداوەکان و چۆنێتی کاریگەریـان لەسەر ژیانی گشتیی خەڵکدا هەیبوو. تـا ئەوەی، بە گـوێرەی قسەکانی (جیرارد هوار)، لە خـانەی چـاپ و پەخشـی (دۆبـل دای) " وەک کەسـایەتییێکی خیانەتکـار و نانیشـتمانی سـەیری سـڤێتلانا دەکـرا، بەتـایبەتی دوای چـاپ و بڵاوبـوونەوەی پەرتووکی کوڕەکانی ز ینک".

سڤێتلانا، کەرەستە و شێوازی نووسین

سـەبارەت بەو شـێوازەی لە نووسـینەکانیدا پەیـڕەوی لـێ دەکـات کە تـێکەڵەیەکە لە ئەدەب و ڕۆژنـامەگەری، سـڤێتلانا دەڵـێ: " سروشـەکەیـم لە گێـڕانەوەی چیرۆکئـامێزی کلاسیکیی ڕووسی وەرگرتووە. بڕیارم دا لەو ماددە خاوانەی کە بە دەوروبەرمدا پەرش و بڵاو ببوونەوە، بە جۆرێک هەر کەسێک دەقێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، چیرۆکەکـانی شـەقام کۆ بکەمەوە".

هاوکـات ئامـاژەی بە ویسـت و خواسـتی خـۆی داوە بـۆ دۆزینەوەی شێوازێکی ئەدەبی کە لە ڕێگایەوە بتوانێ ژیان و دەنگ و ڕەنگی خەڵک لە چەقی ڕووداوە مێژووییەکاندا وێنـا بکات و دەنووسێ: " بە شوێن جۆرێکی ئەدەبـی دەگەڕێم کە

لەگەڵ ڕوانگەم بۆ جیهان بگونجێ. بۆ ئەوەی ئەو شتە بۆ خوێنەر بگوازمەوە کە چۆن گوێچەکەکانم دەیانبیستن و چاوەکانم دەیانبینن. هەوڵم دا ئەم کارە بکەم، دواجار شێوازێکم هەڵبژارد کە تیایدا خەڵک خودی خۆیان بدوێنن. واتە من مێژوویێکی وشکی ڕووداو و ڕاستییەکان ناگێڕمەوە، بەڵکو مێژوویێک بۆ هەستە مرۆییەکان دەنووسمەوە".

زێدەتر دونیابینی و تێگەیشتنی خۆی بۆ شێوازی نووسین دەخاتە ڕوو و دەڵێ: " تا ئێستاش لە ماڵەکەم، لە بیلا ڕووسیا دەنووسم، بۆ ئەوەی بتوانم گوێم لەو قسانە بێت کە خەڵک لە شەقام، لە قاوەخانەکان، یان لە ماڵە دراوسێکان دەیکەن. بەردەوام گوێچکەم بۆ ئەو قسانە ڕادەدێرم کە دراوسێکەمان دەیکات، ئەگەر گوێ لەو دەنگانە ڕانەگرم، ڕیتمی نووسینەکانم ڕاستەقینە نابن. بۆیە هەرگیز دوورکەوتنەوە لە خەڵک، بژاردەیەکی باشی بەردەمی من نەبووە".

پەیامی نووسەر

سڤێتلانا دەیەوێ لە ڕێگای ئەم زمان و شێواز و نووسینەوە، لە میانی گێڕانەوەی ئەم دیمەن و ڕووداوانەوە، لە چوارچێوەی وێناکردنەوەی ئەم وێرانکارییانەی بەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ژیاندا هاتوون، یان هێندراون، پەیامێک بگەیەنێت و دەبێژێ: " شتێک کە زۆر ئازارم دەدا ئەوەیە، بۆچی هیچ شتێک لەم ئێش و ئازارانە فێر نەبووین؟ بۆچی ناڵێین، لەمڕۆ بەدواوە نامانەوێ کۆیلە بین؟ بۆچی بەردەوام و جار دوای جار، ئازار دەکێشین؟ بۆچی ئەوە قەدەر و چارەنووسمان بێت؟ بۆ ئەمە، من وەڵامێکم نییە، بەڵام دەمەوێ لە ڕێگای پەرتووکەکانم و وروژاندنی ئەم پرسیارانەوە، خوێنەرانم هان بدەم، تاکو بە قازانجی

بەرژەوەنـــدیی خۆیـــان، بیـــر لە وەڵامـــی ئەم پرســـیارانە بکەنەوە”.

## 23| هێرتا مۆلەر:
## یادەوەرییەکانی ترس و برینەکانی ستەمکاریی



له

مەنفای ڕۆحەوە بۆ مەنفای شوێن!

هێرتـــا مـــۆلەر لە ١٧ی ئـــابی ســـاڵی ١٩٥٣ لە گونـــدی

نێتزکیدرۆف لەناو خێزانێکی کەمینە ئەڵمانی، لە ناوچەی باناتی ڕۆژئاوای ڕۆمانیا، لە دایکبووە.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم کەمینە ئەڵمانییەی ڕۆمانیا (کە خێزانی مۆلەریش یەکێک بوو لەو کەمینەیە) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆمانییەوە ڕووبەڕووی ستەم و چەوساندنەوەیەکی زۆر بوونەوە. سەوەرت و سامانیان زەوت کرا، بەشێکی زۆریان گیران و خرانە زیندانەکان، بەشێکیشیان بەزۆرەملێ بەرەو سەربازگەکانی بێگاریی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکات، دوور خرانەوە.

خوێندنی زانکۆی لە بواری ئەدەبی ئەڵمانی و ڕۆمانی تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن، وەکو وەرگێڕێک لە کارگەیەک کار دەکات، بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی دەزگای پۆلیسی نهێنی و بوون بە سیخوڕی ئەو دەزگایە، لە کارەکەی دەردەکرێت.

ساڵی ١٩٨٧ ڕۆمانیا جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و دوای گیرسانەوەی لەو وڵاتە، وەکو مامۆستا لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمریکا وانەی گوتووەتەوە و ساڵی ١٩٨٨، لەگەڵ (هێرکی مێرکڵ)ی شانۆکار هاوسەرگیری کردووە.

ساڵی ٢٠٠٩ و لە پای کارە ئەدەبییەکانیدا، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، بەمەش بووە دوازدەمین ژنە نووسەر لەسەر ئاستی جیهان کە ئەم خەڵاتە وەربگرێت.

ئەزموونی نووسین

سەرەتای ئەزموونی نووسینی مۆلەر، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە وەک وەرگێڕ لە یەکێک لە کارگەکاندا کاری دەکرد، یەکەم کاریشی بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک بوو بەناونیشانی (زەوییە نزمەکان، یان پێدەشتەکان کە ساڵی ١٩٨٢ دوای سانسۆر و بڕین و کورتکردنەوە، وەک نۆبەرەی کارەکانی لە ڕۆمانیا چاپ کرا).

به دوای ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوە، ڕۆمانەکانی (پاسپۆرت - ١٩٨٦)ی چاپ و (١٩٨٢ - ساڵی ١٩٨٤) و (گەشت، یان کۆچ بەسەر تەنیا قاچێکەوە - ١٩٨٩) و (ڕەنگدانەوەی ئەهریمەن لە ئاوێنەدا - ١٩٩١) و (ڕێوی ئەوکاتە ڕاوچی بوو - ١٩٩٢) و (پەتاتەی کولاو پێخەمفی گەرمە - ١٩٩٢) و (زەوی قوخی سەوز - ١٩٩٣) و (ئاژەڵی دڵ - ١٩٩٤) و (برسێتی و ئاوریشم - زنجیرە وتار - ١٩٩٥) و (خۆزگە ئەمڕۆ خۆمم نەدەبینی - ١٩٩٦) و (ژوان - ٢٠٠١) و (پادشایەک کڕنۆش دەبات تا بکوژرێ - ٢٠٠٣) و (پیاوە پەشۆکاو و فنجانەکانی قاوە - ٢٠٠٩) و (جۆللانەی دەروون - ٢٠١١)ی بڵاوکردنەوە.

زمان وەک ئامرازی ڕزگاربوون

ئەو شتەی کە لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، ڕیتم و مۆسیقای شیعریی ناو زمانی گێڕانەوەیە، مۆسیقایەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەنگ و فیگەری تابلۆی دیمەنی ڕووداوەکان کە زەینی خوێنەردا جێ دەگرن. نووسەر لە میانی تەکنیکێکی بەرزی گێڕانەوەی بارگاوی بە زمانی شیعری، وەک ئەوەی لە بڕێ لە داستانەکان دەیخوێنینەوە، یان ئەوەی لە ئەفسانەکاندا دەیبیستین، دەستی خوێنەر دەگرێ و دەیباتە ناو قووڵایی ئەو سرووتە ڕۆحییە بیمار و ئەو دۆخە ماددییە ناچیزە و قێزەونەی کە سیستەمێکی دیکتاتۆری لە ڕێگایانەوە مرۆڤ قانگ دەدات و لە ڕەهایی جوڵە و بزاوتی ژیان دەیخات.

نووسەر لە بەرهەمەکانیدا زۆرێک لە چوارچێوە ئامادەکراو و گوزارشتە سواو و دەربڕینە کلێشەییە دووبارەکانی تێکشکاندووە. ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەزموونی نووسین و ئەو زمانەی تێیدا باڵادەست بووە لە

بەکارهێنانی، بە ئەزموونی داهێنـانی خـۆی دەبەسـتێتەوە. ئەو ئەزموونەی دواجار ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ چەرمەسـەری و سەختی خـۆی و کۆمەڵگاکەیەتی. بەو مانـایەی بەلای ئەوەوە وەزیـفەی زمـان ڕزگـارکردنی مـرۆڤ نیـیە، بەڵکـو زمـان کـۆمەک بە مـرۆڤ دەکـات کە دەرەقەتـــی ئەو ســەختی و بەرگەگرتنی ئەو نەهامەتی و ناسۆرییانەی ژیـان بێت. بـۆیە پێیــوایە ئەزمــوونی نووســین جــۆریکە لە خوێنبەربــوونی یادەوەریی مـرۆڤ و لە دۆخێکـی وەهاشـدا زمـان بەنـداوێکی باشە بـۆ ئەوەی بە هـۆیەوە تنـۆک تنـۆکی ئەم خـوێنپژانە گـل بداتەوە.

نۆستالیژیای دەستەسڕ - دەسرۆک!

لە ڕێوڕەســمی بەخشــینی خەڵاتـــی نۆبــڵ و لە میـــانی پێشکەشـــکردنی وتەی سوپاســـگوزارییەکەی، مـــۆلەر بە جۆرێـــک لە سەرســـوڕمانەوە پرســـی: " ئایـــا دەکـــرێ پرسـیارکردن لە بـارەی دەسەسـڕەوە، هەرگیـز بە مانــای دەسەسـڕ خـۆی نەیەت، بەڵکـو بە مانـای ئەو یەکە پێـوانەییە بێت کە مرۆڤ شتێکی دیکەی پێ دەکێشێ؟".

لە ڕاستیدا ئەم چەمکی (دەسەسڕ)ە لە زمـانی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیـــدا، ســـیمبولێکی گـــرنگە. لە لایەک وەک نیشـانەی حۆشەویستی و سـۆزی دایکـی بـۆ ئەوی منداڵ، لە لایەکـــی دیـــکە وەک هەســتکردن بە ئـــازارە مرۆییەکـــان لە جۆری سـەرکوتکردن و ستەمکاری، ڕاوەدوونـان و گـرتن، ئەشکەنجەدان و لەمرۆحستن، بەزۆر وەدەرنـان لە نیشـتمان، ئۆردوگـــا زۆرەملێکـــان و بێگـــاری، بەتـــایبەتی ئەو سوخرەکێشییەی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی کە لە سـەربازگە زۆرەملێکانی (ستالین)دا بەدەستیانەوە دەیانناڵاند.

دەستەسـر، یەکـێکە لەو ئامـاژە و هێمایـانەی کە لە ڕێگایەوە، کرۆکی بەشێک لە نووسین و ناوەڕۆکی کارەکانی مـۆلەری پـێ دەناسـینەوە. وشـەیەک لە گەمەی چەنـد بـارەکردنەوەی زمـانەوانی و هـونەری تەوزیفکـردنەوەدا، نووسـەر لە شـوێنکاتی جیـا و بە مانـای جیـاواز بەکـاری دەهێنێت.

مۆلەر لە هەر گەڕانەوەیەکیدا بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەم وشـەیە، دەیەوێ ئـازارێکی دیـکەی مـرۆڤ بگێـڕێتەوە، وێنەیەکـی دیـکەی سـتەم بکێشـێ، ئـاوازێکی تـری ناسـۆری بچڕێت. بەجۆرێـک، دەسەسر لە شـوێنکاتێکدا ئامـاژەیە بـۆ پتەوی و قوولّیی پەیوەنـدیی نێـوان مـۆلەر و دایکـی (لە یەک کاتدا، دایکـی بـایۆلۆژی، نیشـتمانی دایـک) و گریـان بەسـەر سـاتەوەختەکانی منـداڵی و دەربەدەری، لە شـوێنکاتێکی دیکەشدا هێمایە بۆ ڕووباری فرمێسـک و گریـانی نەبـڕاوەی مرۆڤێک و هاوزمان و نەتەوەکانی، بەدەست زوڵم و جەوری سیستەمێکی ستەمکاری دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

خـاڵێکی دیـکەی سـەرنجڕاکێش کە لە نێـودێری بەرهەمەکانیـدا هەسـتی پێـدەکەین، لە سـێبەری وشـە و دەبڕینەکانیدا دەیبینین و لە دەنگی گێڕانەوەکانیدا دەیژنەوەین، ئەوەیە کە مـۆلەر سـەرەڕای هەمـوو ئەو نەهـامەتی و سەختیانەی ژیان، نەک هەر لە ژیان بێهوودە نەبـووە، بەڵکـو ترسی لە مردن هەبوو. ترس لە مردن بەو مانـایە نـا کە لەوە بترسێ، وەک جەستە و دوا وێستگەی ژیـان، بمرێت. بەڵکـو تـرس لەوەی، مـردن بـواری نەدات ئەم ناسـۆریانە بنووسێتەوە.. ترس لەوەی، نەتوانێ برینەکانی ناو یادەوەریی خۆی یاداشت بکات.. ترس لەوەی فریا نەکەوێت ئەو مێژووە سیخناخ لە ستەم و ستەمکارییەی سـەردەمێکی وڵاتەکەی، بـۆ نەوەی دوای خۆی بگـوازێتەوە. بـۆیە هەمیشـە وەک تینـووی وشـە دەهـاتە بەرچـاو، دیـارە وشـە وەک ئـامرازی

خۆشووناسـکردنەوە، وەک ئـاوێنەی ڕووداو، وەک پـردی مێژوو.

نیشتمان، سەرزەمینی تەحەممول نەکراو!

بەوردبوونەوە لە نووسین و ئەزموونەکانی ژیانی نووسەر، بەتایبەتی ئەزموونی منداڵی و کوێرەوەرییەکانی دواتری، لەوە تێدەگەین کە ئەم پرسیارکردنەی لە بارەی (دەستەسڕ)، نەک هەر پرسیارێکی پووچ و بێ مانا نییە، بەڵکو هەوڵێکی دیکەی زیرەکانەی نووسەرە بۆ سەرنجڕاکێشان و شۆککردنی بەرامبەر (خوێنەر). ئاخر کاتێک ئەم پرسیارە بە دیوە نەگوتراوەکەیدا دەخوێنینەوە، دیوی نەگوتراوی مێژوو و ڕووداوەکان، دیوی ئەزموونکردنی ژانەکانی هەناوی ستەمکاری، دیوی ئەوەی کە مۆلەر ساڵانێکی زۆری تەمەنی، نەیتوانی لە بارەی ئەزموون و ئەو ترسە کوشندەیە قسە بکات کە لە ڕۆمانیا و لە سەردەمی حوکمڕانیی چاوشیسکۆدا هەبوو. ئیدی ئەو دەمە تێدەگەین کە گەڕانەوە بۆ ئەو پرسیارە، هەوڵە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نەپچڕاوەی نێوان مۆلەری مرۆڤ و منداڵی، مۆلەری منداڵ و خۆشەویستی و سۆز و چاودێری دایک، مۆلەری نووسەر و سێبەری دیکتاتۆریەت، مۆلەر و دەست نەرمکردنی لەگەڵ تراژیدیای ڕووداو و دەرگیربوونی بە مێژووی خوێن، مۆلەر و یادەوەریی بریندار، مۆلەر و نیشتمانەکەی ناوی، ئەو نیشتمانەی کە لە بارەیەوە دەڵێ: " نیشتمان ئەو شوێنەیە، کاتێ مرۆڤ تیایدا دەژیێت، ناتوانێ بەرگەی بگرێ، کاتێکیش لێی دوور دەکەوێتەوە، هەرگیز ناتوانێ لەبیری بکات".

بە شێوەیەکی گشتی، ئێش و ئازار و ستەم و نامۆیی،

ڕووخساری دیاری نووسینەکانی هێرتا مۆلەرن، بەو پێیەی لە ڕێگای نووسینەکانیدا ڕابردووی کوێرەوەرییەکانی مرۆڤ لە ڕۆمانیا دەگێڕێتەوە.

ئەوە بۆیە سەرباری دەربازبوون لە کۆتی ستەمکاری و گیرسانەوەی لە ئەڵمانیا، بەڵام تەوەری سەرەکیی تەواوی کارە ئەدەبییەکانی، دەربارەی دەسەڵاتدارێتیی کۆمۆنیستی وڵاتی دایک و ئەو ستەم و زۆرییە بوو کە هاووڵاتیانی بەدەست دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتۆرییەکەی دەیانناڵاند. ڕۆمانیا، ئەو وڵاتەی زۆرجار نووسەر بۆ خۆی باس لەوە دەکات کە نیشتمانێکە سەرەڕای ژیانی سەختی تیادا، بەڵام تا ئێستاش لەگەڵی دەژیێت.

ترس وەک خێوی ژیان

چەمکی ترس یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانەی لەناو کۆی بەرهەمەکانی مۆلەردا، بە ڕەنگ و ڕووخسار و دەربڕین و مەبەستی جیاواز، ئامادەیی هەیە. ترسێکی کوشندە کە ئامرازی دەستی سیستەمە و بە شێواز و میکانیزمی جودا و لە شوێنکاتی جیاوازدا بەرامبەر هاووڵاتی پیادەی دەکات. ترسێک ئامانجەکەی لەمرۆڤخستنی مرۆڤە لەپێناو بەخشینی پیرۆزی بە دیکتاتۆر، لە پێناو درێژکردنەوەی تەمەنی دیکتاتۆر، دواجار لەپێناو پاراستنی شکۆی ساختەی دیکتاتۆر. ئەو ترسەی کە سیما و ئەدگار و کاریگەرییەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکەس و کۆ، ژن و پیاو، منداڵ و گەورە، خێزان و گرووپ، ڕەنگ دەداتەوە. ترسێک لە ئاوێنەنمای دۆخی تێکشکاوی ڕۆحی و باری شڵەژاوی دەروونی، تا ئاستی هەستکردن بە شێتبوونی مرۆڤەکان بەدەست بیم و سام و تۆقاندنی دەزگاکانی سیستەم و جەللادەکانی، هەستی پێدەکەین. ئەوە بۆیە لە شوێنیکدا مۆلەر

دەڵــێ " چاوشیســکۆ شــێت بــوو، لەگەڵ خۆیشــیدا نیــوەی ڕۆمانیای شێت کرد، منیش یەکێکم لەو شێتانە".

بە وردبــوونەوە لە نووســینەکانی مــۆلەر و خوێنــدنەوەی نەگوتراوەکــانی پشــتی دالــی تــرس لە بەرهەمەکانیــدا، لەوە تێــدەگەین کە ئەو ترســەی سیســتەم لە نــاخی مرۆڤەکانیــدا چانــدوویەتی، بە تەنیــا ترســێکی سروشــتی نیــیە، ئەو ترســە سروشــتییەی کە هەر کەســێک لە ژیــانی خۆیــدا و بەهەر هۆیەکەوە بێــت، ڕووبەڕووی دەبێــتەوە، بەڵکو لە یەک کاتــدا ترسێکە ئاشکرا و شــاراوە. بە مانــایەکی ڕوونتــر، ئەو ترســە تەنیــا بەرهەمــی زەبروزەنــگ و ئەشــکەنجە و کوشــتن و بەکارهێنــانی چەک نیــیە، بەڵکــو ترســێکە لە فــۆڕمی جۆراوجــۆر خــۆی نمــایش دەکــاتەوە. لە زەبروزەنــگ و تۆقاندنەوە، تا بێدەنگکردن.. لە گرتن و ئەشکەنجەدانەوە، بۆ ڕاوەدوونــان و دەرکــردن.. لە کوشــتنی جەســتەییەوە، هەتــا شەڕی دەروونی و تێکشکاندنی ڕۆح. تەنانەت ترسێکە وەک سێبەری خێوێــک بەســەر دارو دیــوار، لە شــەقام و کــۆڵان، لەناو ماڵ و باخچە، لەسەر شاشەی سینەما و سەر تەختەکانی شــانۆ، دەبینــرێ. ترســێک تــا ئەو ئاستە ڕۆدەچێتە قــووڵایی ڕۆح و یــــادەوەریی مرۆڤەکــــان کە لە دووری هەزاران کیلۆمەتریش لێی جیانابێتەوە. مۆلەر کە قوربــانییەکی دەســتی ئەم خێــوی ترســەیە، زۆر بە جــوانی و لە میــانی زمــان و گێــڕانەوەدا، ئەو دووریــیەی نێــوان ڕۆمانیــا و دونیــا و کــاریگەری و ســێبەرەکانی ئەو ترســە، تەوزیــف دەکــاتەوە، ترســێک کە ســەرەڕای ئــاوابوونی خــۆری دیکتــاتۆری ســـتەمکار، کەچـــی هێشـــتا بە قـــووڵی لە یـــادەوەریی قوربانییەکانیدا جێی گرتووە.

پاسپۆرت ـــ ١٩٨٦

لەم ڕۆمانەیـدا، نووسـەر لە میـانی باسـکردن لە ژیـانی گوندێکی دێرێنـی کەمینە ئەڵمـانی نـاو قەڵەمڕەوی ڕۆمانیـا، ئاماژە بە بێهێزی مرۆڤ لە ژیان و بێدەسەڵاتییەکەی لە ئاست دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکات.

پاسـپۆرت لە بـاری ناوەڕۆکدا، بە دیوێـک لە دیوەکانیـدا، جۆرێکی دیکەی ئەو شێوە گوزارشـتکردنەیە لە ڕابـردووی یادەوەرییەکـانی مـرۆڤ، ئەوەی لەنـاو دونیـای ئەدەبیـات و شیعری عەرەبیدا بە (البكاء على الاطلال) ناسرابوو. گریـانی مرۆڤ بەسـەر وار و زێد و لاوانـدنەوەی ڕابـردووی ژیـانی خـــۆی لەو جوگرافیـــایەی کە بـــووەتە بەشـــێک لە بیرەوەرییەکانی. بە دیوەکی تردا ڕەخنەیەکی جیددییە لە ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و حوکمڕانیەتێک کە مرۆڤ لە هەرچی بوون و بەها و شکۆ هەیە، دادەماڵێ. سیستەمێک کە نەک تەنیـا ئـازادی ڕادەربـڕین، بەڵکو ئـازادی گەشـت و گەڕانـیش لە مـرۆڤ زەوت دەکـات، تـا ئەوەی ناچـار بێـت لەپێنـاو دۆزینـەوەی ڕێگادەربازێـک، قوربـانی بە پیـرۆزییە مرۆییەکانی خۆیشی بدات.

خێزانـی (فینـدیش) کە بە ڕەچەڵەک ئەڵمـانین، وەک زۆر خێزانـی دیـکە خەون بە پاسـپۆرتێکەوە دەبیـنن، بـۆ ئەوەی ئەوانیش هەرنـا ئەگەر بۆ گەشـتیش بێت، سـەرێکی دونیـای دەرەوەی خۆیـان بدەن. وەلـێ وەک ئەوەی ژیـان لە سـووڕی خـۆی وەسـتابێت، لە هەوڵــی وەدەســتهێنانی پاســپۆرتدا، چاوەڕوانی دەیانخواتەوە.

پاسپۆرت چیرۆکی گێڕانەوەی شکۆشکاندنی خێزانێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمـــانی گونـــدێکی ڕۆمانیـــایە (وەک مشـــتی خەراورێـک) کە لە سـای دەسـەڵاتدارێتیی (چاوشیسـکۆ) و لەپێنـاو دەسـکەوتنی پاسـپۆرت و ڕاییکردنـی مامەڵەکـانی گەشـت، کچێکیـان قوربـانی بە کچێنـی و پـاکیزەیی خـۆی دەدات.

لایەنێکی دیکەی ڕۆمـانەکە، وەسـفێکی وردی ئەو ئـێش و ئازارە دەروونی و ڕۆحیەیە کە کەمینەی ئەڵمـانی - ڕۆمـانی، دوای بە زۆرەملێ ڕاگواستنیان
لە ســـەربازگەکانی یەکێتیـــی ســـۆڤیەتدا بە دەســـتیانەوە دەیانناڵاند.

گەشت بەسەر تەنیا قاچێکەوە ــ ١٩٨٩

نووســـەر لەم ڕۆمانەیـــدا ئەزموونەکـــانی تـــاراوگە و گێژاوەکـانی دەگێـڕێتەوە، لە ڕێگـای پـاڵەوانی چیـرۆکەکەی (ئیرین) کە کچێکی تەمەن سی ساڵانە و لە وڵاتێکـی دیـکەوە بەرەو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سەری هەڵگرتووە، وێستگەگەلێکی زۆری ژیانی تاراوگەنشینی خۆی و تەقینەوەی کانیی سـۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی، دەخاتەڕوو. سەرەڕای هەنـدێ جیاوازی لە نێوان کەسایەتیی پاڵەوانەکە و باکگراوندی ژیانی لەگەڵ مۆلەر خۆی، وەلێ تەونی ڕووداوەکانی نـاوی لەبـاری شوێنکاتەوە بە شـێوەیەک چنـراوە، خـوێنەر بە خوێنـدنەوەیان هەسـت بەوە دەکـات کە (ئیـرین) خـودی نووســەرە، بەڵام لەسەر زمانی ئەو، هاتووە خۆی دەنووسێتەوە.
گەڕانەوەی پـاڵەوان بـۆ سـەرزەمینی نیشـتمان، تەوەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، وەلێ گەڕانەوەیەکی سەیر. بـازاڕێکی بچووک لە نزیـک مـاڵی (ئیـرین) هەیە، سـەرەتای ڕۆژێکـی ئەگەرچی گەرمە، بەڵام ئاماژەیە بۆ هاتنی وەرزێکـی نـوێ و زەوی لە چاوەڕوانی فڕێدانی کاژێکی دیکە دایە. بازاڕی ئەو ناوە جمەی دێ، دەنگی فرۆشیارەکان و بۆنی کەلوپەلەکانیـان کە هەر لە هی شتی کۆنە دەکات، سنگی ئەو نـاوە دەسـمن و بە بۆشایی نێوان درەختەکان، بن باڵی گەڵا، کەلێنـی دەرگـا و درزی پەنجەرەکـان ڕەت دەبـن و سـەر بە ژووری ماڵەکانـدا دەکەن.

ئەو ناوە گیا و ڕووەکی هەمەچشنی لێ ڕواوە، بۆنی یەکێک لەم ڕووەکانە کە (با)یەک هێناویەتە ژوورەکەی، دەیباتەوە نیشتمان. ڕووەکێکی تاراوگە کە خەیاڵی بۆ ئەوە دەبات، بۆنەکەی هی سەرزەمینێکی دیکە بێت، بۆنی سەرزەمینێکی ئاشنا کە لەناو سەری خۆیدا و لەوێ لەگەڵ خۆی هێنابێت.

ئیرین زۆر هەوڵ دەدات خۆی لەم خەیاڵە دەرباز بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دی بیرەوەری ئازاری نەدات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت. ئیدی نووسەر ئەم بۆنە و لەگەڵیدا هەندێ وردە کەرەسە و شت و ژینگەی تەنگی بچووکی ژوورەکەی، دەکاتە پاساوی هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادەوەرییەکان و سۆز بۆ نیشتمان و کولاندنەوەی برینەکانی ئاوارەیی و تاراوگەنشینی و تەنیایی.

ئەو ڕۆژگارە ڕێوی بۆ خۆی ڕاوچی بوو – ۱۹۹۲

وەک ئەوەی چامەیەکی شیعری بخوێنیتەوە، زمانی گێڕانەوە لەگەڵ خۆیدا دەتبات. بەو پێیەی زمانێکی باڵای شیعری و وێنەی شیعریی سەرنجڕاکێش بەسەر زمانی گێڕانەوەیدا زاڵە. ئەگەرچی گرتە و دیمەنەکانی، ڕەنگدانەوەی باری شڵەژاوی دەروونی و دۆخی تێکشکاوی ڕۆحی کاراکتەرەکانین کە پڕن لە ترس و و ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، بەڵام سەرەڕای دیوی تراژیدی وێنەکان و دراماتیکی ڕووداوەکان، زمانە شیعرییەکەی بۆ خوێندەوەی کێشت دەکات و تامەزرۆیی دۆزینەوەی نهێنییەکانی پشتی ئەم خەمۆکی و دڵەڕاوکێیە و ناسینەوەی ڕووخسارەکانی سەرچاوەی ئەم هەموو بیم و ترسە، دەڕژێتە ناوت. بە مانایەکی تر، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە وەک ئەوە وایە بەدیار تابلۆیەکی هونەریی ئەبستڕاکتەوە وەستابیت، پێویستیت بە

بینینێکـی ورد و ڕامـانێکی قـووڵ هەبێـت بـۆ خوێنـدنەوەی ئەودیـوی هێـڵ و فیگەرەکـان. تـابلۆیەکی ئـاڵۆز کە ناچـارت دەکـات، قەیرێـک بەدیـار تەفسـیری سـێبەر و ڕەنگەکـانی بمێنیتەوە.

ڕۆمـانەکە پـڕە لە وێـنەی شـیعری، نووسـەر لە میـانی گێڕانەوەیەکـی سـەرڕێژ لە ڕیتمـدا، ڕیتمـی هاوئاهەنـگ، هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی ستەمکاری دەدات و بە تـولەڕێ باریـک و سـەختەکاندا دەسـتت دەگـرێ تـا سـەرکەویتە سـەر لـووتکە، بـۆ ئەوەی لە بەرازیـیەوە بەسـەر قـووڵایی سـتەمدا بڕوانیـت و یەک یەک، خـانە خـانەی ژەهراویـی عەقڵیەتـی ستەمکار ببینیت.

جۆللانەی دەروون – ٢٠١١

ڕۆمـانێکە ژیاننـامەی نووسـەر دەگێـڕێتەوە. پـاڵەوانی ڕۆمانەکە کە ناوی (لیۆ ئۆبێرگ)ە لە بنەڕەتدا وێنـاکردنەوەی کەسایەتی (ئۆسکار باستیۆر)ی شاعیرە.

ڕۆمـانەکە گێـڕانەوەی نەهامەتییەکـانی دوورخسـتنەوە و بەزۆر بـردنە سـەربازگە و ئۆردوگاکـانی بێگـارییە. بە جۆرێـک لە جوگرافیـای ڕۆمـانەکەدا هەمـوو کەس سـیما و ڕووخسـاری مانـدووی خەڵـکە دوورخراوەکـان دەناسـنەوە، بەڵام کەس ناتوانێ لە بارەیانەوە قسەیەک بکات. نووسەر ئەم ڕۆمـانەی کـردووەتە ئاوێنەنمـای بیرخسـتنەوەی ڕابـردوو و مێژووی نیو سـەدەی ڕۆمانیـای فاشـیزم. مـۆلەر لەوێـدا بـاس ئەزمـوونی خەڵکـی دوورخـراوە و بەزۆر ڕاپێچکـراوی گوندەکەیان دەکات، هەر بەوەش ناوەستێ و دەچێ لە زمـانی باسـتیۆری شـاعیر کە یەکێـک بـووە لە قوربانییەکـانی سـەربازگەکان و شـایەتحاڵی ئەو ڕۆژانە بـووە، سـۆراخی وردەکاریی ژیانی سەختی ئەو ڕۆژانە دەکات.

## 24| فۆنکە:
## ڕیسککردن بەناو نهێنی و جادووبازیدا



هەموو شتێک لە پێناو منداڵ

کۆرنیلیـا فـۆنکە، ژنە ڕۆمـاننووس و نووسـەری ئەدەبـی

منداڵان، ساڵی ١٩٥٨ لە دۆرستن لە ئەڵمانیا لەدایکبووە. لە هامبۆرگ و لە بواری پەروەردەدا، بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست هێناوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری سەرپەرشتی و چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵانی کردووە. هەر لە هامبۆرگ لە پەیمانگای تایبەتمەندی هونەری شێوەکاری خوێندوویەتی و بواری نەخشەسازیی تەواو کردووە. سەرەتای کاری لە دونیای منداڵاندا بە دروستکردنی نەخش و نیگاری کتێبەکانی منداڵان دەست پێکرد، دواجار بڕیار دەدا بۆ خۆی لە بواری ئەدەبی منداڵان بنووسێت. یەکەم کاری لەو بوارەدا، نووسینی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بوو بە ناوی (حەفت ئەستێرە). کۆرنیلیا تا ساڵی ٢٠٠٥ لە هامبۆرگ دەژیا، بەڵام دوای مردنی هاوسەرەکەی، لەگەڵ منداڵەکانی ڕوویان کردە ئەمریکا و لە لۆس ئەنجلۆس گیرساونەتەوە.

ئایکۆنی ئەدەبی منداڵان

فۆنکە، بە هۆی گەنجینە دەوڵەمەندەکەی لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی منداڵاندا، لەوانە (ڕاوچیی دێوەزمەکان، مریشکی کێوی، سیانەی مەرەکەبی دڵ/ خوێنی مەرەکەب/ مەرگی مەرەکەب، لەودیو پەنجەرە سیحرییەکانەوە، دوو جادووبازی دڕندە، شازادە ئیزابێلا، سوارچاکی تنین، هاوڕێ قەڵەوەکان، میک و مۆ لە ڕۆژئاوای دڕندەدا، شای دزەکان (ئەمەیان یەکێکە لە کارە هەرە ناودارەکانی، کە ساڵی ٢٠٠٦ کراوەتە فیلمی سینەمایی)، سوارچاکە شاراوە بێ ناوەکە، دڕندەترین براکان لە جیهاندا، میک و مۆ لە فەزای دەرەوە، دەزووی زێڕین و ........) ئەمانە و چەندین کار و بەرهەمی دیکەی ئەدەبی، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ناوبانگێکی دیار لەسەرتاسەری دونیا پەیدا بکات و بەرهەمەکانی کیشوەر و زەریاکان ببڕن و ببێتە یەکێک لە

دیارترین پێشەنگەکانی ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا.
لە پای ئەو کار و بەرهەمانەی و ئەو ناوبانگەی لە ئاستی دونیادا لە بواری ئەدەبی منداڵان بۆ خۆی بەدەستی هێنا، فۆنکە چەندین خەڵاتی پێبەخشرا، لەوانە (خەڵاتی مانگای خوێنەر - ١٩٩٨) و (خەڵاتی کتێبی ئینجیلی - ٢٠٠٢( و (خەڵاتی فانتازیا - ٢٠٠٤)، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، فۆنکەی وەک یەکێک لە سەد کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان دەستنیشان کرد.

بەجیهانیبوون و شکاندنی ڕیکۆرد

یەکێک لەو بەرهەمە گرنگانەی کە بووە پردی پەڕینەوەی ئەو ژنە نووسەرەی دونیای منداڵان بۆ بەجیهانیبوون، ڕۆمانی (شای دزەکان) بوو. ڕۆمانەکە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا، پاشان ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکرایەوە و بۆ چەندین مانگ، لە ڕیزبەندی پڕۆ فرۆشترین کتێبەکانی ئەو وڵاتە بوو. ئەم ڕۆمانەی بە جۆرێک ناوبانگی دەرکرد، تا گەیشتە ئەوەی وەربگێڕدرێتە سەر زیاتر لە ٢٣ زمانی زیندووی جیهان.
ڕۆمانی (دڵی مەرەکەب) یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی فۆنکە، کە بە هۆیەوە توانی ئەدەبی منداڵانی ئەڵمانی لە چوارچێوەی لۆکاڵی دەربێنێ و شووناسێکی جیهانی پێ بدات. بەتایبەتیش دوای وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆمانی (دڵی مەرەکەب)ی لە یەک کاتدا لە ئەڵمانیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئوسترالیا و کەنەدا چاپ و بڵاو کردەوە ، یەکێک بووە لە پرفرۆشترین کتێبەکانی ئەدەبی منداڵان لەو وڵاتانەدا و ڕەواجیکی زۆری لە لای خوێنەراندا هەبوو.

فۆنکە لە ڕۆمانەکانیدا کە کەشێکی خەیاڵی و خورافی بەسەریاندا زاڵە، توانی لە باری زمانی نووسین و گێڕانەوەدا، چوارچێوەی باوی زمانی ئەدەبی منداڵ لەو سەردەمەدا، هەروەها بیرۆکە سواو و دووبارەکانی ناوی تێپەڕێنێ و بەمەش سەرنجی دەزگاکانی چاپ و پەخشە جیهانییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، تا ئەو ئاستەی لەسەر خاوەندارێتیکردنی مافی وەرگێڕان و چاپکردنی بەرهەمەکانی، بکەونە رکابەری و پێشبڕکێ. هەروەها لە پەیوەست بە شکاندنی ڕیکۆردی ژمارە و تیراژی چاپی بەرهەمەکانیاندا، نەک هەر بێتە ڕیزی ناوی دەیان لە ئەدیبە کلاسیکییە ناسراوەکانی ئەڵمانیا، بەڵکوو ژمارە پێوانەییەکانیش لەو بوارەدا تێک بشکێنێت. بۆ نموونە، دەزگاکانی چاپ و پەخشی زیاتر لە ٤٥ وڵات، مافی خاوەندارێتیی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان کڕیوەتەوە. هەروەها بە گوێرەی هەواڵێکی دیرشپیگل، تەنیا لەساڵی ٢٠٠٥دا، لە نێوان ١٨٠٠ کتێبی منداڵان و ٥٦٩ ڕۆمان، ڕێژەی فرۆشی کۆبەرهەمەکانی فۆنکە گەیشتە زیاتر لە ١٠ دە ملیۆن دانە. لە لایەکی تر، باری کینگهام، وەشانگەری (هاری پۆتەر)، کە خاوەندارێتیی وەرگێڕانی (شای دزەکان - کە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی لە ئەڵمانیا، دە هەزار دانەی لێ فرۆشرا)ی بۆ زمانی ئینگلیزی کڕیەوە، بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاندووە کەوا، پاش وەرگێڕان و چاپکردنی، لە بیست هەفتەی یەکەمی بڵاوکردنەوەیدا لە ڕیزبەندی پێشەوەی پڕفرۆشترینی ئەو کتێبانە بوو، کە لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان رەواجی هەبوو.

هاوکات چاپ و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (ئەستێرەی لاورا، کە وەگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە سی زمانی دونیا و ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد) لە لایەن وەشانخانەی (باومهاوس) لە فرانکفۆرت. یەکێکی دیکەیە لە کتێبە

پڕفرۆشــەکانی فـۆنکە و لەم ڕووەوە خــاوەنی وەشــانخانەکە دەربـــارەی دەنگــدانەوەی کتێــبەکە و ڕێــژەی فرۆشـــی لە بازاڕەکاندا لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی دوێـتچەوێلا دەڵـێ: " لە ئەڵمانیـا زیـاتر لە پێـنج ملیـۆن و نیـو دانە و لە هەر یەکە لە بەریتانیا و ئەمریکاش، زیاتر لە پێنجسەد هەزار دانەمان لێـی فرۆشت.

دەربارەی ڕەواجی ڕۆمانی (پاشای دزەکان)ی فۆنکە، ڕۆژنامەی گاردیان نووسیبوی: " ئەو ڕۆمانە گەوهەر و مراوریی ئەڵمانییە و پێویستە نووسەرە ئینگلیزەکانی بواری چیرۆکی منداڵان، لە پشتییەوە خۆیان وەشێرن".

(پاشای دزەکان) گێرانەوەی چیرۆکی دیاردەی منداڵانی سەر شەقامە، بەتایبەتی منداڵانی بێسەرپەرشت، کە هەمیشە لەبەردەم مەترسیی بەلاڕێدابردن دان. منداڵانی سەرشەقام منداڵانێکن، کە ڕەنگە زۆربەیان بەبێ ویستی خۆیان، ڕووبەڕووی ئەم قەدەری بێکەسی و بێنەوایيە بووبنەوە، بەڵام سەختی ژیان و مەینەتییەکانی ڕۆژگار و هەلپەرستیی خەڵکانێکی ئەو دەوروبەرە، تووشیان بە تووشی چارەنووسێکی ناخۆش و نەخوازراو دەکەن.

ئەگەرچی ڕۆمانەکەی فۆنکە بەو ئاراستەیە قسە لەسەر ئەم دیاردەیە و دەرکەوتەکانی ناکات، بەڵکو خودی دیاردەکە و دەرهاوێشتەکانی، دەکاتە ئامرازی پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ ناو دونیایەکی ئەفسوناوی سەرنجڕاکێش، ناو جیهانێکی پڕ جادوو و تەلیسم. جیهانێک تێیدا، خەیاڵ ڕەنگاڵەیی و سەرسامکەر.. زمانی گێرانەوە جادووگەرانە و کەمەندکێش.. گرتە و دیمەنەکان ئەفسانەیین. جیهانێک تێیدا، نووسەر هارمۆنیایەکی سەیر لە نێوان ئەو سێ ئاستەی خەیاڵ و زمان و گێرانەوەدا دروست دەکات و ڕووداو و شوێنکاتەکان و گرتە و دیمەنەکانی ناوی

ڕۆمانی (شای دزەکان)، چیرۆکی دوو منداڵی ئەڵمانیی بێسەرپەرشتە لە شەقامەکانی شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا، کە دوای مردنی دایک و باوکیان و بۆ ڕزگاربوون لە دەستی مامەڵەی خراپی پوورێکیان، ڕوویان لەو شارە کردووە و لەوێش ئاشنای چەند منداڵێکی سەرشەقام و بێسەرپەرشت

دەبن. چیرۆکەکە سەرڕێژە لە ڕیسککردن و سەرکێشی.. بارگاوییە بە ڕووداوگەلی خەیاڵی ترسناک و دڵخۆشکەر.. گەمەکردنە لە نێوان واقیع و خەیاڵ.. تێکەڵەیەکە لە چیرۆکی سەرکێشی و پۆلیسی، بەڵام بە زمانێک، لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵ و مێرمنداڵان.. بە ڕووداو و سەربووردەگەلێک، تەبا لەگەڵ حەز و ئارەزوو و خولیاکانیان، نزیک لە دونیای خەون و خۆزگەکانیان، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیی ڕۆمانەکانی فۆنکەی پێ دەناسرێتەوە، ئەویش تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵ، گێڕانەوە بە زمانێکی سادە و شیرین و سەرنجڕاکێش.

ڕۆمانی(شای دزەکان) چیرۆکێکە ڕووداوەکانی لە شاری ڤینیسیا ڕوو دەدەن، کەسایەتییەکانی، منداڵانی بێسەرپەرشت و سەر شەقامەکانی شارەکەن.. ئەو منداڵانە لە ڕێکەوتێکدا بە کەسێکی سەیر ئاشنا دەبن.

ڤینیسیا، کە یەکێکە لە سەمەرەترین و سەرنجڕاکێشترین شارەکانی دونیا، شوێنی ڕووداوەکانە.. (بڕۆسبەر و بۆ) کە دوو منداڵی ئەڵمانی بێسەرپەرشتن، ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. ئەوان بە هۆی ئەو چیرۆکە سەرنجڕاکێشانەی کە دایکیان کاتی خۆی لە بارەی ڤینیسیا بۆی گێڕابوونەوە، شارەکە بووە خەونی ئایندەیان بۆ مانەوە و گیرسانەوە تێیدا. ئیتر هەروا بوو، دوای مردنی دایک و باوکیان، بە کاریگەریی چیرۆکەکانی دایکیان لە بارەی شارەکە، کە وەک نەخش لە یادەوەرییاندا هەڵکۆڵدرابوون، هەروەها بۆ دەربازبوون لە دەستی پوورە هەراسانکەرەکەیان، شوێنی خەونی خۆیان دەکەون و ئەو شارە دەکەنە نەوا و پەناگەی ژیانی خۆیان.

زۆرنابا دوو منداڵەکە هۆگری شارەکە دەبن و لای چەند منداڵێکی دیکەی ئیتاڵی، کە ئەوانیش منداڵی سەر شەقام و کۆڵانەکان بوون و لای سەرکردەیەکی دزان بوون، شوێنی

حەوانەوە و مانەوەی خۆیان لە باڵاخانەی کۆنە سینەمایەک دابین دەکەن.. ئەوانیش هاوشێوەی منداڵەکان، ماوەیەکی زۆر ژیانێکی ئازاد و بێ کۆت و بەند لای ئەو سەرکردەیەی دزان بەسەر دەبەن. لەو نێوانەدا منداڵێک بە ناوی (ڤیکتۆر) دەردەکەوێ، کە سیخوڕی پووره ڕەزا قوڕسەکەی ئەو دوو منداڵەیە و نیگابانی بەسەر (بڕۆسبەر و بۆ)دا دەکات. ڕۆژێکیان سەرکردەی دزەکان کە منداڵەکانی داڵدە داون، ئەرکێکی سەیر و نهێنی بە منداڵەکان دەسپێردرێت. ئیتر ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان لەوێوە دەست پێ دەکەن و وردە وردە نهێنی و پەرجووەکانی شاری ڤینیسیا دەردەکەون. گرنگترینیشیان، ئەو ژنە مەیگێڕەی (ساقی) یانەکەیە، کە منداڵەکان دەیانەوێ دزی لێ بکەن. ژنە لە دوورگەیەکی نزیکی شارەکە جادوویێکی سەیری شاردووەتەوە.. جادووەکەش ئەوەیە کە بە هۆیەوە دەتوانێ گەورەکان بکاتە منداڵ و منداڵەکانیش گەورە بکات.

نهێنیی سەرکەوتن

فۆنکە کە چ لەسەر ئاستی ئەڵمانیا، یان جیهاندا بە یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەری منداڵان دادەنرێ، سەرەتا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، کاری نیگارکێشی بۆ کەسایەتی و ڕووداوی ناو چیرۆکەکان دەکرد، بەڵام دواجار کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە سەریەوە، کە بۆچی بۆ خۆی چیرۆک نەنووسێ؟

بۆ سەرکەوتن لە دونیای نووسینی ئەدەبی منداڵانیشدا، بە تەنیا ئەزموونی نیگارکێشییەکەی و خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەی کە نەخش و نیگاری بۆ دەکردن، بەس نەبوو. ئەو پێویستی بەوە بوو قووڵتر بچێتە ناو دونیای منداڵ. بۆیە یەکەم هەنگاو کە هەڵیگرت، تەواوکردنی خوێندن بوو لە

بواری پەروەردەی منداڵ، کە خوێندنەکەیشی تەواو کرد، بە کردەنی وەکو پەروەردەکارێک، چووە ناو پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ. بەو پێیەی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە کاری چاودێریکردنی منداڵان و گوتنەوەی وانەی پەروەردەی هونەری دەست بەکار بوو. ئیتر ئەو ئەزموونە هاوکارێکی سەرەکیی ئەو ژنە نووسەرە بوو، بۆ ئەوەی زیاتر و لە نزیکەوە، لە باری سایکۆلۆژی و خەون و خەیاڵدان و زمانی ئاخاوتن و دەربڕینیاندا، ئاشنای دونیای منداڵان بێت.

ئەزموون و بایەخپێدانەکانی بە دونیای منداڵ، وایان کرد لە نووسین لە بارەی ئەو جیهانە ئاڵۆزە، کە پێویستی بە خەیاڵێکی قووڵ و زمانیکی سیحری هەیە، سەرکەوتن بەدەست بێنێت. یەکێک لە سەرکەوتنە دیارەکانیشی نووسینی (مریشکی کێوی، یان درندە) بوو، کە تیایدا باس لە سەرکێشی و ڕیسککردنی چەند کچە هەرزەکارێک دەکات. کچگەلێک لەوانەی بە هاروهاجی و قۆشمەبازی و ڕۆح سووکی ناسراون، ئەو کچانەی نەک هەر ڕووبەڕووی ئالنگارییەکان دەبنەوە، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکەن، ئاستەنگ و ئالنگاری بەرهەم بێنن و بیکەنە بەشێک لە کەرەستەی تاقیکردنەوەی توانا و سەرکێشییەکانی خۆیان.

ئەو ڕۆماننووسە ژنە کە خەیاڵ و فانتازیا بەسەر گێڕانەوەکانیدا زاڵە، لەم بارەیەوە دەڵێ: " من تا ئاستێکی زۆر بە زیندوێتی چیرۆکە خەیاڵییەکانی ناو مێژوو و ئەدەبی ڕووسی سەرسامم، بەتایبەتی کارە شیعرییەکانی پوشکین". وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا کە فۆنکە لە ڕۆمانەکانیدا، لە باری زمانی گێڕانەوە و دەربڕیندا، هەروەها لە باری وێناکردنی شوێنکاتی ڕووداوەکاندا، خەیاڵ و فانتازیا ئاوێتەی یەکتری دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ و دەیباتەوە ناو جیهانێکی سیحراوی پڕ لە تەلیسم و نهێنی. جیهانێک لە

میانی هەر گرتە و دیمەن و گێڕانەوەیەکی ڕووداوەکانیدا، وا لە خوێنەر دەکات تاسەی دۆزینەوەی نهێنیی دیکە، سەرکێشی دیــکە، ســوپرایزی دیــکە، بــدۆزێتەوە، بەڵام بە دیــوەکەی تریشــدا، بــایەخێکی زۆر بە واقیــع دەدات و لە میــانی ئەو گەمەی خەیاڵ و فانتازیایەدا، وێنای واقیعی ژیـانی ڕۆژانەش دەکــات، بەو مانــایەی لە ئاســتێکی تــردا، ڕۆمانەکــانی تێکەڵەیەکن لە واقیع و خەیاڵ.

## 25| ستیڤانی مایێر:
## نووسەرە خوێنمژەکە!



ستیفانی مـایێر (مۆرگـان)، ژنە نووسـەر و ڕۆماننووسـی ئەمریکــی، ســاڵی ١٩٧٣ لە شــاری هــاتفۆردی ویلایەتــی کۆنکتیکـت لەدایکبـووە. خوێنـدنی دواناوەنـدی لە ئەریزۆنـا تەواو کردووە، دوای ئەوە چووەتە زانکۆی بێرگـام یۆنـگ لە ویلایەتی یۆتا و بڕوانامەی بەدەستهێناوە.

پــــێش نووســــینی ڕۆمــــانی چیرۆکــــی (زەردەپەڕ) و پەیـداکردنی ئەو ناووبـانگە، تەنـانەت کورتیلەچیرۆکێکیشـی نەنووسیبوو. چونکە پێیوابووە دەرفەتێک نییە بۆ ئەوەی ببێتە نووسەر. بۆیە سـەرەڕای ئەوەی خوێنـدنی لە بـواری ئەدەبـی ئینگلیـزی و یاســاش تەواو کــردووە، بەڵام هەر زوو شــوو دەکـات. دوای خسـتنەوەی منـداڵیش، بیـرۆکەکەی بە تەواوی دەگۆڕێ و خـۆی بە پەروەردەکردنیـانەوە خەریـک دەکـات و تەنیـا بەوە ڕازی دەبێـت ببێـتە دایکـی منـداڵەکانی و حەز و ئارەزووەکــانی و وردەکارییەکــانی ژیــانی، لە نێــو چــوار دیواری ماڵەوە قەتیس دەکات. کەچی لە پڕێکدا خەونێـک ئەو دۆخە دەگۆڕێت!

وەک باس دەکرێ، مایێر زۆر تینووی خوێندنەوە بووە، تا ئەو ڕاددەیەی هێنـدە تـامەزرۆ بـووە کاتژمێرێـک زووتـر منـداڵەکانی بـخەون، بـۆ ئەوەی فریـای کەمێـک خوێنـدنەوە بکەوێـت. مــایێری دایــک، بە هــۆی خەونــێکەوە ژیــان و ئایینــدەی دەگۆڕێــت، تــا ئەو ئاســتەی هەر بە هــۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ژیـانی، کە خەونەکە بەدوای خۆیدا هێنـانی، بووە یەکێک لە دیارترین نووسەرەکانی ئەدەبی ترس و بیم لە جیهاندا، تەنانەت یەکێکە لەو دەگمەن نموونەی نووسەرانەی، کە بە نووسینەکانی، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات.

مایێر کە هەنووکە بووەتە نووسەرێکی نـاوداری جیهـان و ئایکۆنێکی گرنگی ئەدەبـی تـرس، بەم هەنگـاوەی دەیەوێ بە

ژنـان بڵێـت، سـەرەڕای هاوسـەرگیری و منـداڵ خسـتنەوە و کاروبـاری مـاڵ، بەڵام مـرۆڤ دەتـوانێ شـێوە و ئاراسـتەی ژیـانی خـۆی بگـۆڕێ و دەسـکەوت و سـەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنێ.

نووسینەوەی خەون!

مـــایێر خەونێکـــی دەبینـــێ، لە خەونیـــدا وەک کچێکـــی هەرزەکـــار، دەکەوێـــتە داوی خۆشەویســـتیی خوێنمژێـــک. ئەگەرچی ئەوە تەنیا خەونێک بـووە و چـاوەڕێ دەکـرا کـاتێ بێدار دەبێتەوە، بە هـۆی سـەرقاڵی و ئـاڵۆزیی ژیـان، هەمـوو شتێکی بیر بچێـتەوە، کەچـی بە پـێچەوانەوە، دیمەنەکـانی ئەو خەونە ڕۆژانە لەگەڵیـدا ژیـاون، ئەمەش وای لـێ کـردووە وردەکاریی دیکەی زیـاتر لە بـاری خەیـاڵ و ڕووداوەکـان لە زەیندا جێ بگرن. بۆیە هەر زوو پوختەی خەونەکەی لەسـەر کاغەز دەنووسـێتەوە، دوای ئەوە و بە درێژایـی سـێ مانـگ، شـەوانە چیرۆکـی خەونەکەی نووسـیوەتەوە و نـاوی نـاوە (زەردەپەڕ).

کەس بەم کارەی نەزانیوە، تەنیا خوشکێکی نەبێت، کـاتێ چیرۆکەکانیشی بۆ خوشکەکەی خوێنـدووەتەوە، خوشـکەکەی تووشی شۆک دەبێت و هانی دەدات بڵاوی بکاتەوە.

لە خەونەکەدا کچێـــک دەکەوێـــتە داوی خۆشەویســـتیی خوێنمژێک، ئەوی خوێنمژ لەگەڵ ڕاددەی خوشویستنیشی بـۆ کـچە، بەڵام تینـووی خـوێنی دەبێت. مـایێر دەڵـێ هەرگیـز لە خەیاڵمـدا نەبـوو ئەم زنجیـرەیە بـڵاو بـکەمەوە، ڕاسـتییەکەی تەنیا بۆ خۆشیی خۆمم نوسیبوو، بەڵام خوشـکەکەی دەیهێنێـتە سەر ئەو بڕوایەی، کە چیرۆکەکە وروژێـنەر و پڕ جۆشـە و پێویست دەکات چاپ بکرێ.

(زەردەپەڕ) یەکێکە لە ناسراوترین بەرهەمەکانی ستیفانی، کە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاو بووەتەوە. ڕۆمانێک کە لە چرکەساتی یەکەمی بڵاوکردنەوەیدا، سەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێش و گەورە و چاوەڕوان نەکراوی بەدەستهێنا، بە جۆرێک لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا، ملیۆنان دانەی لێ فرشرا و وەرگێردرایە سەر نزیکەی چل زمانی زیندووی جیهان و بە هۆیەوە، لە دوای (ئان ڕیس)، وەک دووەم بەناوبانگترین نووسەری ڕۆمانی خوێنمژەکان ناوی دەرکرد.

ساڵی ٢٠٠٣ لە زیادکردنێکی ئاشکرادا هەشت خانەی چاپ لەسەر چاپکردنی ڕۆمانەکە کەوتنە کێبڕکێ، تا دواجار نووسەر بە دەستەوارەیەک بە بڕی حەفت سەت و پەنجا هەزار دۆلار، گرێبەستی لەگەڵ خانەی (لیتڵ براون) واژۆ کردووە. ئەوە بوو ساڵی ٢٠٠٥ بە تیراژی حەفتا و پێنج هەزار دانە چاپ و بڵاو کرایەوە و لە ماوەیەکی کەمدا و بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ڕیزبەندی یەکەمی پڕ فرۆشترینی کتێبەکانی وەرگرت و مافی فرۆشتنەوەیشی درایە (٢٦) وڵاتی دیکە.

دوای سەرکەوتنی (زەردەپەڕ)، زنجیرەیەکی دیکەی سێ کتێبی بە ناوەکانی (مانگێکی نوێ - ٢٠٠٦، مانگ گیران، یان شەوەڕەش - ٢٠٠٧، دارمان -٢٠٠٨ ) بڵاو کردەوە. بە پێی زانیارییەکانی هەمان ڕۆژنامەی سەرەوە، بۆ ماوەی ١٤٣ هەفتە بەدوای یەک، ئەو سێ کتێبەیشی لە لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکان و لە پێشەنگی ڕیزبەندیدا بوون. تیراژی چاپی یەکەمی هەر سێ کتێبەکە سێ ملیۆن و حەفت سەت هەزار دانە بوو، کە تەنیا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەیاندا، زیاتر لە ملیۆنێک و سێ سەت هەزار دانەیان لێ فرۆشرا. بە شێوەیەکی گشتی، تا ئێستا لەسەر ئاستی دونیا، نزیکەی حەفتا ملیۆن دانە لە زنجیرەی

(زەردەپەڕ) فرۆشراوە.

دوای ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتە مەزنە لە ناوبانگ و داهات، ئەگەرچی بە میدیاکانی ڕاگەیاندبوو، کە ڕەنگە ڕۆمانی (داڕمان)، دوا زنجیرەی (زەردەپەڕ) بێت، بەڵام دواتر وەک درێژکراوەی زنجیرەکە، دەستی دایە نووسینی ڕۆمانی (خۆری نیوەشەو). کەچی لەو دەمەیدا بە ئومێدی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە نوێیەکەی بوو، بڕیاری دواخستنی پڕۆژەکە دەدا و وەک پڕۆژەیەکی سەربەخۆ کاری تێدا دەکات.

ئەو ژنە ڕۆماننووسە کە لە پای بەرهەمە خەیاڵییە سەرنجڕاکێشەکانیدا، چەندین خەڵاتی ئەدەبیی (Twilight) وەرگرتووە و فرۆشی ڕۆمانەکانی تا حەفتا ملیۆن دانە ڕۆیشتووە. ساڵی ٢٠٠٨ کە بەرگی چوارەمی زنجیرەکەی بە ناوی (داڕمان) بڵاوکردەوە، وەک ڕووداوێکی دەگمەن لە مێژووی بڵاوکردنەوە و کتێبفرۆشیدا، لە یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەیدا، ملیۆنێک و دووسەت هەزار دانەی لێ فرۆشرا، هەر ئەو ڕۆمانەش وایکرد، نازناوی "نووسەری ساڵ"ی ئەمریکا و خەڵاتی (کتێبی بەریتانی) وەربگرێت.

بە بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، مایێر توانی چیرۆکەکانی خوێنمژەکان، لە چیرۆکی سادە و بێماناوە، بگۆڕێتە سەر جۆرێکی ئەدەبی، کە شایستەی ستایشکردن و خوێندنەوە و بایەخپێدان بن. هەر ئەم کاریگەرییە گرنگەی ئەو ژنە نووسەرەش بوو لە گۆڕینی ئاراستەی نووسینی چیرۆکی ترس و بیم و خوێنمژی، کە ساڵانە داهاتی فرۆشی ڕۆمانەکانی بگاتە پەنجا ملیۆن دۆلار.

وەک چۆن زۆرێـک لەو نووسـەر و ڕۆماننووسـانەی، کە بە نـــاوی بەرهەمەکانیـــان، یـــان بە کەســـایەتییەکانی نـــاو ڕۆمانەکانیـان دەناسـرێنەوە، بە هەمـان شـێوە ( Twilight ) بووەتە ناسنامەی دیاریی ماییر.

ساڵی ٢٠٠٧، کۆمپانیای سمت ئێنتەرتایمێنت، زنجیرەی یەکەمـی ڕۆمـانی (زەردەپەڕ)ی نووسـەری کـردە فـیلم. ئەو فـیلمە کە (میلیسـا رۆزنبێـرگ) سـیناریۆی بـۆ نووسـیوە و (کـاترین هاردۆیـک)یش کـاری دەرهێنـانی بـۆ کـردووە و هەردوو ئەکتەر (کریستین ستیوارت لە ڕۆڵـی بیلا سوان و رۆبێـــرت باتینســـۆن ڕۆڵـــی ئێـــدوارد کـــۆڵن - وێـــدەچێ زۆربەیشمان ئەو فیلمەمان بینیبێت) بەشداریان تێدا کـردووە، یەکێـک بـوو لەو فیلمـانەی سـەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێشـی بەدەستهێنا، تا ئەو ئاستەی کۆمپانیـای نـاوبراو کـاری لەسـەر بەرهەمهێنـانی بەشـی دووەم و سـێیەم و چـوارەمی زنجیـرەی ڕۆمـانەکە کـرد و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، ئەو فیلمـانەی کە ناوەڕۆکەکەیـان ڕۆمانەکـانی مـاییرن، لە پێشـەنگی فـیلمە ترسناکەکانی سەر شاشەی تیڤی و سینەماکانی جیهـانن و پڕ بینەرترین فیلمن.

بە هۆی شوێندەستی دیاری لە دونیـای نووسـینی خەیـاڵ و خەیـــاڵی زانســـتی، ســـیحر و ئەفســـانە، تـــرس و دونیـــای خوێنمژاندا، لە گۆڤـاری تـایم ڕیزبەنـدی ٤٩یەمـین کەسـی لە لیستی کاریگەرترین کەسایەتییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ وەرگـرت. هاوکات هەر لە هەمان گۆڤاردا و لە ڕیزبەندی٢٦هەمین کەس لە لیستی سەت کەسە خاوەن کاریگەرییەکانی جیهان لە سـاڵی ٢٠٠٩، وەک یەکێـک لە کەسـایەتییە کاریگەرەکـان دیـاری کرا.

بە گوێرەی زانیـاریی بەشـێک لە میدیاکانی ئەمریکـا " لە دوای ئـــانی رایـــس، مـــاییر بەناوبـــانگترین نووســـەری چیرۆکەکـــانی خوێنمژەکـــانە" و تەنـــانەت یەکـــێکە لەو

نووسەرانەی، کە بە  شێوەیەکی ڕەها، لە ڕیزبەندی یەکەم و پێشەنگی نووسەرانی بواری ئەدەبی ترس دێت. ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانیش وەک "نووسەرێکی پڕ بەخشش و ڕۆماننووسی چیرۆکە داهێنەرەکان و سیمبۆلی هێزی نوێ لە بازاڕی بڵاوکردنەوە"دا وەسفی کردووە. ڕۆژنامەی تایمز بە " ئەستێرەی خەیاڵی گەورە و بچووکەکان" ناوی بردووە و گۆڤاری لایف ستایلز بە " کاریگەرترین ژنی ساڵی ٢٠٠٨" و ئێم ئێست ئێن بە " ئەدیبی پڕشنگدار" وەسفیان کردووە. تا ئەو ئاستەی لە بارەی ئەو ژنە نووسەرە، هەندێ لە نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگرانی ئەمریکا گوتوویانە " ڕەنگە ئەمریکییەکان ئامادە نەبن مایێر بۆ سەرۆکایەتیی وڵات هەڵبژێرن، بەڵام هەموو کات لەوپەڕی ئامادەیی دان، کە وەک خاوەنی پڕفرۆشترین ڕۆمانی ساڵ کاری بۆ بکەن".

خوێندنەوە و میوزیک، وەک سەرچاوەی داهێنان!

مایێر کەسێک بووە، تینووی خوێندنەوە. ئەو لە بارەی حەزی بۆ خوێندنەوە دەڵێ:" بە درێژایی ژیانم کار و بەرهەمی پێگەیشتووانم خوێندووەتەوە، لە منداڵیمەوە و تا گەورەش بووم، تینووی خوێندنەوە بووم. تا ئەو ئاستەی، قەبارەی کتێبەکە چەند گەورەتر بوایە، ئەوەندە بە لای منەوە باشتر بوو"، هاوکات ئەوەش ناشارێتەوە کەوا زۆر بە (باورسۆن سکۆت کارد و جین ئۆستن) سەرسام بووە. ئەو ژنە ڕۆماننووسە ئاماژە بە خوێندنەوەی چەندین ڕۆمان دەکات، کە لە نووسینی زنجیرەی (زەردەپەڕد)دا کۆمەکیان کردووە. لەوانە، ڕۆمانەکانی (شارلۆت برۆنتی، ئێل ئیم مۆنتگمری). وەک خۆیشی لە دیمانەیەکدا باسی دەکات، هەر ڕۆمانێکی لە زنجیرەی (زەردەپەڕ) لەژێر کاریگەری و سروشی یەکێک لە کارە ئەدەبییە کلاسیکییە ناسراوەکاندا

نووسیوه. بۆ نموونه، (زەردەپەڕ) لەژێر کاریگەریی ڕۆمانی (شکۆمەندی و بەرگەگرتن - جین ئۆستن).. (مانگی نوێ) لەبەر ڕۆشنایی (ڕۆمیۆ جولیێت - شکسپیر).. (مانگ گیران) لەژێر کاریگەریی ڕۆمانی (بەرزاییەکانی یەزرنج - ئیمیلی برۆنتی) و (داڕمان)یش لەژێر کاریگەریی هەردوو کاره شانۆییەکەی شکسپیر (بازرگانی ڤینیسیا و خەونی شەوێکی هاوین)دا نووسیوه. هەروەها ددان بەوەشدا دەنێ کە کاریگەرییەکی زۆری میوزیک بەسەر زنجیرەکانی (زەردەپەڕ)دا هەیە و لەوەشدا ناوی (میوز، بلو، ئۆکتۆبەر، مای کیمیکاڵ ڕۆمانس، کۆڵد بلای و لینکن باڕک) دێنێ.

سیحری زمان و گیرۆدەکردنی خوێنەر

بە وردبوونەوە لە نووسینەکانی مایێر، تەنانەت لە میانی سەیرکردنی ئەو بەرهەمانەیشی کە کراونەتە فیلم، خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە نووسەر زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی دەنووسێت. هەرگیز لە نێوان خوێنەر و ئەو خەونەی هاوبەشی دەکات ناوەستێ، هەمیشە دەیەوێ شتە ڕاستەقینەکەی پێ بڵێ. بەو مانایەی، هیچ وردەکارییێک، کونج و کەلەبەر و بۆشاییێک، نهێنی و پەنهانییێک لەگەڵ خوێنەرەکەی ناهێڵێتەوە. ئەمەش لەو کاتەدا زیاتر دەردەکەوێ، کە خوێنەر (یان بینەری فیلمەکانی)بە ئاسانی و بێ بەربەست، بەر دیمەن و ڕووداوەکان دەکەون. تەنانەت دیمەنە ترسناک و ڕووداوە تۆقێنەرەکانیش، هۆ و ئامرازێکی دیکەی دەستی مایێرن، خوێنەر بە شوێن قووڵایی خەونەکانیدا، بە شوێن دۆزینەوەی وەڵامی پرسیاری نوێ، بە شوێن ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی دیکەی دونیای خەیاڵیی خوێنمژەکان دەبەن. خۆشەیستی و خوێنمژی دەکاتە هەوێنی کارێک، کە وێڕای ئەوەی دیمەن و ڕووداوەکانی ترس

دەخەنە دڵی خوێنەر (بەتـایبەتیش بینـەری فیلمەکـان)، کەچـی فانتازیـایێکی بەرزی هونەریـان لـێ بەرهەم دێنـێ. زمـانی گێڕانەوەی مایێر، کە تێکەڵەیەکە لە سیحر و وێنەی بارگـاوی بە ترس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چێـژی خوێنـدنەوە بێبەشـت ناکا.

ئەو لە میانی تەکنیکی گێـڕانەوە و ئەو زمـانە جـادووییەی چیرۆکەکانی پێ دەنووسێتەوە، لەگەڵ خۆیدا دەستت دەگرێ و دەتباتە نـاو جـۆرێکی دیـکەی خەون، نـاو دونیـا و فەزایەکـی دیکەی جیـاوازی خەیـاڵ. جارێـک بەسـەر جەسـتە و ڕۆح و گەرمی مرۆڤدا دەکەویت، جارێکی دیکە بەسەر کائینی سەیر و نامۆ، کە ڕەنگە ڕۆژگارێـک خەیاڵشـت بۆیـان نەچووبێـت. تاوێک دەترسێیت، کاتێکی تـر دەگەشـێیتەوە.. جارێـک دڵـت بـۆ مـرۆڤ لـێ دەدا، جـارێکی دیـکە بـۆ کـائینێکی نـامرۆیی سەیر و نامۆ، کائینێک مرۆڤە و چووەتە دۆخێکـی نـامرۆیی. دەشـێ لەو نێـوەدا خـوێنەر چـاوی بچێـتەوە سـەر سروشـتی شـێواوی مـرۆڤ لەو سـەردەمەی تێیـدایە، ئەو سـەردەمەی مرۆڤ تێیدا لە زۆر خەسڵەتی مرۆییانەی داشۆراوە.

مــایێر بە جۆرێــک دەتخــاتە بەر هەڵگرتنــی بــاری خوێندنەوە، کە وا بە ئاسانی دەستبەرداری نەبیت. ئەوە بـۆیە لە خۆڕا نییە، هەندێ لە ڕەخنەگران ئەو ژنە نووسـەرەیان بە (دیاردەی سەرسامکەر) ناو بردووە و ددان بەوەدا دەنـێن، کە وای لە تەواوی خەڵک کردووە، هەمیشە خەیاڵیان لای کتێـب و خوێندنەوە بێت.

بەردەوامیی و بەخشین!

مـایێر لە نـاو چەقـی ئەم هەمـوو سـەرکەوتن و نازنـاو و دەسکەوتانەدا نەمایەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لە نووسین وەک بەشـێک لە پـڕۆەی ژیـان. پـاش زنجیـرەی (زەردەپەڕ)،

کۆچیرۆکی (شەوەکانی سەما لە دۆزەخ) و هەردوو ڕۆمانی (میوانیی) و (کورتەژیانی دووەمی بری تانەر)ی نووسی.
شەوانی سەما لە دۆزەخ، باس لە ئاهەنگە شەوەکانی سەما و ئەو ڕووداو و دیاردە ناشیرینانە دەکات، کە تیایاندا ڕوو دەدەن، دیاردەی سروشت بەزێن و دوور لە عەقڵ و ئەفسووناوی. ڕۆمانی (میوانیی)ش، ڕۆمانێکیە لە میانی گێڕانەوەی پەیوەندیی نێوان ژنێک و بوونەوەرێکی بۆشایی ئاسمان، لە بارەی دەستگرتنی هەندێ بوونەوەری بۆشایی فەزایە بەسەر جەستەی مرۆڤەکاندا دەدوێ و ڕۆمانێکە لە تایپی خەیاڵی زانستی.
مایێر باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەم بەرهەمانەش، هێشتا کۆمەڵێک بیرۆکەی دیکەی هەیە بۆ نووسینی کتێبی تر لە بواری دۆسیەی جیاواز، لەوانە چیرۆکی مۆتەکە و دێوەزمەکان، ڕۆمانێک دەربارەی گەشتکردن بەناو زەمەن، لەگەڵ چیرۆکێک لە بارەی پەریی دەریا.
خاڵێکی پرشنگدار و سەرنجڕاکێش لە ژیانی نووسینی مایێر، بەتایبەتی لە پەیوەست بە داهاتی بەرهەمەکانی، بەخشین و بەشداریکردنە لە کاری مرۆیی و خێرخوازی. لەم بارەیەوە ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری لە پرۆژەیەکدا کرد، کە تایبەت بوو بە کۆمەککردنی تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە، بۆ ئەمەش بەشێکی زۆر لە ڕۆمانەکانی و دەستنووسە ئەسڵییەکانی خستە مەزادەوە. هەمان ساڵ هاوکاریی کۆمپانیاییەکی کرد بۆ پرۆژە و کارێکی خێرخوازی. کاتێکیش ڕۆمانی (کورتەژیانی دووەمی بری تانەر)ی نووسی و نیازی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەبوو، داوای لە خانەی چاپ و پەخشی (لیتڵ براون) کرد، لە بەرانبەر کڕینی ملیۆنان دانە لە ڕۆمانەکانی پێشووی، ڕۆمانە نوێیەکەی بە دیاری بەسەر خوێنەرەکانیدا دابەش بکەن، بەڵام خانەی ناوبراو بەمە ڕازی نەبوو. تا دواجار لەگەڵ خانەکە لەسەر

ئەوە ڕێککەوتن، کە بڕی دۆلارێک لە نرخی فرۆشتنی هەر دانەیەک لە ڕۆمانەکە، بدرێتە خاچی سوور و پڕۆژەکانی فریاگوزاریی مرۆیی لە هاییتی و چیللی.

نووسەر لە چەند دێڕیکدا...

* نووری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە نووری بێخاڵی.
* ساڵی ١٩٧١ لە ڕواندز لەدایک بووە.

* بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی (زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد - زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە ١٩٩٤).
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
* ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١-لە پێناو هۆشیاریی نەتەوەییدا، ساڵی ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی میدیا.
٢- گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، وەرگێڕان بە هاوبەشیی، ٢٠٠٢، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.
٣- قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەرگێڕان بە هاوبەشیی ، ٢٠٠٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.
٤- ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەنووسی، ٢٠٠٦، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی سۆران.
٥- شەلاڵم بە عەتری ئێوارە - شیعر، ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی مێرگەسوور.
٦- دیدگا - لێکۆڵینەوەی فیکری و وتاری ڕۆژنامەنووسی ٢٠١٨، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆنامەوانی و کولتوور.
٧- ڕوانگە - گۆشەی ڕۆژنامەنووسی ٢٠١٨، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کولتوور.
٨- سەفەر نیشتمانی نییە و موسافیر هەر هیچ - شیعر ٢٠١٨، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کولتوور.
٩- کورد لە سێرەی ئینگلیزدا، ٢٠١٨، دەستەی

ڕێکخـراوە پیشـەی و جەماوەرییەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان.

١٠- ململانێـی ناومـاڵی شـیعە لە حەوزەوە تـا حەشـد، ٢٠١٨، دەزگای ڕۆژنامەوانی وشە.